# چەند لێکۆڵینەوەیەك
# دەربارەی مێژووی کورد
# لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

hewalname.com/kur

**د. زرار سدیق تۆفیق**

**٢٠٠٨**

● ناوی کتێب : چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

● نووسینی: دکتۆر زرار سدیق تۆفیق .

● سەرپەرشتی هونەری و بەرگ : محەمەد زادە.

● پیتچنین : پشتیوان زامن شوانی.

● بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ( ٤٧ ) .

● تیراژ: ٥٠٠ دانە.

● بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٢٠) ساڵی ( ٢٠٠٨ ) پێی دراوە.

● چاپخانەی خانی — دهوك .

hewalname.com/ku/

# پێشەكی

ئەم پەرتوكە كۆبەندی هەشت بابەتی زانستی یە كە وەك توێژینەوە، بەشی هەرەزۆریان پێشتر بڵاوكراونەتەوە، بابەتی یەكەم و بابەتی سێیەم لە گۆڤاری كۆڕی زانیاری كوردستان، ژمارە (١)/ساڵی ٢٠٠٢ و ژمارە (٤)/ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوكراونەتەوە، بابەتی دووەم و بابەتی چوارەم لە گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە(٨ب)/ساڵی ٢٠٠١ و ژمارە(١٧ب)/ساڵی ٢٠٠٦ بلاوكراونەتەوە، بابەتی شەشەم لە گۆڤاری زانكۆی دهۆك، ژمارە(١) پەڕبەندی (٩)/ساڵی ٢٠٠٦ و پوختەیەكی بابەتی حەفتەم لە گۆڤاری باژێرڤانی دهۆك، ژمارە(٣٤) بڵاوكراوەنەتەوە و بابەتی پێنجەم بۆ یەكەم جار بڵاودەكرێتەوە. بۆ ئەوەی ڤەكۆڵەران و خوێنەران باشتر و ئاسانتر سوود لەم لێكۆڵینەوانە وەربگرن، وام بە چاك زانی لە دووتوێی پەرتوكێكدا بڵاویان بكەمەوە دوای ئەوەی دەستكاری كران و بە زانیاری و سەرچاوەی نوێ دەوڵەمەند كران و چەند بڕگەیەكیان بۆ زیادكرا.

لێكۆڵینەوەكان دەربارەی مێژووی سیاسی و رۆشنبیری و زانستی و ئاواكاریی كوردن لە سەدەكانی ناوەڕاست و چەند بوار و لایەنێكی مێژوویی روون دەكەنەوە و تیشك دەخەنە سەر بەرپەرە شاراوە و كەم زانراوەكانی ئەو سەردەمە و كۆمەڵێ راستی و زانیاری لە خۆدەگرن كە پێشتر ئاماژەیان پێنەدراوە و دەكرێت بە بابەتی نوێ دابنرێن لەمەڕ دیرۆكی كوردی سەدەكانی ناوەڕاست.

لێرەدا پێویستە سوپاسی بەڕێز د.عبدالفتاح علی یحیی بۆتانی و سەیدای هێژا رشید فندی لە ئەكادیمیای كوردی و بەڕێز زنار تەها لە دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی بكەم كە هاندەر و هاریكارم بوون بۆ بڵاوكردنەوەی ئەم پەرتوكە، هەروەها سوپاسی كاك پشتیوانی كوێخا زامن شوانی و بەڕێز سەرباز شێخانی دەكەم كە گەلێك رەنجیان كێشا لە ڕاستكردنەوە و هەڵەچنكردنی بابەتەكان.

ئێستاش پاش هەڵەچن و زیادكردنی چەند بڕگە و پەراوێزێكی كەم و بۆ ئەوەی بە ساناهی بگاتە دەست خوێندكاران و توێژەران و سەرجەم خوێنەران، بە پێویستم زانی بە (پی دی ئێف) بڵاوی بكەمەوە.

# دەروازەی یەکەم

## دەربارەی میرنشینە کوردیەکان

hewalname.com/ku/

# بابەتی یەکەم

## قۆناغەکانی سەرهەڵدان
## و گەشەکردنی میرنشینە کوردیەکان لە سەردەمی عەباسی

**مەبەست لەم باسە:**

**لە سەردەمی خیلافەی عەباسی(١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩- ١٢٥٨ز) چەندان میرنشینی گەورە و بچوك لە لایەن سەردارو ڕێبەری هۆزو خێڵەکانی کوردەوە دامەزران و لەژێر سایەی دەسەڵاتی روحی خەلیفەی عەباسیدا فەرمانڕەوایی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان دەکرد، یەك دوانێکیانیش توانیان سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری تەواوی خۆیان بەدەست بهێنن و هەنگاوی گەورەیان بۆ ئەم مەبەستە نا، وەك لێدانی دراوی تایبەت بەخۆیان (سك النقود ) و ناوهێنانی میری کوردی فەرمانڕەوا لەخوتبەی رۆژانی هەینیدا (إلقاء الخطبة )، بێ ئەوەی خۆیان بخەنە ڕێزی نەیاران و بەرهەڵستکارانی خیلافەوەو بیرلە پچراندنی پەیوەندی دوستانە بکەنەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا.**

**بێگومان ئەم میرنشینانە لەپڕ و لەیەك کاتوساتدا دەرنەکەوتوون، بەڵکو بە چەند قۆناغێکی گەشەسەندن و پێشکەوتن و گەلاڵەبووندا تێپەڕبوونە و وەك بەرهەم و دەرئەنجامێکی گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمە سەریان هەڵداوە.**

**لەم باسەدا هەوڵدەدەین لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی میرنشینە کوردیەکان بکۆڵینەوەو شوێن پێی قۆناغەکانی نەشونماکردنیان بکەوین.**

## پێشەکی:

### - هۆکارە دەرەکی و ناوخوییەکانی دەرکەوتنی میرنشینەکانی کوردستان:

لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانی (٢٢٦-٦٥١ز) بە هۆی بەرفراوانی دەوڵەت و سەختی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و بەزەحمەت بەڕێوەبردنی راستەوخۆی لە لایەن پاشاکانی ساسانییەوە، چەندین قەوارەی بچوك و کەم دەسەڵات هەبوون و هەر لە کۆنەوە دەسەڵاتداریێتی قەڵاو شارۆچکە شوراداراەکانی ناوچە شاخاوی و دورەدەستەکانی کوردستانیان دەکرد، لەم بارەیەوە سەرچاوە ئەرمەنی و کەنەسییەکان (المصادر الكنسية) کە لە لایەن ئەرمەن و سریان و گروپە مەسیحیەکانی تری کوردستانەوە نوسراون، زانیاری دەگمەن و نایابیان تێدایە، ئەم سەرچاوانە ئەگەر لە بەردەستدابن، مێژوونووس و ڤەکۆڵەران دەتوانن زۆر زانیاری و هەواڵ و دەنگوباسی بەکەڵك و گرنگ لە ناویاندا بەدەست بخەن، هەر بۆ نموونە لە سەرچاوەیەکی کەنەسی هاتووە کە نەوشێروان فەرمانڕەوای شارەزور بە خۆی و چوار هەزار کەسەوە بڕوایان بە ئایینی مەسیحی هێنا[1].

کاتێکیش ئایینی ئیسلام دەرکەوت و فاتیحە موسڵمانەکان لەساڵەکانی (١٦-٢٣ك/٦٣٧-٦٤٤ز) گەیشتنە کوردستان و هەوڵیاندا دەست بەسەر شارو ناوچە و قەڵاکانیدا بگرن، رووبەڕووی بەرەنگاری و بەرگری لە خۆکردنی هەندێك دەسەڵاتدار و خاوەن قەڵای کورد بوونەوە، مێژوونوسی فتوحات بەلازوری (البلاذري: م٢٧٩ك/٨٩٣ز) لە باسی دەستبەسەراگرتنی موسڵ و دەڤەری هەکاریدا- بادینان و شەمزینانی ئێستا-، ناوی ئەو قەڵاو پێگا و شارۆچکانەی هێناوە کە بەری شالاوی فاتیحە موسڵمانەکانیان گرتووە و دەڵێت: " قەڵاو پەناگاکانی: المرج-ئاکرێ ودەوروبەری-، باعەزرا، باهەزرا، حەبتون، حەیانە (؟)، المعلة-معلثایا-گوندی ماڵتای نزیك دهۆك-، داسین - داسەن- و هەموو بارەگاکانی کوردان فەتح کران"، هەروەها لە دەم شێخەکانی شارەزورەوە دەگێڕێتەوە کەوا شارەکانی شارەزور و سامەگان - الصامغان- و دارائاباد- دراباذ- بەشەڕ فەتح کران و ژمارەیەك لەکوردەکان بەکوشت چوون[2].

هەر لەکاتی فتوحاتی ئیسلامیدا ناوی خودانی بەدلیس (صاحب بدليس)[3] و خودانی وڵاتی هەکاری (صاحب الهكارية) خودانی قەڵای هەتاخ و خودانی قوڵب لە هەرێمی جەزیرە هاتووە[4].

لە سەردەمی خەلیفە عومەردا (عمر بن الخطاب: ١٣- ٢٤ك/٦٣٤-٦٤٤ز) زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان فەتح کران و هەزاران جەنگاوەری عەرەبی موسڵمان بە کوردستانا بڵاوبوونەوە و دەیان

هۆز و خێڵ و بنەماڵەی عەرەب گەیشتنە وڵات و لە شوێنە گرنگ و بەپیتەکانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ئاکەنجی بوون[٥]، چەند سەرکردەیەکی موسڵمان کران بە والی شارو هەرێمەکان، هەموو سەردار و خاوەن قەڵاو سەرۆك هۆزەکانی کورد دەسەڵاتیان لە دەستدا و لە بەین چوون، هەندێکیان کوژران و هەندێکیشیان بڕوایان بە ئایینی نوێ هێنا و ئەوانەی دەرباز بوون کشانەوە ناو رەوەزە شاخەکان و ناوچە سەختە چەپەکان، مەدائینی- ابو الحسن علي بن محمد المدائني(١٣٥-٢٢٥هـ/٧٥٢-٨٣٩م)- یەکێك لە رابەرانی بزاڤی مێژوونوسی ئیسلامی، کتێبێکی بە ناوی (القلاع والأكراد) دانابوو کە وا دیارە تەرخانی کردبوو بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی قەڵاکانی کوردستان و دژدارە کوردەکان لە کاتی پرۆسەی فەتحی ئیسلامیدا، مخابن ئەم کتێبە بە چەشنی زۆربەی نوسینەکانی مەدائینی فەوتاوە[٦].

هەروەها مێژوونوسی کەنەسی رەهاوی(م ٦٣٢ك/١٢٣٤ز )دەڵێت کوردەکان ئەو میللەتانەی لە وڵاتی ئێران و ئەرمینیا دە ژیان پاش ئەوەی سەرۆکەکانیان لەناوچوون بڕوایان بە ئایینی ئیسلام هینا[٧]، هەر بۆیەش بە درێژایی دوو سەدە واتە سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی/حەوتەم و هەشتەمی زایینی، لە سێ چوار کورتە هەواڵ بەولاوە هیچ دەنگوباس و هەواڵێکی میرو هۆزە کوردەکان لە سەرچاوەکاندا بەرچاو ناکەوێت، کوردستانیش بە هەموو ناوچەو شارەکانیەوە لەلایەن خێلافەی ئیسلامییەوە و لە رێگای والیەکان و سەرۆك هۆزە عەرەبەکانەوە بەڕێوە دەبرا[٨] و بواری سەرپێچی و سەربەرزکردنەوە لە پێش میر و سەردارە کوردەکاندا نەمابوو.

خیلافەی عەباسی پاش مردنی خەلیفە موعتەسەم (المعتصم) لە ساڵی ٢٢٧ك/٨٤٢ز هەنگاوی یەکەمی بەرەو لاوازبوون نا و دەسەڵاتی خەلیفە تا ڕادەیەکی زۆر کز و لاواز بوو، ئەوە بوو لە ماوەی (٢٣٢-٢٧٩ك/٨٤٧-٨٩٢ز) چەند ئەندامێکی کەم ئەزمون و بێدەسەڵاتی بنەماڵەی عەباسی (المتوكل، المنتصر، المستعين، المعتز، المهتدى، المعتمد) یەك لە دوای یەك بوون بە خەلیفەی موسڵمانان.

سەرکردە تورکەکان کە بە شەڕانی و جەربەزەیی ناسرابوون وەك (إیتاخ، بُغا، وصيف)، ئەم هەلەیان قۆستەوە و کۆنترۆلی بارودۆخەکیان کرد و دەستیان گرت بە سەر زۆربەی دامودەزگاکانی خیلافەداو خەلیفەی عەباسییان بەتەواوەتی کەنارگیرکرد و دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بۆ نەهێشتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خیلافەی عەباسی لە لایەکەوە گیرۆدەی چەندین تەنگەژەو ئاریشە هاتبوو، بزوتنەوەکانی شوراتەکان - خەواریج (الخوارج) و شیعە لە گەشەسەندن و تەشەنەکردندا بوون و شۆڕشی زنجەکان ساڵی ٢٥٥ك/٨٦٩ز لە خوارووی عیراق هەڵگیرسا بۆ ماوەی پانزە ساڵ درێژەی کێشا، لاوازی خیلافە هەلی لە باری بۆ ئەم بزاڤانە رەخساندبوو[٩].

لەلایەکی ترەوە دیاردەی جیابوونەوەی سیاسی لە جەستەی خیلافەی عەباسیدا لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا سەری هەڵدا، کاتێك تاهیری کوڕی حوسێن لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی - ساڵی ٢٠٥ك/٨٢١ز- میرنشینی تاهیری لە هەرێمی خوراسان دامەزراند، پاشان میرنشینی شیعەی زەیدی لە هەرێمی تەبرستان لە ساڵی-٢٥٠ك/٨٦٤ز- و میرنشینی سەفاری(الصفارية) لە هەرێمی فارس و کرمان لە ساڵی -٢٥٤ك/٨٦٨ز- دامەزران، دواتریش سامانیەکان لە هەرێمەکانی ئەو بەری ڕوبار (بلاد ما وراء النهر) لە سالی ٢٦١ك/٨٧٥ز میرنشینی سامانییان دامەزراند(١٠).

شتێکی ئاسایی و بەڵگەنەویستە کە ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی دووچاری خیلافەی عەباسی هاتبوو کار بکاتە سەر ناوچەکانی کوردستان و دیاردەی جیاخوازی و هەوڵدان بەرەو خودموختاری تیایاندا ڕەنگبداتەوە، بە هەمان شێوە لە کوردستانیش دەسەڵاتی خەلیفەو دەوڵەتی ناوەندی لاواز ببێت و ڕێخۆشکەر بێت بۆ چرۆکردن و نەشونماکردنی جۆرە دەسەڵاتێکی ناوخۆیی لە لایەن خەڵکی کوردەوە، بەتایبەت ئەگەر ئاگاداری ئەوە بین کە کوردستان پڕە لـە قـەڵاو بارەگاو پەناگاو شارۆچکەی شورەدار کە دەورە دراون بە چەند زنجیرە چیایەکی سـەخت و تـوش، سـەرەڕای ئەمـە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە کوردستان هەموو مەرج و مقەوەماتی میرنشینی سەربەخۆی تێدا هەیە، هەر لە قەڵا و شوراوە وەك باسکرا تا ناوچەی شاخاوی چـەپ و لـە گـرتن نـەهاتوو و دەیـان هـۆزی ئـازاو جـەنگاوەر و دەسەڵاتدار(١١).

کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، زنجیرە چیاکان وەك قەڵغانێکی سروشتی ناوچەکانی ناوەوەی دەپارێزن و هێڵێکی درێژی بەرگری پێك دەهێنن و بەری شاڵاوی سوپای نیزامی دەوڵەتان تا ڕادەیەکی باش دەگرن، لە سەر لوتکە و پەناگەی ئەم زنجیرە چیایانە ژمارەیەکی زۆر قەڵا و پایەگای جەنگی هەبوون کە لە لایـەن هۆزەکانی بوختی- بوهتانی و هەکاری و میهرانی و داسەنی و بەژنەوی و هەزبانی و زەرزاری و حەمیدی و بەرزەکان و گاوان و لوڕ و شازەنگان و گەلالی و گۆران ...هتد یەوە بەڕێوەدەبران، تەنانەت مێژوونوس و جوگرافیوان یەعقوبی (م پاش٢٩٢ك/٩٠٥ز) هەرێمی چیا -اقليم الجبال- بە "خانەی کوردە دڵڕەقەکان- دار الاكراد غليظي الأكباد" ناو دەبات(١٢)، هەر لەم بارەیەوە گەڕۆکی عوسمانی ئەولیا چەلەبی (م١٠٦٧ك/١٦٥٦ز) دەڵێت لە کوردسـتاندا شـەش هەزار هۆز و خێڵی کورد و حەوتسەت و حەفتا قەڵا هەیە و ژمارەی تفەنگچییانی کورد بـە نیـو ملیـۆن چـەکدار دەخەملێنێ (١٣) و (إبن شداد) (م٦٨٤ك/١٢٨٥ز) تەنها لە هـەرێمی دیاربـەکردا نزیکـەی پـەنجا قـەڵاو شـورا و شارۆچکەی ژماردووە(١٤).

بۆیە هیچ سەیر نییە لەگەڵ لاوازبوونی خیلافەی عەباسیدا، بەرە بەرە میر و سەردارانی کورد لێـرە و لـەوێ دەربکەون و ناوچەیەك یان قەڵایەك بۆ خۆیان دابڕن و فەرمانڕەوایی بکەن و جۆرێك لە دەستەڵاتدارێتی نـاوخۆیی

دەستەبەربکەن، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان، دەتوانین دەرکەوتن و گەشەسەندنی میرنشینە کوردیەکان بکەین بە سێ قۆناغەوە:

## قۆناغی یەکەم: قۆناغی سەرهەڵدان (نیوەی یەکەمی سەدەی٣ك/٩ز):

لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێهەمی کۆچی/نۆهەمی زایینی بۆ یەکەم جار لە هەندێ ناوچەی کوردستان قەوارەی سیاسی کوردی بچوك دامەزران، یەکەم کەسایەتی کورد لە سەردەمی ئیسلامیدا توانیبێتی بازێرێك بخاتە ژێر رکێفی دەسەلاٌتی خۆیەوە و شێوە سەربەخۆییەکی سیاسی بۆ خۆی دابین بکات و رۆڵی لە رووداوەکان گێرابێت، ئەوا عیسمەتی کوردە (عصمة الكُردي) کە لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی (المعتصم: ٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣-٨٤٢ز) خاوەنی شاری مەرەند بوو کە شارێکی هەرێمی ئازەربایجانە و دەکەوێتە رۆژهەلاٌتی شاری خۆی و باکوری دەریاچەی ورمێیەوە[١٥]، یەعقوبی بە"عصمة الكُردي صاحب مرند" ناوی دەبات[١٦].

هیچ زانیاریەك لە سەر ئەم میرە کوردە نییە و نازانرێت لە چ هۆزێکەو و چۆن و کەی بۆتە خاوەند شاری مەرەند ؟ تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە ساڵی ٢٢٠ك/٨٣٥ز پەیوەندی کرد بە بزاڤی بابەکی خورەمیەوە [١٧] و پاشان لە لایەن سوپای عەباسییەوە دەستگیرکرا و خرایە زیندانەوە و تا سەردەمی خەلیفە (الواثق: ٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤٢-٨٤٧ز) هەر لە زیندان بوو[١٨].

هەر لەم ماوەیەدا جەعفەری کوڕی میرخۆشی[١٩] کورد لە چیاکانی داسەنی رۆژهەلاتی موسڵ[٢٠] و نارسیسی کورد یان (نصر الكُردي) لە هەرێمی جەزیرە و موسای کورد (موسى الكُردي) لە جەزیرەی بۆتان - جزيرة ابن عمر- دەرکەوتن، سەرچاوە سریانیەکان لە مەڕ موسای کوردەوە دەڵێن "سەرۆکی کوردان بوو لە وڵاتی قردو- کوردستان"[٢١].

hewalname.com/kur

## قۆناغی دووەم: قۆناغی گەشەسەندنی دەسەلاَتداریەکان(٢٥٠-٣٣٤ك/٨٦٤-٩٤٦ز):

لەم قۆناغەدا دەستەلاَتدارانی کورد بەژمارە زۆرترن و لەرووی جوگرافیەوە لە هەموو ناوچـەکانی کوردسـتان بەرچاو دەکەون، سنوری دەسەلاَتداریانیش بەرفراوانترە، تەنانەت هەندێکیان نیمچە میرنشینێکیان پێکهێناوە، لەچاو میر عیسمەت و هاوچەرخەکانی زیاتر لەوە دەچن کە تەواو سەربەخۆبن.

لەدەڤەری هەکاری و ناوچە شاخاوییەکانی باکورو رۆژهەلاَتی موسلَدا ژمارەیەك میری سەربەخۆ دەرکەوتن وەك جەعفەری کورد (جعفر الكُردي) [٢٢] خاوەن قەلاَی ئەردەمشت[٢٣] و میر شەدادی کورد (شداد الكُردي) خاوەن قەلاَی حەسەنیە - زاخۆی ئێستا- [٢٤] و چەندانی دی کە تەبەری (م٣١٠ك/٩٢٣ز) بە سەرۆکەکانی کورد (رؤساء الأكراد) ناویان دەبات[٢٥]، ئەمانە لە سەردەمی خەلیفە (المعتمد: ٢٥٦-٢٧٩ك/٨٧٠-٨٩٢ز) ناوچەکانی ژێر دەسـەلاَتیان بەرێوەدەبرد و سودیان لە بزاڤی شوراتەکان (الخوارج) [٢٦] وەرگرت و پەیوەندیان بەست لەگەلَ هارونی کوڕی عەبدولاَ سەرکردەی شوراتەکان و سەرداری هـۆزی تـەغلب- بنوتغلـب -ی عـەرەب حەمـدان کـوڕی حەمـدون و پێکـەوە دەستیانگرت بەسەر شاری موسلَ ودەوروبەریدا [٢٧]، بۆیە لە سالَی ٢٨١ك/٨٩٤ز هەموویان یـەك لـە دوای یـەك کەوتنە بەر شالاَوی خەلیفەی بەهێز (المعتضد: ٢٧٩-٢٨٩ك/٢٩٢-٩٠٢ز)، خودی خەلیفە بە سوپایەکی گەورەوە رویکردە قەلاَی حەسەنیە و لەوێوە بەرەو قەلاَی ئەردەمشت ملیناو بڕیاریدا هەردوو قەلاَکە کاولبکرێن[٢٨].

لە ناو میرە کوردەکانی دەڤەری هەکاریدا میر شەداد لە هەموویان بەهێزتر بوو و خاوەن سوپایەکی توکمە بوو، تەبەری زیادەڕەوی کردوە و ژمارەی چەکدارەکانی بە دەهەزار کەس خەملاَندوە[٢٩].

لە هەرێمی جەزیرە و دەڤەرەکانی باکوری کوردستان سەرۆکەکانی هۆزی بەژنەوی (البشنوية) هەر لـە نیـوەی دووەمی سەدەی سێهەمی کۆچی/نۆیەمی زایینیەوە توانیان قەوارەیەکی سیاسی بچوك بۆ خۆیان پێکـەوە بنـێن و قەلاَی بەناوبانگی فەنەك (**Pinaka**) بکەنە پێگەی خۆیان، لەم بارەیەوە سەرچاوەکان دەگێڕنەوە کە هۆزی بەژنەوی ماوەی سێسەد سالَە قەلاَی فێنکی بە دەستەوەیە[٣٠].

هەر لە هەرێمی جەزیرەو لە رۆژئاوای شاری تەرسوس[٣١] کوڕی زوحاك (ابن الضحاك) لە سەردارانی کورد تا سالَی (٣١٥ك/٩٢٧ز) قەلاَی (جەعفەری- جەعبەر(؟))ی بەدەستەوەبوو، ئەم میرە کوردە لە ئیسلام هەلَگەرایەوە و بوو بە نەصرانی و پەیوەندیی کرد بە ئیمپراتۆری بیزەنتی رۆمانوسـی یەکـەم (٣٠٦-٣٣٢هــ/٩١٩-٩٤٤م)ە وە، ئەویش پاداشتی دایەوە وپارە وچەك وتفاقی پێبەخشی و ناردییەوە تا بەناوی ئەوەوە قەلاَی جەعفەری بەرێوەببا، تا سالَی ٣١٥ك/٩٢٧ز کەوتەبەر هێرشی سوپای عەباسی و دەستگیر کرا[٣٢].

hewalname.com/ku

دەڤەری شارەزور هەرچەند لە سامەڕای پایتەختی ئەو کاتەی خیلافەی عەباسییەوە نزیك بوو، لە هەموو دەڤەرەکانی تری کوردستان پتر دەسەلاٌتدارێتی کوردی تیادا دامەزرا، ئەم دەڤەرە هەر لەکۆنەوە زێدی ژمارەیەك هۆزی گەورە و بە هێز بوو وەك بەرزیکان، شازەنگان، گەلاٌلی، عەیشانی، باپیری، سێوەیلی کە خاوەنی چەندان قەلاٌو شارۆچکەی شورەداربوون، لەوانە: سامەگان، داراٌاباد، پیر، سیروان، سرماج، زەلٌم، قسنان، دزدان، ......[٣٣].

زۆربەی ئەم هۆزانە تا ڕادەیەکی بەرچاو سەربەخۆیی خۆیان دەستەبەرکردبوو، تەنانەت کاروباری سیاسی و ئابوری و دارایی ناوچەکە بەدەست خۆیانەوە بوو، والی و باجگر و فەرمانبەرانی دەوڵەتی لێنەبوون، خەڵکی شارۆچکەی شارەزور بە گشتی ئازاو جوامێر و شەڕکەر وجەربەزەبوون، هەرگیز گوێڕایەڵی دەسەلاٌتی ناوەندی نابوون و ژێردەستی خەڵکانی بیانیان قەبول نەدەکرد، بۆ بەرگری لە خۆکردن پشتیان بە قایی و پتەوی شارۆچکەکە دەبەست[٣٤]، لەم بارەیەوە گەرۆکی ناودار (إبن حوقل: م٣٦٧ك/٩٧٨ز) دەڵێت " شارەزور شارێکی بچووکە، کوردەکان دەستیان بەسەراگرتووە...نە میری تیایە لە لایەن سوڵتانەوە و نە باجگر..."[٣٥].

هەروەها (مسعر بن مهلهل) کە گەڕۆکێکی ترە و نزیکەی سالٌی ٣٤١ك/٩٥٣ز چوٌتە شارەزور و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ناوخۆی ناوچەکە بووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "شارەزور بریتییە لە چەند شارۆچکەو گوندێك... شارێکی تیایە پێی دەگوترێت (نیم ئەزڕای)، خەلکەکەی یاخین لە سوڵتان... زۆربەی میرەکانیان لە خۆیانە...فێری یاخیبوونن لە خەلیفەکان"[٣٦].

خەلیفە(المعتضد) لە چوارچێوەی هەلٌمەتە بەرفراوانەکەی بۆ سەر دەڤەری موسلٌ و هەکاری، ویستی شارەزوریش لە نەیاران و بەرهەلٌستکارانی پاك بکاتەوە و دەسەلاٌتی ناوەندی بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە، هەولێکی بێپایانیدا بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەستە بێ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتن بەدی بێنێت لەبەر پتەوی شارەکە و زۆری و جوامێری چەکدارەکانی[٣٧].

لەنێو ئەم دەسەلاٌتدارانەی شارەزوردا تەنها ناوی (ابن أبي الربيع الكُردي) هاتووە، کە سالٌی ٢٩٠ك/٩٠٣ز دالٌدەی سەرکردەی عەباسی هەلاٌتوو (ابو سعيد الخوارزمي)ی داو پێکەوە بڕیاری یاخیبونیاندا[٣٨].

لە دەوروبەری سالٌی ٣٠٠ك/٩١٣ز برایان ونداد و غانم کوڕانی میر ئەحمەدی عەیشانی توانیان دەست بەسەر ناوچەکانی دینەوەر و شارەزور و سامەگان بگرن و میرنشینێکی بچووك دابمەزرێنن و بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا سالٌ حوکم بکەن، ئەوی شایانی باسە هەر یەکێکیان هەزاران چەکداری هەبوو، بەمەش دامەزراندنی یەکەم میرنشینی کوردیان ڕاگەیاند[٣٩]، میر غانم قەلاٌی قسنانی کردە بارەگای خۆی و قەلاٌیەکی دیکەی ئاواکرد و ناوی (غانم آباد) ی لێنا[٤٠].

دیاردەی جیاخوازی نـاوخۆیی دەڤـەرەکانی خوزسـتان و لوڕسـتان و واستیشـی گرتـەوە، لـە سـەردەمی خەلیفە(المعتمد)، محەمەدی کوڕی عوبیدلاّی کوڕی هەزارمێردی کورد (محمد بن عبیدالله بن هزارمرد الکُردي) وەك میرێکی ناودار لە هەرێمی خوزستان دەرکەوت و سوپایەکی گەورەی هەبوو لە چەکدارانی کورد، بۆیە یەعقوبی سەفار دامەزرێنەری میرنشینی سەفاری (الصفاریة) کردیە والی خۆی لەسەر هەرێمی خوزستان، میرمحەمەد بۆ پتەوکردنی دەسەلاّتی سیاسی خۆی و دەستخستنی سەرفەرازی تەواو، پەیوەندی گرت لەگەلّ عەلی کوڕی محەمـەد سـەرکردەی شۆڕشی زنجەکان لە باشوری عێراق (٢٥٥-٢٧٠ك/٨٦٩-٨٨٤ز)، دەرحەق ئەم میرە کوردە مێژوونوس (ابن الاثیر) دەلّێت: "محەمەد بڕیاری دا موداراتی یەعقوبی سەفار و سەرکردەی زنجەکان بکات تا وەکو هەلّوێستی سیاسی لـە هەرێمی خوزستان بە بەرژەوەندی خۆی یەکالاّ بکاتەوە"[٤١].

ئەوەی شایانی باسە میر محەمەد یەکەم کوردە کە ناوی لە خوتبەی رۆژانی هەینی خوێنرابێتەوە کە مانای خۆ بە خاوەن دەسەلاّت زانین دەگەیەنێت، ئەوە بوو لە سالّی ٢٦٢ك/٨٧٦ز بـە لەشـکرێکی زۆرەوە چـووە نـاو شـاری توشتەرەوە کە مەزنترین شاری خوزستان بوو لە سەردەمی عەباسی[٤٢] و بڕیاریدا خوتبـەی رۆژی هـەینی بـەناوی خەلیفەی عەباسی و بەناوی یەعقوبی سەفار و لە دوایشدا بە ناوی خۆیەوە بخوێنرێتەوە[٤٣].

لە سالّی ٢٦٧ك/٨٨١ز میرمحەمەد بە ناچاری لەگەلّ خیلافەی عەباسی پێکهاتەوە و ریزی نەیارانی خیلافەی جێهێشت و گوێبیستی هەڕەشەی سەرکردەی عەباسی ناسراو موەفەق (الموفق طلحة) بوو و بەپارە و باج و دیاری و سەربازێکی زۆرەوە خۆیدا بەدەست موەفەقەوە ئەویش لێیبوردو ناردیەوە بۆ ناوچەکەی خۆی تا بـەناوی خیلافـەوە فەرمانڕەوایی بکات [٤٤]، هەر بۆیە بۆ سالّی دواتر ٢٦٨ك/٨٨٢ز عەمری سـەفاری (٢٦٥-٢٨٩ك/٨٧٩-٩٠٢ز) برای یەعقوب سەرکردەیەکی ناردە سەر میر محەمەد، ئەویش بە ئاسانی دەستگیری کرد و بردی بۆ لای عەمر[٤٥].

سەبارەت بە هەرێمی لوڕستان، ژێدەرە فارسیەکان دەگێرنەوە کە سالّی ٣٠٠ك/٩١٣ز هـەردوو بـرا بـەدر و ئەبومەنصور دەسەلاّتی لوڕستانیان گرتەدەست و بوون بە فەرمانڕەوای هەرێمەکە، بەدر لە لوڕستانی گەورەو ئـەبو مەنصور لە لوڕستانی بچووك، لە پاش مردنیان کوڕ و کوڕەزا و نەوەکانیان درێژەیان بە حوکمکردنی هەردوو پارچەی لوڕستاندا[٤٦].

لە دەڤەری واست و لە سەردەمی خەلیفە (المقتدر: ٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز) ئیسحاقی کورد (ابو الحسین اسحاق الکُردي) دەرکەوت و ژمارەیەکی زۆری کورد لە دەوری کۆبونـەوە، تـا وای لێهـات مەترسـی بخاتـە سـەر دامودەزگاکانی خیلافەی عەباسی لەناوچەکە، بەلاّم لە سالّی٣١٨ك/٩٣٠ز، بەرپرسانی عەباسی لە شاری واست، بە

غەدر ئیسحاقی کوردیان دەسگیرکرد لەگەڵ چواردە کەس لە یاوەرانی و ڕەوانەی بەغدایان کردن و لەوێ فرێدرانە زیندانەوە(٤٧).

لە نێوان میرەکانی قۆناغی گەشەکردندا، میر دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم شادکۆیە خـودانی ئازەربێجـان لـە دەوروبەری (٣٢٠-٣٤٦ك/٩٣٢-٩٥٧ز) ناودارترین و بەدەسەلاَتترین میری کوردە کە زۆربـەی شـارو ناوچـەکانی ئازەربایجانی بەدەستەوە بوو(٤٨).

ئیبراهیم شادکۆیەی باوکی دەیسەم بە نەژاد لە کوردەکانی دەڤەری هەکاری بوو، یەکێك بوو لە سوارچاکەکانی هارونی کوڕی عەبدوڵای شاری سەرکردەی بزاڤی شوراتەکان لە ولاَتی موسڵ و جەزیرە، دوای شکستی شوراتەکان لە ساڵی ٢٨١ك/٨٩٤ز لەسەر دەستی سوپای عەباسی، ئیبراهیم شادکۆیە لەگەڵ کۆمەڵێ لـە شـوراتەکان هـەلاَت و ڕوویکردە هەرێمی ئازەربایجان و لەوێ کچی سەردارێکی کوردی خواست، دەیسەم بەرهەمی ئەو ژنخوازیەیە بوو(٤٩).

دەیسەم کە گەورە بوو پەیوەندی کرد بە(ابن ابی الساج) ی والی ئازەربایجانەوە و بە پلەکانی سوپادا سەرکەوت تا بووە جێگری والی، کە (ابن ابی الساج) لە ساڵی ٣١٥ك/٩٢٧ز لە شەڕی قەرامیتە کوژرا، دەیسەم لە شوێنی ئەو بوو بە والیی ئازەربایجان(٥٠).

کاتێك سەرکردە تورك و دەیلەمەکان هەروەها کوڕانی حەمدانی تەغلوبی و فەرماندە سەربازیەکان هـەموو هەرێم و ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامیان بۆ خۆیان پاوەنکرد و تەنها بەغدا و دەوروبەریان بۆ خەلیفە هێشتەوە، میر دەیسەمی کوردیش درێغی نەکرد وکۆنترۆڵی هەرێمی ئازەربایجانی کرد و بۆ ماوەی سی ساڵ درێژەی بە دەسـەلاَتی خۆیدا و بەری شالاَوەکانی دەیلەم و خەزەری گرت(٥١).

وادیارە دەیسەم تەواو سەربەخۆ بووە، بە بەڵگەی ئەوەی دراوی بەناوی خۆیەوە لێداوە و تا ئێسـتاش چـەند دانەیەك لە دراوەکانی پارێزراون(٥٢).

هەروەها دەیسەم دەستی شیعردانانیشی هەبووە، ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، ئەم چوارینەیەی بۆمان ماوەتەوە:

أنبني أنيسي وكفّي وسادي        وعيني كحيلٌ بشوك القتادِ

إذا قيل: دَيسمُ ماتشتكى؟        أقول بشجوٍ: فؤادي فُؤادي

(الباخرزي، دمية القصر وعصرة أهل العصر، ٣٨٦/١).

لەپاڵ دەیسەمدا، میرێکی دی کورد هەر لە هەرێمی ئازەربایجان هەبوو بەناوی جەعفەری کوڕی شکۆیە کـە خودانی شاری سەلماس بوو و هێزێکی سەربازی هەبوو لە "جەماوەری هۆزی هەزبانی"، سەرچاوەکان باسی پەیوەندی

جەعفەر بە دەیسەمەوە ناکەن، بەڵام دوور نیە سەر بەدەیسەم بوبێت و جێگری بو بێت لە شاری سەلماس، بە بۆچوونی حوسێن حوزنی موکریانی جەعفەری هەزبانی یەکێك بوو لە سەرکردەکانی دەیسەم(٥٣).

میر(ابو الحجر المؤمل بن مصبح الكُردي) بۆ ماوەی چل ساڵ والی خیلافەی عەباسی بوو لە قەڵای بەرزەویە و ناوچەکانی دەوروبەری سەر بە ویلایەتی حەلەب، ئەم قەڵایە لە ترۆپکی چیایەکی بڵند هەڵکەوتبوو، گەلێك قایم وپتەو بوو(٥٤)، دواتر خوشکەزایەکی میر (ابي الحجر الكُردي) کۆنترۆڵی قەڵای بەرزەوەیەی کرد تا لە ساڵی ٣٣٧ك/٩٤٩ز(سيف الدولة)ی حەمدانی قەڵاکەی لە دەست دەرهێنا(٥٥).

هەروەها (ابن حوقل) کە لەودەمانە ناوچەکانی داسەن و هەکاری و ئازەربایجان گەڕاوە ئاماژە بۆ میر محەممەدی کوڕی حەسەنونی کورد دەکات کە شارەدێی محەمەدیەی بەدەستەوە بووە(٥٦)، هەر لەمبارەیەوە قەڵای ماهکی لە دەڤەری (اللحف) لە سەردەمی خەلیفە (المقتدر)ەوە تا ساڵی ٥٥٧ك/١١٦٢ز بەدەستی تورکمان و کوردەوە بوو(٥٧).

بەم جۆرە دەبینین لە ماوەی (٢٥٠-٣٣٤ك/٨٦٤-٩٤٦ز) ژمارەیەك قەوارەی سیاسی ناوخۆیی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دامەزران بە شێوەی قەڵاداریتی، سەرداریتی خێڵەکی (الزعامات القبلية)، میرنشینی بچووك، کە هەندێکیان هەر زوو لەناوبران و هەندێکی تریشیان بەرگەی ڕۆژگاریان گرت و بوونی خۆیان پاراست و بوونە بناغە بۆ میرنشینە سەربەخۆیەکانی سەردەمی بوەیهی (٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز)، میرنشینی دەیسەمی بووە ڕێخۆشکەر و بەردی بناغە بۆ دەرکەوتنی میرنشینی راوەدی لە هەرێمی ئازەربایجان و بەهەمان دەستور میرنشینی عەیشانی بووە بەردی بناغە بۆ دەرکەوتنی میرنشینی حەسنەوی بەرزیکانی لە شارەزور و هەرێمی چیا.

## قۆناغی سێهەم: قۆناغی پێگەهیشتن (سەردەمی بوەیهی ٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز):

بوەیهیەکان لەبنەماڵەیەکی دەیلەمی بوون لە دانیشتوانی هەرێمی شاخاوی دەیلەمستان (اقليم الديلم) کە هاوسنوری کوردستانەوە ئاو و هەوایان چوونیەکە، هەرسێ کوڕی بوە یهـ (عماد الدولة علي ومعز الدولة احمد وركن الدولة الحسن) لە ماوەیەکی کورتدا توانیان کۆنترۆڵی هەرێمەکانی وڵاتی ئێران بکەن و لە ساڵی ٣٣٤ك/٩٤٦ز برای بچووك (معز الدولة احمد) چووە ناو شاری بەغداوە و دەستی گرت بەسەر هەموو دامودەزگاکانی خیلافەی عەباسیدا و حکومەتی بوەیهی دامەزراند(٥٨).

بوەیهیەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە، دەرکیان بەوە کرد کە ناتوانن بە شێوەیەکی راستەوخۆ ناوچە شاخاوێکانی کوردستان بەڕێوە ببەن و بە ڕێگای لەشکری دەستەڵاتی خۆیان بچەسپێنن بەسەر وڵاتدا و میرە کوردەکان دەستەسەر بکەن، لەبەر ئەوەی کوردستان -وەك زانراوە- وڵاتێکی شاخاوی سەختە، هیچ

داگیرکەرێك بیری لەوە نەکردۆتەوە سەرپاکی ولاٌتەکە داگیربکات، بەڵکو هەرگاف بەوە رازی دەبوون کە سالاٌنە باج و خیراج لە سەرۆکە کوردەکان وەربگرن، شەرەفخانی بەدلیسی(م١٠١٠ك/١٦٠١ز) کە خۆی لـە بنەماڵـەی میرانـی بەدلیسە هەستی بەم راستیە کردوە و بەڕاشکاوی ئاماژەی پێداوە[٥٩]، خانەکانی مەغۆل بە هەموو زەبروزەنگییانەوە هەرچەند کردیان وکۆشان نەشیان کوردەکان ملکەچ و دەستەمۆ بکەن وکوردستان کۆنتڕۆڵ بکەن، ناچار ملیانـدا و پەیڕەوی ئەم سیاسەتەیان کرد[٦٠].

(رکن الدولة الحسن)ی بوەیهی پتر لە براکانی شارەزای بارودۆخی تایبەتی کوردستان بوو، لە نزیکەوە ئاگاداری میر و قەلاٌدار و سەرۆك هۆزەکانی کورد بوو، هەستی بە ئازایی و لێوەشاوەیی هۆزەکانی هـەرێمی چـیا کردبـوو، هەوڵێدەدا چاو لە چالاکی و زێدەگاڤیان بپۆشێ، ئەگەر پێی بگوترایە کوردەکان رێگایان بڕی و مەڕو مالاٌتیان تالاٌن کرد، یەکسەر بەرسڤی دەدایەوە "قەیدی ناکا کوردەکان وەك ئێمە پێویسـتیان بـە خواردنـە"، هـەردەم دووپـاتی دەکردەوە "دەوڵەتەکەم بەستراوە بە دەوڵەتی کوردانەوە -دولتي مقرونة بدولة الاكراد"[٦١].

لەبەر ئەم هۆکارە و چەند هۆکارێکی بابەتی و مێژوویی دیکە کە وەك دەرئەنجامێکی گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەلاٌیەتیەکانی جیهانی ئیسلامی هاتنە گۆڕێ، لە سەرەتای سەردەمی بوەیهیەوە ژمارەیەك میرنشینی گـەورەو بەهێز دەرکەوتن لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان کە هەندێکیان شێوەیەکی پێگەیشتوو و کـاملبووی قـەوارە سیاسیەکانی پێش سەردەمی بوەیهی بوون.

لە دەستپێکی سەردەمی بوەیهی میر (ابن ابی الشوك الكُردي) سەرۆکی هۆزی شازەنگان (الشاذنجان)لە ناوچەی حلوان -ئەڵوەند وخانەقین وقەسری شرین و سەرپول زەهاو- دەرکەوت، کوڕ ونەوەکانی میرنشینێکیان دامەزراند کە لە سەرچاوەکاندا بە میرنشینی بەنو عەنازی (بنو عناز) شازەنگانی ناسراوە[٦٢]، ئەم میرنشینە تا نزیکـەی سـالّی ٥١١ك/١١١٧زبەردەوام بوو، ناسراوترین میرەکانی بریتین لە:

- ابو الفتح محەمەد کوڕی عەناز(٣٨١-٤٠١ك/٩٩١-١٠١٠ز).
- فارس کوڕی محەمەد کوڕی عەناز ناسراو بە (ابو الشوك)(٤٠١-٤٣٧ك/١٠١٠-١٠٤٥ز).
- ابو الفوارس سورخاب کوڕی بەدر کەڕی موهەلهەل کوڕی محەمەد کوڕی عەناز (٤٦٧-٥٠٠ك/١٠٧٤-١١٠٦ز).

لە ناوچەکانی شارەزور و کرمانشاهان و دەینەوەر — واتە لەباکوری میرنشینی شازەنگانی-میر حەسنەویەی کوڕی حوسێن سەرۆکی هۆزی بەرزیکان لە سالّی ٣٤٨ك/٩٥٩زمیرنشینی حەسنەویەی بەرزیکانی دامەزراند، مـیر بەدری کوڕی حەسنەویە (٣٦٩-٤٠٥ك/٩٧٩-١٠١٤ز) نـاودارترین مـیری میرنشـینەکەیە، خەلیفـەی عەباسـی( القادربالله: ٣٨١-٤٢٢ك/٩٩١-١٠٣١ز) لە سالّی ٣٨٨ك/٩٩٨ز نازناوی (ناصرالدین والدولة)ی پێبەخشی[٦٣].

hawalname.com/kurd

میر محەمەد کوڕی شەداد کوڕی کورتەك –کورتۆ لە خێڵی ڕەوادی -ڕەوەندی کـە خێڵێکـی هـۆزی مـەزنی هەدبانیە- لە دەوروبەری ساڵی ٣٤٠ك/٩٥٢ز میرنشینی شەدادی لە هەرێمی ئالان (ئەڕان)-ئـەرمینیای ئێسـتا- دامەزراند[٦٤].

هەر لە خێڵی ڕەوادی میرێکی دی دەرکەوت بەناوی (ابو الهیجاء) حوسێن کوڕی محەمەد یان محەمەدی کوڕی حوسێن کە لە دەوروبەری ساڵی ٣٤٣ك/٩٥٤ز میرنشینی ڕەوادی لە چـەند شارۆچکەیەکی هـەرێمی ئازەربایجـان دامەزراند، میر وەهسودانی کوڕی مەملان (٤١٦-٤٥١ك/١٠٢٥-١٠٥٩ز) ناسراوترین میری ڕەوادیە[٦٥]، دەتوانین بڵێین میرنشینی ڕەوادی درێژەپێدان و بەردەوامی میرنشینی دەیسەمیە لە ئازەربایجان.

دەرکەوتنی میرنشینێکی کوردی لە هەرێمی جەزیرە- دیاربەکر دواکەوت بۆ نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی، بێگومـان ئەمەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بە هەبوونی میرنشـینی حەمـدانی لـە ناوچەکە کەدەستی گرتبوو بەسەر هەموو هەرێمی جەزیرە و دەڤـەری هـەکاری و بووبـووە بەربەسـتێك لـە پـێش گەشەکردنی قەوارە سیاسیە بچووکەکانی ناوچەکە، میر بادی کوڕی دۆستەکی چـواربوختی (٣٧٢-٣٨٠ك/٩٨٢-٩٩٠ز) دامەزرێنەری میرنشینی دۆستەکی –مـەروانی، بـە جەربـەزەیی و نەبـەردی خـۆی و پـاش چـەند شـەڕو پێکدادانێك لەگەڵ بوەیهیەکان و حەمدانێکانە ئەمجا توانی پاشماوەیـان لـە ناوچـەکە دەربکـا و دەسـەڵاتی خـۆی بچەسپێنێ، هەربەدەستی ئەوانیش لە ساڵی ٣٨٠ك/٩٩٠ز لە نزیك موسڵ بەکوشتچوو[٦٦].

پاش کوژرانی باد، خوشکەزاکانی،ئەبو عەلی حەسەن، سەعید ناسراو بە (ممهد الدولة)، ئەحمەد کوڕانی مەروان کوڕی کاکی چواربوختی کشانەوە بۆ شاری حوسنکێفا (حصن کیفا) و میرنشینی مەروانیان دامەزراند و درێـژەیان بەدەسەڵاتی خاڵیاندا[٦٧].

برا بچووکەکەیان ئەحمەد ناسراو بە (نصرالدولة) بەناوبانگترین و گەورەترین کەسایەتی سیاسی کوردە -دوای صەلاحەدینی ئەیوبی- لە سەدە ناوەنجیەکاندا، بۆ زیاتر لە نیو سەدە (٤٠١-٤٥٣ك/١٠١٠-١٠٦٠ز) فـەرمانڕەوا بوو، وەك شاە وابوو، دەرباری جمەی دەهات لە شاعیران و سترانبێژان و نوسەران، لە سـەردەمی ئـەودا دەسـەڵاتی سیاسی کورد گەیشتە لوتکە، دەوڵەتە ئیقلیمێکان، خیلافەی عەباسی سونی و دەوڵەتی بوەیهی لە بەغدا، خیلافەی فاتمی شیعی لە میسر، دەوڵەتی بیزەنتی لە قوستەنتینیە -ئەستانبولی ئێستا- هەوڵیاندەدا پەیوەندی لەگەڵ ببەستن و بۆ لای خویان ڕایبکێشن، هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونی لە ساڵی ٤٠١ك/١٠١٠زدا، نوێنەری هەر چوارلایان بە پارەو دیاریەکی زۆرەوە خۆیان گەیاندە خزمەتی لە شاری حوسنکێفا، نێردراوی خەلیفە (الحاکم بـامرالله)ی فـاتمی

(٣٨٦-٤١١ك/٩٩٦-١٠٢٠ز) نازناوی (عزالدولة ومجدها ذي الصرامتين)ی پێبەخشی و نێردراوی خەلیفە (القادر بالله) ی عەباسی نازناوی (نصرالدولة وعمادها ذي الصرامتين)ی پێبەخشی[٦٨].

ئەم پێنج میرایەتیە کاروباری زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان بەڕێوەدەبرد، خاوەنی دامودەزگای سیاسی، سەربازی، دارایی، کارگێری، قەزائی خۆیان بوون، خەلیفەی عەباسی دانی بە هەموویان دادەنا، میرەکان دراویان بەناوی خۆیانەوە لێدەدا پاش لێدانی ناوی خەلیفەی عەباسی و ئەمیری بوەیهی لەبان دراوەکە[٦٩]، لە خوتبەی رۆژانی هەینیدا ناویان لەدوای ناوی خەلیفەوە دەهات و دوعایان بۆ دەکرا، گەڕۆکی شیعی ناسری خەسرەو (م٤٨١ك/١٠٨٨ز) کە گەشتێکی دورودرێژی بە جیهانی ئیسلامیدا کردووە و بە شارەکانی کوردستانا گوزەری کردوە، باسی ئەوە دەکات کە ناوی میر وەهسوزانی کوڕی مەملانی رەوادی لەخوتبەدا بەم شێوەیە دەهێنرێت "الأمير الأجل سيف الدولة و شرف الملة أبو منصور و هسوذان بن محمد مولى أمير المؤمنين"[٧٠]، هەروەها ناوی میر(نصرالدولة) ئەحمەدی کوڕی مەروان بەم شێوە دەهێنرێت "الأمير الأعظم عز الإسلام سعد الدين نصر الدولة و شرف الملة ابو نصر احمد"[٧١].

لەبەر رۆشنایی ئەم راستیانە دەشێین بڵێین میرنشینەکانی کوردستان لە سەردەمی بوەیهیدا تەواو پێگەیشتن و تا ڕادەیەك خاوەن ویستی سیاسی خۆیان بوون، بەتایبەت میرنشینی مەروانی لە هەرێمی جەزیرە کە لەم لایەنەوە هیچ کەمتر نەبوو لەو میرنشینانەی وا لە رۆژهەلاتی ئیسلامی دەرکەوتن.

هەرچەندە میرنشینی حەسنەوی پێش وەخت -ساڵی ٤٠٦ك/١٠١٥ز- لەناوچوو[٧٢] و میرنشینی بەنو عەنازی شازەنگانی لە ساڵی ٤٣٨ك/١٠٤٦ز ەوە دووچاری لاواز بوون و دوبەرەکی ناوخۆیی بوو[٧٣]، کەچی سێ میرنشینەکەی تر تا نیوی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینی مانەوە، کاتێك کەوتنە بەر شاڵاوە بەرفراوانەکانی سوڵتان مەلیکشاهی سەلجوقی (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز) و یەك لە دوای یەك روخێنران، ئەم بابەتەش لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت هەڵدەگرێت.

ئەنجام:

hewaname.com/kurd

لە میانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوت کە دەسەڵاتی سیاسی کورد لە سەردەمی عەباسی بەسێ قوناغ: سەرهەڵدان، گەشەکردن، پێگەیشتن دا تێپەڕیوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێهەمی کۆچی/نۆهەمی زایینی پەشێوی و بارودۆخی سیاسی نالەباری دەوڵەتی عەباسی بووە ئەگەری جیابوونەوەی هەرێمەکان لە دەسەڵاتی ناوەندی عەباسی، ئەوە بوو لە هەندێك دەڤەری کوردستان دەسەڵاتدار و خاوەن قەڵاکانی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئیسلامیدا دەرکەوتن و شارێك یان قەڵایەك یان ناوچەیەکی بچوکی کوردستانیان بەڕێوە دەبرد، لە نیوەی دووەمی هەمان سەدە بەهۆی لاوازیی خەلیفەکانی عەباسی و برەوسەندنی بزاڤە بەرهەڵستەکان: زنجەکان، قەرامیتە، شوراتەکان (الخوارج)، لە پاڵ چەند هۆکارێکی ناوخۆیی کوردستان، ژمارەی دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکانی کوردستان زۆرتر بوو، تا گەلێ ناوچەی کوردستانی گرتەوە و سنوری دەسەڵاتیانیش بەرفرەهتر بوو.

لە سەردەمی بوەیهیدا بە هۆی سیاسەتی لامەرکەزی بوەیهیەکانەوە، لە سەر بناغەی ئەم دەسەڵاتداریە ناوخۆیانەدا، پێنج میرنشینی گەورە دەرکەوتن و روبەرێکی بەرفراوانی کوردستانیان بەڕێوە دەبرد، ئەم میرنشینانە خودان دامودەزگای سیاسی، سەربازی، کارگێری، دارایی، قەزائی خۆیان بوون، تا لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینی کەوتنە بەرشاڵاوی سەلجوقیەکان و یەك لە دوای یەك لەناو بران.

hewalname.com/ku

## پەراوێزەکان:

(١) المجمع العلمي السرياني، المجلد الثاني (بغداد ١٩٧٦)، ص٣٢٤.

(٢) فتوح البلدان، ص٣٢٧، ٣٢٩.

(٣) المصدر نفسه، ص١٨٠.

(٤) الواقدى، فتوح الشام، ١٥٢/٢.

(٥) لەم بارەیەوە بڕوانە: محمد جاسم حمادي، الجزيره الفراتيه والموصل، دار الرسالة (بغداد١٩٧٧)، ص١٥٩-١٧٢، حسام الدين علي غالب النقشبندى، اذربيجان، رسالة دكتوراه غير منشورة (جامعة بغداد ١٩٨٤)، ص٨٥-١٠٧.

(٦) ابن النديم، الفهرست، ص١٥٠.

(٧) تاريخ الرهاوي المجهول، ص٣٩.

(٨) فتوح البلدان، ص١٧٦-١٨٢، ٢٩٩-٣٠٨، ٣٢٧-٣٢٩، الأزدي، تأريخ الموصل، ص٢٠٧-٢٠٨، ابن الاثير، الكامل في التأريخ، ٢٥/٥-٢٦.

(٩) له بارەی ئەم بزاڤانەوە بڕوانە: عبدالعزيز الدوري، دراسات في العصور العباسية المتأخرة، مطبعة جامعة البصرة(د.ت)، فاروق عمر، تأريخ العراق في عصور الخلافة العربية الإسلامية (بغداد ١٩٨٨).

(١٠) دەربارەی ئەم میرنشینانە بڕوانە: خاشع المعاضيدي ورشيد عبدالله الجميلي، تأريخ الدويلات العربية الإسلامية في العصر العباسي (بغداد ١٩٧٩).

(١١) دەربارەی ئەم هۆزانە بڕوانە: المسعودي، مروج الذهب، ١٢٤/٢، التنبيه والإشراف، ص٩٤.

(١٢)البلدان، ص٩-١٠.

(١٣) سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێرانی ناکام، ل٩١.

(١٤) الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، ٢٤٦/٣-٢٥١.

(١٥) ياقوت الحموي، معجم البلدان، ١١٠/٥، لسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، الترجمة العربية، ص٢٠١.

(١٦) تأريخ اليعقوبي، ٣٣٢/٢.

(١٧) ئەم بزاڤە لە ساڵی ٢٠١ك/٨١٦ز لە هەرێمی ئازەربایجان هەڵگیرسا و تا ساڵی ٢٢٣ك/٨٣٨ز بەردەوام بوو.بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حسين قاسم العزيز، البابكية أو انتفاضة الشعب الاذربيجانى، دار الفارابي (بيروت ١٩٦٦).

(١٨) الطبري، تأريخ الرسل والملوك (تأريخ الطبري)، ١٢/٩، الكامل،٢٣٤/٥.

(١٩) تأريخ الموصل، ص٤٣١، الكامل، ٢٥٨/٥، ابن دحية، النبراس في تأريخ خلفاء بني العباس، ص٧٣.

hawalname.com/ku/

(٢٠) ناوی باوکی جەعفەر لە سەرچاوەکاندا بە چەند شێوەیەك هاتووە (مرخۆش، فهرجس، مهرجیش، مهرجس)، یەکەمیان دروستە و واتادارە.

(٢١) میخائیل السریاني، تأریخ میخائیل السریاني، ص٦٤،٧٧، ابن العبري، تأریخ الزمان، ص٣٤-٣٥.

(٢٢) الکامل، ٧٩/٦.

(٢٣) ئەردەمشت قەلآیەکی سەختە لە سەر لوتکەیەکی بەرز لە زنجیرە چیای بێخێر لە نێوان هەردوو گوندی ئەردەمشت و کواشێ لە رۆژئاوای دهوك، نووسەری ئەم باسە رۆژی ١٩٩٥/٥/٢٥ سەردانی ئەم قەلآیەی کرد.

(٢٤) تأریخ الطبري، ٣٨/١٠، الکامل، ٧٧/٦.

(٢٥) تأریخ الطبري، ٤٠/١٠، الکامل، ٧٨/٦.

(٢٦) دەربارەی شوراتەکان بڕوانە: مصلح مصطفی جەلالی، شوراتەکان (بەغداد ١٩٨٦).

(٢٧) دەربارەی حەمدانیێکان بڕوانە: فیصل السامر، الدولة الحمدانیة في الموصل وحلب (بغداد ١٩٧٠).

(٢٨) الکامل، ٧٧/٦٠، معجم البلدان، ١٤٧/١.

(٢٩) تأریخ الطبري، ٣٨/١٠، الکامل، ٧٧/٦.

(٣٠) الکامل، ١٤٠/٩، القزویني، آثار البلاد واخبار العباد، ص٤٣٢.

(٣١) تەرسوس: شارێکە لە ولآتی شام لە نێوان حەلەب و ئەنتاکیە نزیك بە ولآتی روم، یەکێك بوو لە کەلێنەکان(ثغور). معجم البلدان، ٢٨/٣.

(٣٢) الکامل، ١٩٠/٦.

(٣٣) فتوح البلدان، ص ٣٢٩، معجم البلدان، ٣٧٥/٣.

(٣٤) مسکویە، تجارب الامم، ٣٩٨/٢. شارەزور بە خۆی ناوچەیەکی بەرفراوانبوو و زۆر شار و قەلآ و گوندی تێدابوو، یەکێك لە شارەکان هەر ناوی شارەزور بوو.

(٣٥) صورة الارض، ص٣١٤.

(٣٦) الرسالة الثانیة، ص١٠-١١، معجم البلدان، ٣٧٥/٣، آثار البلاد، ص٣٩٨.

(٣٧) مؤلف مجهول، العیون والحدائق في اخبار الحقائق، الجزء الرابع، ص٤٧٤.

(٣٨) تأریخ الطبري، ٩٨/١٠، الکامل، ١٠٧/٦.

(٣٩) الکامل، ١٠١/٧.

(٤٠) المصدر نفسه، ١٠١/٧.

(٤١) المصدر نفسه، ٩/٧.

(٤٢) معجم البلدان، ٢٩/٢.

(٤٣) تأريخ الطبري ٥٢٨/٩.

(٤٤) المصدر نفسه، ٥٧٧/٩ – ٥٧٨، الكامل، ٣١/٦.

(٤٥) تأريخ الطبري، ٦١١/٩، الكامل، ٤٠/٦.

(٤٦) حمد الله مستوفى، تاريخ گزيده، ص٥٣٨، نطنزي، منتخب التـواريخ، ص٣٧، قاضـى غفـاري، تـأريخ نگارسـتان، ص٢٠٦، شرفخان البدليسي، شرفنامه، الترجمة العربية، ص١٢٥-١٢٦.

(٤٧) الصولي، قطعة نادرة من كتاب الأوراق، ص٤٤، القرطبـي، صلة تأريخ الطبري، ص١٢٧-١٢٨.

(٤٨) صورة الارض، ص٢٨٧، تجارب الامم، ٣٣/٢، الكامل، ٢٨٦/٦.

(٤٩) تجارب الامم، ٣٣/٢، الكامل، ٢٨٦/٦.

(٥٠) الكامل، ١٨٦/٦، ٢٨٦. دەربارەی قەرامیتەکان بڕوانە: محمد عبدالفتاح عليان، قرامطة العراق (القاهرة ١٩٧٠).

(٥١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حسين حوزنی موکریانی، کوردستانی موکریان (رواندوز ١٩٣٨).

(٥٢) أرشاك بولاديان، الاكراد وفق المصادر العربية، ص١٤٩.

(٥٣) تجارب الامم، ٦٥/٢، کوردستانی موکریان، ل١٩٤-١٩٥.

(٥٤) ابن العديم، بغية الطلب في تأريخ حلب، ٩٤١/٢.

(٥٥) ابن العديم، زبدة الحلب من تاريخ حلب، ١٢٠/١.

(٥٦) صورة الارض، ص٢٦٠.

(٥٧) الكامل، ٧٩/٩. اللحف: لە سەردەمی ئیسلامی بە دەڤەرەکانی مەندەلی وماهکی و پشتکۆ کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی بەغداوە دەگوترا (بلاد اللحف) لەبەر ئەوەی دەکەوتنە پێچی چیاکانی پشتکۆوە.معجم البلدان، ١٤/٥.

(٥٨) الكامل، ٣١٤/٦. بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ بوەیهیەکان، بڕوانە: فاروق عمر، تأريخ العراق في عصور الخلافة العربيـة الاسلامية (بغداد ١٩٨٨).

(٥٩) شرفنامه، ص٦٠.

(٦٠) العمري، مسالك الابصار وممالك الامصار(مخطوط)،١٢٨/٣.

(٦١) تجارب الامم، ٢٨١/٢.

(٦٢) بڕوانە: الكامل، ٣٣٥/٦،٣٤٥، ٢٥٥/٧.

hewalname.com/ku

(٦٣) المصدر نفسه، ١٩٣/٧. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی  میرنشینی بەرزیکانی و میرنشینی شازەنگانی، بڕوانە: حسام الدين علي غالب النقشبندي، الكُرد في الدينور وشهرزور، اطروحة ماجستير غير منشورة (جامعة بغداد ١٩٧٤).

(٦٤) بڕوانە: اسماعيل شكر رسول، الامارة الشدادية الكُردية في بلاد آران، مؤسسة موكرياني(أربيل٢٠٠١).

(٦٥) صورة الارض، ص٣٠٣، تجارب الأمم، ١٨٠/٢. بڕوانە: حسام الدين علي غالب النقشبندي، آذربيجان، اطروحة دكتوراه غير منشورة(جامعة بغداد ١٩٨٤م).

(٦٦) الفارقي، تأريخ الفارقي، ص٥٧-٥٨، بغية الطلب، ١١٣٠/٣، الكامل، ١٤٢/٧-١٤٣.

(٦٧) تأريخ الفارقي، ص٥٩-٦١، الكامل، ١٤٣/٧-١٤٤.

(٦٨) تأريخ الفارقي، ص١٠٨-١٠٩. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرقيب يوسف، الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى (بغداد ١٩٧٢).

(٦٩) عبدالرقيب يوسف، تاريخ الدولة الدوستكية، ص١٠٦-١١٦، الكُرد في الدينور وشهرزور، ص٣٠٤-٣١٠.

(٧٠) سفرنامه، رحلة ناصر خسرو، ص٣٠.

(٧١) المصدر نفسه، ص٣٦.

(٧٢) الكامل، ٢٨٠/٧.

(٧٣) المصدر نفسه، ٤٣/٨.

hewalname.com/ku

# بابەتی دووەم

## میرنشینی لوڕستانی گەورە لەسەدەی  پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینی

## سەردەمی میر هەزارئەسپی کوڕی بەنگێری کوڕی عەیازی کورد و کوڕەکانی

## (پێش ٤٣٦ك/١٠٤٤ز-٤٦٢ك/١٠٦٩ز)

**- پێشەکی:**

هەرێمی لوڕستان کە ناوچەکانی باشوری رۆژهەڵاتی وڵاتی کورد (کوردستان) دەگرێتەوە، هەر لە کۆنەوە دەڤەرێکی کوردنشین بووەو بە درێژایی سەردەمی ئیسلامی نیشتمان و نشینگەی ژمارەیەکی زۆری خێڵ و هۆز و تیرەی لوڕ بووە کە بەشێك بوون لە کورد، پاش لاوازبوونی خیلافەی عەباسی و دەستگرتنی سەرکردە و سەربازە تورکەکان بەسەر دامودەزگاکانی خیلافە لە سەدەی سێهەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی، وەك لە بابەتی یەکەم ئاماژەی پێدرا دوو میرنشین لە لوڕستان سەریان هەڵدا، کە هەر لە سەردەمی بوەیهییەوە (٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز) کاروباری سیاسی و سەربازی و کارگێری و دارایی ناوخۆیی ناوچەکەیان بەرێوەدەبرد، ژێدەرە فارسیەکان باس دەکەن کە دوو برا بەدر و ئەبو مەنسور لە دەوروبەریساڵی ٣٠٠ك/٩١٣ز دەسەڵاتی لوڕستانیان گرتەدەست بەدر لە لوڕستانی گەورە و ئەبومەنسور لە لوڕستانی بچووك، پاش مردنیان کوڕ و نەوەکانیان درێژەیان بەدەسەڵاتدا، کەچی تاسەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەهەمی زایینی، زانیارییەکی ئەوتۆ لە سەر ئەم دوو میرنشینە نیە، سەبارەت بە میرنشینی لوڕستانی گەورە، ئەو هەوڵانەی لەمەو پێش دراون، تەرخان کراون بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی میرنشینەکە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچییەوە تا کەوتن و لەناوچوونی لە ساڵی٨٢٧ك/١٤٢٤ز.

لەم لێکۆڵینەوەیدا هەوڵدراوە رۆشنایی بخریتە سەر ئەڵقەیەکی ون و لاپەڕەیەکی شاراوە و نەزانراوی مێژووی لوڕستانی گەورە، ئەویش سەردەمی میر هەزارئەسپ کوڕی بەنگێر کوڕی عەیازی کوردە کە نزیکەی سی ساڵ فەرمانڕەوای لوڕستانی گەورەبووە، لە پاش مردنی لە ساڵی ٤٦٢ك/١٠٦٩ز عیمادەدین پەهلەوانی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە[1].

---

[1] کابرایەکی کوردی رۆژهەڵات بە ناوی رحمت الله علائی کە وەك هاوڕێم د. ئیسماعیل شەمس پێی گوتم زاوای نووسەری ناسراو محەمەد رەئووف تەوەکولی یە، ئەم بابەتەی منی دەقاودەق بردووە و کردوویەتی بە فارسی و لە گۆڤاری( پیام بهرستان)، ژمارە (٩)ی ساڵی(٥)-١٣٩٢ش/٢٠١٣، بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە کە بە (pdf) بەردەستە: ( میر هزاراسپ نواده عیاض کُرد(٤٣٦-٤٦٣هجری) حلقة ای مفقودشده أز تاریخ لرستان بزرگ).

**یەکەم:**

## هەرێمی لوڕستان و سەرهەڵدانی میرنشینی لوڕستانی خواروو- گەورە:

### أ- ناساندنی هەرێمی لوڕستان:

لوڕستان دەڤەرێکی  شاخاوی و نیمچە شاخاوی بەرفراوانە، بەشێك لە زنجیرە چیای زاگرۆس پێکدێنێت، چەند زنجیرە چیایەکی بەرز و سەرکەش کە لە باکوری رۆژئاواوە رووەو باشوری رۆژهەڵات درێژبونەتەوە، روبەرێکی گەورەی ناوچەکە دەگرنەوە[1].

هەرچەند لوڕستان لە سەردەمی عەباسیدا هەرێمێکی سەربەخۆ نەبووە و لەرووی کارگێریەوە سەر بە هەرێمی خوزستان - الاهواز- بووە، پاشانیش خراوەتە پاڵ هەرێمی چیا - اقلیم الجبال-، چونکە وەك ئەو ناوچەیەکی شاخاوی بووە و هاو ئاووهەواش بوونە[2]، بەڵام سنووری لە لایەن جوگرافیوانانی موسڵمانەوە دەستنیشانکراوە، کە هاوسنورە لەگەڵ ناوچەکانی ماسەبەتان - ماسبذان و سێمرە -الصیمرة و میهرەگان کەدك - مهرجانقدقی سەر بە هەرێمی چیا لای باکورەوە، هەرێمی خوزستان لای باشورەوە و ئەسفەهان لای رۆژهەڵاتەوە و کورەی واستی سەر بە هەرێمی عێراق لای رۆژئاواوە[3].

هەرێمەکە لە سەدە ناوەنجییەکاندا دەکرا بەدوو پارچەوە، لوڕستانی بچووك لە باکور و لوڕستانی گەورە لە باشور و رووباری دیزەفول دەبێتە سنوری سروشتی لە نێوانیاندا[4].

لە شارە بەناوبانگەکانی  ئەو سەردەمەی لوڕستان، شارەکانی ئیزج، گوندی شاپور (جندیسابور)، توشتەر، خورەمئاباد و چەند شارو قەڵاییەکی تر[5].

زۆربەی دانیشتوانی لوڕستان هەر لە کۆنەوە کورد بوون لە هۆز و خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵەکانی لوڕ و لەکاتی فەتحی ئیسلامیدا ناویان هاتووە[6]، لەم بارەیەوە جوگرافیوانەکان دەڵێن: "کوردەکان زاڵن بەسەر وڵاتی لوڕدا و زۆربەی دانیشتوانی پێکدێنن"[7].

بەپێی ئاخافتنی حەمەدوڵای مستەوفی(م٧٥٠ك/١٣٤٩ز) لە ساڵی ٥٠٠ك/١١٠٦ز سەد بنەماڵەی کورد لە چیای سماق [8]ی باکوری شامەوە رویان کردە لوڕستانی گەورە و تیایدا جێگیربوون [9]، هەروەها ژێدەرەکان ناوی بیست و شەش هۆزی کوردی نیشتەجێی لوڕستانی گەورەیان هێناوە، لەوانە: ئەستورکی، مامەکۆیی، بەختیاری، جوانکی، بیدانیان، زاهدیان ... هتد[10].

hewalname.com/kurdi

**ب - سەرهەڵدانی هەردوو میرنشینی لوڕستان:**

ژمارەیەك لە سەرچاوە فارسیەکانی سەدەکانی ٨-١٠ك/١٤-١٦ز، دەگێڕنەوە کە لەدەوروبەری ساڵی ٣٠٠ك/٩١٣ز هەردوو برا بەدر و ئەبومەنسور لە هەرێمی لوڕستان دەسەڵاتیان گرتەدەست، میر بەدر لە لوڕستانی گەورە و میر ئەبو مەنسور لە لوڕستانی بچووك، پاش ئەوەی میر بەدر بۆ ماوەیەکی درێژ میرایەتی کرد کۆچی دوایی کرد و کوڕەزاکەی نەسیرەدین محەمەد کوڕی هیلال کوڕی بەدر جێگەی گرتووە(١١).

ئەم زانیارییانەی کە بۆ یەکەم جار لەلایەن حەمەدوڵای مستەوفیەوە ئاماژەیان بۆ کراوە لە هیچ سەرچاوەیەکی سەردەمی عەباسی پشتراستنەکراوە، تەنها ئەوەندە هەیە لە سەرچاوەیەکی کۆن و باوەڕ پێکراودا، دەنگوباسی میرێك هاتووە بە ناوی هیلالی کوڕی بەدر، مێژوونوس (ابوبکر الصولي) کە هاوچەرخی میر هیلال بووە و لە ساڵی ٣٣٥ك/٩٤٧ز مردووە لە ڕووداوەکانی ساڵی ٣٠٦ك/٩١٩ز دەگێڕێتەوە کە هیلالی کوڕی بەدر یەکێك بوو لەو سەرکردانەی لە لایەن (یوسف بن ابی الساج)ەوە دەستگیرکران(١٢).

ئەوەی ڕاستی بێت و پێویستە باس بکرێت لە ماوەی (٢٥٠-٣٣٤ك/٨٦٥-٩٤٦ز) واتە لە ناوەڕاستی سەدەی سێهەمی کۆچییەوە تا سەردەمی بوەیهیەکان چەندین خودان قەڵا و سەرۆك هۆز و میری دەسەڵاتداری نیمچە سەربەخۆ لە زۆربەی دەڤەرەکانی کوردستان دەرکەوتن(١٣).

زانیاریەکی ئەوتۆ لە بەردەست نییە لە مەڕ میرنشینی لوڕستانی گەورە تا ساڵی ٥٥٠ك/١١٥٥ز و کەلێنێکی گەورە و درێژ خایەن لە مێژووی میرنشینەکە هەیە کە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەگرێتەوە.

ئەو هەوڵانەی لەمەو پێش دراون بۆ ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی دەسەلاتی سیاسی کورد لە هەرێمی لوڕستانی گەورە هەمووی تەرخانکراون بۆ ماوەی نێوان ساڵانی (٥٥٠-٨٢٧ك/١١٥٥-١٤٢٤ز)(١٤)، بە ئاگاداری ئێمە تا ئێستا کارێکی ئەکادیمی وا ئەنجام نەدراوە ئەو ناتەواویەی پڕکردبێتەوە، واتە لە دەستپێکی میرنشینەکەوە تا ساڵی ٥٥٠ك/١١٥٥ز، دیارە ئەمەیش بە هۆی نەبوونی سەرچاوە و پچڕپچڕی دیرۆکی میرنشینەکەیە بە ڕادەیەك کە گومان لە هەبوونی بکرێت یان لایەنی کەم وا هەست بکرێت کە لەناوبرابێت و ناوچەکە داگیرکرابێت میرەکانی لوڕستانی گەورە لەکار خرابن.

hewalname.com/kurd

**دووەم:**

**میرهەزارئەسپ کوڕی بەنگێر کوڕی عەیازی کورد:**

**(٤٣٦ك/١٠٤٤ز(؟) –٤٦٢ك/١٠٦٩ز):**

**أ - ناساندنی هەزارئەسپ:**

هەزارئەسپ کوڕی بەنگیر کوڕی عەیازی کوردە (هزاراسب بن بنكير بن عياض الكُردي) کونیەی "أبو كاليجار" و نازناوی " عز الدولة"یە، یەکێکە لە میرەناسراو و ناودارەکانی کورد کە بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای هەرێمی لوڕستان بووە و ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە لە ڕوداوەکانی دواساڵەکانی سەردەمی بوەیهی (٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز) و دەستپێکی سەردەمی سەلجوقی، لە لایەن خەلیفەی عەباسی و میرەکانی بوەیهی و سوڵتانەکانی سەلجوقییەوە ڕێزی لێگیراوە و حسێبی بۆ کراوە و خاوەن پلەوپایەی تایبەتی خۆی بووە[١٥]، پاشان بۆتە یەکەپیاو و دەمڕاستی سوڵتان توغرل بەگی سەلجوقی (٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٧-١٠٦٣ز)، دیارە کاریشی کردۆتە سەر دەستنیشانکردن و ئاراستەکردنی سیاسەتی سوڵتان، هەر لە سۆنگەی ئەم راستییانەوە نازناوی "تاج الملوك"ی پێبەخشراوە[١٦].

تا ئێستا رووننەبۆتەوە میر هەزارئەسپ بەچەند پشت دەگاتەوە میر بەدری دامەزرێنەر، هەروەها لە ناویان زیاتر، هیچ زانیاریەك لە سەر باوك و باپیری هەزارئەسپ لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەگەر ئاگاداری ئەوەبین کە فەرمانڕەوایی میرنشینەکانی کوردستان و هەموو روژهەلاتی ئیسلامی وراسی بووە، واتە دەسەلات لە باوکەوە بۆ کوڕ بە پلەی یەك یان بۆ برا یان برازا و کوڕەزا گوێزراوەتەوە، دەتوانین ئەوەندە بێژین کە هەردووکیان بۆ ماوەیەك لە دوای یەك فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی لوڕستانیان کردووە، با لە چوارچێوەیەکی جوگرافی بچوکیش بو بێت، مێژوونوس (غرس النعمة: م٤٨١ك/١٠٨٨ز) لەمەڕ هەزارئەسپ دەڵێت:"لە بنەماڵەیەکی خانەدانی ڕەسەنبوو"، هەزارئەسپیش بۆ یەکەم جار ناوی لە هەواڵەکانی ساڵی ٤٣٦ك/١٠٤٤ز هاتووە، بێگومان ئەمەش وادەگەیەنێت، بەر لەو ساڵە وەك میرێکی کورد دەرکەوتووە و ناسراوە[١٧].

میر هەزارئەسپ وەك هەر میر و دەسەڵاتدارێکی خودان شیان و بەتوانا، خاوەن دامودەزگای سەربازی و دارایی و قەزائی بووە، وەزیر و نوسەر و لەشکەری تایبەتی خۆی هەبووە، وەلێ ژێدەرەکان لەمبارەیەوە زانیاریەکی ئەوتۆ

بەدەستەوە نادەن، تەنها ئەوەندە دەزانین کە محەمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی حوسێن ناسراو بە ( ابو العلاء الشیرازی) ماوەیەك - دەوروبەری ساڵی ٤٤٠ك/١٠٤٨ز- وەزیری هەزارئەسپ بوو[١٨].

هەروەها (ابو یعلی) باوکی وەزیر و مێژوونوس رودڕاوەری(م ٤٨٨ك/١٠٩٤ز) تا مردنی لە ساڵی ٤٦٠ك/١٠٦٧ز نوسەری تایبەتی هەزارئەسپ بوو[١٩].

سەبارەت بە ڕابوونی هەزارئەسپ بە دراولێدان و خوتبەخوێندن بە ناوی خۆیەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە سوڵتان توغرل بەگی سەلجوقی لە ساڵی ٤٤٨ك/١٠٥٦ز رێگای پێدا خوتبە بەناوی خۆیەوە بخوێنرێتەوە لە ئەهواز و بەسرا، بەلأم تا ئێستا ساغنەبۆتەوە ئایا هەزارئەسپ وەك میرە سەربەخۆکانی تری کوردستان دراوی بەناوی خۆیەوە لێداوە یان نا و پێش ساڵی ٤٤٨ك/١٠٥٦ز خوتبە بە ناوی خوێنراوەتەوە یان نا ؟.

بەهێزی و شییان و دەسەلأتی میر هەزارئەسپ گەیشتبووە رادەیەك بیر لەوە بکاتەوە ببێتە جێنشینی توغرل بەگ و بەکردەوە هەوڵی گەیشتن بەم ئاواتەی دا، پاش مردنی توغرل بەگ، هەزارئەسپ لە نامەیەکدا بۆ خەلیفە (القائم: ٤٢٢-٤٦٧هـ/١٠٣١-١٠٧٤م) نیازی خۆی ئاشکرا کردو ئامادەیی خۆی دەربڕی کە سەد هەزار دینار بـدات بـە خەلیفە ئەگەر ئەم لە شوێنی توغرل بەگ دای بنێت و دان بە دەسەلأتی دابنێت، لە وەلأمدا بۆی نوسرا کە دەبێـت جێگری توغرل بەگ هەر لە نێو سەلجوقێکاندا دیاری بکرێت وئەم پۆستە بۆتۆ دەستنادات، لە جیاتی ئەم داواکاریە پێویستە جارێ شەڕی قاورت بەگی سەلجوقی – برای توغرل بەگ و میری سەلاجیقەی کرمان – بکەیت کە دەستی گرتوە بە سەر هەردوو هەرێمی فارس و کرماندا، تا لەو هەرێمانـە دەریدەپـەڕێنیت، ئـەمجا حـەقی ئـەم داوایـەت دەبێت[٢٠].

میر هەزارئەسپ بەردەوامبوو لە بەڕێوەبردنی دەڤەری لوڕستان و خزمەتکردنی سەلجوقییەکان تا لـە رەمــەزانی ساڵی (٤٦٢ك/١٠٦٩ز)کۆچی دوایی کرد.

## ب-هەزارئەسپ میرێکی لوڕەو باپیری میرەکانی لوڕستانی گەورەیە:

سەرچاوە مێژوویەکانی سەردەمی عەباسی کە بەتێروتەسەلی باسی رۆڵ و چالاکیەکانی میر هەزارئەسـپیان کردوە، دوپاتیانکردۆتەوە کە میرێکی کوردە بێئەوەی ئاماژە بکەن کە لە میرەکانی لوڕستانە، هەروەها ئەو سەرچاوە فارسیانەی وا فەسلێکیان تەرخانکردووە دەربارەی میرەکانی لوڕستانی گەورە، باسی میر هەزارئەسپیان نەکردووە و لەریزبەندی میرەکانی لوڕدا ناویان دانەناوە، لە باسی روداوەکانی ساڵی ٣٠٠ك/٩١٣ز وە یەکسەر دەچنە سەرباسی

روداوەكانی سەدەی شەشەمی كۆچی/دوازدەیەمی زایینی، كاتێك میر ئەبوحەسەنی فەزلەوی بە خۆی وسەد ماڵە كوردەوە لە چیای سماقی باكوری وڵاتی شامەوە روویكردە هەرێمی لوڕستان، گوایە ئەبو تاهیری كوڕی عەلی نەوەی ئەبوحەسەنی فەزلەوی لە دەوروبەری ساڵی ٥٥٠ك/١١٥٥ز میرنشینی لوڕستانی دامەزراندوەتەوە، واتە دەسەڵات لە دەستی نەوەكانی میر هەزارئەسپ دەرچووە و كەوتوتە دەست كوردەكانی شام[٢١].

كەچی مێژوونوس محەمەد كوڕی عەبدولمەلیكی هەمەدانی(م ٥٢١ك/١١٢٦ز) كە هاوچەرخی كوڕ و نەوەكانی میر هەزارئەسپ بووە و لە نزیكەوە ئاگاداری روداوەكانی لوڕستان و هەرێمی چیابووە، میر "عزالدولة أبو كاليجار هزارأسب" بە یەكێك لە میرەكانی لوڕستان دادەنێت و بەڕاشكاوی دەڵێت "تا ئێستا لوڕستان بە دەستی كوڕەكانیەوەیەتی"[٢٢]، هەروەها مێژوونوسی ناسراو (أبن الفوطي:م٧٢٣ك/١٣٢٣ز) كە وەك لە ناوەڕۆكی كتیبەكەیەوە دیارە شارەزایەكی تەواوی لە سەر میر و دەسەڵاتدارانی كوردستان هەبووە، هەمان بۆچوونی هەیە و ئاخافتنی سەرچاوە فارسیەكان رەتدەكاتەوە، سەبارەت بە میر عیمادەدین پەهلەوانی كوڕی هەزارئەسپ دەڵێت: " لە بنەماڵەیەكی دەسەڵاتداری خانەدان و دێرینە وڵاتێكی بەرفراوانیان بەدەستەوەیە لە چیاكانی لوڕستان، ئەم وڵاتە تائێستا لە ژێر فەرمانڕەواییانە"[٢٣].

سەرەڕای ئەو دوو بەڵگەیە دەتوانین سێ بەڵگەی تر بهێنینەوە كە دەیسەلمێنن هەزارئەسپ میرێكی لوڕستانەوە و میرانی لوڕستانی گەورە نەوەی ئەون:

- مێژوونوسە فارسەكان (حەمەدوڵای مستەوفی، نەتەنزی، خواندەمیر، قازی ئەحمەد غەفاری)، بە شێوەیەكی گشتی لە مەڕ هۆزی لوڕ و میرانی لوڕستانی گەورە لەگەڵ یەك ناكۆكن و زانیاری ناتەبا بەدەستەوەدەدەن[٢٤]، لەلایەكی ترەوە حەمەدوڵا دەڵێت ئەبو تاهیر بە ماوەیەك پاش ساڵی٥٥٠ك/١١٥٥ز كۆچی دوایی كرد، كەچی ئەبوتاهیر تاساڵی ٦٠٢ك/١٢٠٥ز هەر لە ژیاندا بوو[٢٥].

- كوڕێكی میر ئەبو تاهیر، دووەم دامەزرێنەری میرنشینی لوڕستانی گەورە ناوی هەزارئەسپە و كوڕێكی تریشی ناوی عیمادەدین پەهلەوانە، وادیارە ئەبو تاهیر بەدەستوری ئەو سەردەمانە ناوی ئەم دوو كوڕەی بەناوی باب و باپیرانیەوە ناوە[٢٦].

- هەزارئەسپ میرێكی كوردی هەرێمی لوڕستانە و لە سەرەتای دەركەوتنی فەرمانڕەوای شاری ئیزج بووە، ئەم شارەش وەك ئاشكرایە پایتەختی هەرێمی لوڕستان و جێنشینی میرەكانی بووە[٢٧].

میرنشینی لوڕستان لە سەردەمی هەزارئەسپدا بووە یەكێك لە میرنشینە مەزن و بەهێزەكانی وڵاتی كوردەواری و هەموو ناوچەكانی لوڕستان و پارچەیەك لە هەرێمی چیا (اقليم الجبال)ی گرتەوە، تەنانەت هەزارئەسپ بە "ملك

الجبال" وەسفکراوە[٢٨]، ولاّتیش بوژایەوە و ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری گەشەی کرد و چالاکی بازرگانی بـرەوی سەند، ئاسایش و تەناهی لە لوڕستاندا چەسپا و بووە داڵدەو پەناگەی لێقەوماوان و هەلاّتوان و پەنابەران[٢٩].

## سێهەم: پەیوەندیەکانی میر هەزارئەسپ:

### أ- لەگەڵ خیلافەی عەباسی:

میر هەزارئەسپ وەك باسکرا، کەسایەتیەکی ناودار و خانەدان و نانبدە و بەهەڵوێست بوو، هەموو لایەك ڕێزیان لێناوە و گوێبیستی ڕاوبۆچونەکانی بوونە، دەبێت خەلیفەی عەباسی (القائم بأمر الله)دانی بە دەسەلاّتی دانابێـت، بۆیە دەبینین هەزارئەسپ پەیوەندیەکی گەرم و بەتینی لەگەڵدا هەبووە و لە بۆنەکاندا نامەی پیرۆزبایی بۆ ناردوە و پشتگیری و لایەنگیری خۆی بو دووپاتکردوەتەوە[٣٠]، بۆ نمونە کاتێك بەساسیری ساڵی ٤٥٠ك/١٠٥٨ز لە بەغـدا نزیك بووەوە و بارودۆخی شار شڵەژا و گیانی خەلیفە (القائم) کەوتە مەترسیەوە، دوبەیسـی کـوڕی عــەلی مـیری میرنشینی موزیەدی لە خوارووی عێراق داوای لە خەلیفە و وەزیر (رئیس الرؤساء) کرد لە بەغدا دەربچن و ئاگاداری کردنەوە لەگەڵ هەزارئەسپ کە لە ئامادەباشیدایە لە شاری واست، ئامادەن پەنایان بدەن و بەرگرییان لێبکەن[٣١].

لە لایەکی ترەوە، لە ساڵی ٤٦٠ك/١٠٦٧ز وەزیر (فخر الدولة ابن جهیر) لەکار خرا و لە وەزارەت دوورخرایەوە، خەلیفە (القائم) ناردی بە شوێن (ابو یعلی)ی نوسەری هەزارئەسپ تا بیکاتە وەزیر، ئـەمیش یەکسـەر ڕوویکـردە بەغدا بەلاّم لە ڕێگا کۆچی دوایی کرد، ئەمەش بەڵگەیەکی تری هەبوونی پەیوەندیە لە نێوان هەردوو لادا [٣٢].

### ب- لەگەڵ بوەیهییەکان:

میر هەزارئەسپ سوودی لە گەندەڵی و لاوازی دەوڵەتی بوەیهی و ناکۆکی و دوبەرەکی دەسەلاّتدارانی بوەیهی وەرگرتوە و لە ژێر سایەی داننان بە دەسەلاّتی رووکەشانەی میرانی بەنو بوەیهە وەك سەرۆك هۆز و میرەکانی تری کورد، سنوری دەسەلاّتی باوك و باپیرانی بەرفرەهـ کردووە و وا دیارە یەکێك بووە لە سەرکردە و لایەنگرە نزیکەکانی (عزالملوك ابو کالیجار مرزبان) کوڕی (سلطان الدولة)ی بوەیهی، دەمێك لە سالی ٤٣٦ك/١٠٤٤ز (عز الملوك) چووە ناو بەغداوە هەزارئەسپ یاوەریی دەکرد[٣٣].

قازی رشید(القاضي الرشید بن الـزبیر) هاوچەرخی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە هەزارئەسپ سـێ دانـە زبـادیی فەیروزی بە دیاری پێشکەش میر(أبو کالیجار) ی بوەیهی کرد[٣٤].

کاتێك گلۆڵەی بوەیهیەکان کەوتە لێژی و شیرازەی دەوڵەتەکەیان بە تەواوی لێکترازا، سەلجوقیەکانیش بەسەرکردایەتی توغرل بەگ (٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٨-١٠٦٣ز) بەرە بەرە رووەو ناوچەکانی کوردستان هەڵکشان، هەزارئەسپ ئەو بارودۆخە گونجاوە و لەبارەی قۆستەوە و کەوتە خۆی بۆ زیاتر خۆ بەهێزکردن و دەسەلأت فراوانکردن، کەڵکیشی لە ناکۆکی ناوخۆی بوەیهیەکان وەرگرت و پشتیوانی یەکێکیانی دەکرد دژی ئەوی تر، بەڕادەیەك کە بتوانێ سەرەڕای شاری ئیزج، شارەکانی رامهورمز و توشتەر و دەورەق بخاتە ژێر دەسەلأتی خۆیەوە[٣٥].

لە ساڵی ٤٤٠ك/١٠٤٨ز (عز الملوك مرزبان)ی بوەیهی مرد و (ابو نصر) فەیروز ناسراو بە (الملك الرحيم)ی کوڕی (٤٤٠-٤٤٧ك/١٠٤٨-١٠٥٥ز) بووە جێنشینی، وەلێ کوڕەکەی تری (ابو منصور فلاستون) بەمە ڕازی نەبوو و دەستی گرت بەسەر چەند شارێکی هەرێمی فارسدا، میر هەزارئەسپ یەکێك بوو لەو کەسایەتیانەی کە لایەنی (ابو منصور) فلاستۆنیان گرت[٣٦].

پاش شەڕ و هەرایەکی زۆر لە نێوان (الملك الرحيم) و (ابومنصور)ی برای، (الملك الرحيم) لە ساڵی ٤٤٣ك/١٠٥١ز بۆ لە ناوبردنی ئاشوبی کورد و عەرەبە کۆچەرەکان رووی کردە هەرێمی خوزستان و شاری عەسکەر مەکرەمی گرت[٣٧]، کاتێ (ابومنصور)ی بوەیهی و میر هەزارئەسپ و (منصور بن حسين الاسدى) بەمەیانزانی، بە پەلە شاری ئەرجانیان بەجێهێشت و روویانکردە توشتەر، تا نەهێڵن (الملك الرحيم) دەستی بەسەردا بگرێت، کەچی ئەم پێش ئەوان کەوت و توانی زۆر لە چەکدارانی ئەوان بۆ لای خۆی رابکێشێت و شارەکە بگرێت، هەزارئەسپیش بە ناچاری گەڕایەوە ئیزج، (الملك الرحيم) دوای ئەم سەرکەوتنە ویستی رامهرمزیش بگرێت. بۆیە بەشێك لە سوپاکەی رەوانەی ئەوێ کرد، لایەنگران و سەربازەکانی میر هەزارئەسپ لە شارەکەوە بۆیان دەرچوون و شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوو لا روویدا، تا سوپاکەی (الملك الرحيم) توانی رامهرمزیش داگیربکات، دوای ئەوەی زۆر کەس لە هەردوو لا هاتنە کوشتن، سەربازەکانی ناو رامهرمزیش شارەکەیان بۆ سوپاکەی (الملك الرحيم) بەجێهێشت و روویانکردە شاری ئیزج بۆ لای میر هەزارئەسپ[٣٨].

ناتەبایی و شەڕ و لێکدانی نێوان دوو باڵی بوەیهی و لایەنگرانیان درێژەی کێشا و تادەهات گەرمتر دەبوو، هەڵویستی سەربازی لە زۆربەی شەرەکاندا بە بەرژەوەندی (الملك الرحيم) و دەست و پەیوەندی کۆتاییان هات و وایشی لە میر هەزارئەسپ کرد بیر لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ توغرل بەگی سەلجوقی بکاتەوە، کە ساڵی ٤٤٢ك/١٠٥٠ز ئەسفەهانی داگیرکردبوو و کردبووی بە پایتەختی خۆی[٣٩].

هەزارئەسپ و هاوپەیمانەکانی بە پشتیوانی سەلجوقێکان توانیان دەستبگرنەوە بەسەر ناوچەکانی لوڕستان وئەرجان و توشتەردا، لە لایەکی ترەوە زۆر لە یاوەران و لایەنگرانی (الملك الرحيم) وەك بەساسیری[٤٠] و دوبەیسی

کوڕی سەدەقەی ئەسەدی و چەکدارە کورد و عەرەبەکان ڕێزیان بە جێهێشت، ئەمەش بووە هۆیەکی تری تێکشکانی سوپاکەی (الملك الرحیم) لە عەسکەر مەکرەم و ئەهواز و هەڵاتنی بۆ شاری واست لەگەڵ پاشماوەی دار و دەستەکەی[٤١].

هەزارئەسپ هەرچەند پشتیوانی و هاریکاری توغرل بەگی بەدەستهێنا، کەچی دەسەڵاتی ئەمجارەی بە سەر توشتەر و ئەرجان لە ساڵێك زیاتری نەخایاند، ئەوە بوو (الملك الرحیم) توانی نێوانی لەگەڵ بەساسیری چاك بکاتەوە و بە پشتیوانی ئەوەوە بەسرا زەوت بکات، پاشان روویکردە ناوچەکانی ئەهواز و هەڕەشەی داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر هەزارئەسپ و مەنصوری کوڕی حوسێنی هاوپەیمانی کرد، ئەمانیش دەیانویست کێشەکە بە گفتوگۆ لە بەین ببرێت و بە ناچاری نامەیان بۆ نارد و لەگەڵیا لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئەرجان و توشتەری پێ بدەنەوە[٤٢]، کە چی میری بوەیهی بەمەش وازی نەهێنا و لە ساڵی ٤٤٥ك/١٠٥٣ز ئەرجانی بە تەواوەتی داگیرکرد و فولازی کوڕی خەسرەوی دەیلەمی گەورەی دەیلەمەکانی ئەرجان تاعەتی خۆی بۆ ڕاگەیاند و بووە پاڵپشتی و بەناوی ئەوەوە چووە سەر خۆشناو (خشنام) ناوێك کە دەستی گرتبوو بەسەر دەوروبەری ئەرجاندا، فولاز ئەم ناوچانەی داگیرکرد و خستیە ژێر دەسەڵاتی (الملك الرحیم) وە[٤٣].

## جـ- لەگەڵ سەلجوقییەکان:

### ١- لەگەڵ سوڵتان توغرل بەگ (٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٨-١٠٦٣ز):

هەزارئەسپ لەوە دڵنیابوو کە لە بڕستی نیە بەربەرەکانی شاڵاوەکانی( الملك الرحیم )بکات و ڕێی داگیرکردنی لوڕستانی لێبگرێت، لایەنێکی بەهێزی واش نیە تا پەنای بۆ ببات و پەیمانی لەگەڵ ببەستێت، بۆیە لەگەڵ چەند میرێکی دیدا ڕێککەوتن لە سەر پەیوەندیکردن بە توغرل بەگی سەلجوقییەوە [٤٤]، ئەوەبو نامەیان بۆ نارد و ملکەچی خۆیان بۆ راگەیاند و داوای پشتیوانی کردن و بەهاناوەچوونیان لێکرد، دیارە توغرل بەگیش ئەم پەنابردنەی لاخۆشهاتووە بۆیە هەر زوو سوپایەکی گەورەی بۆ رەوانەکردن[٤٥].

بەرژەوەندی هاوبەشی سوڵتان توغرل بەگ و میر هەزارئەسپ وایکرد پەیوەندیان رۆژ بە رۆژ روو لە گەشەسەندن و پتەوبوون بکات، سوڵتان بۆ زیاتر هاتنە پێشەوە و چەسپاندنی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان لە هەرێمەکانی خیلافەی عەباسی، میر هەزارئەسپیش بۆ پارێزگاریکردن لە فەرمانڕەوایی خۆی و بەرگەگرتن لە شاڵاوە یەك لە دوای یەکەکانی

(الملك الرحيم)، تەنانەت وەختێك سوڵتان نەخۆشکەوت و ترسی مردنی لێنیشت، ئەم لەگەڵ میر (ابو علـی کـوڕی الملك ابو کالیجار) ی بوەیهی چوونە خزمەتی و شەفاعەتیان بۆ خواست، ئەویش ڕێزی لێگرتن و میوانداریەکی باشی کردن و پەیمانی یارمەتی و پشتگیری خۆی بۆ ڕاگەیاندن[٤٦]، سوڵتان لەو ڕۆژە بەدواوە هەزارئەسپی کرد بە هاودەم و یاوەری خۆی، هەموو لایەنەکانیش حیسابیان بۆ دەکرد و هەوڵیان دەدا لێی نزیك ببنەوە.

هەزارئەسپ لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەی بە سەلجوقییەکانەوە لە میرێکی ناوچەیی دەسەڵات سنووردارەوە بوو بە فەرمانڕەوایەکی ناودار و کەسایەتیەکی سیاسی ناسراوی ئەو سەردەمە، ئەمەش بە وەرچەرخاندنێکی گرنگ لە ژیانی خۆی و ناوچەی لوڕستان دادەنرێت.

دەبێت میر هەزارئەسپ ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاو و کاریگەری گێڕابێت لە ئاسانکردن و ڕێخوشکردنی هـاتنی سوپای سەلجوقی بۆ دەڤەرەکانی خوزسـتان و بەسـرا و پاشـان بەغـدا، بۆیـە تـوغرل بـەگ پـاش ئـەوەی سـاڵی ٤٤٧ك/١٠٥٥ز چووە ناو بەغداوە و (الملك الرحيم) ی دوور خستەوە بۆ قـەڵای سـیروان [٤٧]، هەزارئەسـپی لـەخۆ نزیکخستەوەو کردیە یەکە پیاوی خۆی و دەمڕاسـت و پیـاو مـاقوڵی بیلـاتی سـەلجوقی، لـە دەسـپێکی سـاڵی ٤٤٨ك/١٠٥٦ز، بەفرمانی توغرل بەگ وەزیر (عميد الملك الكنـدري) لە گرێبەستێکی تایبەتدا زەمـانی (ضـمان) هەردوو ولایەتی بەسرا و ئەهوازی بەخشیە هەزارئەسپ بە (٣٦٠) هەزار دینار[٤٨] و شاری ئەرجانیشی بۆ دابڕی و سەربەستی تەواوی پێدا لە بەڕێوەبردن و خوتبەخوێندن بە ناوی خۆیەوە لە گشت ئەو دەڤەرانە[٤٩]، وا دیارە هەر لەم بونەیەدا نازناوی (تاج الملوك)ی پێبەخشراوە[٥٠]، کە مانای پایە بەرزی و شـکۆمەندی دەبەخشـێت، عیمـادەدینی ئەسفەهانی دەگێڕێتەوە کە توغرل بەگ بۆ ماوەی سێ ساڵ هەزارئەسپی لای خۆی هێشتووتەوە و بۆ ساتێکیش بێ نەیدەهێشت لێی دابڕێ، تا لە بەغدا دەرچووە ئەمجا ڕێی پێدا بچێتەوە بۆ ئەهواز-خوزستان [٥١].

میر هەزارئەسپ ڕێزدار و پلەوپایەدار بوو لای سوڵتان توغرل بەگی سەلجوقی، ڕۆڵی ڕاوێژکاری سیاسی دەگێڕا لە دەرباری سەلجوقی، سوڵتان لە کاروباری دەوڵەتدا پرسوڕای پێدەکرد و بە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی ئەو هەڵسـوکەوتی دەکرد[٥٢]، لە زۆربەی موناسەبات و دەرچوون لە بەغدادا، تەنانەت لە هەندێك کێشە و ململانێی سـوڵتان لەگـەڵ نەیارەکانی، هەردەم هەزارئەسپ یـەکێك بـووە لـە یاوەرەکـانی، ئـەم حاڵەتـەش تـا مردنـی سـوڵتان لـە سـاڵی ٤٥٥ك/١٠٦٢ز بەردەوامبوو[٥٣]، لە سەرەتای ساڵی ٤٤٨ك/١٠٥٦ز توغرل بەگ کە ئەرسەلان خـاتوون خەدیجـەی برازای لە خەلیفە (القائم) مارە کرد، میر هەزارئەسپ یەکێك بوو لە ئامـادەبووانی جڤـاتی سـوڵتان و تـەدارەکی مارەکردن[٥٤].

میر و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراق دەرکیان بە ڕۆڵی کاریگەری هەزارئەسپ کردبوو و دەیانزانی ئەو دەتوانێ کار بکاتە سەر سیاسەت و بڕیارەکانی سوڵتان توغرل بەگ، ئەگەر داوای لێخۆشبوونی کەسێك یان لایەنێکی لێبکات ئەو پێشنیارەکەی ڕەت ناکاتەوە و بێ سێو دوو جێبەجێی دەکات، بۆیە کاتێ کە دوبەیسی کوڕی عەلی میری میرنشینی مزیدی (٣٨٧-٥٥٨ك/٩٩٧-١٠٦٣ز) لە حیللە و خوارووی عیراق و قورەیشی کوڕی بەدرانی عوقەیلی میری میرنشینی عوقەیلی (٣٨٦-٤٨٩ك/٩٩٦-١٠٩٦ز) لە موسڵ، لە سوڵتان یاخیبوون و پاڵیاندایە ئاژاوەی بەساسیری و هاوپەیمانیانکرد و هەموو بوونە شیعە و خوتبەیان بۆ خەلیفە(المستنصر بالله ٤٢٧-٤٨٧ك/١٠٣٦-١٠٩٣ز) ی فاتمی لە میسر خوێند، دواتریش کە زانییان داواکەیان سەر ناگرێت و لەگەڵ سوڵتانی سوننەدا هیچیان پێناکرێت، ملیاندا و ناردیان بە شوێن هەزارئەسپ تا بچێت پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەت ڕێکبخاتەوە و ئاگاداری سوڵتان بکاتەوە کە ئەمان وازیان لە بەساسیری هێناوە و ئامادەن بێنەوە ژێر فەرمانی ئەو، تا وای لێبکات لێیان خۆشبێت، میر هەزارئەسپ بەم ئیشانە هەڵسا و سەرکەوتووانە جێبەجێی کرد، ئەوەبوو سوڵتان لێیان خۆشبوو و چییان هەبوو لە شار و ناوچە بۆی گێڕانەوە[٥٥].

لە کۆتایی ساڵی ٤٤٨ك/١٠٥٦ز، نێوانی سوڵتان و خەلیفە رووی لە گرژی کرد، بەهۆی کردەوەی ناقۆڵای سەربازە سەلجوقیەکان و هەڵسانیان بە داگیرکردن و تالان کردنی ملك و ماڵی هاولاتیانی شاری بەغدا. سوڵتان بۆ خاوکردنەوەی بارودۆخەکە بە یاوەری هەزارئەسپ و کەسانی تر ڕوویکردە شاری موسڵ، لە سەرەتای ساڵی ٤٤٩ك/١٠٥٧ز گەیشتە جێ، لەوێ یەکسەر شاری موسڵی بۆ هەزارئەسپ دابڕی، خەڵکی شار لە ترسی تالان و بڕۆی سەربازە سەلجوقیەکان پەشوکان و زۆربەیان شارەکەیان چۆڵکرد، سەربازە تورکەکان داوایان لە سوڵتان کرد ڕێگایان بدات ولاتی موسڵ تالان بکەن، سوڵتان ڕێگای نەدان و بۆی ڕونکردنەوە کە ولاتی موسڵ پێشکەش بە هەزارئەسپ کراوە کە خزمەتی کردوین، هەروەها هەزارئەسپ هەر زوو بارودۆخەکەی ئاسایی کردەوە و خەڵکەکەی لە دەستدرێژی سەربازەکان پاراست و پارەی بە سەریاندا دابەشکردو گەڕاندنیەوە سەر جێگاوڕێگای خۆیان[٥٦].

سەرکردەو سەربازە دەیلەمەکانی نێو سوپای سەلجوقی، شکۆمەندی و پایەبڵندی هەزارئەسپی کوردیان لاخۆشنەدەهات و هەردەم ئاستەنگ و گرفتیان بۆ دەخوڵقاند، هەوڵیان دەدا لای سوڵتان توغرل بەگ نابوتی بکەن، کاتێك زانیان توغرل بەگ ئەهواز و بەسرا و ئەرجانی داوە بە هەزارئەسپ خۆیان گەیاندە خزمەتی و ناڕەزایی و گازندەی خۆیان لا دەربڕی، بەڵام ئەو گوێی پێنەدان و پێی ڕاگەیاندن کە هەزارئەسپ سەربەستە چۆن ئارەزوو دەکات ئاوەها ڕەفتار دەکات، هەروەها کاتێك هەزارئەسپ یاوەری سوڵتانی دەکرد لە دەڤەرەکانی موسڵ و جەزیرە و ماوەی گەڕانەوەی نەبوو بۆ ناوچەی ژێر دەسەلاتی خۆی[٥٧]، ڕەسوول تکینی ئامۆزای سوڵتان و فولازی دەیلەمی دیارنەبوونی

ئەمیان بە هەلزانی و هەڵیان کوتایە سەر ئەرجان و تالانیانکرد، کاتێك سوڵتان لە کاروباری جەزیرە و موصل بووە، هەزارئەسپی رەوانەی ئەرجان کرد بۆ شەڕی تکین و فولاز و دەرکردنیان لە شـارەکە، یەکـەمجار روویکـردە بەسـڕاو سەرپێچیکەرانی سزادا، پاشان بەرێکەوت بۆ ئەرجان، شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوولا روویدا کە بە کوژرانی فولاز و بەدیلگیرانی تکین کۆتایی هات، ئەرجانیش کەوتەوە دەست هەزارئەسپ، بەم شێوەیە میر هەزارئەسپ بۆ جارێکی تر توانی ئەرجان و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی لە شەڕ و ئاژاوەی تەماحکاران بپارێزێ و حوکمی ئاسایی خـۆی بگێڕێتەوە بۆ ناوچەکە(٥٨).

میر هەزارئەسپ بە هاوکاریی سەربازی پشتیوانی سوڵتان توغرل بەگی کـرد بـۆ لـە نـاوبردنی یاخیبونەکـەی ئیبراهیم یەنالی دایك برای، هەروەها دالّدەی وەزیر (عميد الملك الكندري) دا کە لە بەر ئالۆزی بـارودۆخی بەغـدا بەهۆی ناکۆکی نێوان توغرل بەگ و ئیبراهیم یەنال و ئاژاوەی بەساسیریەوە رووی کردبووە ئەهواز، توغرل بەگ کە لە ساڵی ٤٥١ك/١٠٥٩ز توانی سەربکەوێت بەسەر ئیبراهیم یەنالدا و لەناوی ببات، مژدەی سەرکەوتنی بە هەزارئەسپ و وەزیر (عميد الملك) داو داوای لێکردن ئامادەبن لە بەغدا، وەزیر هەر زوو رووی کردە بەغـدا و هەزارئەسـپیش سوپایەکی سازدا و بەرەو بەغدا هەڵکشا، لەوێ زۆر رێزی لێگیرا لە بەر ئەو رۆڵەی وا گێڕابووی لە سەرکەوتنەکانی سوڵتاندا(٥٩).

لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٣ز توغرل بەگ بۆ جارێکی تر بەغدای بەجێهێشت و روویکردە شاری رەی، و زۆری نەبرد نەخۆشکەوت و بۆ مانگی رەمەزانی ئەو ساڵە کۆچی دوایی کرد(٦٠)، بۆ راوێژکردن و دەست نیشانکردنی جێگری سوڵتان و رێگرتن لە ئاژاوە و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە، لە دیوانی خیلافەوە نووسراوێك نێردرا بۆ میر و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە تا ئامادەبن لە بەغدا، میر هەزارئەسپ یەکێك بوو لە بانگهێشتکراوەکان (٦١).

## ٢- لەگەڵ سوڵتان ئەلب ئەرسەلان (٤٥٥-٤٦٥ك/١٠٦٣-١٠٧٢ز):

پاش مردنی سوڵتان توغرل بەگ، ناو و دەنگوباسی هەزارئەسپ کەم دەبێتەوە، سوڵتان ئەلب ئەرسەلان (٤٥٥-٤٦٥ك/١٠٦٣-١٠٧٢ز) کە شوێنی مامی سوڵتان توغرل بەگی گرتەوە لە کاروباری دەوڵەت دووری خستەوە و وەکو مامی ئەوەندە پشتی پێنەبەستا[٦٢]، تەنانەت نێوانیان تارادەیەك تێکچوو و گرژی تێکەوت، دەتوانین هۆیەکانی ئەم گرژیە بەم خاڵانە دەستنیشان بکەین:

-ئەلب ئەرسەلان وا خۆی پیشاندەدا کە رێزی هەزارئەسپ دەگرێت و چاکە و هەڵویستەکانی ئەوی لە بەرچاوە بەرامبەر دەوڵەتی سەلجوقی، بەڵام لە راستیدا داخ لە دڵبوو لێی، نەخاسمە لەبەرئەوەی هەزارئەسپ داوای جێنشینی توغرل بەگی لە خەلیفە (القائم) کردبوو، مێژوونوس (سبط ابن الجوزي)(م٦٥٤ك/١٢٥٦ز) راشکاوانە ئاماژەی بۆ ئەم راستیە کردوە[٦٣].

-هەزارئەسپ ژێر بە ژێر سەرقاڵی قایم کردنی قەڵاو شوراکانی هەرێمی خوزستان بوو بە مەبەستی جیاخوازی لە دەوڵەتی سەلجوقی و خۆبەرهەڤکردن بۆ بەرگری[٦٤].

-هەزارئەسپ لە وەختی مردنی توغرل بەگەوە، ئەو پارەو باجەی دەبوو وەك زەمان (ضمان) بیدا بەدەوڵەتی سەلجوقی، نەیدەنارد بۆ ئەلب ئەرسەلان و خۆی لەو پابەندیە دەدزیەوە، کۆی پارەی نەدراو تا ساڵی ٤٥٨ك/١٠٦٥ز گەیشتە ملیۆنێك دینار[٦٥].

-هەزارئەسپ لە مانگی شەوالی ساڵی ٤٥٥ك/١٠٦٢ز - واتە مانگێك پاش مردنی توغرل بەگ – سەدەقەی کوڕی مەنسوری ئەسەدی قوڵبەست کردو خستیە زیندانەوە، سەدەقە یەکێك بوو لە دۆست و لایەنگرانی ئەلب ئەرسەلان[٦٦].

لە کۆتایی ساڵی ٤٥٦ك/١٠٦٣ز ئەلب ئەرسەلان لە شاری هەمەدانەوە، (برسق الخادم)ی نارده لای هەزارئەسپ لە ئەهواز، تا پارەی زەمانی ئەو ساڵە دابین بکات و سەدەقەی کوڕی مەنسور ئازاد بکات و لەگەڵ پارەکەیە بە برسقدا بۆی رەوانە بکات، دەنا هێرشی دەکاتە سەر، هەزارئەسپ سەرزارەکی رەزامەندی دەربڕی و گوێڕایەڵی و پابەندبوونی خۆی دوپاتکردەوە، بەڵام کە لە سەرەتای ساڵی ٤٥٧ك/١٠٦٤ز لەگەڵ برسقدا چوو بۆ شیراز بۆ خزمەت ئەلب ئەرسەلان تەنها (١٠٠) هەزار دیناری لەگەڵ خوی برد[٦٧]، هاوکات لەگەڵ ئەم داواکارییە، ئەلب ئەرسەلان لە کەربی هەزارئەسپ هەردوو شاری قوم و قاشانی لە میر ئەبو عەلی کوڕی کالیجاری بوەیهی وەرگرتەوە بە بەشێکی بەرفراوانی ویلایەتی بەسڕا قەرەبویکردەوە و بە نوسراوێك هەزارئەسپی لەم کردەوەیەی ئاگادار کردەوە، هەزارئەسپ

که هەواڵەکەی پێگەیشت ناڕەزایی و گلەیی خۆیی بۆ نێردەی ئەلب ئەرسەلان ڕاگەیاندو بەتوندی ڕەخنەی لەم کارەی گرت و بە ناڕەوا و نابەجێی لە قەڵەمدا[٦٨].

هەڵویستی ئەلب ئەرسەلان لە مەڕ هەزارئەسپ تا دەهات خراپتر دەبوو، کار بەوە گەیشت لە شیراز دەستبەسەری بکات و وەکو یەخسیر مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەڵکو لەگەڵ خۆیا بردی بۆ هەرێمەکانی خوارزم و نیساپور و مرو، بەهۆی ئەوەی کە هەزارئەسپ پارەی زەمانی نەهێنابوو[٦٩].

هەزارئەسپ لە هەرێمی خوارزم داوای لە ئەلب ئەرسەلان کرد روخسەتی بدات بگەڕێتەوە ئەهواز، ئەویش داواکەی رەتکردەوە پێی گوت تا پارەی زەمانی سێ ساڵ نەدەیت ئازاد ناکرێیت، پاشان یەکەیەکە کارە نابەجێ و زیادە ڕەوییەکانی خستەروو کە دژی دەوڵەت پێی هەڵساوە و بوونەتە مایەی ڕەنجاندنی ئەم، هەزارئەسپیش بەرگری لە خۆی کردو روونی کردەوە کە ئەو هەردەم دڵسوز و گوێڕایەڵی دەوڵەتی سەلجوقی بووە و خزمەتی زۆری پێشکەشکردوە و ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی هەمووی هەڵبەستراوە، کەچی سوڵتانی سەلجوقی سور بوو لە سەر سزادان و ترساندنی، کۆمەڵێ سەربازی دەیلەمی رەوانەی ئەهواز کرد بۆ گرتنی نوسەرانی هەزارئەسپ و تالانکردنی ملك و ماڵی، دەیلەمەکان گەلێ تالان و بڕۆیان کرد، بەلام (ابو يعلى)ی نوسەر بەردەستیان نەکەوت و هەلات بۆ لای میر دوبەیس[٧٠]، هەزارئەسپیش ناچار بڕێك پارەو دیاری بە بەرتیل دا بە خاتونی ژنی سوڵتان و بە بڕیك پارەو دیاری ترەوە خۆی گەیاندە لای وەزیری ناودار (نظام الملك) تا دڵی سوڵتان نەرم بکات و قەناعەتی پێ بهێنێ لێیخوشببێت، ئەوە بوو هەوڵەکەی وەزیر سەریگرت، سوڵتان لە مانگی (جمادي الآخرة)ی ساڵی ٤٥٨ك/١٠٦٥ز ڕێگای بە هەزارئەسپدا بگەڕێتەوە خوزستان، بە مەرجێ چ پارەو باجێکی لا کۆبووەتەوە تەسلیمی خەزێنەی دەوڵەتی بکات[٧١].

دەیلەمەکانی خوزستان جارێکیتر باری ئالۆزو یەخسیری هەزارئەسپیان قۆستبۆەوە و دەستیانگرتبوو بەسەر ماڵ و موڵکیدا، بۆیە هەزارئەسپ چووە سەریان و لەناویبردن و چی سامان و موڵك وئیقتاعیان هەبوو لێی سەندن[٧٢].

پاش ئازادبوونی هەزارئەسپ پەیوەندیی لەگەل ئەلب ئەرسەلان ئاسایی بووەوە و ئاشتی بەر قەرابوو بۆ ماوەی چوار ساڵ (٤٥٨ – ٤٦٢ك/١٠٦٥ – ١٠٦٩ز) - واتە تا مردنی هەزارئەسپ - بەردەوام بوو، هەزارئەسپ ساڵانە پارە و باجی دەدا بە دەوڵەتی سەلجوقی، دوور نییە ئەلب ئەرسەلانیش هەر لەم ماوەیەدا خوشکی خۆی پێشکەشکردبێت بە ئەو بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوایان[٧٣]، هەروەها لە ساڵی ٤٦٢ك/١٠٧٠ز سوڵتان خیلعەیەکی (خلعه) گرانبەهای بەخشیە هەزارئەسپ کە بریتیبوو لە جبە و کلاو و عەمامە و ئەسپێك بە زینی زێرەوە لەگەڵ

هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە خیلعەی ئەمیرەوە هەیە، بەلاّم هەزارئەسپ فریانەکـەوت خیلعەکـەی بپۆشـیت و کۆچی دوایی کرد[٧٤].

مێژوونووس حوسەینی (م٦٢٤ك/١٢٢٧ز) باسی بەشداری هەزارئەسپ دەکا لەگەڵ وەزیری سەلجوقی ناودار (نظام الملك) لە داگیرکردنی قەلاّکەی میر فەزلۆنی شوانکارە لە ناوچەی شیراز [٧٥]، کەچی سەرچاوەکانی تر باسـی داگیرکردنی ئەم قەلاّیەیان کردووە لە میانی ڕووداوەکانی ساڵی ٤٦٤ك/١٠٧١ز بێئەوەی ناوی هەزارئەسپ بهێنن[٧٦] واتە بە پێی ئەو سەرچاوانە، ئەم ڕووداوە دووساڵ پاش مردنی هەزارئەسپ ڕوویداوە، سەرەڕای ئەم جیاوازیە، دەتوانین بڵێین ئەم ئاماژە کردنەی حوسەینی لە ڕاستیەوە دوورە، لەبەر ئەوەی لە کتێبەکەیدا هـیچ وردبـین نیـە و زۆرجـار ڕووداوەکان و ساڵەکانی لە لا تێکەڵدەبن، هەر بۆ نموونە لەم ریوایەتەی دا هیچ جیاوازیەك ناکات لـە نێـوان مـیر فەزلۆنی کوڕی شەدادی میری هەرێمی ئاڕان و میر فەزلەویەی کوردی شوانکارەو ئەم دو میرە کوردە لە یەکتر دوورە لای ئەو یەك کەسن، سەرەڕای ئەمەش (ابن الاثیر) خاوەنی ریوایەتی دووەم بە وردبینی و لە سەرەند و بێژنگـدانی ریوایەتەکان ناسراوە.

### ٣-لەگەڵ بزاڤی بەساسیری دا:

ئەرسەلان بەساسیری لە بنەڕەت دا بەندەیەکی ( بهاء الدولة) کوڕی (عضد الدولة)ی بوەیهی بوو، بەرە بەرە لە ریزی سوپای بوەیهی بەرزبووەوە، تا وای لێهات یاخی ببێت و پەیوەندی لەگەڵ خیلافەی شیعی فاتمی میسر پتـەو بکات [٧٧]، و بە پشتیوانی و هامئاهەنگی ئەوانەوە خەباتی سیاسی/عەسکەری لە عێـراق و شـام دژی خەلیفـەی عەباسی و دەسەلاّتدارێتی سەلجوقی درێژە پێبدات، بە ماوەیەکی کەم توانی دەستبەسەر زۆر شار و ناوچەدا بگرێت و سەرنجی زۆر میری ناوچەکە رابکێشێت وەك قورەیشی کوڕی بەدران و دبیسی کوڕی مزید و ابو الفتح کوڕی وەرامی گاوانی کورد، بێوچان هەوڵی دەدا بە شەڕبێت یان بە ئاشتی هەزارئەسـپیش بێنێتـە ژێربـارەوە[٧٨]، و لـە سـاڵی ٤٥٠ك/١٠٥٨ز چووە ناو بەغداوە و لە مزگەوتی مەنسور بەناوی خەلیفەی فاتمی (المستنصر بالله) خوتبەی جومعە خوێندرایەوە[٧٩]، خەلیفەی فاتمیش لە میسرەوە خەلاّت و دیاریەکی زۆری بۆ نارد[٨٠].

لە مانگی (ربیع الاخر)ی ساڵی ٤٥١ك/١٠٥٩ز، بەساسیری شۆڕبووەوە بەرەو واست، لەوێوەش چووە بەسرا و ئەهواز بە نیازی بەلاداختنی هەڵوێست لەگەڵ هەزارئەسپدا، ئەمیش بـۆ خۆپاراسـتن لـە گێچـەڵی بەسـاسیری و نەرەنجاندنی سوڵتان توغرل بەگ، نامەیەکی نارد بۆ دوبەیسی مزیەدی کە پەیوەندی کردبوو بە بزاڤی بەساسیرییەوە،

لە نامەکەدا نوسیبوی: "لە هیچ شتێك ناکۆك نیم لەگەڵ بەساسیری بەلاَم لەگەڵ سوڵتان توغرل بەگدا هاوپـەیمان و هاوسنور و دەرهاوسێم، هەر کاتێ سەرپێچی بنوێنم ئەوا شالاَوێکم دەهێنێتە سەر کە نەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم، سەبارەت بە ئێوە من شەڕتان لەگەڵ ناکەم و رووبەڕووتان نابمەوە..."، هاوکات لەگەڵ ئەم نامەیەدا پـەیتا پـەیتا نامەی دەنارد بۆ سوڵتان و داوای هاریکاری لێدەکرد[٨١].

بەساسیری سوربوو لەسەر داگیرکردنی بەسرا و ئەهواز، بۆ ئەم مەبەستە چووە (المأمونية)و مۆڵی بە سوپاکەیدا، ئەمجارە هەزارئەسپ نامەیەکی بە کوڕەکەیا (ولي الدولة أبو العلاء) نارد بۆ بەساسیری، تیایدا پێشنیاری رێکەوتنی کردبوو بەوەی کە ئەو پارەو باج و دیاری بدات بە بەساسـیری، ئـەمیش سـوپایەکەی بکشـێنێتەوە و دەسـت لـە داگیرکردنی ئەهواز هەڵبگرێت، کەچی بەساسیری خوتبە خوێندنەوە و دراولێدان بە ناوی خەلیفەی فاتمی (المستنصر بالله) لە لایەن هەزارئەسپەوە کـردە مـەرجی بنـەڕەتی رێککـەوتن، هەزارئەسـپیش لای خۆیـەوە ئـەم مەرجـەی رەتکردەوە[٨٢]، ئەنجام بەوەگەیشت هەرلایەکیان لەشکرێکی قەبەیان[٨٣] لە نزیك ئەهواز کۆکردەوە و بەرامبەریان لە یەکترگرت و نێوانیان تەنها روبارێك بوو کە پانابیەکەی تیرهاوێژێك بوو، پاش ماوەیەك بە نامە گۆڕینەوە هەردوولا ئاگربەستێکی شەش مانگەیان (جمادى الاولى- ذى الحجة) پەسند کرد، بە پێی ئاگربەستەکە دەبو هـیچ لایـەکیان هێرش نەباتە سەر مڵك و ماڵی ئەوی تر و هەزارئەسپ پاش شەش مانگەکە خوتبە بە نـاوی خەلیفـەی فاتمیـەوە بخوێنێتەوە[٨٤].

هەزارئەسپ بۆ چەواشەکردنی بەساسیری وا خۆی دەردەخست کە خۆشی بە چـارەی سـوڵتان تـوغرل بـەگ و سوپاکەی نایەت لە ژێرەوەش نامەی دەنارد بۆ بەغدا و داوای کۆمەکی سەربازی لە سوڵتان دەکرد، ئەم هەلومەرجە لە حەفتەیەك زیاتری نەخایاند، سوپایەکی سەلجوقی بە سەرکردایەتی نەوشێروان - زڕ کـوڕی سـوڵتان - گەیشـتە ئەهواز و بەساسیری بە ناچاری کشایەوە بۆ واست، بەم شێوەیە بۆی نەکرا ئەهواز داگیربکات[٨٥].

## چوارەم:
## میرنشینی لوڕستانی گەورە پاش مردنی هەزارئەسپ:

لە مانگی رەمەزانی ساڵی ٤٦٢ك/١٠٧٠زمیر هەزارئەسپ لە رێگای گەڕانەوە لە لای ئەلب ئەرسەلانەوە بۆ لوڕستان، لە شوێنێك بە ناوی (فرندە) كۆچی دوایی كرد[٨٦].

لە كوڕەكانی هەزارئەسپ ناوی دوانیان ئاشكرایە: عیمادەدین پەهلەوان و(ولي الدولة ابوالعلاء) و عیمادەدین پەهلەوان شوێنی گرتەوە لە بەڕێوەبردنی لوڕستان[٨٧].

هیچ زانیاریەك لەسەر كوڕانی هەزارئەسپ لە بەردەستدا نیە و رووننەبۆتەوە تاكـەی عیمـادەدین پەهلـەوان فەرمانڕەوای لوڕستان بووە، و هەرچەند بە "صاحب الجبال" ناوی هاتووە[٨٨]، بەڵام وەك ئاشكرایە لوڕستان و ناوچە كوردنشینەكان بەگشتی كەوتنەبەر شاڵاوە یەك لە دوای یەكەكانی سوڵتان ئەلب ئەرسەلان و سـوڵتان مەلیكشـاهـ (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز) و داگیركران، ئەم دوو سوڵتانە، بە تایبەت مەلیكشاهـ بە پیادەكردنی سیاسـەتی مەركەزی ناسراون، سەبارەت بە میرنشینە كوردیەكان مەلیكشاهـ زۆربەی لەناوبردن، بۆیە دوورنییەو رێیتێدەچێت كە میرنشینی لوڕستان لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی كۆچـی/یانزەهـەمی زایینیـدا سـەربەخۆیی تـا رادەیـەك لەدەستدابێت و بە قۆناغێكی لاوازی تێپەڕبووبێت ناوچەكە بە شێوەیەكی ناڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن كاربەدەسـتانی سەلجوقی یان بەهۆی لایەنگرێكیانەوە بەڕێوە برابێت، بێئەوەی نەوەكانی هەزارئەسپ بە یەكجارەكی دەسەڵاتیان لە دەستبدەن، كە وەك ئاماژەی بۆ كرا لایەنی كەم تا سەردەمی مێژوونوس هەمەدانی لوڕستانیان بەدەستەوە بووە، بە خوێندنەوەی كتێبی شەرەفنامەش ئەم قەناعەتە زیاتر دەچەسپێت [٨٩]، تا ئەبو تاهیر كە نازانرێت چ پەیوەندیەكی خزمایەتی بە میر هەزارئەسپەوە هەیە لاوازی و ناكۆكیی ناوخۆی سەلجوقی بەفرسەت زانی و گوڕی دایە خۆی و لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی كۆچیدا/دوانزدەهەمی زایینی میرنشینی لوڕستانی گەورەی ژیاندەوە و هەرێمەكـەی خستە قۆناغێكی مێژووی نوێوە[٩٠].

ئەبو تاهیر وەك میر هەزارئەسپ كەسایەتیەكی ناودار و چالاك و زیرەك بوو، تا ساڵی ٦٠٢ك/١٢٠٥ز مـیری لوڕستان بوو لە پاش مردنی میر هەزارئەسپی كوڕی جێگای گرتەوە[٩١].

**ئەنجام:**

- میرنشینی لوڕستانی گەورە هاوکات لەگەڵ میرنشینی لوڕستانی بچوك لە دەوروبەری ساڵی ٣٠٠ك/٩١٣م دەرکەوتن، کەچی تا ساڵی ٥٥٠ك/١٠٥٥ز هیچ زانیاریەك لە سەریان بەرچاوناکەوێت.

-لە کۆتایی سەردەمی بوەیهی و سەرەتای دەرکەوتنی تورکە سەلجوقیەکاندا میر هەزارئەسپ کوڕی بەنگێری کوڕی عەیازی کورد دەرکەوت و رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە روداوەکانی ئەو سەردەمەدا گێڕا.

-مێژوونوسان هەمەدانی و (ابن الفوطي) بە راشکاوی ئاماژە دەکەن کە میر هەزارئەسپ و بەهلەوانی کوڕی لە میرەکانی ولاتی لوڕ- لوڕستانن، هەرچەند ژێدەرە فارسییەکان باسی ئەم راستیە ناکەن و هەزارئەسپیان بە میرێکی لوڕستان دانەناوە، بەمەش ساغ بووەوە کە میرەکانی لوڕستان توانیویانە درێژە بە دەسەلاتی خۆیان بدەن.

-هەر لەگەڵ گەیشتنی سەلجوقێکان بۆ هەرێمی چیا -اقليم الجبال- میر هەزارئەسپ پەیوەندی گرێدا لەگەڵ توغرل بەگدا و بووە یەکێك لە یاوەر و باوەڕ پێکراوە نزیکەکانی، هەر بۆیە نازناوی (تاج الملوك)ی پێبەخشی.

- پەیوەندیی نێوان هەزارئەسپ و سوڵتان ئەلب ئەرسلان تا ساڵی ٤٥٨ك/١٠٦٥ز تێکچوو، بەلاّم لەم ساڵە بە دواوە ئاشتبوونەوە و سوڵتان خوشکێکی خۆیی دایێ.

- پاش مردنی میری هەزارئەسپ ساڵی ٤٦٢ك/١٠٦٩ز میر عیمادەدین پەهلەوانی کوڕی شوێنی گرتەوە و درێژەی بە دەسەلاّتی باوکی دا.

## پەراوێزەکان:

(١) بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە جوگرافیای لوڕستان بڕوانە، فوئاد حەمە خورشید، لوڕ دانیشتوانی هەرێمی باشوری کوردستانی ئێران، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٩)،(بەغدا ١٩٨٦)، ل ٨٩-١٠٦، رمضان شريف زبير، لورستان الكبرى، دراسة سياسية حضارية، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين (اربيل ١٩٩٤) (نامەی ماجستیرە بلاّو نەکراوەتەوە).

(٢) ابن حوقل، صورة الأرض، ص٢٣٢، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٢٥/٥.

(٣) الاصطخرى، مسالك الممالك، ص١٩٥، معجم البلدان،٢٥/٥، ابو الفداء، تقويم البلدان، ص ٣١٣، القلقشندي، صبح الاعشى، ٤٤٢/٤.

(٤) علي سيدو الكورانى، اللرّ ولُرّستان، مجلة المجمع العلمي الكوردي، القسم العربي، المجلد الثاني، القسم الثاني (بغداد ١٩٧٤)، ص١١٤، لسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، ص٢٣٥. ئەوەی شایانی باسە لسترنج دەڵێت ڕوباری کارون سنوری نێوان هەردوو پارچەی لوڕستانە، ڕوباری دیزەفولیش لکێکی ڕوباری کارونە.

(٥) بڕوانە: معجم البلدان، ٤٨٢/٢، ١٧٠،٢٩، لورستان الكبرى، فەسڵی یەکەم.

(٦) الطبري، تأريخ الطبري، ٥٩٨/٣.

(٧) صورة الأرض، ص٢٣٢، تقويم البلدان، ص٣١٣، صبح الاعشى، ٤٤٣/٤.

(٨) چیای سماق: چیایەکی بەرزە دەکەوێتە ڕوژهەڵاتی حەلەبەوە، گەلێ گوند و قەڵای لە دەوروبەرە. معجم البلدان، ١٠٢/٢.

(٩) حمد الله مستوفى، تأريخ گزيده، ص ٥٣٩، معين الدين نطنزي، منتخب التواريخ، ص٣٨، خواندمير، حبيب السير،٣٢٥/٢/٣، قاضي احمد غفاري، تأريخ نگارستان، ص٢٠٥.

(١٠) تأريخ گزيده ص٥٤٠-٥٤١، منتخب التواريخ، ص٤٠-٤١، البدليسى، شرفنامه، ص١٢٩.

(١١) تأريخ گزيده ص٥٣٨، منتخب التواريخ، ص٣٧، قاضي أحمد غفاري، تأريخ جهان ارا، ص١٦٩-١٧٠، تأريخ نگارستان، ص٢٠٥.

(١٢) قسم من أخبار المقتدر بالله من كتاب الاوراق، ص٢٠٩.

(١٣) بڕوانە: لێکۆلینەوەی یەکەم.

(١٤) بڕوانە: ستانلي لين بول، الدول الاسلامية، الترجمة العربية (دمشق١٩٧٣)، ٣٧٠/١-٣٧٢، زامباور، معجم الانساب والاسر الحاكمة في التأريخ الاسلامي، الترجمة العربية (القاهرة ١٩٥١)، ص٣٥٢-٣٥٣، محمد امين زكي، كورد وكوردستان، چاپخانەی دار السلام (بەغدا١٩٣١)، لە چاپدانەوەی دەزگای سەیدیان لە مهاباد، ٢٩٢/٢-٣٠٥، علي سيدو الكوراني، اللُرّ ولُرّستان، ص١٠٨-١٨١، رمضان شريف زبير، لرستان الكبرى، دراسة سياسية حضارية (اربيل ١٩٩٤).

(١٥) ابن الاثير، الكامل، ٨/٣٠٠، ٣٠٩، ابن الفوطي، مجمع الاداب في معجم الالقاب، ١/٣٦٢.

(١٦) الكامل، ٨/٣٨٥.

(١٧) معجم الالقاب، ١/٣٦٢.

(١٨) ابن الدبيثى، ذيل تاريخ مدينة السلام بغداد، ص٢٠١-٢٠٢.

(١٩) العماد الاصفهانى، زبدة النصرة ونخبة العصرة، ص٣٧، البنداري، تاريخ دولة ال سلجوق، ص٣٦، الكامل، ٨/٣٨١.

(٢٠) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان في تاريخ الاعيان، القسم الخاص بتاريخ السلاجقة، ص ١٠٥.

(٢١) تأريخ گزيده، ص٥٣٨-٥٤٠، حبيب السير، ٣/٢/٣٢٥-٣٢٨.

(٢٢) معجم الالقاب، ١/٣٦٢، (ابن الفوطي) له كتێبى هەمەدانى (تكملة تأريخ الطبري)ەوە ئەم زانيارييەى وەرگرتـووە، بەشێكى كتێبەكەى هەمەدانى كە تا رووداوەكانى ساڵى ٣٦٦ك دەگرێتەوە بلاوكراوەتەوە، بەلام تا ئێستا بە ئاگادارى ئێمە بەشەكانى ترى بلاونەكراونەتەوە.

(٢٣) معجم الالقاب، ٢/٤٩-٥٠.

(٢٤) بۆ نموونە بڕوانە: تأريخ گزيده، ص٥٤٠، قازى غفارى، تاريخ جهان آرا، ص١٧٠.

(٢٥) ابن الساعي الخازن، الجامع المختصر، ٩/١٨٥-١٨٦، تاريخ گزيده، ص٥٤٠.

٢٦) الجامع المختصر، ٩/١٨٥-١٨٦، تاريخ گزيده، ص٥٤٠.

(٢٧) رمضان شريف زبير، لورستان الكبرى، ص٤٩.

(٢٨) معجم الالقاب، ١/٣٦٢.

(٢٩) المصدر نفسه، ١/٣٦٢،٢/٤٩-٥٠.

(٣٠) المصدر نفسه، ١/٣٦٢.

(٣١) الكامل، ٨/٨٣، مرآة الزمان، ص٣٥.

(٣٢) تأريخ دولة ال سلجوق، ٣٦، الكامل، ٨/٣٨١.

(٣٣) معجم الالقاب، ١/٣٦٢.

(٣٤) كتاب الذخائر والتحف، ص٧٩. قازى ڕەشيد دەڵێت: ئەم ديدارە لە ساڵى ٤٤٩ك/١٠٥٦ز بووە كە بێگومان هەڵەيە و ئەو دەمە دەسەڵاتى بوەيهيەكان لەناوچوو بوو، وەك ساخكەرەوەى كتێبەكە دەڵێت قازى ڕەشيد لە دانانى ساڵى ڕووداوەكان ووردنيە و كەوتۆتە هەڵەوە.

(٣٥) الكامل، ٨/٣١٢،٣٠٩،٣٠٠.

(٣٦) المصدر نفسه، ٨/٣٠٠،٢٨٤.

(٣٧) عسكر مكرم: شارۆچكەیەكی بەناوبانگی هەرێمی خوزستانە بـە نـاوی سـەركردەی موسـڵمان (مكـرم بـن معـزاء الحارثي)ەوە ناونراوە.معجم البلدان، ١٢٣/٤.

(٣٨) الكامل، ٢٩٩/٨.

(٣٩) المصدر نفسه، ٢٩٣/٨، ٣٠٠، بڕوانە: بابەتی پەیوەندی لەگەڵ سەلجوقیەكان.

(٤٠) بڕوانە: بابەتی پەیوەندی لەگەڵ بەساسیری..

(٤١) الكامل، ٨/٣٠٠-٣٠١.

(٤٢) المصدر نفسه، ٣٠٩/٨.

(٤٣) المصدر نفسه، ٣١٢/٨.

(٤٤) وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، هەمەدانی(م٥٢١ك/١١٢٧ز) وهیلالـی صـابی و(م٤٤٨ك/١٠٥٦ز)، گـەلێك زانیاریـان دەربارەی هەزارئەسپ و میرانی تری كوردەوە تۆماركردوە، وەلێ مخابن بەرهەمەكانیان فەوتاون.

(٤٥) المصدر نفسه، ٣٠٠/٨.

(٤٦) المصدر نفسه، ٣١٣/٨.

(٤٧) سیروان: شارۆچكەیەكە لە هەرێمی چیا. معجم البلدان، ٢٩٦/٣. پەیوەندی بە قەڵای سیروان- قەڵای شێروانەی نزیك كەلارەوە نیە.

(٤٨) لای ابن الجوزی (٣٠٠) هەزار دینارە و لای هلال الصابي و سبط ابن الجوزي وابن الاثیر(٣٦٠) هەزار دینارە.

(٤٩) ابن الجوزي، المنتظم في اخبار الملوك والامم، ١٦٨/٨-١٦٩، الكامل، ٣٢٥/٨، مرآة الزمان، ص١.

(٥٠) الكامل، ٣٨٥/٨، الصفدي، الوافي بالوفيات، ٢٠١/٢٧.

(٥١) زبدة النصرة، ص٢٤، تأريخ دولة ال سلجوق، ص٢٧.

(٥٢) مرآة الزمان، ص١٦.

(٥٣) تأريخ دولة ال سلجوق، ص٢٧، الكامل، ٣٣٣/٨،٣٥١، ٣٥٤، ٣٦١.

(٥٤) الكامل، ٣٦٠/٨، تاریخ دولة آل سلجوق، ص٢٦.

(٥٥) الكامل،٣٣٤/٨.

(٥٦) مرآة الزمان ص١.

(٥٧) المصدر نفسه، ص١.

(٥٨) الكامل، ٣٣٨/٨.

(٥٩) تأريخ دولة ال سلجوق، ص١٨، الكامل،٣٤٥/٨، مرآة الزمان، ص٣٤.

(٦٠) الحسيني، زبدة التواريخ ( اخبار الامراء والملوك السلجوقية)، ص٦٣-٦٤، تأريخ دولة ال سلجوق، ص٢٧.

(٦١) الكامل، ٣٦١/٨.

(٦٢) سبط ابن الجوزي له كتێبەكەيدا بە درێژی باسی ناكۆكيی نێوان ئەلب ئەرسەلان و هەزارئەسپی كردووە.

(٦٣) مرآة الزمان، ص١٣٠-١٣١.

(٦٤) المصدر نفسه، ص ١١٩، ١٣٠.

(٦٥) المصدر نفسه، ص١٠٢.

(٦٦) المصدر نفسه، ص١٣٠.

(٦٧) المصدر نفسه، ص١١٩.

(٦٨) المصدر نفسه، ص١٢٠.

(٦٩) المصدر نفسه، ص١٣٠.

(٧٠) المصدر نفسه، ص١٣٠.

(٧١) المصدر نفسه، ص ١٣١.

(٧٢) المصدر نفسه، ص١٣١.

(٧٣) الكامل، ١٠٨/٨، الوافي بالوفيات، ٢٠١/٢٧.

(٧٤) الكامل ١٠٨/٨، مرآة الزمان، ص١٤١، الوافي بالوفيات،٢٠١/٢٧.

(٧٥) زبدة التواريخ، ص ١٠١-١٠٢.

(٧٦) الكامل، ٣٩٢/٨.

(٧٧) المنتظم، ١٩١/٨-١٩٣، الكامل، ٣٤١/٨-٣٤٢.

(٧٨) الكامل، ٣٤٤/٨، مرآة الزمان، ص٤٩ —٥٠.

(٧٩) المنتظم، ١٩٢/٨، الكامل، ٣٤٢/٨ — ٣٤٣.

(٨٠) زبدة التواريخ، ص٦٠.

(٨١) مرآة الزمان، ص٥٠- ٥٢.

(٨٢) الكامل، ٣٤٤/٨، مرآة الزمان، ص٥٣.

(٨٣) سبط ابن الجوزي دەڵێت (هەزارئەسپ ٣٥٠٠٠٠سواره و ١٠٠٠ پیادەی لەگەڵ بوو بەساسیریش لەمە زیاتر، بێگومان ئەم ژمارەیە زیادەڕەوییەکی زۆری تێدایە.

(٨٤) مرآة الزمان، ص٥٤.

(٨٥) المصدر نفسه، ص٥٤.

(٨٦) تاريخ دولة ال سلجوق، ص٣٨، الكامل، ٣٨٥/٨.

(٨٧) معجم الالقاب، ٤٩/٢-٥٠.

(٨٨) مرآة الزمان، ص٥٣، معجم الالقاب، ٤٩/٢.

(٨٩) شرفنامه، ص١٢٥-١٢٦.

(٩٠) تاريخ گزيده، ص٥٣٨-٥٤٠.

(٩١) الجامع المختصر، ١٨٥/٩-١٨٦.

# بابەتی سێهەم

## هۆزی گۆران
## رۆڵی سیاسی و رۆشنبیریی
## لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

# هۆزی گۆران
## ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی لە سەدەکانی ناوەڕاست

### - پێشەکی:

گۆران یان جۆرەقان (الجورقان) هۆزێکی مەزن وکـەونارو دێرینـی کـوردە، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لـە ناوچەکانی پاوە، دەرتەنگ، کرماشان، ماهیدەشت، بەرزاییەکانی حلوان و خانەقین و دەڤەرە شاخاوییەکانی خوارووی شارەزوور شان بە شان چەند هۆزێکی تری کورد ئاکنجی بووە و بەشێك لە نەتەوەی کورد پێکدەهێنێت - ئەم هۆزە لە چەرخی ئیسلامیدا ڕۆلی سیاسی و سەربازی و ژیاری و ڕۆشنبیری خۆی گێڕاوە، خاوەن دەسەلاتی سیاسی خێڵەکی بووە، دەیان ناودار لە زانا و مامۆستا و فەقێ و دانەرو صۆفی و پیاوی ئایینی پێگەیاندوە.

لەم توێژینەوەیەدا، لە مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیری هۆزی گۆران دەکۆڵینەوە و رولی سیاسی و سەربازیی میرنشینی گۆران- دەرتەنگ و ژیاننامەی میر و ناودارانی لە سەدەکانی چوارەم تا سەدەی حەوتەمی کۆچی/سەدەی دەهەم تا سەدەی سێزدەیەمی زایینی دەخەینەڕوو، واتە لە دەستپێکی دەرکەوتنی هۆزی گۆران وەك هێزێکی خێڵەکی لە کوردستان تا ڕۆژگاری مەغۆل، بێئەوەی بچینە سەر شێوەزاری گۆران و پەیوەندی بەزارەکانی تری زمانی کوردیەوە خۆمان نادەین لە باسی نەژادو بنەڕەتی پەیڤی گۆران و مەبەست و واتا جۆربەجۆرەکانی چەمکی گۆران و ئەو گۆڕانانەی بە درێژایی مێژوو بەسەریدا هاتووە، چونکە ئەم پرسانە پتر بابەتی زمانەوانین و ڤەکۆڵەری پسپۆری دەوێت.

### یەکەم: ناساندنی هۆزی گۆران:

#### أ- کوردبوونی هوزی گۆران:

ڕۆژهەلاتناس و کوردناسی ناودار ڤلادمیر ڤیودورڤیچ مینۆرسکی (١٨٧٧ - ١٩٦٦) توێژینەوەیەکی لەسەر کوردی گۆران بلاوکردۆتەوە[1] بە پشت بەستن بە گەلێك بەلگەو سەرچاوەی کۆن و نۆی، لە بنەماو نەژادی گـۆرانی کۆلیوەتەوە و ویستویەتی بناغەیەکی مێژووی بۆ پەیڤی گۆران بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ چەند ناو و

دەستەواژەی کۆن و مێژوویی بەراوردی کردوەو بە هەندێ ئەنجام گەیشتوە و رای خۆی لە مەڕ نەژادی کوردی گۆران دەربڕیوە[٢]، مینورسکی بەم کارەی خزمەتێکی مەزنی دیرۆکی کوردی کردوەو یەکەم توێژینەوەی قووڵی سەبارەت بە هۆزی گۆران ئەنجامداوە کە دەبێتە بەردی بناغە بۆ هەر نوسینێك لە مەر ئەم هۆزە دێرینەی کورد.

هەرچەند بە ووردی سەرچاوەکانی شیکردۆتەوە و تاووتۆی کەرەسەی بابەتەکەی کردوە و بە بەڵگەوە سەلماندویەتی کە (الجورقان)ی ناو سەرچاوە عەرەبیەکان هەر گۆرانن، بەلاٚم مخابن لە هەندێ بواردا راستی نەپێکاوە و کەوتۆتە نێو هەڵەی زەقەوە، وەك ناجی عەباس وەرگێڕی بابەتەکە دەڵێت: "وەنەبێ هەموو قسەکانی ئەم زانایە لەگەڵ حەقیقەت و تاریخا رێك بکەوێ،هەڵەی وای کردوە و نظرییەی وای داناوە کە قەبوڵیان آسان نییە"[٣].

مینورسکی لای وایە (الجابارقە) و (الجورقان) یەك هۆزن کەچی مەسعودی (م٣٤٦ك/٩٥٧ز)بە دوو هۆزی لێکجیا دایناون، لەمەش ترسناکتر لێ بڕاوانە هەوڵی داوە گۆران لە کورد دابڕێ و بە میللەتێکی جیاوازی دابنێت، راشکاوانە دەڵێت: "لوڕ و گۆران لە بابەت زمان و اصل و بنچینەوە لە کورد بە جیاوازی دەمێننەوە"، گۆرانەکان "بە زمانێك قسە دەکەن کە ایرانیە بەلاٚم کوردی نی یە"[٤].

لە شوێنێکی تری نوسینەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گۆرانەکان یەکێکن لە میللەتە ئێرانیەکانی نیشتەجێی هەرێمەکانی خوارووی دەریای خەزەر –قەزوین- گوایا لەوێوە کۆچیان کردووە بۆ کوردستان[٥].

وادیارە ئاگاداری ئەو راستیە نیە یان فەرامۆشی کردوە کە سەرجەم مێژوونوس و گەڕۆك و جوگرافیەوانانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوانەی وا ناوی گۆرانیان هێناوە دوپاتیان کردۆتەوە کە گۆران یەکێکە لە دەیان هۆز و ئێڵ و خێڵ و تیرە و تایفەی کورد و هیچ گومان و دوودڵییەکیان لەمبارەیەوە دەرنەبڕیوە[٦].

لە راستیدا گۆران یان جورەقان (الجورقان) وەك لە سەرچاوە عەرەبیەکانی سەردەمی عەباسی (١٣٢-٦٥٦ك/٧٤٩-١٢٥٨ز) هاتووە، یەکێکە لە هۆزە کوردە ناسراو و بەناوبانگەکان و لقێك پێکدەهێنێت لە چوار لقە سەرەکیەکەی نەتەوەی کورد[٧]، لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینیەوە بەردەوام ناو و دەنگوباسی لە چەندین ژێدەر و کتێبی مێژووییدا تۆمارکراوە بەلاٚم ناویان بە جورەقان (الجورقان) یاداشت کردوە کە بێگومان هەر بە عەرەبیکردنی (تعریب)ی گۆرانە، لە هەندێ سەرچاوەدا (الجورقان) شێوێندراوە بۆ (الجوزقان)[٨] وەلێ هەموویان دووپاتیان کردۆتەوە کە هوزێکی کوردە، هاوکات لە ژێدەرێکی کۆنی فارسیدا کە لە دەوروبەری ساڵی ٥٢٠ك/١١٢٦ز نوسراوەتەوە ناوی ئەم هۆزە بە گۆران و گۆرانان هاتووە[٩]، ئەمەش وەك ئاشکرایە ناوی راست و رەسەن و دروستێتی، هەروەها مێژوونوسانی میسر و شام لە سەردەمی مەملوکیدا (٦٤٨-٩٢٣ك/١٢٥٠-١٥١٧ز)

جەختیان لەسەر کوردبوونی هۆزی گۆران کردوە وناویان هەر بە گۆران (الکورانیة) تۆمـار کـراوە، وەلی مـەقریزی بەهەڵەدا چووە کاتێك (الجورقان) و (الکورانیة)ی بە دوو هۆزی کوردی لێکجیا داناون[١٠].

مەسعودی دەڵێت هەر جۆرێك – واتا هەر هۆزێك – لە کوردەکان زمانێکیان هەیە کە کوردیە، شەرەفخانیش دەڵێت میللەتی کورد لە چوار لقی گەورە پێکدێت کە یەکێکیان گۆرانە، لە ڕوی زمـان و ئـەدەب وداب ونەریتـدا لێکجیان[١١].

## ب- پەیڤی گۆران و دەرکەوتنی هۆزی گۆران لە مێژووی ئیسلامیدا:

(گۆران) پەیڤێکی دیرۆکی کۆنە و ڕەگێکی قووڵ و ڕیشەیەکی دووری لە مێژوودا هەیە، وا دیارە گۆران لـە ( گەبران)ەوە داتاشراوە کە لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا واتای ئاگرپەرسـتان و پـەیرەوانی ئـایینی زەردەشـتی دەگەیاند، چەمکی گەبران بە پێی بۆچوونی مینۆرسکی بەم شێوەیە گۆڕان و پێشکەوتنی بەسەردا هاتووە:

گەبران – گاوبارەکان – گاورەکان – گۆرەکان – گۆران[١٢].

ئەوەی لێرە گرنگە و مەبەست و ئامانجی ئەم توێژینەوەیەیە، (گۆران – الجورقـان) نـاوی هـۆزێکی گـەورە و ناسراوی کورد بووە لە سەدە ناوەنجییەکان، لێرە لەمیانەی ئەم لاپەڕانەدا هەوڵدەدەین ئەم راستیە بسەلمێنین و تیشك بخەینە سەر مێژوو و بەسەرهاتی.

کۆنترین ناوهێنان و ئاماژەی راستەوخۆ و راشکاو بۆ گۆران (الجورقان) وەك هۆزێکی کورد دەگەڕێتەوە بـۆ نیـوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی[١٣].

بەر لەم مێژووە دوو گەڕۆکی موسڵمان (ابن خرداذبە: م ٢٨٠ك/٨٩٣ز) و (ابن الفقیـە: م ٣٤٠ك/٩٥٢ز) کـە زۆربەی هەرێمە کوردنشینەکان گەڕاون، یەکەمیان ئاماژە بۆ هۆزێکی کـورد دەکـات بـەناوی (الجابارقـة) کـە لـە دەوروبەری حلوان دەژیان، دووەمیشیان باسی هۆزێکی کورد دەکات بەهەمان ناو کە دانیشتووی دەڤەرێکی سەر بە شاری هەمەدان بوون[١٤]، وەلێ مەسعودی (م ٣٤٦ك/٩٥٧ز) کە هەرێمی چیا - اقلیم الجبال- ی کوردنشین گەڕاوە و چاوی بە سەردار و سەرۆکهۆزە کوردەکان کەوتووە و ناوی ژمارەیەك هۆز و خێڵ و تیرە و تایفەی کوردی دانیشتووی هەرێمەکەی هێناوە، جیاوازی دەکات لە نێوان (الجابارقة) و (الجورقان) و بە دوو هۆزی سەربەخۆیان دەژمێرێت[١٥].

## جـ- نیشتیمانی گۆرانەکان:

سەبارەت بە زێدو نیشتمانی گۆرانەکان لە سەدە ناوەنجییەکان، هەر چەند بـەووردی ناتوانرێـت دەستنیشـان بکرێت، بەلاّم بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان دەشێین بلێین لە دەرتـەنگی حلـوان –ئەلۆەنـد-، پـاوە، کرماشـان – قرماسین-، ماهیدەشت، کەنگاوەر، شاپورخواست، ناوچە شاخاوییەکانی خواروی شارەزور ئاکـەنجیبوو بـوون[١٦]، یاقوتی حەمەوی (م ٦٢٦ک/١٢٢٩ز) دەڵێت: جۆزەقان-جۆرەقان-وەچـەیەکن لـە کـوردان لـە دەوروبـەری حلـوان نیشتەجێن[١٧]، تەنانەت ئەم دەڤەرانە بە ولاّتی گۆران و چیاکانی گۆران ناسرابوون[١٨].

نیشتمانی گۆران لە رووی جیوپولەتیکییەوە شوێنێکی گرنگ و ستراتیجی بوو و بایەخ و تایبەتمەندی خـۆی هەبوو، رێگای بازرگانی و سەربازی (بەغدا – خوراسان)ی پێدا تێدەپەڕی کە بە (طريق خراسان العظيم) دەناسرا، لە سەرەتادا و تا دەستپێکی سەدەی شەشەمی کۆچی هۆزی شازەنگان (الشادنجان) کۆنترۆڵی ئەم رێگایـەی کردبـوو، پاشان هۆزی گۆران ئەم رۆڵەی گێڕا.

لە ساڵی ٤٠٥ک/١٠١٤ز چەکدارە گۆرانەکانی نێـو سـوپای میرنشـینی حەسـەنوی (٣٤٨-٤٠٦ک/٩٥٩ - ١٠١٥ز) پرپاندایە سەر میر بەدری کوڕی حەسـەنوییە (٣٦٩–٤٠٥ک/٩٧٩– ١٠١٤ز) و کوشـتیان و لـە ترسـی تۆڵەسەندنەوە ولاّت و ملك و ماڵیان بە جێهشت و پەنایان بردە بـە مـیر (شمس الدولـة) (٣٧٨–٤١٢ک/٩٨٨ – ١٠٢١ز)ی کوڕی (فخر الدولة)ی بوەیهی، فەرمانڕەوای شاری هەمەدان، وا دیارە لەوێ بە یەکجاری گیرساونەتەوەو نەگەڕاونەتەوە ولاّتی خۆیان، تەنانەت گوند و دەڤەرێکی نزیك هەمەدان تا ئێستاش هەر بە جۆرەقان یان جۆزقـان ناسراوە[١٩] لەمبارەیەوە مەلا محەمەد جەمیل رۆژبەیانی دەڵێت: "بەم قسـانەی (ابـن الاثـير) بۆمـان دەردەکـەوێ ناوچەی (جورقان)ی ئێستەی لای هەمەدان لە بنەڕەتا (جورقان)ەکانی هەلاّتووی (کوسجەد) ئاوەدانیان کردۆتەوە کە پاشی کوشتنی (بەدر) هەلاّتوون و لەوێ ماونەوە"[٢٠].

سەرەڕای ئەم دەڤەرانە هۆزێکی تری کورد هەر بە نێوی گۆران لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی لە هەندێك شوینی ناوچە شاخاوییەکانی رۆژهـەلاّتی موسـڵ و دەوروبـەری ئـاکرێ (العقـر) دەژیـا، مەسـعودی بـە هەڵەداچووە کاتێك ئەمانەو کوردە یەعقوبیەکانی بە نەصرانی داناوە[٢١] وادیارە یەعقوبی ویەعاقیبە(اليعاقبـة)ی لابووە بەیەك، جێگای ئاماژەیە گۆرانەکانی ئاکرێ حاڵی حازر هۆزێکی گەورەی کـوردی موسـڵمانە و دابەشـبووە بەسەر چەند خێڵ و تیرەیەکدا بە (العشائر السبعة) ناسراون لە ناحیەی بەردەڕەش سەر بە قەزای ئاکرێ و گوندەکانی نیشتەجێن.

هەروەها لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەیەمی زایینی لە ڕۆژگاری هێرشەکانی مەغۆل بۆ سەر وڵاتی هەولێر، جارێکی تر ناوی کوردە گۆرانەکان هاتووە کە لە دەوروبەری هەولێر یان ووردتر لە دەڤەرەکانی نێوان ئازەربایجان - هەولێر نیشتەجێبوون[٢٢]، کە وادیارە مەبەست هەر گۆرانەکانی دەڤەری ئاکرێیە، چونکە لەو دەمانە ئاکرێ پتر بە هەولێرەوە پەیوەست بوو، وەك زانراوە سەرچاوەکان لە مەڕ ناوچە کوردنشینەکان بە شێوەیەکی گشتی دەدوێن، کەمجار بەلای دەستنیشانکردنی ووردو دروستی شوێنەکانەوە دەچن.

ژێدەرە مێژووییەکان روونیان نەکردۆتەوە چ پەیوەندییەك و خزمایەتیەك گۆرانەکانی ئاکرێ و هەولێر بە هۆزی گۆرانی گەورە دەبەستێتەوە؟ ئایە لە بنەڕەتدا چەند خێڵ و تیرەیەکن لە ئەو و بەهۆی روداوێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، یان هەر ئەگەرێکی دی بە دەستوری گۆرانە ئاوارە بووەکانی هەمەدان، ئەمانیش لە نیشتمانی خۆیان لە دەڤەرەکانی حلوان و کرماشان وشارەزور پەراگەندەو ئاوارە بوونە؟ یان هۆزێکی سەربەخۆن و جگە لە هاوناوی هیچ پەیوەندییەك و نزیکایەتیەك گرێیان نادات بە هۆزی گۆرانەوە.

## د- تیرە و خێڵەکانە گۆران:

بێگومان گۆران هەر لە کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ هۆزێکی مەزن و فرە لق و بەربڵاو بووە لە روبەرێکی شاخاوی و نیمچەشاخاوی بەرفرە بڵاوبوتەوە، ژمارەیەك شار و شارۆچکە و قەڵاو سەدان گوندی هەبوون و بەسەر دەیان لق وخێڵ و تیرە و بەرەباب و بنەماڵەدا دابەش بووە، تەنانەت شەرەفخان هەموو هۆزە کوردەکانی ئێرانی بەگۆران داناوە ودەڵێت ژمارەیان هێندە زۆربووە — بێ ئەوەی رۆڵی ئەوتۆیان گێڕابێت — تا ئەو رادەیەی ناچار بووە ناوهێنانیان پشتگوێ بخات[٢٣] وەلێ ناوی زۆربەیان نەزانراوە، تەنها ناوی دوو تیرەیان بۆ ئێمە ئاشکرایە:

١- بابونی، کە وادیارە لە گەنگاوەرو دەوروبەری بووە[٢٤].

٢- قوهی یان کوهی لە کرماشان[٢٥].

٣- هەروەها ئیبن فەزلۆلای عومەری (م ٧٤٩ك/١٣٤٨ز) ئاماژە بۆ دوو تیرەی هۆزی گۆران دەکات بێ ئەوەی ناویان بهێنێت[٢٦].

٤- لەلایەکی ترەوە بە پێی یەکێك لەو دوو ریوایەتەی وا لە شەرەفنامە هاتووە، ئێلەکانی سیامەنسوری، چەنگنی، زەنگەنە بە نەژاد لە هۆزی گۆرانن[٢٧].

- دووەم: مێژووی سیاسیی گۆران:

أ- هۆزی گۆران لە سەردەمی بوەیهی(٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز):

زانیاری و دەنگوباس دەربارەی هۆزی گۆران و سەرجەم هۆزەکانی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکجار کەمە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ژێدەرێکی تایبەت نیە روداو و بەسەرهاتی کوردو کوردستان بگێڕێتەوە، سەرچاوە گشتیەکانی جیهانی ئیسلامیش تاك و تەرا و ناو بەناو و سەرپێیانە ئاماژەیان بۆ هۆزەکانی کورد کردوە، بۆیە چەند ئەڵقەو لایەنێکی مێژووی کورد بە شاراوەیی و نەزانراوی دەمێنێتەوە.

وەك ئاشکرایە لە سەردەمی بوەیهی و لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵۆگۆڕە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەتی عەباسی گرتەوە و بارودۆخێکی نوێی هێنایە ئاراوە، ژمارەیەك میرنشینی سەربەخۆ و دەسەڵاتداریتی خێڵەکی و قەڵادارانی کورد دەرکەوتن و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان تەنیەوە، تەنها لە هەرێمی چیا- پارێزگاکانی سلێمانی و سنە و کرماشانی ئێستا - ئەم بنەماڵەو کەسایەتیە دەسەڵاتدارانە پەیدابوون:

١- بنەماڵەی حەسەنوییە لە هۆزی بەرزەکان.

٢- بنەماڵەی بەنوعەناز لە هۆزی شادنجان-شازەنگان.

٣- بنەماڵەی وەرام لە هۆزی گاوان.

٤- بنەماڵەی زوهمانی کوڕی هیندی.

٥- میر سەهلانی کوڕی مسافری کورد (عصمة الدولة) کە بە میری هەرێمی چیا (امیر الجبل) ناودەبرا.

٦- میر خۆشینی کوڕی مەسعودی کورد خودانی قەلای کۆسجەد.

٧- میر هیندی کوڕی سەعدی.

٨- میر ئەبو عیسا شادی کوڕی محەمەد[٢٨].

بێگومان هۆزێکی گەورەو بە دەسەلاتی وەك گۆران لەم دیاردەیە بێ بەهرە نەبوو، ڤەکۆڵەرێك دەڵێت: "لەوانەیە میر ئەبو عیسا شادی لە سەرانی هۆزی گۆران بێت"[٢٩]، بۆچوونەکەی لە جێگای خویەتی و دوور نیە وابێت، چونکە وەك لە روداوەکانی ساڵەکانی ٣٩٧ك/١٠٠٧ز، ٤٠٠ك/١٠٩٠ز دەردەکەوێت، میر ئەبو عیسا شادی سەردارێکی خێڵەکی دەڤەرەکانی حلوان، شاپورخواست، ئەسەدئابادی نزیك هەمەدان بووە سەر بە میر بەدری کوڕی حەسنەوەیە (٣٦٩-٤٠٥ك/٣٨٠-١٠١٤ز) بوو، ئەم ناوچانەش وەك زانراوە گۆران نشین بوون[٣٠].

بەگوێرەی ئەو زانیاری و کەرەستە کەمەی لەبەردەستدایە لە تواناڈا هەیە بڵێین کە گۆرانیش دەستڕویشتووی ناوچەکەی خۆی بوو، سەرۆکەکانی فەرمانڕەواو و بەڕێوبەری پارچەیەکی ناوچە شاخاوییەکانی نێوان سێگۆشەی حلوان

- شارەزور- كرماشان بوون و دەسەلاَتدارییەكی خێڵەكی نیمچە سەربەخۆ و سنورداریان پێكەوە نابوو، كاروبـاری سەربازیی و كارگێری شارۆچكەو قەلاَو باژێر و گوندەكانی ژێر دەسەلاَتیان بـەرێوەدەبرد و بـاژێری دەرتـەنگ یـان دەربەندی حلوان[٣١] یان كردە بارەگاو پایتەخت، تەنانەت هەندێك لە میرانی گۆران بەخودانی دەرتەنگ یان دەربەند (صاحب الدربند) دەناسران[٣٢].

لە سەرەتادا و كاتێك میرنشینی حەسنەوی بەرزیكانی دامەزراو زۆربەی دەڤەرەكانی هەرێمی چیای كـۆنترۆڵ كرد، چەكدارانی گۆران چوونە ریزی سوپای حەسنەوی، هەر بەدەستی ئەمانیش میر بەدری كوڕی حەسنەوی سـاڵی ٤٠٥ك/١٠١٤ز بەكوشت چوو[٣٣].

بە پشتبەستن بەو پێزانینەكەمەی لەبەردەست دایە، دەشێت بڵێین هۆزی گۆران لە دوو شوێن دەستروپشتوو بوون:

## ١- لە باژێری شاپورخواست و دەوروبەری:

دوای كەوتن و لەناوچوونی دەسەلاَتی بنەماڵەی حەسەنویی بەرزیكانی لە ٤٠٦ك/١٠١٥ز، بەشێك لە زێـد و نیشتمانی هۆزی گۆران كەوتە ژێر ركێفی میرنشینی كاكەوییەوە (٣٩٨–٤٤٣ك/١٠٠٨–١٠٥١ز)، (علاءالدولة) ی كاكەویی (٣٩٨– ٤٣٣ك/١٠٠٨– ١٠٤١ز) لە ساڵی ٤١٧ك/١٠٢٦ز، كوڕەمامێكی بە نێوی ئەبو جەعفەر كردە بەرپرسی شاپورخواست ولاَتی گۆران، حسێبی بۆ هۆزی گۆرانیش كرد و لە خۆی نزیكـی خسـتنەوەو دەیزانـی بـێ رازیكردنی ئەوان ئاشتی بەرقەرار نابێت و ناوچەكە كۆنترۆڵ ناكرێت بۆیە ئەبو فەرەجی بابونی بە مـیر و نوێنـەری گۆران دەستنیشانكرد لەگەڵ ئەبو جەعفەری ئامۆزای دانا، ئەبو فەرەج یەكەم میرە كە دڵنیاین لە هۆزی گۆرانە و ناوی لە سەرچاوەكان هاتبێت، وا دیارە لە دەستپێكی سەدەی پێنجەمی كۆچی/یازدەهـەمی زایینیـەوە تـا رۆژی كوژرانی سەرداری گۆران بووە.

وەلێ زۆری نەبرد گرژی و ئاڵۆزی كەوتە نێوان ئەبو جەعفەر ئەبو فەرەجەوە، هەر چەند میر (علاءالدولة) كەوتە بەینیانەوەو پێكی هێنانەوە، بەلاَم تەناهی درێژەی نەكێشا و ناوبژییەكە سەری نەگرت، كار بەوە گەیشت ئەبوفەرەج بە دەستی ئەبوجەعفەر كوژرا[٣٤].

پیاوان و چەكدارانی گۆران كاتێك بەمەیان زانی، كەوتنەخۆ و دەستیان گرت بەسـەر ناوچـەكەدا و هـەڵیان كوتایە سەر دامودەزگاكانی میرنشینی كاكەویی و تالاَنیان كرد، (علاءالدولة) بە مەبەستی لەناوبردنی بزاڤی گۆران سوپایەكی ناردە سەریان بە سەركردایەتی ئەبومەنسوری برای ئەبو جەعفەرو فەرهادی كوڕی مەرداویج و عەلی كوڕی عومران، پیاوماقولاَنی گۆران كە لەم لەشكركێشیە ئاگادار بوونەوە بەنێردەیەكدا داوایان لە عەلی كوڕی عومران كرد

هەوڵبدات پێکیان بهێنێتەوە لەگەڵ علاء الدوله دا، بۆ ئـەم نیـازە کۆمـەڵی سـەردار و پیاومـاقوڵ و دەمڕاسـت چوونەلای، ئەمیش ویستی بەم کارە رابێت، وەختێك ئەبو جەعفەر و فەرهاد بەم کارەیان زانی داوایان لە عەلی کوڕی عومران کرد نوێنەرانی گۆرانیان تەسلیم بکات، دەنا بەزۆر و بەزەبری هێز لە دەستی دەریان دەهێنن، عەلی ئەو داوا کارییەی رەتکردەوەو پەیوەندیی بە گۆرانەکانەوە کردو بووە هاوپەیمانیان، لە نێوان ئەمان و سـوپای (علاءالدولـة) شەڕو لێکدان بەرپابوو و بە بەرژەوەندی عەلی کوڕی عومران و هۆزی گۆران کۆتایی هات و لە تۆڵەی ئەبوفەرەجی سەرداریان، ئەبوجەعفەریان کوشت و ئەبومەنسوری برایشیان زیندانی کرد[٣٥].

دوواتر (علاوالدوله) توانیی نێوانی لەگەڵ بەشێکی هۆزی گۆران هێوربکاتەوە و بۆلای خۆی رایکێشان، هەر لە درێژەی ئەم ناکۆکیەدا (علاءالدولـة) عەلی کوڕی عـومران و گۆرانـەکانی هاوپـەیمانی لـە قـەلای کـەنگاوەری گۆراننشین بە توندی گەمارۆدا، عەلی پاش ماوەیەك خۆڕاگرتن و بەرگری، ناچار داوای رێککەوتن و پێکهاتنی لە (علاءالدولة) کرد، ئەویش بەدەستەوەدانی بکوژانی ئەبو جەعفەری پسمامی کردە مەرجی بنەڕەتی رێککەوتن، ئەوە بوو مەرجەکەی سەری گرت، بکوژانی ئەبو جەعفەری لە پیاوانی گۆران تەسلیم کرا و بێ سێودوو لـەملی دان[٢] و قەلای کەنگاوەری داگیر کرد[٣٦].

وادیارە ئالۆزی و دوژمنداری نێوان هۆزی گۆران و (علاءالدولة) ی کاکەویی رەویوەتەوە و پەیوەندییان باری ئاسایی خۆی وەرگرتۆتەوە، بەڵکو جۆرە هاودەنگیەك لە نێوانیاندا کەوتۆتە ئاراوە، تەنانەت کاتێك علاء الدولة لە ساڵی ٤٢٣ك/١٠٣٢ز رووی کردە شاری شاپورخواست بووە میوانی سەردارانی گۆران، هـەروەها فـەرهادی کـوڕی مەرداویج سەرکردە لە سوپای کاکەویی بە نامە پەیوەندیی کرد بەو سەردارو چەکدارانەی گۆران کە لەگـەڵ عـەلی کوڕی عومران مابوونەوەو قەناعەتی پێکردن واز لە عەلی بهێنن و بگەڕێنەوە نێو ریزەکانی سوپای کاکەوییە[٣٧].

---

[٢] دەنگوباسی ئەم شەڕوشۆڕەی نێوان پیاوانی گۆران و کاکەوییەکان لە هەواڵە سەرزارییەکانی هەورامان ماوەتەوە و وا باوە کە باوکی صۆفیی ناودار (تاج العارفین أبو الوفا الحلوانی) واتا پیر شەهریار- پیرشالیاری هەورامان لەو پیاوانەی گۆران بووە کە ساڵی ٤١٧ك/١٠٢٦ز کوژراوە. بگەڕێرەوە بۆ کتێبی: لەبارەی مێژوو و کەلتووری کوردییەوە, دەزگای جەمال عیرفان (سلێمانی: ٢٠٢١).

**٢- له شاری کرماشان و قەڵاکانی دەوروبەری:**

بێجگە لە ماڵباتی ئەبوفەرەج لە خێڵی بابونی، ماڵباتێکی تر لە خێڵی کوهی - القوهیة- سەر بە هۆزی گۆران دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا بوون، وەك لە ئاخافتنی (ابن الاثیر) دیارە دوو میری برا لەم خێڵەی گۆران کە ناویان نازانرێت، خودان سوپا و دامودەزگاهی لەشکریی خۆیان بوون و هەردوو شاری کرماشان و خولنجان و قەڵای ئەرنەبە[٣٨] یان تا ساڵی ٤٣٠ك/١٠٣٨ز بەدەستەوە بوو[٣٩]، تەنانەت یەکێکیان بە خودانی کرماشان -صاحب قرمسین- ناو دەبات، ئەوە بوو لەو ساڵەدا ناوچەو ملك و ماڵی ئەم بنەماڵەیە کەوتە بەر هێرشی میر فارسی کوڕی محەمەد کوڕی عەنازی شازەنجانی ناسراو بە (أبو الشوك) (٤٠١-٤٣٧ك/١٠١١-١٠٤٥ز) و هەمووی لێ زەوت کردن[٤٠].

هۆزی گۆران بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینی، هێزێکی خێڵەکی ناوخۆیی دەستڕویشتووی پێکدەهێنا، بۆیە کاتێك سوڵتان توغرل بەگی سەلجوقی (٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٨- ١٠٦٣ز) لە ساڵی ٤٣٧ك/١٠٤٦ز ئیبراهیم یەنالی دایکبرای بە سوپایەکەوە ڕەوانەی هەرێمی چیاکردو داگیری کرد، کرشاسفی کاکەوی لە شاری هەمەدان کشایەوەو پەنای بردە بەر هۆزی گۆران و داڵدەیاندا، ئیبراهیم یەنالیش درێژەی بە پێشڕەوی خۆی داو بەبیانوی داڵدەدانی کرشاسف پەلاماری نیشتمانی هۆزی گۆرانیدا لەگەڵیانا جەنگا و بەزاندنی و تالانیکردن[٤١].

**ب- هۆزی گۆران و هێرشە فراوانخوازیەکانی تورکە سەلجوقییەکان:**

شالاوی توندوتیژ و یەك لەدواییەکی تورکە سەلجوقییەکان بۆ سەر زێدی گۆران و سەرپاکی هەرێمە کوردنشینەکان لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەهەمی زایینی کارێکی خراپی کردە سەر میرنشین و هۆزە کوردە خانەدانەکان بە گۆرانەوە و بووە ئەگەری لە ناوچوون و فەوتانی زۆربەی میرنشینەکانی کوردستان کزبوونی ئەوانی تر و لاوازکردن و سنوردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی سەردارو سەرۆکهۆزو قەڵادارانی کورد، سەرەڕای ئەم راستیە وەك ئاشکرایە یەکێك لەدەرئەنجامەکانی شالاوە بەردەوامەکانی تورکە سەلجوقییەکان بریتی بوو لە بڵاو بوونەوە نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆری ئێڵ و گروپ و بنەماڵەی تورك و تورکمان لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستان[٤٢]، سەبارەت بە ولاتی گۆران، هەردوو بنەماڵەی پەرجەم (برجم) لە هۆزی ئەیواقی یان ئەیوائی لە ناوچەکانی حلوان و دەرتەنگ و قەسرشرین و کرماشان وبنەماڵەی قەفجاقی هەر لە هوزی ئەیواقی لە شارەزور و کەرخینی -کەرکوك- دەستەڵاتیان گرتەدەست و چەند باژێرو قەڵایان بۆ خۆیان پاوەنکرد و دەستیانگرت بەسەر روبەرێکی بەرفراوانی زەویوزاری گۆران و هۆزەکانی تری کورد، حوکمێکی سەربازیان تیایدا دامەزراند:

- ئیبراهیمی کوڕی پەرچەم(برجم).

- سلێمانی کوڕی پەرچەم.

- پەرچەم کوڕی مەحمودی کوڕی پەرچەم.

لە سەرکردە سەربازییە ناودارەکانی بنەماڵەی بورجمین و هەروەها:

- قەفجاقی کوڕی ئەرسەلانتاشی تورکمانی.

-عیزەدین حەسەنی کوڕەزای.

لە میرە ناودارەکانی بنەماڵەی قەفجاقین(٤٣)، بۆیە هیچ سەیر نییە ئەگەر لە ژێدەرە مێژووییەکاندا باس و خواسی گۆران و میرەکانی بەرچاو نەکەون، ئەم خامۆشییەش تا نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەهەمی زایینی خایاند، واتا ئەو ساتەی سەرلەنوێ دەنگوباسی چالاکی و جموجۆڵی میرانی گۆران بەرچاو دەکەونەوە.

## جـ- سەرهەڵدانی نیمچە میرنشینی دەرتەنگ:

بە مردنی سوڵتان مەسعودی سەلجوقی لە ساڵی ٥٤٧ك/١١٥٢ز لە شاری هەمەدان، سەلجوقیەکان پتر لاواز و بێدەسەلات بوون، وهەڤرکی و کێشە ناوخۆییەکان قوڵتربونەوە و بەمردنی "کامەرانیی دەوڵەتی سەلجوقیش مرد و ئالآیەك نەما تا لە دەوری کۆببنەوە"(٤٤).

دوای لاوازبوون و پارچەپارچەبوونی دەوڵەتی سەلجوقی لەگەڵێك ناوچەی کوردستان میر و سەرۆك هۆزە کوردەکان توانیان دەسەلآتی وراسی هۆز و بنەماڵەکانیان وەربگرنەوە و ژمارەیەك میرنشین و سەرداریتی خێڵەکی دابمەزرێنن، یەکێك لەو هۆزانە گۆران بوو کە شیا دەسەلآت بگرێتەدەست و کاروباری سەربازی و کارگێڕی ولآتی خۆی بەڕێوە ببات و نیمچەمیرنشینێك لە ویلایەتی دەرتەنگ دابمەزرێنێت.

لە سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسی بە هیچ چەشنێك باسی هەبوونی ئەم دەسەلآتداریە نەکراوە، تەنها ناوبەناو ئاماژە بە چەند میر و فەرمانڕەوایەکی دەرتەنگ دراوە و بە(صاحب الدربند)وەسفکراون، ئەم ئاماژانە لەگەڵ پچڕپچڕی و ناتەواویان دەیسەلمێنن کە جۆرە دەسەلآتدارییەکی ناوخۆیی ناوچەکانی دەرتەنگ وماهیدەشت وسەرپول زەهاوی بەڕێوەبردوە.

لەنێو میر و سەرەك هۆز و سەردارانی ئەم دەسەلآتداریە تەنها ئەمانەیان بۆ ئێمە ئاشکران:

### ١- میر مەکلوا(؟) کوڕی خەسرەو(م: ٥٩٥ك/١١٩٨ز):

ئەم میرە گەلێك بەهێزو توانا بوو، توانی قەلآکانی دەڤەری دەربەند و حلوان بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و کۆنترۆڵی ئەو رێگا بازرگانی و سەربازیەی کرد کە بە دەربەندا تێدەپەڕی و وای لە قەلآدارو میرو فەرمانڕەواکانی دەرهاوسێی کرد دان بە دەسەلآتی دا بنێن و خەلآت و دیاری پێشکەش بکەن و ناچاری کردن خۆیان لە گێچەل و ئاژاوەی بپارێزن، تەنانەت لەو سەردەمانەدا دەربەند بە ناوی ئەوەوە دەناسرا، تا لە مانگی رەجەبی ساڵی ٥٩٥ك/١١٩٨ز کۆچی دوایی کرد(٤٥).

- وای بۆ دەچم ئەم میرە: مەکلوا کوڕی خەسرەو، هەمان میر کلۆلی کوڕی بابا ئەردەلآن خەسرەوی دامەزرێنەری میرنشینی ئەردەلآن بێت، لە کتێبی (لەبارەی مێژوو و کەلتووری کوردییەوە) لەمبارەیەوە بە درێژی بیروڕای خۆم خستووەتەڕوو-.

**٢- میر عیزەدین خەسرەو کوڕی بورجم کوڕی خەسرەوی کورد:**

ئەگەر ناو بکرێتە پێوەر ئەوا دەشێت خەسرەو پەیوەندی بە میر مەکلواوە هەبێت، زیاد لەمەش وەك میر مەکلوا هەر بە خودانی دەربەند دەناسرا، تەنها (ابن الفوطي: م ٧٢٣ك/١٣٢٣ز) ئاماژەی بۆ ئەم میرە کردووە و بە خودانی دەربەند (صاحب الدربند) - واتە دەربەندی حلوان یان دەربەندی پاڵنگانان- بە یەکێك لەسوارچاکە ناودارەکان و جوامێرە ناسراوەکان وەسفی کردوە، لە مەڕ ژیان و سەردەمی ئەم میرە زانیاری دی لەبەرەستدا نییە[٤٦].

**٣- میر موبارزەدین کەش تەغان کوڕی عەبدوڵلای کورد (مبارز الدين ابو حرب كش طغان بن عبدالله الكُردي الامير):**

کەش تەغان میرێکی تری نەناسراوی کوردە، ئێمە بە دووری نازانین لە میرانی دەرتەنگ بێت هەر چەند نازانرێت چ پەیوەندی و خزمایەتیەکی بە بنەماڵەی خەسرەوەوە هەیە، (ابن الفوطي) لەبارەیەوە دەڵێت: "فەرمانڕەوای سەرجەم کوردەکانی هەرێمی چیا بوو، لە بنەماڵەیەکی دێرین و شکۆدار بوو، شانازی و چاکەی بەسەر خەڵکی هەرێمەکەوە هەبوو، هەموو گوێڕایەڵی و پابەندی بوون"، کەچی ئەم میرە لە تافی لاوی و لە تەمەنی سەرووی سیساڵ سەری نایەوە[٤٧].

(ابن الفوطي) ناو و نازناوی ژمارەیەکی زۆری میران و زانایان و کەسانی پلەو پایەداری کوردی لە کتێبەکەیدا یاداشت کردوە، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەیان نادات بەدەستەوە، تەنها ناو و نازناو و ستایش و پیاهەڵدانی تۆمارکردووە[٤٨].

**٤- میر حوسامەدین عەکە (حسام الدين عكه[٤٩]) فەرمانڕەوای دەرتەنگ و شالاوەکانی مەغۆل (؟ - ٦٥٥ك/١٢٥٧ز):**

کوردستان و سەرپاکی هەرێمەکانی خیلافەی عەباسی لە ڕۆژهەلات، هەر لە ساڵی ٦١٧ك/١٢٢٠ز یەوە تا کۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەهەمی زایینی ڕووبەڕووی زنجیرەیەك پەلامارو هێرشی ترسناکی مەغۆل بوونەوە، لە ساڵەکانی ٦٢٨ك/١٢٣١ز، ٦٢٩ك/١٢٣٢ز، ٦٣٥ك/١٢٣٨ز، ٦٤٧ك/١٢٤٩ز، ٦٥٠ك/١٢٥٢ز، ٦٥٥ك/١٢٥٧ز، هەرێمی چیاو شارەزور و حلوان و دەرتەنگ بوونە ئامانجی لەشکرکێشیەکانی مەغۆل[٥٠].

له ساڵی ٦٥٠ك/١٢٥٢ز جارێكی تر گروپێكی زەبەلاحی مەغۆل پەلاماری هەرێمی چیاياندا و دەستيان كرد بە كوشتن و بڕين و ڕەشبگيری و تالانكردنی كوردەكانی هەرێمەكە(٥١)، و لە دەستپێكی ساڵی ٦٥٥ك/١٢٥٧ز هۆلاكۆ بە سوپايەكی بێ شومارەوە و بە ياوەری گەورە بەرپرسان و سەركردەكانی سوپا بەرەو كرماشان و حلوان كشا و لە ڕۆژی (٢٧)ی شەوالی ٦٥٥ك/١٢٥٧ز لە كرماشان مۆڵيدا(٥٢).

لەو دەمانەدا حوسامەدين عەكە بەرپرس و فەرمانڕەوای دەرتەنگ بوو، خەليفەی (المستعصم: ٦٤٠-٦٥٦ك/١٢٤٢-١٢٥٨ز) دانی بە شەرعييەتی دانا بوو و بە حاكمی دەرتەنگ و دەوروبەری دايمەزراندبوو و ڕاسپاردبوو بەرگەی هێرش و پێشڕەوی مەغۆل بگرێ(٥٣).

دەبێت حوسامەدين ڕۆڵێكی بەرچاوی گێڕابێت لە پێشگرتن و بەرپەچدانەوەی لەشكركێشيەكانی مەغۆل، بۆيە هۆلاكۆ وەك ڕەشيدەدين هەمەدانی (٦٤٥-٧١٨ك/١٢٤٧- ١٣١٨ز) مێژوونوسی دەرباری مەغۆل دەڵێت داخ لە دڵ بوو لێی و كەوتە ترساندن و گەفلێكردنی و ناردی بە شوێنيدا تا خۆيبدات بە دەستەوە، ئەميش ناچار چووە خزمەتی و سەعدی كوڕی لە جێگای خۆی بەجێهێشت و پابەندی و گوێڕايەڵی و تاعەتی خۆی بۆ هۆلاكۆ ڕاگەياند، هۆلاكۆش لێی خۆشبوو و لە سۆزی و مەرحەمەتی خۆی بەقسەی ڕەشيدەدين – بێبەشی نەكردو ڕێگايدا بگەڕێتەوە بارەگای خۆی، بگرە هەردوو شورای (حصن)ی (وروده) و (مورج)(٥٤) و چەند قەڵايەكی پێبەخشی، حوسامەدين كە لە دەرباری هۆلاكۆ گەڕايەوە لەشكری ناردە سەرقەڵا و شورا و پێگاكانی ناوچەكە و هەمووی گرتن و خستنيە ژێر كۆنترۆڵی خۆيەوە(٥٥).

سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی وا هۆلاكۆ نواندی بەرانبەر مير حوسامەدين، بەڵام ميری دەرتەنگ لە نياز و مەبەستی هۆلاكۆ دڵنيانەبوو و دەيزانی جێی متمانەو باوەڕ نيە و ناكرێت پشتی پێببەسترێت، هەروەها نەيدەويست دڵی خەليفەی لێبرەنجێت و لە پەيوەندی كردنی بە هۆلاكۆوە زويرو دڵگيرببێت، بۆيە هاوكات نامەی بۆ (ابن صلايا العلوي) حاكمی هەولێر نارد تا لەگەڵ خەليفە پێكيبهێنێتەوە و داوای لێكرد بە زمانی ئەوەوە بە خەليفە ڕابگەهێنێت كە:

"تواناو لێهاتوويی هۆلاكۆم مەزەندەكردوە، هەرچی توندوتيژی و هەڕەشەوگوڕەشەی هەيە لای من بەهيچ ناچێت، ئەگەر خەليفە خاترم بخوازێ و دڵنيام بكات، لەشكرێكی سوارەم بۆ بنێرێت، ئەوا من لەلای خۆمەوە نزيكەی سەد هەزار پيادەم لە كوردو توركمان كۆدەكردەوە و هەموو ڕێگا و كەلێنێكم بە ڕووی هۆلاكۆدا دەگرت ونەمدەهێشت يەك مەغۆلی توخنی بەغدا بكەوێت وبچێتە ناو شارەوە"(٥٦).

میر حوسامەدین بەم کارەی خۆی خستە نێو هەڵویستێکی ئاڵۆز و ترسناکەوەو گران لە سەری کەوت وبووە مایەی کوژرانی خۆی و لەناوچوونی ماڵ وملك و سامان و دەسەڵاتی، لەلایەك خەلیفە هیچ پیتەیەکی بە داواکارییەکەی نەداو پشتگوێی خست و لەلایەکی ترەوە بووە ئەگەری تورەیی و دوڕدۆنگی هۆلاکۆ و وورووژاندنی رق و کینەی کۆنی بەرامبەری و یەکسەر فەرماندەیەکی بە نێوی کیتوبوقا راسپاردو بە سێ هەزار چەکداری مەغۆلەوە ناردیە سەر میر حوسامەدین، لە ئەنجامدا میرو هەموو چەکداران و ولایەنگران و دارودەستەی بە فرمانی هۆلاکۆ بەکوشتچوون و زۆربەی باژێر و قەڵا و شورا و پێگاکانی کاولکران[٥٧]، تەنانەت شاری مەزن و دێرینی حلوانیش لە وێرانکردن وخراپکاری دەرباز نەبوو[٥٨].

## ٥- میر سەعدی کوڕی حوسامەدین (٦٥٥-٦٥٦ك/١٢٥٧-١٢٥٨ز):

میر سەعد پاش کوژرانی باوکی و کاولکردن و روخاندنی قەڵاکانی دەرتەنگ، خۆی نەدا بەدەستەوە و لە قەڵایەك لەگەڵ چەکداران و یاوەرانی خۆی توند قایم کرد، بە پێچەوانەی باوکی بە پەیمانی ساختە و بەڵێنی درۆی هۆلاکۆ و فەرماندەکانی، چارەنووسی خۆی تەسلیم نەکردن و بە فرۆفێل و تەڵەکەبازیان فریوی نەخوارد و لە چیاکان درێژەی بە بەرهەڵستی دا، چەند ترساندیان و هەڕەشەیان لێکرد تا دەسخەڕۆی بکەن وبیخەنە داوەوە و قەڵاکەیان رادەست بکات، کەچی پێی دەگوتن: "پەیمان و بەڵێنتان درۆیە و باوەڕی پێناکەم"[٥٩].

میر سەعد ماوەیەك لە چیاکانی حلوان و دەرتەنگ مایەوە و پاشان کشایەوە بۆ بەغدا و خەلیفە بەگەرمی پێشوازی لێکرد و رێزی لێگرت و لە جێگای باوکی دانیا، تا لە ساڵی ٦٥٦ك/١٢٥٨ز لە سەروبەندی داگیرکردنی بەغدا بە دەستی مەغۆلەکان کوژرا[٦٠].

## ٦- میر محەمەد (نزیکەی ساڵی ٧٠٠ك/١٣٠٠ز):

دەسەڵاتی خێڵەکی گۆران لە دەرتەنگ و حلوان و ماهیدەشت و پاڵنگان تا پاش داگیرکردنی بەغدا و لەناوچوونی خیلافەی عەباسی هەر بەردەوام بوو، پەلامار و شاڵاوە کوشندەکانی مەغۆل بۆ سەر دەڤەرەکە هەر چەند جەرگبڕ و زیانبەخش و خۆیناوی بوون و زیانی گیانی و ماڵیی زۆریان لێکەوتەوە و وزە و توانا و نفوزی هۆزە کوردەکانی کز و سنووردارکرد، وەلێ سەرانی گۆران و هۆزەکانی دیکەی کوردستان لەو نسکۆیە هەڵسانەوە دەستیان گرتەوە بەسەر قەڵاو بارەگاکانیاندا، عومەری لە میانی ئاخافتنی لە مەڕ هۆزەکانی کوردستان -جبال الاکراد- ئاماژە بۆ دوو خێڵی دەسەڵاتداری هۆزی گۆران دەکات:

- خێڵێك له (دیاوەشت – ئەندەشت – رەندەشت)[٦١] ی میر محەمەد له چیاكانی هەمەدان و شارەزور، كه میرێكی تایبەت به خۆیان هەبوو"لهم امیر یخصهم".

- خێڵێكی دی له دەرتەنگ، ئەمانیش میرێكی تایبەت به خۆیان هەبوو و ناوی ئەمیش هەر میر محەمەدە، چەكدارانی هەردوو خێڵەكه پتر له پێنج هەزار كەس بوون[٦٢].

هیچ هەواڵ سۆراخێكی میر محەمەد له سەرچاوەكاندا بەدی ناكرێت، نازانرێت ئایا هەر له بنەماڵەی میر حوسامەدین عەكەیه یان نا؟ وكەی دەست بەكار بووه و كەی مردووه وكێ جێگای گرتۆتەوە؟ لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بكەین كه دەرتەنگ به هەموو قەڵاو شورایەكانیەوە هەردەم لەلایەن پیاوانی گۆرانەوە بەڕێوە دەبرا كه تەنها ناوی یەكێكیان بۆ ئێمه ئاشكرایه:

## ٧- میر عەبدولای كوڕی حوسامەدین سالار(رسلان):

ئەم میرەی گۆران پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی مەملوكی گرێدا بوو و لەلایەن سوڵتانی مەملوكیەوە وەك خودانی مابیدەشت (صاحب رندشت) دەناسرا و رەفتاری لەگەڵ دەكرا[٦٣]. ماوەتەو بلێین لەوانەیه میر عەبدولا نەوەی میر حوسامەدین عەكه بێت، به واتای لەوە دەچێت پەیوەندییەكی خزمایەتی له نێوان حوسامەدینی باوكی میر عەبدوللاو حوسامەدین عەكه هەبێت.

له لایەكی ترەوە، هەر لەم دەمانه و له رۆژگاری مەغۆلەكاندا، لەپاڵ سەرداریێتی خێڵەكی گۆران، مەشێخەیەكی ئاینیی له ناوچەكه دەركەوت و ڕەگی داكوتا، شێخ فەخرەدین ئیبراهیم كوڕی میكائیل كوڕی شێخ ئیسماعیل كوڕی عەلی (فخرالدین ابو محمد ابراهیم بن میكائیل بن اسماعیل بن علي العثماني شیخ الجبال) له باووباپیرانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٧-١٨٢٧) كه خۆی به نەوەی خەلیفەی راشیدی سێهەم عوسمانی كوڕی عەففان دادەنا، توانیی جێگای خۆی له ناو دانیشتوانی حلوان و دەرتەنگ و پاوە بكاتەوە و نفوزێكی روحی بەهێزو بەربلاو له ناو خێل وتیرەكانی گۆران پەیدا بكات، ئەوەبوو خەڵكێكی زۆر له دەوری كۆبونەوە و بروایان به كەشف و كەراماتی هێنا، گەلێ مورید و تۆبەكار و دەروێشی خەرقەپۆشی له ناوچەكه هەبوو، پاش شێخ فەخرەدین كوڕەكەی قوتبەدین میكائیل (پیر میكائیلی جاف) بووه جێنشینی و درێژەی ب ەرێبازەكەیدا، شێخ قوتبەدین ساڵی ٧١٠ك/١٣١٠ز سەردانی بەغدای كرد و چاوی بە مێژوونوس (ابن الفوطي) كەوت، ئەمیش شەجەرەی بنەماڵەكەیانی بۆ نوسییەوە[٦٤].

له سەدەی نۆیەمی کۆچی/پازدەیەمی زایینیەوە دەسەڵاتی سیاسی لــە ناوچــەکانی دەرتــەنگ وماهیدەشــت وپلنگان و رەوانسەرو پاوە و ئالان کەوتە دەست سەردارانی هۆزی کەڵهوڕ و لە لایەن سێ بنەماڵەی فــەرمانڕەوای کەڵهوڕییەوە بەڕێوە دەبران، بەڵام دانیشتوانەکە هەر بە گۆران دەژمێردران(٦٥).

سەبارەت پەیوەندیی گۆرانەکان بە دەوڵەتی ئەیوبییەوە، لەو باوەڕەدایین میرانی گۆران پەیوەندییان نەکردووە بە شاهانی ئەیوبییەوە بە بەڵگەی ئەوەی دەنگ ورەنگیان لە مێژووی ئەیوبیدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام لە ئاکامی پەلامار و لەشکرکێشیەکانی مەغۆلدا، هەندێکیان دەربەدەری شام و میسر بوون و لە سەردەمی مەملوکیدا رۆڵ و پشکداری خۆیان هەبوو، لەنێو میرە کوردەکانی سەرەتای دەوڵەتی مەملوکی لایەنی کــەم دوو مــیری گــۆران هــەبوون: مــیر محەمەدی گۆرانی- ساڵی ٦٧٨ك/١٢٧٩ز و میر عزەدینی گۆرانی- ساڵی٦٨٧ك/١٢٨٨ز(٦٦).

## سێهەم: رۆڵی زانستی و رۆشنبیریی گۆران:

### أ- لە هەرێمی چیا وعێراق:

سەرەڕای رۆڵی سیاسی هۆزی گۆران لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە بواری رۆشنبیری و زانســتی ئاییــندا رۆڵ و بایەخی کەم نییە و ژمارەیەك کەسایەتی نــاودار و زانــای ئــایینی تیــادا هەڵکــەوتووە لــە مامۆســتا و فەقیــە و خوتبەخوێن و صۆفی و خواپەرست و زاهیدو شارەزایانی زانستەکانی قورئان و حەدیس کە جێپەنجــەیان دیــارە لــە خزمەتکردنی ئایین و رۆشنبیری ئیسلامیدا(٦٧).

پێویستە بڵێین کە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە بزاڤی زانستی و رۆشنبیری گۆرانەکان و هیچ دەنگوباسێك لە سەرچاوەکاندا بەرچاو ناکەوێت دەربارەی مزگەوت و قوتابخانە و خوێندنگا لە وڵاتی گۆراندا، بۆیە ئێمە لێرە تەنها لە مەڕ ئەو ناودارانە دەدوێین وا لەو سەردەمە ژیاون کە ئەم توێژینەوەیە دەیگرێتەوە.

#### ١- حوسێن کوڕی ئیبراهیم کوڕی حوسێن کوڕی جەعفەری جۆرەقانی- گۆرانی (م: ٥٤٣ك/١١٤٨ز):

زانای ئایینی و موحەدیس و قورئانخوێن و فەقیهی حەنەفی ئەبو عەبدولڵای حوسێنی گۆرانی یەکێکە لە شارەزا بەناوبانگەکانی زانستەکانی حەدیس لە سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەهەمی زایینی، ناو و ناودەنگی هۆزی گۆران لەم سەدەیەدا تا ڕادەیەکی بەرز پەیوەستە بەم زانا مەزنەوە، تەنانەت (ابن الاثیر) و (یاقوت الحموي) لە سۆنگەی ناوداری ئەمەوە پێناسەی هۆزی گۆرانیان کردووە(٦٨)، (الذهبی) بە "ئیمام وحافزی قورئان و ڕەخنەگر" وەصفی کردووە، وەلێ بەهەڵەدا چووە لەوەی کە بەخەڵکی گوند یان ناحیەی جورەقانی لای هەمەدانی داناوە(٦٩).

ئەبو عەبدولڵای گۆرانی لە سەردەستی ژمارەیەك مامۆستاو زانا و موحەدیس زانستەکانی حەدیسی خوێندووە و حەدیسی گێڕاوەتەوە لەوانە:

١- عبدالرحمن بن حمد الدوني، کە مەزنترین و ناودارترین مامۆستای بووە.

٢- یحیی بن احمد الغضائري.

٣- محمد بن طاهر المقدسي.

٤- اسماعیل بن أبي صالح المؤذن.

٥- شیرویه بن شهردار الدیلمي.

٦- أحمد بن عباد البروجردي.

٧- ابو زکریا یحیی بن منده.

٨- عبدالملك بن بنجیر.

٩- حمد بن نصر(٧٠).

ئەبو عەبدولڵای گۆرانی کتێبی (الاباطیل) یان (الموضوعات من الاحادیث المرفوعات) داناوە دەربارەی حەدیسە هەڵبەستراوەکان (الاحادیث الموضوعة) وتیایدا بە بەڵگەو ئیسنادەوە و بە بەراورد لەگەڵ حەدیسە ڕاستەقینەکان، حەدیسە هەڵبە ستراوەکانی دەستنیشانکردوە و ناوەڕۆکیانی ڕەتکردۆتەوە، هەندێك شارەزا دەربارەی ئەم کتێبە گوتویانە ئەبو عەبدولڵا "باشی بۆ چووە"، هەروەها (ابن الجوزي) (م٥٩٧ك/١٢٠٠ز) لەسەر بنەمای ئەم کتێبە

کتێبێکی بە نێونیشانی (الموضوعات)ەوە داناوە و (الذهبي) خوێندویەتیەوە و سوودی لێ بینیوە، هەرچەند لەگەڵ هەموو ڕاوبۆچوونەکانی ئەبو عەبدولڵای گۆرانی کۆك نییە(٧١).

دەستنوسێکی ئەم کتێبە لە نامەخانەی شیستەربتی بە ژمارە (٥٠٧٩) هەیە و دانەیەکی تریش لە پەرتوکخانەی ئەزهەریە پارێزراوە(٧٢)، ئەم کتێبە بە ناوونیشانی (الأباطیل المناکیر والصحاح والمشاهیر) لە ساڵی ٢٠٠١ لە بەیروت

چاپکراوه، جگه لەم کتێبه، کتێبێکی تری به ناوونیشانی (التكليف فى الفروع) داناوه[٧٣] ئەبو عەبدولای گۆرانی له هەیڤی رەجەبی ساڵی ٥٤٣ك/١١٤٨ز مردووه[٧٤].

### ب- له وڵاتی شام و میسر:

به ئەگەری پەلامار و شالاوە کوشندەکانی مەغۆل و ئەو کوشتوبڕ و تالانکردنەی ئەنجامیاندا، چەندین هۆز و تیرە و بنەماڵەی کورد وڵاتیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە شاهانی ماڵباتی ئەیوبی له شام و میسر[٧٥]، پێشتریش هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی لەلایەن سوڵتان صەلاحەدینەوه، پەیتا پەیتا مەلا و فەقێ و میرزا و قوتابی و خوێندەوانی کورد له شار و باژێر و گوند و دێهاتەکانی کوردستانەوه بۆ خوێندن و فێربوون رێگای وڵاتی شـام و میسریان دەگرتەبەر و له شارەکانی حەلەب، دیمەشق، قاهیرە و شارەکانی دی جێگیر دەبوون و له بەردەستی گەورە مامۆستایان و زانایان، درێژەیان به خوێندن دەدا، پاشان ژمارەیەکیان بـوون بـه پێشـنوێژو ئیمـام و مامۆسـتا و خوتبەخوێن و له مزگەوت و قوتابخانەکاندا دادەمەزران[٧٦]، دەبێت ئـەوەش بڵـێین کـه هەنـدێك لـەو مزگـەوت و قوتابخانەو خوێندنگایانه هەر لەلایەن شاهەکانی ئەیوبی و میرو سەرکردە کوردەکانی نێو سوپای ئەیوبییەوه بنیـات نرابوون[٧٧].( بڕوانه بابەتی حەوتەم لەم کتێبه).

بێگومان رێژەیەکی ئاوارە و پەراگەندەکان و ژمارەیەك لەو قوتابیانەی بۆ خوێندن روویان کردبووە وڵاتی شام و میسر له هۆزی گۆران بوون، بۆیه دەبینین چەندین ناوداری ئەم هۆزە بەرچاو دەکەون:

### ٢- شێخ ئیسماعیلی کوڕی عەلیی گۆرانی (؟- ٦٤٤ك/١٢٤٦ز):

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی صۆفی و زاهید و پیاوچاکێکی کوردی پەڕیوەی وڵاتی شام بوو، نیشتەجێی شاری دیمەشق بوو، به خوداناسی و لەخۆبوردەیی و هەقپەرستی و راستگۆیی ناودەنگی رۆیشتبوو، لەلایەن هەمووانـەوه رێزی لێدەگیرا و قسەی دەبیسترا، شاهان و میران و وەزیران سەردانییان دەکرد، ئەمیش هەردەم ئامۆژگاری دەکردن که ئیماندار و دادپەروەر و لەخوداترس بن و له کاتی پێویستدا سەرزەنشتی دەکردن[٧٨].

جارێکیان (ابو الحسـن السـامري) وەزیـری (الملـك الصـالح)ی ئـەیوبی (٦٣٧-٦٤٧ك/١٢٣٩-١٢٤٩ز) کـه جولەکەبوو و بڕوای به ئایینی ئیسلام هێنابوو، سەری له شێخ ئیسماعیلی گۆرانی دا، شێخ پێی گوت: "تۆ ئەگەر

لەسەر ئایینی خۆت مابای چاکتر بوو، چونکە دەبوو پەیڕەوی بکەیت، کەچی ئێستا لە هەردوولا بویت، نە جولەکەی نە موسڵمان"[٧٩].

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی لە مانگی شەعبانی ساڵی ٦٤٤ك/١٢٤٦ز لـە دیمەشـق کۆچـی دوایـی کـرد و لـە گۆڕستانی صۆفییەکان نێژرا[٨٠].

- دوواتر بۆم دەرکەوت کە ئەم شێخ ئیسماعیلە دەبێتە باپیرە گەورەی قوتبـەدین میکائیـل(پیر میکـائیلی جاف) کە پێشتر باسکرا و باپیرە هەرەگەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٧-١٨٢٧) و لە کتێبـی ( لەبارەی مێژوو و کەلتووری کوردییەوە) لەم مژارە دوواوم-.

## ٣- فەقیھ و قازیی شافعی عەلی کوڕی یەعقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی عەبدوڵای گۆرانی ناودار بە (الکمال الدولبی)(م ٦٤٥ك/١٢٤٧ز):

تا هەنووکە زانیاری تەواوم لە مەڕ سەرگوزشتەی ئەم کەسایەتیە دەست نەکەوتووە، تەنها ئەوەندە هەیە کە بە خۆی لە نوسینێکیدا رایگەیاندووە کە کوردی جورقان- گۆرانە[٨١].

## ٤- عیمادەدین ئەبوبەکر کوڕی محەمەد کوڕی حەسەنی گۆرانی (؟- ٦٥٨ك/١٢٦٠ز):

زانیاری لەسەر ژیان وپلەی زانستی عیمادەدین زۆر کەمە، ئەوەندە دەزانرێت لە سەرەتای ساڵی ٦٥٦ك/١٢٥٨ز بە مامۆستا دامەزرا لە قوتابخانەی (الرواحیة) لە شاری حەلەب و لەسەر کارەکەی بەردەوامبوو تا لـە کارەسـاتی داگیرکردنی حەلەب لە لایەن مەغۆلەوە ساڵی ٦٥٨ك/١٢٦٠ز کوژرا[٨٢].

## ٥- شێخ ئیسماعیل کوڕی محەمەد کوڕی خەسرەوی گۆرانی (؟- ٦٦٥ك/١٢٦٧ز):

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی پیاوێکی لە خواترس و ئیمانداربوو، لە ژیانی دنیایی دابڕابوو و خۆی تەرخانکردبوو بۆ خواپەرستی و عیبادەت و دینداری، سەرجەمی ژیانی لە خەڵوەتگەدا دەگوزەراند، زاهیدو پیاوچاکێکی ناسراو بوو لە میسرو شام، لە جل پۆشین و خواردن و خواردنەوەدا پابەندی و پەیڕەوی شەریعەتی دەکرد و لەمبارەیەوە هەرگاڤ

پرسیاری لە زانایانی ئایینی دەکرد، مێژوونوس یونینی (م ٧٢٦ك/١٣٢٦ز) لەبارەیەوە دەڵێت: "لە سەردەمی خۆیدا نموونەی کەمبوو"[٨٣].

شێخ ئیسماعیلی گۆرانی لە مانگی رەجەبی ساڵی ٦٦٥ك/١٢٦٧ز لە شاری غەزە مرد، لە رێگای گەڕانەوەی لە میسرەوە بۆ قودس، هەر لە غەزەش بە خاك سپێردرا[٨٤].

ئەوەندە ماوەتەوە بڵێین دوور نییە شێخ ئیسماعیلی کوڕی محەمەد کوڕی خەسرەو هەر لە بنەماڵەی میر مەکلوای کوڕی خەسرەو بێت.

## ٦- محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی بەهرامی گۆرانی (٦٢٥-٧٠٥ك/١٢٢٨-١٣٠٥ز):

فەقیهی شافعی و خوتبەخوێن و قورئانخوێن و قازی و پێشنوێژ و مامۆستا و موفتیی ناسراو محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی بەهرامی گۆرانی لە ساڵی ٦٢٥ك/١٢٢٨ز لەدایك بووە، بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن چۆتە مەدینە و حەلەب و دیمەشق و زۆربەی شارەکانی حیجاز و شام و میسر گەڕاوە و لە قوتابخانەکان و مزگەوتەکانی ئەم هەرێمانە خوێندویەتی، شارەزایەکی تەواوی مەزهەبی شافعی بوو، ماوەیەك لە قوتابخانەکانی دیمەشق دەرسی دەگوتەوە، پاشان سەردەمانێکی درێژ قازی شاری حەلەب بوو، تەنها بەهۆی ناکۆکییەوە لەگەڵ قەراسەنقەری حاکمی حەلەب لە قازیەتی خراوە، کەچی تامردنی لە ساڵی ٧٠٥ك/١٣٠٥ز هەر خوتبەخوێن و موفتیی حەلەب بوو، کتێبی (مختصر فی الخلاف)ی داناوە[٨٥].

## ٧- شەهابەدین داود کوڕی سلێمان کوڕی داودی گۆرانی (؟- ٧٣٠ك/١٣٣٠ز):

شێخ شەهابەدینی گۆرانی پیاوێکی خواناس و زانستپەروەرو ئەدەبدۆست و فەقێهێکی شارەزا بوو لە فیقهی شافعی، ماوەیەك لە قوتابخانەی (الشامیة البرانیة) لە دیمەشق کاری کردووە، پاشان رووی کردۆتە شاری سەڵت و تیایدا جێگیربووە و لە قوتابخانەی (السیفیة) دەرسی گوتۆتەوە، لەگەڵ هۆزی کوردی قەیموری خزمایەتی کردووە و هاوژینەکەی خوشکی میر جەمالەدین یوسفی کوڕی عیسای قەیموری بوو، لە مانگی (جمادي الاخرة) ساڵی ٧٣٠ك/١٣٣٠ز لە شاری سەڵت کۆچی دوایی کرد و لە مزگەوتی شارەکە پاش خوتبەی رۆژی هەینی نوێژی لەسەر کرا و بەخاك سپێردرا[٨٦].

- ئەنجام:

- گۆران له سەدەكانی ناوەڕاستدا، یەكێك بوو لە هۆزە مەزن ودێرینەكانی كورد، هەر لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی كۆچییەوە بەردەوام ناو و دەنگوباسی تۆماركراوەو شایەنی ئەوەیە بكرێتە بابەتی لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمی.

- لە نیوەی دووهەمی سەدەی شەشەمی كۆچییەوە سەردارانی گۆران بە دەستوری هۆزە مەزن وبەهێزەكانی تری كوردستان دەسەڵاتێكی خێڵەكییان دامەزراندو كاروباری سیاسی و كارگێڕی چەندین بازێڕو شارۆچكە و قەڵاو گوندیان بەڕێوەدەبردو بازێری دەرتەنگیان كردە پایتەخت و بارەگای خۆیان و هەندێكیان وەك میرێكی سەربەخۆ رەفتاریان دەكرد.

- شاڵاوو پەلامارەكانی مەغۆل كە وڵاتی شارەزورو وزێد و نیشتمانی گۆران و هەموو هەرێمەكانی كوردستانی گرتەوە و بووە ئەگەری هەڵكەندن و دەربەدەربوونی دەیان ئێل و ماڵبات و بنەماڵەی كورد بە گۆرانەوە و ئاوارە بوونیان بۆ وڵاتی شام و میسر، بەڵام لەگەڵ ئەم راستیەشدا دوو خێڵی گۆران لە دەڤەرەكانی دەرتەنگ و ماهیدەشت درێژەیان بە دەسەڵاتی سیاسی خۆیاندا.

- پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی و دواتریش بەهۆی هێرش و پەلامارەكانی مەغۆل ژمارەیەكی بەرچاو لە قوتابی و خوێندەوارو روشنبیرو مەلاو میرزای كورد كۆچیان كرد بۆ شام و میسر كە رێژەیەكیان لە هۆزی گۆران بوون و تیایاندا ژمارەیەك فەقیە و قازی و صۆفی و پیاوچاك هەڵكەوتن و ناو دەنگیان دەركرد و ژیانی خۆیان تەرخانكرد بۆ خزمەتكردنی ئاین و زانست.

## - پەراوێزەکان:

١) V.V. Minorisky، The Guran، Bulletin of the School of Oriental and African Studies، Vol.XI ١٩٤٣، PP٧٥-١٠٣.

٢) بەڕێز ناجی عەباس ئەم لێکۆڵینەوەیەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە ژمارەکانی (٥-٩)ی ساڵی پێنجەم (١٩٤٤)ی گۆڤاری گەلاوێژ بلاّوی کردۆتەوە، هەروەها ڕێزدار ئەنوەری سوڵتانی جارێکی تر وەریگێڕاوە و لەگەڵ چەند ڤەکوڵینێکی تری مینۆرسکی لە کتێبێکدا بلاّوی کردۆتەوە، بڕوانە:

مینۆڕسکی و کورد (هەولێر ٢٠٠٢)، ل٨٣-١٥٦.

٣) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥) ساڵی ١٩٤٤، ل٢.

٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣-٤.

٥) هەمان سەرچاوە، ژمارە (٧) ل٤-٦.

٦) بڕوانە پەراوێزی (٨) و (١٠).

٧) البدليسي، شرفنامە، الترجمة العربية محمد جميل الروزبياني، ط٢(أربيل ٢٠٠١)، ص٥٠.

٨) المسعودي، مروج الذهب، ١٢٤/٢، التنبيه والاشراف، ص٩٤، ياقوت الحموي، معجم البلدان، ١٨٤/٢، ابن الاثير، الكامل في التاريخ، ٢٧٣/٧، ٣٢٥، ٣٢٧، ٤١/٨، ٣٨٥/٩، اللباب في تهذيب الانساب، ٣٠٧/١، ابن واصل، مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ٣٢٨/٤، الذهبی، تذكرة الحفاظ، ١٣٠٨/٤، سير اعلام النبلاء، ١٦/١٥.

٩) مؤلف مجهول، مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٩-٤٠١، حسام الدين النقشبندي، الكُرد في الدينور وشهرزور رسالة الماجستير، جامعة بغداد (بغداد ١٩٧٥)، ص٩٥،١٦٧.

١٠) ابن فضل الله العمري، مسالك الابصار في ممالك الامصار (مخطوط)، ١٢٥/٣، القلقشندي، صبح الاعشى، ٣٧٣/٤، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٣٥٧/٦، ٢١/٧، السخاوي، الضوء اللامع لاهل القرن التاسع، ٢٤١/١، ٢١٣/٢، ٢٥٦/٣، المقريزي، السلوك لمعرفة دول الملوك، ٤/١.

١١) مروج الذهب، ١٢٢/٢، شرفنامە، ص٥٠.

١٢) گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٥) ساڵی ١٩٤٤، ل٧-٨.

١٣) مروج الذهب، ١٢٤/٢، التنبيه والاشراف، ص٩٤.

١٤) المسالك والممالك، ص٢٧، مختصر كتاب البلدان، ص٢٦٦، الجابارقة بۆتە الجابادق.

١٥) التنبيه والاشراف، ص٩٤، مروج الذهب، ١٢٤/٢.

١٦) معجم البلدان، ١٨٤/٢، الكامل، ٣٢٥/٧، ٣٢٧، ٢١/٨، اللباب في تهذيب الانساب، ٣٧٠/١، مسالك الابصار، ١٢٥/٣.

١٧) معجم البلدان،١٨٤/٢، اللباب،٣٧٠/١.

١٨) السلوك، ٤/١، الضوء اللامع، ٢٤١/١.

١٩) السمعاني، الانساب، ١١٤/٢، معجم البلدان، ١٨٤/٢، الكامل،٢٧٣/٧.

٢٠) حلوان و فەرمانڕەوایانی لە مێژوودا، بەشی یەکەم، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١)، حوزەیران ١٩٨٦، ل١٨.

٢١) مروج الذهب، ١٢٤/٢، نەقشبەندی گومان لە راستیی ئەم ئاخافتنەی مەسعودی دەکات و بە هەڵەی لە قەڵەم دەدات چونکە کەسی تر شتی وای باس نەکردووە، الكُرد في الدينور، ص٩٥.

٢٢) الكامل، ٣٨٥/٩، مفرج الكروب، ٣٢٨/٤.

٢٣) شرفنامە، ص٤٤، ٥٥٢.

٢٤) الكامل، ٣٢٥/٧.

٢٥) المصدر نفسه، ١٨/٨.

٢٦) مسالك الابصار، ١٢٥/٣.

٢٧) شرفنامە، ص٥٥١.

٢٨) دەربارەی هەموو ئەم بنەماڵە و کەسایەتیانە بڕوانە: الكامل، ٣٧/٧، ٢٣٢، ٢٧٢، الكُرد في الدينور، ص١١٦-٢٢٨.

٢٩) الكُرد في الدينور، ص٢٧٢.

٣٠) الكامل، ٢٣٢/٧-٢٣٣، ٢٤٧.

٣١) دەرتەنگ هەر لە سەردەمی مەغۆلەکانەوە بەو ولایەتە دەگوترا کە لە سەردەمی ئیسلامی بە حلوان دەناسرا، پاش وێرانبوونی حلوان، دەرتەنگ جێگای گرتەوە کە دەکەوێتە نزیك شاری زەهاو و رووباری ئەڵوەند پێیدا دەڕوا، مەڵبەندی دەڤەری دەرتەنگ شارۆچکەی (ڕیژاوە). شرفنامە، ص٤٣، ٥٣٧، محەمەد جەمیل رۆژبەیانی، حلوان و فەرمانڕەوایانی، گۆڤاری کاروان ژمارە (٢٢)، تەمموز ١٩٨٤، ل١٤.

٣٢) ابن الساعي الخازن، الجامع المختصر، ١٥/٩، ابن الفوطي، معجم الالقاب، ١٨١/١.

٣٣) مجمل التواريخ والقصص، ص٣٩٩-٤٠١، الكامل، ٢٧٣/٧.

٣٤) الكامل، ٣٢٥/٧.

٣٥) المصدر نفسه، ٣٢٥/٧.

٣٦) المصدر نفسه، ٣٢٨/٧.

٣٧) المصدر نفسه، ٢/٨.

٣٨) بە دروستی نازانرێت شارۆچکەی خولنجان و قـەلای ئەرنەبـە دەکەونـە کوێـوە، سـەبارەت بـە خولنجـان سەرچـاوە جوگرافیەکان زانیاری وورد نادەن بەدەستەوە و لەگەڵ یەکترا ناکۆکن، قەلای ئەرنەبەش لە هیچ سەرچاوەیەکی تـردا نـاوی نەهاتووە بڕوانە: النقشبندی، الکُرد فی الدینوروشهرزور، ص٢١٤.

٣٩) شەرەفخانی بەدلیسی دەگێڕێتەوە کە میر (ابو الشوك) شیا ساڵی ٤٢١ك/١٠٣٠ز دەستبگرێت بەسەر شاری (قوما)دا، شرفنامە، ص١٢٠. نەقشبەندی پیێ وایە مەبەست لە قوما (قرمسین)ە واتا کرماشان، الکُرد فی الدینور، ص٢١٢، کەچی ڕۆژبەیانی وەرگێڕی شەرفنامە پێی وایە مەبەست لە قوما شاری (قومس)ە، شرفنامە، ص١٢٠، پەراویزی (٣٢).

٤٠) الکامل، ١٨/٨.

٤١) المصدر نفسه، ٤١/٨.

٤٢) المصدر نفسه ٣٦٨/٨، ٦٦/٩، معجم الاداب، ١٥٤/١-١٥٥، ٥١٥/٢.

٤٣) الکامل، ٣٦٨/٨، ٣٠٧/٩، الجامع المختصر، ١٣٠/٩، ٢٦٤، معجم الالقاب، ١٥٤/١-١٥٥، ٥١٥/٢.

٤٤) الکامل، ٣١/٩.

٤٥) ابن الساعي الخازن، الجامع المختصر، ١٥/٩.

٤٦) مجمع الآداب في معجم الالقاب، ١٨١/١.

٤٧) مجمع الآداب، ٣٢٦/٤.

٤٨) لە ناویاندا بە بۆچوونی ئێمە دوانیان وەك لە ناوەکانیانەوە دیارە لەوە دەچن لە میرانی گۆران بن:

میر عەلەمەدین وەردەسار کوڕی بەیامی(؟) کورد، کە یەکێك بوو لە مـیرە نـاودار و کەسـایەتیە سیاسـیەکانی کـورد، ناوبانگی بە چاکە و پیاوەتی و دلێری دەرکرد بوو(معجم الالقاب،٥٩٩/١).

میر عیمادەدین ئەسفەندیار کوڕی عەلی کوڕی جەنگیی کورد (معجم الالقاب، ٣٣/٢).

٤٩) عەکە لەوانەیە عەلەکە بێت کە داتاشراوی ناوی (علی)ە لەلایەن ئەو کەسانەی کـە کتێبـی (جـامع التـواریخ) یـان نوسیوەتەوە شێوێنرابێت.

٥٠) مؤلف مجهول، کتاب الحوادث، ص٤٨-٥١، ١٣٨-١٣٩، ٢٨٥-٢٨٦، ٣٠٤، رشید الدین فضل الله الهمداني، جامع التواريخ، الترجمة العربية، ٢٧٧/١/٢- ٢٨٥.

٥١) کتاب الحوادث، ص٣٠٤.

٥٢) جامع التواريخ، ٢/١/٢٨١-٢٨٢.

٥٣) المصدر نفسه، ٢٧٧/١/٢، هەروەها بڕوانە: عباس العزاوي، العراق بين الاحتلالين، ١٦٢/١-١٦٤.

٥٤) مورج: دیاره مەبەست (مرج القلعه)یەکە قەلایەکی مەزنە و دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و تـووش لەسـەر ڕێگای حلوان – کرماشان لە ناوچەیەکی مەترسیدار بەهۆی کوردەکانەوە. ابن رسته، الاعلاق النفیسة، ص١٥٥.

٥٥) جامع التواریخ، ٢٧٧/١/٢.

٥٦) المصدر نفسه، ٢٧٨/١/٢.

٥٧) المصدر نفسه ٢٧٨/١/٢، العراق بين الاحتلالين، ١٦٣/١.

٥٨) القزويني، آثار البلاد واخبار العباد، ص٣٥٧، حمد الله مستوفى، نزهة القلوب، ص٨٠.

٥٩) جامع التواریخ، ٢٧٨/١/٢.

٦٠) المصدر نفسه، ٢٧٨/١/٢، العراق بين الاحتلالين، ١٦٣/١.

٦١) ناوی ئـەم شـارە لـە دەستنوسـی سەرچـاوە مەملوکیەکانـدا بـە شـێوەی جیـاواز هـاتووە بـەمجۆرە، لـە (مسـالك الابصار،١٢٥/٣)، دیاوشت، لە کتێبی (صـبح الاعشـی)بەم شـێوانە هـاتووە: دیاوشـت (٣٧٣/٤)، اندشـت (٣٧٩/٤)، رندشت(٣٠٩/٧)، بەرای ئێمە مەبەست باژێری ماهیدەشتە.

٦٢) مسالك الابصار، ١٢٥/٣، قەلقەشەندی کە هەموو زانیارییەکانی کتێبی (مسالك الابصار) سەبارەت بە کوردسـتان (جبال الاکراد) ئاخنیوەتە نێو کتێبەکەی خۆیەوە و هەندێ دەستکاریی ئاخافتنی عومەری (العمری) کـردووە، بـۆ نموونـە عومەری دەڵێت "عدة القوم تزید علی خمسة الاف" کەچی ئەم دەڵێت: "والطائفتان جمیعا لاتزید عدتهم علی خمسة الاف رجل"، صبح الاعشی، ٣٧٣/٤.

٦٣) صبح الاعشی، ٣٠٩/٧.

٦٤) مجمع الأداب في معجم الالقاب، ٥٢٣/٢-٥٢٤، ٤٤٨/٣-٤٤٩.

٦٥) شرفنامه، ص٥٣٤-٥٣٩.

٦٦) المقریزی، السلوك،٦٧٢/١، ٧٣٦.

٦٧) کەسایەتیە زانستی وسیاسییە ناودارەکانی هۆزی گۆران لە وڵاتی شام و میسر پتر لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیـەمی کۆچی ودواتر دەرکەوتن، بڕوانە: السخاوی، الضوء اللامع لاهل القرن التاسع، ١٧٨/١، ٢٤١-٢٤٣، ٢١٣/٢، ٢٤٧، ٢٥٢، ٢٥٦/٣، ٢٧/٦-٢٨، ٢٥٢/١٠، ٣٢-٣٣... هتد، خیرالدین الزرکلي، قاموس الاعلام، ٢٤٠/٨.

٦٨) اللباب في تهذیب الانساب، ٣٠٧/١، معجم البلدان، ١٨٤/٢.

٦٩) تذكرة الحفاظ، ١٣٠٨/٤، سير أعلام النبلاء، ١٥/١٦-١٧.

٧٠) هەمان دوو سەرچاوە.

٧١) هەمان دوو سەرچاوە، اسماعيل باشا البغدادي البابانى، هدية العارفين، ٣١٣/١.

٧٢) قاموس الاعلام، ٢٢٩/٢-٢٣٠.

٧٣) هدية العارفين، ٣١٣/١.

٧٤) تذكرة الحفاظ، ١٣٠٨/٤، هدية العارفين، ٣١٣/١، قاموس الاعلام، ٢٢٩/٢-٢٣٠.

٧٥) المقريزي، السلوك، ٤/١.

٧٦) ابن شداد، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، ٢٤٦/١/١، ٢٥٠، ٢٥٤-٢٥٧، ٢٦١، ٢٧٧،٢٨٢.

٧٧) المصدر نفسه، ١٩٨/١-٢١٥، ٢٥٩-٢٦٠، ٢٦٢، المنذري، التكملة لوفيات النقلة، ٦٩٥/١، ١٦٢/٢-١٦٣.

٧٨) الذهبى، العبر في خبر من غبر، ٢٥١/٣، اليافعي، مرآة الجنان، ٨٧/٤.

٧٩) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، جـ٨، ص٧٨٤، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٢١/٧-٢٢.

٨٠) العبر في خبر من غبر، ٢٥١/٣، النجوم الزاهرة، ٣٥٧/٦.

٨١) ابن واصل، ذيل الروضتين، ص١٨٠.

٨٢) الاعلاق الخطيرة، ٢٥٦/١/١.

٨٣) ذيل مرآة الزمان، ٣٦٤/٢.

٨٤) المصدر نفسه، ٣٦٤/٢، العبر في خبر من غبر، ٣١٢/٣، اليافعي، مرآة الجنان، ١٢٤/٤.

٨٥) ابن قاضي شبهة، طبقات الشافعية، ٨٩/٢، ابن حجر العسقلاني، الدرر الكامنة في اعيان المئة الثامنة، ١٠٧/٤، ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، ١٣/٦.

٨٦) الجزري، تاريخ حوادث الزمان وانبائه، ٧٠٤/٣.

# دەروازەی دووەم

## دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ژیاری و ئاڤاکاریی کورد
## لە وڵاتی شام و میسردا لە سەردەمی ئەیوبی و مەملوکی

# بابەتی چوارەم

## ڕۆڵی سیاسی و ئاڤاکاریی
## کوردە قەیمورییەکان

### - پێشەکی:

قەیموری، کەیموری (القیمُریة) یەکێکە لەو هۆزە کوردانەی کە ڕۆڵی مەزن و کاریگەریی خۆی هەبووە لە مێژووی دەوڵەتی ئەیوبیدا، میرانی قەیموری لێبڕاوانەو دڵسۆزانە داکۆکییان لە سەروەریی دەسەڵاتی شاهەکانی ئەیوبی لە وڵاتی شامدا کردووە، هەر ئەوان بوون باژێڕی دیمەشقیان تەسلیم بە (الملك الناصر یوسف)ی نەوەی سوڵتان صەلاحەدین کرد و نەیانهێشت بکەوێتە دەست مەمالیکە تورکەکان کە توانیان ساڵی ٦٤٨ک/١٢٥٠ز دەسەڵاتی ئەیوبی لە میسر لەناوببەن، تا لە ناوچوونی فەرمانڕەوایی ئەیوبی لە وڵاتی شام هەر گوێڕایەڵ و ئەمەکدارو جێ باوەڕو متمانەی بنەماڵەی ئەیووبی بوون، لە سەرەتای سەردەمی مەملوکیشدا هەرچەند ماوەیەك پشتگوێ خران، پلە و پایەی خۆیان لە دەست نەداو و بەردەوامبوون لە خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام و دەوڵەتی ئیسلامیدا و بەرگەگرتن لە هەڕەشەو پەلامارەکانی مەغۆل بۆ سەر دیمەشق و حمص و هێرش و مەترسییەکانی خاچهەڵگرەکان بۆ سەر کەنارەکانی شام، هەروەها لە رووی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت و خوێندگا و نەخۆشخانە و مەزاردا رۆڵ و بایەخدانیان کەم نەبووەو چەندینیان لەسەر حیسابی خۆیان ئاواکردوە کە هەندێك لەم دامەزراوانە وەك قوتابخانەی قەیموری بوونەتە مەڵبەندێکی زانستی و رۆشنبیری ناودارو چەندین زانا و فەقیە و خوێندەواریان پێگەیاندوە، کەچی تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی و سەربەخۆ دەربارەی ئەم هۆزە نەنوسراوە.

لە بەر رۆشنایی ئەم راستیانە، ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر رۆڵی سیاسی و سەربازی و ژیاری کوردە قەیمورییەکان لە وڵاتی شام و میسردا لە دواساڵەکانی دەسەڵاتدارێن ئەیوبی و دەستپێکی سەردەمی مەملوکی.

## یەکەم: قەڵای قەیمور و کوردە قەیمورییەکان و پەیوەندیکردنیان بە ئەیوبییەکانەوە:

### ١- قەڵای قەیمور و کوردە قەیمورییەکان:

تا رۆژگاری ئەیوبییەکان هیچ هەواڵ و دەنگوباس و پێزانین لەسەر قەڵای قەیمور و هۆزی قەیموری کورد لە بەردەست نییە، و لە هیچ دەقێکی مێژوویی- بە ئاگاداری ئێمە - ناویان تۆمار نەکراوە، نە لەلایەن مێژوونووسان تەبەری (م ٣١٠ك/٩٢٣ز)، مسکەوەیە (م٤٢١ك/١٠٣٠ز)، فارقی (م پاش ٥٧٧ك/١١٨١ز)، ابن الاثیر (م٦٣٠ك/١٢٣٢ز).... هتد، و نە لەلایەن گەرۆك و جوگرافیوانان ئوستخوری (م٣٤٠ك/٩٥٢ز)، ابن حوقل (م ٣٦٧ك/٩٧٨ز)میقدەسی (م٣٨٧ك/٩٩٧ز)... هتد، تەنانەت مێژوونووس و گەڕۆك مەسعودی (م ٣٤٦ك/٩٥٧ز) کە ناوی ژمارەیەك هۆزو خێل و تیرەی کوردی لە هەردوو کتێبەکەیدا تۆمارکردووە(1) ناوی هۆزی قەیموری نەبردووە، بۆیە پتر لەوە دەچێت ئەم قەڵایە پێشتر نەبووە یان قەڵایەکی بچووکی کەمبایەخ و گۆشەگیر بوبێت، هۆزی قەیموریش بە ناوێکی ترەوە ناسرابێت و هێشتا ناوی ئەم قەڵایەیان بەسەردا دانەبڕابێت.

لە سەدەی حەفتەمی کۆچی/سێزدەیەمی زایینی پاش ناودەرکردنی میرانی قەیموری و بەشداربوونیان لە رووداوە سیاسیەکاندا، ناو و دەنگوباسی قەڵای قەیمور کەوتە ناوەوە و هاتەناسین، یاقوتی حەمەوی (م ٦٢٦ك/١٢٢٩ز) بۆ یەکەم جار ناوی (قیمر)ی یاداشت کردوە و پێناسەیەکی کورت و گشتی بەدەستەوە داوە، کە لە رێگایەوە ناکرێت جێگا و شوێنی ئەم قەڵایە بەوردی دەستنیشان بکرێت:"قەیمور: قەڵایەکە لە چیاکانی نێوان موسڵ و خەلات، کۆمەڵێك میری کورد لە موسڵ و خەلات خەڵکی ئەم قەڵایەن" (2)، دواتر بەئەگەری قەبەبوونی رۆڵی میرانی قەیموری و کۆچکردنیان بۆ وڵاتی شام و تێکەڵبوونیان بە رووداو و پێشهات و گۆڕانکارییەکان، مێژوونوسان زیاتر ئاشنای قەڵای قەیمور بوون و لە زاردەمی کەسانی قەیمورییەوە زانیاری و شارەزاییان دەربارەی پەیداکرد و دروستتر دەستنیشانیانکرد کە دەکەوتە نزیك باژێڕی سێرت - سعرت(3)، یان وردتر دەکەوتە نێوان هەردوو باژێڕی سعرت و جەزیرەی بوهتانەوە -جزیرة ابن عمر(4).

پێویستە لێرەدا ئەو راستیەش ئاشکرا بکرێت کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان قەڵای قەیمور و قەڵای قومری نییە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی هرور و قومری لە دەڤەری بەرواری باڵا- پارێزگای دهۆك.

قەیمورییش ئەو هۆزە کوردەیە کە لە قەڵای قەیمور و گوند و ناوچەکانی سەر بە قەڵاکە ئاکنجی بووە و هەر بە ناوی قەڵاکەوە ناسراوە، واتا ناوی هۆزی قەیموری لە ناوی ئەو قەڵایەوە سەرچاوەی گرتووە کە بووە بە مەڵبەند و

پێگەی هۆزەکە و بارەگای میرەکانی، لە راستیدا بەدرێژایی مێژوو هۆز و خێڵ و تیرە و ماڵباتەکانی کورد، پتر ناوی ئەو دەڤەر و ناوچانەیان بەسەردا دابڕاوە کەلێی نیشتەجێ بوونە.

هۆزی قەیموری لەپاڵ هۆزەکانی بوختی- بوهتانی، هەکاری، بەژنەوی، چۆپی، میهرانی، لەو هۆزە بەهێز و دەسەڵاتدارانەی هەرێمی جەزیرە بوون کە شییان لە سەردەمی عەباسی میرنشینی بچووك و سەرداریتی خێڵەکی دابمەزرێنن هەر یەکە لە چوارچێوەی سنوری سەروەری و فەرمانڕەواییتی خۆی و چەند شوراو قەڵاو شارۆچکە و گوندێك بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە[٥].

ئەم نیمچە میرنشینانە، نەخاسمە قەیموری، هەر بە سستی و خامۆشی مانەوە و زانیارییەکی ئەوتۆ لە بارەیانەوە ئاشکرا نیە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە میر (اسدالدين ابو الفوارس بن موسك القيمري) کە یەکەم کەسایەتی ناسراوی قەیموریە، بە مەزەندە لە دوماهیکی سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەیەمی زایینی وە تا دەوروبەری ساڵی٦٢٠ك/١٢٢٣زمیری قەڵای قەیمور بووە[٦] زۆربەی میران و سەرکردەکانی قەیموری کوڕ و کوڕەزا و نەوەی ئەون.

## ٢- پەیوەندیکردنی کوردە قەیمورییەکان بە دەوڵەتی ئەیوبییەوە:

دەرکەوتن و بەناوودەنگبوونی قەیموریەکان و رۆڵگێڕان و کارتێکردن و پشکداریکردنیان لە رووداوەکاندا هاوکاتە و راستەوخۆ پەیوەستە بە پەیدابوونی ئەیوبیەکان لە وڵاتی شام و میسر و پەلهاوێشتنی دەسەڵاتیان بۆ هەرێمی جەزیرە و دیاربەکر، لە راستیدا دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی لە لایەن سوڵتان صەلاحەدینەوە ٥٦٧ك/١١٧١ز بە خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن و کاریگەر دەژمێردرێت لە مێژووی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەر ئاستی زۆربەی هەرێمە کوردنشینەکان، لایەنێکی گرنگی ئەم وەرچەرخانە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و پتەوی بە کرۆکی باسەکەمانەوە هەیە لەو خاڵە خۆی دەنوێنێت کە بەرپابوونی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و دواتریش بەرفرەهبوونی بۆ هەرێمەکانی شام و جەزیرە و یەمەن، بووە ئەگەری ئاشکرابوونی دەیان هۆز و خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵەی کورد کە تا ئەو دەمانە بە نەناسراوی و گۆشەگیری مابوونەوە، هەروەها دەرکەوتنی وزە و شیانی میللەتی کورد لە سازدان و ئاڕاستەکردنی رووداوە مێژووییەکاندا وسەلمێنرا کە ئەم هۆز و بنەماڵانە ئەگەر بۆیان بڕەخسێ و هەلی لەبار و گونجاویان لە بەردەم بێت و سەرکردایەتیەکی خۆیی هەڵبکەوێت، ئەوا لە باریان هەیە رووی راستەقینەو شایستەی خۆیان بخەنەڕوو و رۆڵی دروست وشیاو بگێڕن، ئەیوبییەکان بەحوکمی ئەوەی خۆیان کوردبوون و هەڵکەوتووی ناوجەرگەی واقیعی کوردستان بوون، هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونیان لە دەسەڵاتدا، هەستیان بەم

راستیەکرد و درکیان بە توانا و هێز و شیانی هۆز و خێڵە کوردەکان کرد لە چەسپاندن و قایمکردنی بنەما و کۆڵەکەی دەوڵەتی ئەیوبی لە ولاتی غەریبیدا، میر و قەڵادار و سەردار و سەرۆکهۆزەکانی کوردیش لەلای خۆیانەوە ئارەزوومەند بوون کە شەرەفی بەشداری لە جیهادیان پێببڕێت و بێ بەهرە نەبن لەم شکۆمەندی و شانازییە، بۆیە تێبینی دەکرێت هەر لەگەڵ بوونی ئەسەدەدین شیرکۆی ئەیوبی بە سەرکردەی سوپای نورەدینی زەنگیەوە (٥٤٤-٥٦٩ك/١١٤٩-١١٧٣ز) و هەڵکردنی ئالای جیهاد دژی خاچهەڵگرەکان و دواتریش گرتنی میسر و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی، دەیان میر و سەرۆکهۆزی کورد بە پیاوان و چەکدارانی هۆزەکانیانەوە: هەکاری، میهرانی، هەزبانی، زەرزاری، حەمیدی... هتد روویان کردە دەڤەرەکانی شام ومیسر چوونە ریزی سوپای ئەیوبییەوە(٧).

ئەم دیاردەیە هۆز و میرانی قەیموریشی گرتەوە، هەرچەند پەیوەندی کردنی ئەمان دواکەوت تا سەردەمی (الملك الاشرف موسی: ٦١٥-٦٣٥ك/١٢١٨-١٢٣٧ز)ی برازای سوڵتان صەلاحەدین، کاتێك زۆربەی باژێر و ناوچە و قەلاکانی هەرێمی جەزیرە و دیاربەکر بە قەلای قەیمورەوە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئەیوبیەکانەوە، میرحوسامەدینی قەیموری پەیوەندیی کرد بە (الملك الاشرف)ەوە وەك فەرماندەیەکی سەربازی کارا جێپەنجەی دیارە لەکێشە و ناکۆکی و ململانێی ئەیوبی- خوارزمی- سەلجوقی(٨).

لە ساڵی ٦٣٩ك/١٢٤١ز(الملك الناصر)کردی بە والی شاری رقە(الرقة) تا کوژرانی لە ساڵی٦٤٨ك/١٢٥٠ز لە سەر کارەکەی مایەوە، هاوکات سەرلەشکری سوپای حەلەب بوو و چالاکیی سەربازیشی دەنواند دژی نەیارانی دەوڵەتی ئەیوبی(٩).

## ٣- کۆچی قەیمورییەکان بۆ ولاتی شام ومیسر:

(الملك الصالح) نەجمەدین ئەیوب (٦٣٧-٦٤٧ك/١٢٣٩-١٢٤٩ز) ناكۆك و ناتەبا بوو لەگەڵ مـامی (الملـك الصالـح اسماعیـل) میـری دیمەشـق، ناچـار پەنای بـرد بۆ پاشـماوەی خوارزمییەكان و داوای لێكـردن رووبكەنـە ولاٌتی شام و هاریكاری بكەن و سۆز و پەیمانی ئەوەشی پێدان كە پاداشتیان دەداتەوە و پلەوپایەیان پێدەبەخشێت، خوارزمییەكان بێ سێودوو بە دەنگی (الملك الصالح)ەوە چوون و ساڵی ٦٤٢ك/١٢٤٤ز ژمارەیەكی زۆری خوارزمی كە خۆی لە دەهەزار كەس دەدا بەرەو باژێرەكانی ولاٌتی شام ملیان نا[١٠].

دەبێت شاهی ئەیوبی هاوكات لەگەڵ ئەم داواكاریە، پەیامی بۆ میرانی قەیموریش ناردبێت تـا ئـەوانیش بـە هاواریەوە بچن وهاریكاری و پشتیوانی لێبكەن — هەرچەند سەرچاوەكان راستەوخۆ باسی ئەم پرسەیان نەكردووە — هەر بۆیە دەیان چەكداری قەیموری بە سەركێشی میر زیائەدین موسای قەیموری و میـر ناصرەدین حوسینی بـرازای بەدەنگیـەوە هاتن و بە یاوەری خوارزمییەكان خۆیان گەیاندە ولاٌتی شام[١١].

بەر لەم پەیوەندیكردنە، سەرچاوە هاوچەرخەكانی سەردەمی ئـەیوبی باسـی هـەبوونی كـوردانی قـەیمورییان نەكردووە لە ریزەكانی لەشكری ئەیوبی، كەچی لە ئاخفتنی دەواداری (م٧٣٦ك/١٣٣٥ز) دەردەكەوێت كە میرێكی قەیموری بە ناوی عیـزەدین لـە سـوپای سـوڵتان صـەلاحەدین خزمــەتی كـردووە و لـە شـەڕی خاچـهەڵگرەكاندا بەشداربووە[١٢].

لە سەرەتای پەیوەندییانەوە تا لەناوچوونی دەسەلاٌتدارێتی ئەیوبی، میرانی قەیموری هەردەم پابەند و گوێڕایەڵ و دڵسوزی ماڵباتی ئەیوبی بوون و تەنانەت لە دەمی تەنگانە و لە رۆژگـارە سـەختەكاندا — وەك پاشـان بۆمـان دەردەكەوێت - سووربوون لەسەر هەڵوێستی جوامێرانەی خۆیان و پشتیانیان بەرنەدا، تا ئەو رادەیەی میر ناصرەدین مەزنترین و ناودارترین میری قەیموری كە بە (ملك الامراء) ناوبراوە، خۆی دادەنا بە بەندەی (الملك الناصر یوسف: ٦٣٤-٦٥٨ك/١٢٣٦-١٢٦٠ز) نەوەی سوڵتان صەلاحەدین و میری حەلەب و دیمەشق وهەرگاڤ بە (مولانـا) نـاوی دەبرد[١٣].

دیارە مەغزای سەرەكی پشت ئەم پەیوەندیە دۆستانەیە وێڕای بەرژەوەندی سیاسی وپێویستی رۆژگار، ئەوەشە كە هەردوولایان كوردن، شاهانی ئەیوبیش لای خۆیانەوە درێغی و كەمتەرخەمییان نەكرد دەرهەق قەیمورییــەكان و هەر لە سەرەتاوە لێیان نزیكبوونەوە و چاكە و پیاوەتیان لەبەرچاوگرت و بە هەموو شێوەیەك یارمەتیان دان، (الملك الاشرف موسی) ی میری جەزیرە خوشكی خۆی دا بە میرحوسامەدینی قەیموری[١٤]، ئەمەش خزمایەتی لە نێوانیاندا

هێنایەکایەوە و پەیوەندیی پتەوترکرد، (الملك الصالح ایوب) و (الملك الناصر یوسف) گەلێك گوند و زەویوزاری وەك ئیقتاع پێبەخشین[١٥].

ئەو میر و کەسایەتیانەی قەیموری کەوا رۆڵی سەرەکی وکاریگەریان بینیوە بریتین لە:

١- میرحوسامەدین حەسەن کوڕی میر ئەسەدەدین (ابو الفوارس) کوڕی موسەکی قەیموریە، لە سەرکردەکانی (الملك الاشرف) بوو، دواتر بووە دیارترین سەرکردە لە سوپای (الملك الصالح ایوب)، ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز لەمیانەی هێرشبردنە سەر میسر بۆ شەڕی مەملوکە تورکەکان بەسەختی بریندداربوو دواتر گیانی لەدەستدا.

٢ - میر زیائەدین موسا (م ٦٤٨ك/١٢٥٠ز) برای میرحوسامەدین حەسەنە لە هەمان شەڕدا کوژرا.

٣- میر سەیفەدین یوسف (م ٦٥٤ك/١٢٥٦ز) برای ئەوانەی پێشوو.

٤- میر ناصرەدین کوڕی میر سەیفەدین یوسف (م ٦٤٨ك/١٢٥٠ز)، هەر لە هێرشی سەر میسر کوژرا.

٥- میر ناصرەدین حوسێن کوڕی میر شەمسەدین عەزیز کوڕی میر ئەسەدەدین موسەکی قەیموری (٦٠٠-٦٦٥ك/١٢٠٣-١٢٦٦ز).

٦- میر شەهابەدینی قەیموری (م ٦٦١ك/١٢٦٣ز)کە دوور نیە ئەمیش کوڕی میر ئەسەدەدین بێت.

٧- میر عزەدین حەسەن- محەمەد- ی قەیموری، ئەم میرە لە بنەڕەتدا قەیموری نەبوو وەلێ بەهۆی هاوپەیمانیەوە لەگەڵ میرانی قەیموری هەر بە قەیموری دانراوە.

٨- میر شەهابەدین یوسفی کوڕی میرحوسامەدین حەسەن.

٩- میر بەدرەدین خضری کوڕی جودیی قەیموری.

١٠- میر جەمالەدین هارونی قەیموری (م ٦٥٦ك/١٢٥٨ز).

تا ئێستا بۆمان روونەبۆتەوە ئەم دوو میرەی دواییان چ پەیوەندیەکی خزمایەتیان لەگەڵ بنەماڵەی (ابو الفوارس)ی قەیموری هەیە.

میر ناصرەدین حوسێنی کوڕەزای میر ئەسەدەدین(ابو الفوارس)ی قەیموری، کە ساڵی ٦٠٠ك/١٢٠٣ز لە قەڵای قەیمور لەدایکبووە، گەورەترین و بەدەسەڵاترین و سامانداترین میری قەیموریە، پاش کوژرانی مامەکانی: حوسامەدین حەسەن و زیائەدین موسا لە ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز و مردنی میر سەیفەدین یوسفی مامی لە ساڵی ٦٥٤ك/١٢٥٦ز بووە سەردار و پێشەوا و دەمڕاستی قەیمورییەکان، لەسەر ئاستی شام ومیسردا کەسایەتیەکی دیار و ناسراو بوو، پایە و بایەخی تایبەتی هەبوو لای شاهانی ئەیوبی، میر و سەرکردە کوردەکان هەموان رێزیان دەگرت و لەقسەی دەرناچوون و بە براگەورەیان دەزانی و گوێبیستی فرمان و بڕیارەکانی دەبوون، هەردەم دەرباری قەرەباڵغ بوو

لە یاوەر و دارودەستە و خزمەتکار و بەندە، مێژوونووسان ستایشیان کردووە و بە میری مەزن، ئازا، جوامێر، بەجەرگ، چاوتێر، خێرخواز و خێرومەند وەسفیان کردووە[١٦].

## دووهەم: رۆڵی سیاسی کوردە قەیموریەکان لە سەردەمی ئەیوبی:

### ١- میرانی قەیموری و (الملك الصالح ئەیوب):

پەیوەندی کردن و چوونی میرانی قەیموری بۆ نێو سوپای (الملك الصالح) بەرهەم و ئەنجامی ئیجابی لێکەوتەوە، شاهی ئەیوبی باوەڕی بە دڵسوزی وچەلەنگییان هێنا و متمانەی تەواوی پێکردن لە ئەنجامدان وراپەڕاندنی هەر کار و فرمانێکی سەربازی چارەنوسساز، هەر زوو لە جێگای گرنگ و بایەخدار دایمەزراندن، نەخاسمە میر ناصرەدین حوسێن کە – وەك باسکرا – سەرگەورە و نوێنەر و دەمڕاستی قەیموریەکان بوو، ئەمان بە پێچەوانەی خوارزمیەکان هەتا سەر دڵسوز و گوێڕایەڵی ماڵباتی ئەیوبی بوون و پابەندی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان بوون، بە پشتیوانی و هاریکاری قەیموریەکان و خوارزمیەکان و بە سەرکردایەتی وەزیر(معین الدين بن شيخ الشيوخ: ٥٨٩-٦٤٣ك/١١٩٣-١٢٤٥ز)، (الملك الصالح) شیا لە ساڵی ٦٤٣ك/١٢٤٥ز شاری دیمەشق و دەوروبەری لە دەستی (الملك الصالح اسماعیل)ی مامی دەربهێنێ وبیخاتە سەر ئەیوبیەی میسر[١٧].

پاش ئەم سەرکەوتنە، ئەوەندەی نەبرد خوارزمیەکان لە شاهی ئەیوبی هەڵگەڕانەوە، چونکە وایان دانابوو لە پاداشتی هاوکارییان، دەستکەوت ومووچە و زەوی وزاریان چنگدەکەوێت وهەر بەم نیاز و مەبەستە پشکدارییان لە گرتنی دیمەشق کرد، کە ئەمەیان بۆ نەچووەسەر یاخیبوون و ریزی ئەوەیان بەردا وپاڵیان دایە رکابەرەکەی (الملك الصالح اسماعیل) و ئاژاوەیەکی گەورەیان نایەوە[١٨].

میر ناصرەدین حوسێن دوای گرتنی دیمەشق کرا بە پێشەوای سوپای شام و جێگری سەربازی (الملك الصالح) لە دیمەشق و بە پاڵپشتی مام و براکانی و پیاوانی هۆزەکەی نەخشی دیار و بەرچاوی هەبوو لە جێگیرکردن وچەسپاندنی دەسەڵاتی ئەیوبیەی میسر لە باژێر و شارۆچکە و قەلاکانی باشوری ولاتی شامدا، لە ساڵی ٦٤٤ك/١٢٤٦ز هاوڕێ لەگەڵ جێگری دیمەشق و بە فەرمانی شاهی ئەیوبی چوونە سەر باژێڕی سەرخەد[١٩] ومیر عزەدین ئەیبەك یان تیادا گەمارۆدا وناچاریان کرد باژێرەکەیان بداتە دەست وهەڵبێت بۆ میسر[٢٠].

لە هەمان ساڵدا میر ناصرەدین ومیر جەماڵەدین هارونی قەیموری بەشداری ئەو زنجیرە هەڵمەت وچالاکیانەیان کرد کە (الملك الصالح) و (الملك المنصور)ی نەوەی ئەسەدەدین شێرکۆ و میری ئەیوبیەی حمص(٦٣٧-٦٤٤ك/١٢٣٩-١٢٤٦ز) پێی رابوون بە نیازی قەلاچۆکردنی خوارزمیەکان و تاراندنیان لە دەڤەرەکە وسزادانی هاوپەیمانەکانیان کە بریتیبوون لە چەند میرێکی ئەیوبی، سەرئەنجام بە تێکشکاندن و پەرتەوازەبوونی خوارزمیەکان و کوژرانی سەرۆکەکەیان برکەخان کۆتایی هات وشاری بەعلەبەگیش گیرا، دواتر (الملك المنصور) ربزی (ربض) بەعلەبەگی تەسلیم بە هەردوو میری قەیموری کرد[٢١].

## ٢- هەڵوێستی میرانی قەیموری لەمەڕ روداوەکانی میسر ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز:

(الملك الصالح) یەکێکە لە شاهە بەتوانا و بەدەسەلاتەکانی ماڵباتی ئەیوبی، دووربین و ئازا و چاونەترس بوو، کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو، مێژوونووسان لەسەر ئەم خەسڵەتانەی ئاخەفتوون[٢٢]، وەلێ لە کۆتایی سەردەمی دەسەلاتیدا هەڵەیەکی کوشندەی کرد کە ئەوەندی نەبرد سەری دەسەلاتی خوارد و بووە مایەی روخان و لەناوچوونی ئەیوبیەی میسر، ئەوە بوو ژمارەیەکی یەکجار زۆری کۆیلە و بەندەی تورکی کڕی و هێنانیە میسر و لە دەوری خۆی کۆی کردنەوە و لە دامودەزگا سەربازییەکانی دەوڵەت دایمەزراندن[٢٣].

ئەم کردەوەیە نادروستەی بووە ئەگەری دڵڕەنجان و نیگەرانی میر و سەرکردە کوردەکان وکەسانی دی و پشتیان بەردا و لیێ دورکەوتنەوە، تەنانەت میر سەیفەدینی قەیموری وچەند ئەندامێکی دی لە گەورە بەرپرسانی دەوڵەت لە زیندانی (قلعة الجبل) لە قاهیرە دەستبەسەرکرد[٢٤].

لە ساڵی ٦٤٧ك/١٢٤٩ز (الملك الصالح) بە نەخۆشی مرد، تورانشاهی کوڕ و جێگری لە شاری حوسنکێفاوە هێنرا و لە شوێنی باوکی کردرا بە شاهی میسر، کاتێك گەیشتە دیمەشق چاکە و دڵسۆزی میرانی قەیموری دەرهەق بە ماڵباتی ئەیوبی لەبەرچاوگرت و یەکسەر پاداشتی دانەوەو موچە و عەقاراتی پێ بەخشین. ئەم بە پێچەوانەی باوکی هەتا بڵێی کەسایەتیەکی لاواز و کورتبین ولە بواری سیاسەتدا ناکامڵ بوو، هەڵسوکەوتی چەوت و نابەجێ بوو دەرهەق میران و سەرکردەکان ودارودەستەی باوکی، هەر بەرهەم و کاردانەوەی ئەم کردەوە خراپانەی بوونە هۆکاری سەرەکی کوشتنی لە کۆتایی هەیڤی یەکی ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز بە دەستی ژمارەیەك مەملوکی تورك (البحرية) لەوانەی کە باوکی هێنابوونی و پشتی پێ دەبەستن[٢٥].

(ابن واصل: م ٦٩٧ك/١٢٩٧ز)ی هاوچەرخی رووداوەکان دەگێڕێتەوە کە میرانی کورد: فەخرەدینی کوڕی ئەبی زکری، سەیفەدینی قەیموری، عزەدینی قەیموری، فەخرەدین حوسین، عزەدینی کوڕی خۆشترین، لە کەڵـە میرەکـانی (الملك الصالح) بوون، ئاگادار بوون مەمالیکە تورکەکان چییان بەسەر تۆرانشاه هێنا بیّ ئەوەی ڕێیان لێبگرن و نەیان هێڵن، یان بەدەنگ تۆرانشاهەوە بچن لەبەر ئەو چاولێپۆشین و نائۆمێدکردن و فەرامۆشکردنەی بەدەسـتی ئـەوەوە دوچاری هاتبوون[26].

بە کوژرانی تۆرانشاه دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەیوبی لە میسر لەبەین چوو و بڕایەوە، سەرکردە تورکەکانی قاهیرە سەربارەت بە دانیشاندنی (شجر الدّر)ی هاوژینی (الملك الصالح) لەسەر حوکم و دامەزرانـدنی عیـزەدین ئەیبـەکی تورکمانی بە پێشەوای لەشکری میسر پێکهاتن، دواتر عیزەدین ئەیبەك (شجر الدّر)ی خواست و بووە فەرمانڕەوای میسر و نازناوی شاهیی پیّ بەخشرا[27].

ئەم گۆڕانکاری و بەسەرهاتە خێرا و یەك لەدواییەکانی میسر لە جیهانی ئیسلامی دەنگیان دایەوە، کار بەوە گەیشت خەلیفەی عەباسی (المستعصم: ٦٤٠-٦٥٦ك/١٢٤٢-١٢٥٨ز) بێتە دەنگ و ناڕەزایی خۆی رابگەهێنیّ، لە نوسراوێکی هەڕەشەئامێزدا بە دەسەڵاتدارانی میسری راگەیاند: "ئەگەر پیاو لە میسر بڕاوە بیکەنە فـەرمانڕەوا، پێمان بڵێن تایەکێکتان بۆ رەوانە بکەین"[28]، لەلایەکی ترەوە مەملوکـەکانی میسـر خوتبـەخوێن ئەسـیلەدینی سعردی(أصیل الدین الأسـعردي)[29] نـاردە شـام تاسـوێندی پشـتگیری و پـەیمانی گوێڕایـەڵی مـیر و فەرمانـدە و بەرپرسەکانی شام بۆ (شجر الدّر) و عزەدین ئەیبەك بەدەستبخات، کەچی ئەم هەوڵە نەزۆك و پوچەڵ بوو و بەتوندی لە لایەن میرانی ئەیوبی و قەیموریەوە رەتکرایەوە.

لەم دەمانەدا میرانی قەیموری لە یەکتر دابڕابوون ژمارەیەکان لە میسر بوون و کاتی خۆی یاوەر و هـاودەنگی (الملك الصالح) بوون لەوانە:

- سەیفەدین یوسف، عزەدین حەسەن، جەمالەدین هارون، شەهابەدینی کوڕی شەمسەدین عەزیز، میر سـەیفەدین یوسفیان تازە لە زیندان ئازادکرابوو، ئەوانی تریان: حوسامەدین حەسەن، زیائەدین موسا، ناصرەدین عیسای کوڕی سەیفەدین یوسف، بەدرەدینی کوری جودی، پاش مردنی (الملك الصالح ) هەر لە دیمەشق مانەوە[30].

بەڵام لەگەڵ دابڕان و دووری لە یەکتر، یەکدەنگ و هاوهەڵوێست بوون سەبارەت بەرەتکردنـەوەی رووداوەکـانی میسر و بەرپەرچدانەوەی داخوازی بەندە وکۆیلە تورکەکان، هەرچەندە ئەوانی میسر پێیان ناخۆش نەبوو تورانشاه تیابچیّ، وەلیّ ئەم هەڵوێستەیان ئەوەی ناگەیاند کە دەرحەق بـەو چارەنووسـەی رووبـەڕووی ئەیوبییـەکان بۆتـەوە دەستەوەستان راوەستن، میرە قەیموریەکانی دیمەشق نەك هەر ئامادە نەبوون بە دەنگ داواکاریەکەی دەسەڵاتدارانی

نوێی میسرەوە بچن، بەڵکو دەستوبرد پەیامیان بۆ (الملك الناصر یوسف) میری حەلەب نارد و پێیان راگەیاند کـە هەرگیز بەرهەڤــ نین دان بنێن بە دەسەلاتی (شجرالدر) وسوێندی گوێڕایەڵی بۆ بخون، وهانیاندا هەرچی زووە بێت بۆ دیمەشق تا شارەکەی بدەنەدەست، نەبادا سوپای میسر هێرش بێنێت و داگیری بکات، ئەویش یەکسەر لـە مــانگی (ربیع الآخر) ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز بەرەو دیمەشق بزوا، جەمالەدین کوڕی یەغمور والی دیمەشق ومیرانــی قــەیموری چوونە پێشوازی وهێنایانە دیمەشق و لەشکری حەلەب بەرەو شار کشان، میر ناصرەدین یان میر زیائەدین بەرپرسی دەروازەیەکی شار بوو (الدرب الصغیر)، دەروازەی بۆ والاکردن و بەبێ هیچ بەرگریەك چوونەژوورەوە[٣١].

بێگومان ئەم بانگهێشتنە و ئاسانکاریەی میرانی قەیموری پێشکەشیان کرد، هۆکار و پاڵنەر و پێشینەی خۆی هەیە، بەر لە هەموو شتێك قەیموریەکان دڵسوز و ئەمەکداری ماڵباتی ئەیوبی بوون، لایان نەنگ وشەرم و ناشرین بوو ئاوا بە ئاسانی بچنە ژێر رکێف و ویستی مەملوکە تورکەکانەوە کە دەیانویست سوك وباریك شارێکی مەزن وستراتیجی وەك دیمەشق پاوەندبکەن کە پایتەختی ولاتی شام و دووەم شاری گرنگ و بایەخداری دەوڵەتی ئەیوبی بوو پاش قاهیرە، میرانی قەیموری (الملك الناصر) یان لە هەموو میرەکـانی بـەنی ئـەیوب لـە شـام لـەکن پەسـندتر و گونجاوتربوو، ئەم شایستەو مستەحەقی بانگهێشتن بوو، چونکە لە نێوان هەردوو لادا ناسیاوی وپەیوەندیەکی دۆستانە و گەرم لە ئارادا بوو، میر ناصرەدین ماوەیەك لە حەلەب لە خزمەتی (الملـك الناصـر) بـوو، بەرلـەوەی روبکاتـە دیمەشق[٣٢] هەروەها میر حوسامەدینیش پێشتر و بە فرمانی (الملك الناصر) بەرپرسیارێتی وەرگرتبوو لە حەلەب و رقە [٣٣].

مێژوونوسی نەصرانی (ابن العمید: م ٦٧٢ك/١٢٧٣ز) هاوچەرخی میرانی قەیموری، ئاماژە بۆ هۆکارێکی سەرنج راکێش دەکات کە سەرچاوە ئیسلامیەکان چاوپۆشیان لێکردوەو دەڵێت جەمالەدین کوڕی یەغمور لەگەڵ مەملوکە تورکەکانی نێو سوپای ئەیوبی لە دیمەشق کە بە (الامراء الصالحیة) دەناسران ژێراوژێر خەریکی پیلانگێڕان بوون و بە تەمابوون بە دزی میرانی قەیموریەوە پەیوەنـدی ببەسـتن لەگـەڵ میسـر و شـاری دیمەشـق بدەنـە دەسـت سـوپای مەملوکیەوە، میرانی قەیموریش درکیان بەم پیلانەکرد و گوایە لە ترسی خۆیان دەستپێشخەریان کرد و پەنایان بـۆ (الملك الناصر) برد و مەرجی ئەوەشیان خستە پێش لە حاڵەتی هاتنی بۆ دیمەشق دەبێت موچە وئیمتیازاتیان بۆ زیاد بکات[٣٤].

(ابن العمید) لەم ئاخفتنەیدا دوو خاڵی وروژاندوە کە پێتڤیان بە هەڵوەستە و لەسەر راوەستان و لێوردبوونەوە هەیە، یەکەمیان: پیلانی جەمالەدین کوڕی یەغمور و مەملوکە تورکەکان، دوومیــان: تـرس و تـەماعی میرانــی قەیموری.

بۆ گەیشتن بەراستی و حەقیقەتی ئەم پرسە، پێویستە ئەم ئاخفتنەی (ابن العمید) زانستیانە بنرخێنرێت و هەڵبسەنگێنرێت و لەگەڵ ریوایەت و بۆچوونی سەرچاوەکانی تردا بەراورد بکرێت ولە چوارچێوەی گشتی روداوەکان تەماشا بکرێت و بە ئەنجام و بەسەرهاتەکانی کە دواتر هاتن ببەسترێتەوە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیەدا دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە بلێین: خاڵی یەکەمی ئاخافتنی (ابن العمید) دروست و بەجێ یە وهیچ دوورنیە وا بێت، (الملك الناصر) دوای ئەوەی کاروباری دیمەشقی گرتە دەست رابوو بە گرتن وسزادان و موچەبڕینی ژمارەیەك لە (الامراء الصالحیة)، ماوەیەك جەمالەدین کوڕی یەغموریش بەند کرد و ماڵەکەی تالانکرا[٣٥].

لە راستیدا لەو سەردەمدا و لە میانی ململانێی ئەیوبییەکوردەکان و مەملوکەتورکەکانا، کێشە و رکەبەری و ناکۆکی نێوان میر و سەرکردە کوردەکان ومیر و سەرکردە تورکەکان بۆ هەموان ئاشکرابوو و بە زەقی لە روداوەکانا رەنگیان دەدایەوە، لێرەدا دوو نموونە دەخەینە پێش چاو:

- کە دەنگوباسی بانگهێشتن و دەستڕاکێشانی (الملك الناصر) بۆ دیمەشق لە لایەن میرانی قەیموریەوە لە قاهیرە بڵاوبووەوە، پەشێوی و ئاڵۆزی کەوتە ناو شارەوە، ژمارەیەك میرو سەرکردە دەستگیر کران– وەك (ابن واصل) دەڵێت – "لەوانەی وا تورك نەبوون"[٣٦]، و لەراستیدا دەستگیرکراوەکان هەر میرە کوردەکان بوون بە تایبەت قەیموریەکان و تیایاندا سەیفەدین، جەمالەدین هارون، عزەدین هەبوون[٣٧].

چۆن میرانی قەیموری وسەرجەم میرانی کورد، رێزی سەرکردایەتی ئەیوبی کوردیان دەگرت وخۆشیان دەویست و بەرگریان لێدەکرد، بەندە وکۆیلە تورکەکانیش بە هەمان شێوە ئاواتەخوازبوون سەرکردایەتیەکی تورکی بێتەکایەوە، لە هێرشی ئەیوبییەکان بۆ سەر قاهیرە – پاشان باس دەکرێت – ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز و لە کاتێکی ناسك و لەو وەختەی هەندەی نەمابوو شەڕ بە بەرژەوەندی لەشکری شام –ئەیوبی بڕێتەوە و کێشەکە یەکالابێتەوە، ژمارەیەك لە میر و سەرکردەی تورك پشتی (الملك الناصر) یان بەردا و پەیوەندییان کرد بە عزەدین ئەیبەکی مەملوکیەوە، مەقریزی روونی کردۆتەوە کە کردەوەی ئەو میرانە لەبەر ئەوە بوو کە ئەوانیش وەك عزەدین ئەیبەك و (الامراء البحریة) تورك بوون و بە ئەگەری سۆزی هاونەتەوەیی -علة الجنسیة- ئەم کارەیان کردو لەبەرئەوەش کە رق وکینیان لە شەمسەدین لۆلۆ پێشەوای سوپای ئەیوبی دەبووەوە[٣٨].

سەبارەت بە خاڵی دووەمین ئەوەی ئاشکرایە دەیان مێژوونووس باسی ئەم بابەتیان کردوە و هەندێکیان تەواو هاوچەرخ بوونە، هیچێکیان باسی شتێکی وایان نەکردوە نەراستەوخۆ نە بە ئاماژە[٣٩]، ڕاستە (الملك الناصر) پاداشتی میرانی قەیموری دایەوە و خەلاتی کردن، ئەمەش شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە، میرانی قەیموری تەنها

مەبەستیان ئەوەبو نەهێڵن تورکە مەملوکەکان دیمەشق زەوت بکەن و حوکمی ئەیوبی تیایدا لە ناو ببەن و بەدەردی ئەیوبییەی میسری ببەن.

## ٣- میرانی قەیموری وهێرشی (الملك الناصر) بۆ سەر قاهیرە:

گۆڕانکاریەکانی میسر، (الملك الناصر) وسەرجەم میرانی ئەیوبی لە شام سەرسام کرد، ئەوان بڕوایان نـاکرد، فەرمانڕەوایی ئەیوبی لە میسر ئاوەها کتوپڕ و بە ئاسانی لە ناوبچێت و مەملوکە تورکەکان، بەندەو خزمەتکاری دوێنێیان دەسەڵاتیان سەروژێر بکەن و بەخۆیان جڵەوی حوکم بگرنەدەست و سەرەڕای ئەمەش مەترسی بخەنە سـەر شام و راشکاوانە هەڕەشەی داگیرکردنی بکەن.

لە ناوەڕاستی مانگی رەمەزانی ساڵی ٦٤٨ک/١٢٥٠ز (الملك الناصر) هاوڕێ لەگەڵ ئامۆزاکانی لـە میرانـی ئەیوبی و بە یاوەری ژمارەیەك گەورە سەرکردەی کورد و تورك لە دیمەشقەوە رووەو میسـر کەوتنـەڕێ بـە هیـوای سەندنەوەی میسر و زیندوکردنەوەی سەروەری ئەیوبییەکان و گەیشتنە شاری غەززە، تورکە مەملوکەکانیش لەلای خۆیانەوە ئامادەباشیان کرد وهاتنە پێش، لە رۆژی (١٠)ی (ذي القعدة) و لە جێگایەکی نزیك شارۆچکەی (العباسة) جەنگ بەرپابوو، هەموو کەس لەو باوەڕە دابوو، سەرکەوتنی ئەیوبییەکان مسـۆگەرە، دەسـتپێکی جـەنگیش وای دەردەخست، تەنانەت لە قاهیرە و هەندێ شوێنی دی میسر خوتبە بە ناوی (الملك الناصر)ەوە خوێندرایەوە[٤٠] لـە گەرمەی رووبەڕووبونەوەو لە ساتێکی یەکالاکەرەوەدا، ژمارەیەك سەرکردەی تورکی نێو سوپای ئەیوبی بە خۆیان و چەکدار و چەك و تفاقیانەوە دایانە پاڵ عزەدین ئەیبەکی مەملوکی، ئەمەش کارێکی خراپی کردە سەر بەرەی شام و تەرازووی هێز ئاوەژوو بووەوە[٤١].

ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بەم باسەوە هەیە، زۆربەی میرانی قەیموری بەشداریان کردو رۆڵێکی تەوەری و بنەڕەتی یان هەبوو، کاتێك (الملك الناصر) لە هێرشێکی لە ناکاوی عزەدین ئەیبەك وتورکەکان توانی خـۆی دەربـاز بکـاو نەکەوێتە دەستیان، میرانی قەیموری دڵشادبوون ویستیان هێرش بکەنە سەر عزەدین ئەیبەك ودەستگیری بکەن، کەچی بینیان چەکدارەکانیان بڵاوەیان لێکردوە دووی تاڵانی ودەستکەوت کەوتوون، چونکە وایان زانیبوو شەڕ تەواو بووە وسەرکەوتوونە، ئەوەبوو کاتێك عزەدین ئەیبەك دژە هێرشێکی کرد، میرانی قەیموری نائومێدنەبوون و بەرەنگاریان کرد، لە لایەکی ترەوە، میر زیائەدینی قەیموری و شەمسەدین لۆلۆ بە تەنها رووبەڕووی سوپایەکی مەملوکی بوونەوە تێکیان شکاندن و پاشماوەیان تا سەعیدی میسر خۆیان نەگرتەوە[٤٢].

ئەم شەڕ و لێکدانە بە پێچەوانەوە، بە سەرکەوتنی سوپای مەملوکی تەواو بوو، ئەیوبیەکان زیانێکی قورسیان لێکەوت ژمارەیەك میر و سەرکردەی ناسراو کوژران و بەدیل گیران کە زۆربەیان کوردبوون:

- کوژرانی میرناصرەدین عیسای کوڕی میرسەیفەدینی قەیموری و دوو میری تری کورد بەدرەدینی زەرزاری وشەمسەدینی حەمیدی.

- بەدیلگیرانی میر زیائەدینی قەیموری، دواتر لە ملیاندا لەبەر ئەو ڕۆڵەی گێرابووی لە شەڕدا.

- برینداربوونی میرحوسامەدینی قەیموری ودوای چەند ڕۆژێك گیانی لەدەستدا.

- بەدیلگیرانی میرشەهابەدینی قەیموری[٤٣].

کوژراوەکان قەیموری بران بۆ شاری قودس و بەخاك سپێردران، وئەو شوێنە دواتر بوبە توربەی قەیموری.

سەبارەت میرە قەیموریەکانی قاهیرە، میر سەیفەدین لە زیندان بوو، جارێکی تر (ابن العمید) زانیاری جیاواز لە زانیاری مێژوونوسانی تر بەدەستەوە دەدات و دەڵێت، میر سەیفەدین داوای کرد خوتبە لە قاهیرە بە ناوی (الملك الناصر)ەوە بخوێنرێتەوە و قەناعەتی بەهاو زیندانیەکانیشی هێنا هەمان رایان هەبێت، هەموان وا تێگەیانرابوون شاهی ئەیوبی سەرکەوتووە و میسری گرتووە، عزەدین ئەیبەك بەمەی زانی و هەندێك لەو زیندانییانەی لە سێدارەدا، بەتەمابوو میر سەیفەدینیش بەهەمان دەردببات، کەچی یاوەر و دارودەستەکەی ئامۆژگاریان کرد کاری وانەکات و کەسایەتی میر سەیفەدینیان پێ ناساند، ئەویش پاش ماوەیەك ئازادی کرد و لە خاکی میسر دەری کرد و ئەمیش گەڕایەوە دیمەشق[٤٤].

هەرچی مەقریزی و بەدرەدینی عەینیە (العینی: م٨٥٥ك/١٤٥١ز) ئەوا دەڵێن کاتێك زیندانییەکان لە هەواڵی سەرکەوتنی (الملك الناصر) ئاگادارکرانەوە، لە گرتووخانە هاتنە دەرەوە و لە خۆشیان شاگەشگە بوون و ویستیان قەڵای (الجبل) کۆنترۆڵ بکەن، میر سەیفەدین بەم کارە ڕازی نەبوو و جیێ هێشتن لە پێش دەرگای ماڵی عزەدین ئەیبەك دانیشت و منداڵەکانی پاراست و نەیهێشت خەڵکی ماڵەکەی تالآنی بکەن[٤٥].

دەکرێت ئەم دوو ریوایەتە پێکەوە ببەسترێنەوە و وا لێکبدرێنەوە کە میر سەیفەدین بە هەواڵی سەرکەوتنی سوپای شام دڵخۆش بووە و خوازیاری خوێندنی خوتبە بووە بە ناوی شاهی ئەیوبییەوە، بەلآم ئەم هەڵوێستەی بەربەست و ڕێگر نەبووە، داکۆکی لە ماڵ و ژن و منداڵە بێتاوانەکانی عیزەدین ئەیبەك بکات و بیانپارێزێت، ئەو خۆی مرۆڤێکی نەفسبەرز و جوامێر وخوداناس بوو[٤٦] و لەوە دەچێت یاوەرانی عیزەدین ئەیبەك ئەم هەڵوێستەی میری قەیموریان بۆ روونکردبێتەوە و داوای نەك کوشتنی بەڵکو ئازادکردنیان لێ کرد بێت.

میر شەهابەدینیش تا ساڵی ٦٥١ک/١٢٥٣ز لە زیندان گوزەراندی، لەم ساڵدا پەیمانی ئاشتی لە نێوان (الملك الناصر) و عزەدین ئەیبەکی مەملوکی مۆرکرا، هەردوولا لەسەر چەند خاڵێك پێکهاتن، بەپێی خاڵێکی رێککەوتنامەکە مەملوکەکان دەبوو هەرچی دیل و بەندکراوی ئەیوبی هەیە ئازادی بکەن، ئەم پرسە جێبەجێ کرا، چ میرێکی ئەیوبی هەبوو بەردران و دەکرێت بلێین میر شەهابەدینیش بەر ئازادبوون کەوت و گەرایەوە دیمەشق[٤٧].

ماوەتەوە میر جەمالەدین هارون، کە تا ساڵی ٦٥٦ک/١٢٥٨ز لە ریزی سوپای مەملوکی مایەوە، لەم ساڵەدا لەگەڵ کۆمەڵێ میردا پەیوەندییان کرد بە (الملك المغيث عمر) میری ئەیوبییەی کەرەك و بیبرسی هاوپەیمانی کە هەڵاتبوو لە میسر، دواتر لە شەرێکدا دژی سوپای مەملوکی لەگەڵ میرە هەڵاتووەکانی تردا بە دیل گیران و لە ملی هەمووان درا[٤٨].

## ٤- میرانی قەیموری و رۆڵیان لە بەرگریکردن لە هێرشەکانی مەغۆل:

کوردە قەیموریەکان لەم بەرەیەشدا، دڵسۆزی و وەفاداریی خۆیان سەلماند و پشکدارییان کرد لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی مەغۆل بۆ سەر شارەکانی ولاتی شام، هەرچەند زانیاری لەمەڕ ئەم لایەنەی مێژووی قەیموریەکان ناتەواوە.

لەو دەمانەی مەترسی هۆلاکۆ لە دیمەشق نزیك بووەوە -ساڵی ٦٥٨ک/١٢٦٠ز- و (الملك الناصر) و خەڵکی، شارەکەیان چۆڵکرد و ئەو لەشکرەی بۆ شەڕی مەغۆل پێکەوەنرابوو و ژمارەی خۆی لە سەد هەزار کەس دەدا لە عەرەب و عەجەم، هەموو بلاوەیان لێکرد و خۆیان دزیەوە، تەنها میرانی قەیموری: ناصرەدین و شەهابەدینی کوڕی شەمسەدین عەزیز و شەهابەدینی کوڕی حوسامەدین و چەکدارەکانیان و چەند سەرکردەیەکی تری کورد و هەندێك مەملوك لە دەوری مانەوە[٤٩]، لەم نەهامەتیە کۆمەڵی مەملوکی تورکی لەوانەی لە خزمەت (الملك الناصر) مابوونەوە، فرسەتیان هێناو بە تەمابوون ئەم هەلە بقۆزنەوە و بیکوژن، لێرەش قەیمورییەکان و جەمالەدین کوڕی یەغمور هاتنە دەست و رزگاریان کرد[٥٠].

میرانی قەیموری ژن و مناڵەکانیان رەوانەی میسر کرد نەك بکەونە دەست مەغۆل، لە پەیامێکی پڕ هەڕەشەو گوڕەشەدا لە مانگی سەفەری ساڵی ٦٥٨ک/١٢٦٠ز، هۆلاکۆ داوای لە (الملك الناصر) و چوار گەورە بەرپرسی دەوڵەتەکەی لە وانە میر عەلائەدینی قەیموری-مەبەست ناصرەدینی قەیموریە- کرد کە بەرگری بێسوودە و شەڕی

خۆکوژی نەکەن و خۆیان بدەنە دەستەوە[٥١]، ئەمانیش لـە وەڵامنامەیەکـدا بـە تونـدی پەیامەکـەی هۆلاکۆیـان ڕەتدکردەوە و پڕۆپاگەندەکانیان بە درۆخستەوە و لە بەرهەڤی خۆیان بۆ بەرگری هۆشیاریان کردەوە[٥٢].

لە لایەکی ترەوە، میر بەدرەدین خضری قەیموری لەگەڵ کوردە شارەزوورییەکان لە (الملك الناصر) جیابووەوە و پەیوەندییان بە (الملك المغیث)ەوە کرد، بە بەهانەی ئەوەی گوایە ئەو خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هۆلاکۆ دەدزێتەوە و نایەوێت بە شەڕی بەرگری ڕابێت دژی مەغۆل و سەرکردەکانی لەم بوارەدا ترسنۆکن[٥٣].

هەروەها لە شەڕی شاری حمص و پێشگرتن لە پێشڕەوی مەغۆل دا، میربەدرەدین محەمەدی کـوڕی عزەدینـی قەیموری کە لە خزمەتی (الملك المنصور: ٦٤٢-٦٨٣ك/١٢٤٤-١٢٨٤ز) بوو بەشداریی کرد و لایەنێکی بەرهەڵستی سوپای ئەیوبیی بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە[٥٤].

## سێهەم: کوردە قەیمورییەکان لە سەردەمی مەملوکی:

### ١-لە سەرەتای سەردەمی مەملوکیدا:

وەك چۆن دەرکەوتنی کوردە قەیموریەکان هاوکات و بەهۆی ئەیوبیەکانەوە بوو، هەر ئاوهاش هاوچارەنووسبوون، لەگەڵ نەمانی باڵادەستی و سەروەری بنەماڵەی ئەیوبی و کزبوون ولاوازبوونی فەرمانڕەواییان و کەوتن و روخانی یەك لەدوای یەکی میرنشینە ئەیوبییەکان، میرانی قەیموریش لە گۆڕەپانی روداوەکان وورده وورده کشانەوە و بزربـوون و لەلایەن دەوڵەتی مەملوکی تورکیەوە لە سەر کارلابران و دورخرانەوە و گۆشەگیرکران و مووچـە وئیقتاعاتیـان لێ سەنرایەوە، دیارە ئەم سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی مەملوکی لە مەڕ میرانی قەیموری لە سۆنگەی ئـەوەوە بـوو، کـە مەملوکە تورکەکان کوردە قەیموریەکانیان بە دۆستی گیانیبەگیانی ماڵبـاتی ئـەیوبی دەژمـارد و بـەو پێودانگـە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردن لەبەر ئەو دڵسۆزی و هەڵویستە جوامێرانەی کە نواندیان لە بەرگەگرتن و داکۆکیکردن لە سەروەری دەوڵەتی ئەیوبی، ئەوان هەردەم بە چاوی گومان و دوودلێەوە لە میرانی قەیمورییان دەڕوانی، هەر زوو کارێکی وایان کرد کەسایەتی و سەرکردە ومیرەکانی قەیموری لە ناوەندە سەربازی و سیاسیە گرنگەکان دوربخرێنەوە، میر ناصرەدین، کە لە سەردەمی هەردوو شاهی ئەیوبی (الملك الصالح ایوب) و (الملك الناصر) پێشەنگی سوپای شام بوو، کەچی لە دەستپێکی دەوڵەتی مەملوکی چەند ساڵ بێکار مایەوە و فەرامۆش کرا، مێـژوونووس (الکتبـی: م ٧٦٤ك/١٣٦٢ز) دەڵێت: "تورکەکان کەربیان لە میر ناصرەدینی قەیموری بوو و خۆشییان بە چارەی نەدەهات"[٥٥]،

ئەوەبوو پاش هێرشەکانی هۆلاکۆ بۆ سەر ولاتی شام و لاوازبوونی دەسەلاتی ئەیوبی لە دیمەشق، میر ناصرەدین و چەکدارەکانی گیران و دەستبەسەر کران، دواتر کاتێك شاهی مەملوکی سەیفەدین قطز(٦٥٧-٦٥٨ك/١٢٥٩-١٢٦٠ز) شاری دیمەشقی گرت، ویستی میر ناصرەدین و هەڤالەکانی لە جێگایەکی قایم و دوورەدەستی قەیموریەکان زیندانی بکات و رەوانەی قاهیرەی کردن و لە قەلای شارەکە زیندانی کردن[٥٦].

(ابن شداد: م ٦٨٤ك/١٢٨٥ز) هەواداری مەملوکیەکان و نوسەری کتێبی (تاریخ الملك الظاهر) پاساو بۆ ئەم کارە دەهێنێتەوە گوایە کاتی خۆی میر ناصرەدین و میرانی دی قەیموری، هەرگاڤ (الملك الناصر)ی ئەیوبی یان هاندەدا بیبرس – کەدواتر بوو بە شاه و نازناوی (الملك الظاهر)ی لێنرا- دەستگیر بکات و رەگوریشەی دارودەستەکەی لە میرە تورکەکان دەربهێنێت[٥٧].

لە لایەکی ترەوە میر شەهابەدینی کوڕی حوسامەدینی قەیموری کە میرێکی ناودار بوو لە هەردوو سوپای (الملك الصالح) و (الملك الناصر)دا، لە سەردەمی مەملوکیدا نابوت کرا و لەسەر کار لابرا، تەنانەت خانووبەرە و ملکومالی توشی روخاندن و تێکدان هاتن[٥٨].

هەروەها میر عزەدینی کوڕی ناصرەدینی کوڕی سەیفەدینی قەیموریش، پاش ئەوەی مەغۆل قەلای قەیموریان لێ زەوت کرد، لە کوردستانەوە هەلهات بۆ میسر و پاش ماوەیەك گەرایەوە دیمەشق، لەم دوو شوێنە هەندێك کاری پێ سپێردرا کە سەرچاوەکان جۆر وسەنگی ئەم کارانەیان دیاری نەکردوە، دواتر لە کاروباری دەولەتی مەملوکی دوورخرایەوە و بە بێکاری دەیگوزەراند و ژیانی گۆشەگیری هەلبژاردو لە نزیك نەخۆشخانەی قەیموری کە میر سەیفەدینی پاپیری بنیاتی نابوو لە دامێن چیای قاسیون نیشتەجێ بوو لە سالی ٦٨١ك/١٢٨٢ز وەفاتی کرد[٥٩].

و لە سالی ٦٥٨ك/١٢٦٠ز ئەو دەمەی (الملك الناصر) وگەورە بەرپرسانی لە میرانی قەیموری، هەلسان ژن ومندالەکانیان رەوانەی میسر کرد نەبادا بکەونە دەست سەربازەکانی مەغۆل، سەیفەدین قوتز بێ سێودوو رابوو هەرچی زیڕ و زیو و خشل و پارە هەبوو بەزۆر لەو ئافرەتانەی سەند، مەقریزی دەلێت: "پارە و سامانێکی گەلێ زۆری لە هاوژینەکانی میرانی قەیموری سەند و هەندێکیانی سزادا"[٦٠].

## ٣- لە سەردەمی(الظاهر بیبرس: ٦٥٨-٦٧٦ك/ ١٢٦٠-١٢٧٧ز):

کاتێك (الظاهر بیبرس٦٥٨-٦٧٦ك/ ١٢٦٠-١٢٧٧ز) جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست وەك لە کردەوە و هەڵوێستەکانی بەراشکاوی دەردەکەوێت، درکی بە گرنگی و بەهای میرانی قەیموری کرد و ئەو خزمەتە زۆرە و رۆڵە شەرەفمەندانەیەی لە بەرچاو گرت کە ئەوان پێشکەشی ئیسلام و وڵاتی موسڵمانانیان کردوە و هەستی بە چەوتی و ناڕەوایی ئەو سیاسەتەکرد کە دەوڵەتی مەملوکی پیادەی دەکات دەرحەق میرانی قەیموری و بەکردەوە هەندێك ئیجرائاتی ئەنجامدا کە بوونە مایەی گەڕانەوەی میرانی قەیموری بۆ واجیهەی روداوەکان:

- میرشەهابەدینی کوڕی میرشەمسەدینی کردە نوێنەری دەوڵەت لە کەنارەکانی شام و بەرپرسی هێرشبردن بۆ سەر پێگەکانی خاچهەڵگرەکان (الفتوحات) وموچەیەکی بۆ بڕیەوە لە شێوەی ئیقتاع کە بریتی بوو لە سەد تەواشی(٦١)، میری قەیموری لەسەر کارەکەی مایەوە تا مردنی لە ساڵی ٦٦١ك/١٢٦٣ز و موچەکەی بۆ کوڕەکەی مایەوە(٦٢).

- میر ناصرەدینی لە زیندان ئازادکرد، بێ ئەوەی کارێکی بۆ دابین بکات، تا لە ساڵی ٦٦٢ك/١٢٦٤ز پلە وپایەی سەربازی بۆ گەڕاندەوە و کردی بە میر و پارچە زەوییەکی وەك ئیقتاع لە کەناری شام پێبەخشی و کردییە نوێنەر و والی کەنارەکان لە جێگای میر شەهابەدینی برای تا درێژە بدات بە جیهاد و بەرگەگرتن لە پەلامار و مەترسییەکانی خاچهەڵگرەکان (٦٣).

میر ناصرەدین لەگەڵ دەستبەکاربوونی رۆڵی شیاو و شایستەی خۆی گێڕاو ئەرکەکانی سەرشانی سەرکەوتووانە جێبەجێ کرد و هەڵمەتی بردە سەر قەیساریە(٦٤) و عەسلیس(٦٥) و زیانی گیانی و ماڵی گەیاندە خاچهەڵگرەکان (٦٦)، بۆ ساڵی دواتر-٦٦٣ك/١٢٦٥ز- بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای مەملوکی بەسەر فەرەنجەدا و رزگارکردنی قەیساریە و ئەرسوف و چەند جێگایەکی دی، سوڵتانی مەملوکی بە فەرمانێکی فەرمی زەویوزارێکی بەرفراوانی لە ناوچە تازە رزگارکراوەکان دابەشکرد بەسەر میر و سەرکردە و کەسایەتیە ناسراوەکان ئەوانەی نەخش وپشکداریان هەبوو لەم سەرکەوتنانە، لەوانە میر ناصرەدین کە نیوەی دەڤەری (البرج الاحمر)ی(٦٧) بەرکەوت(٦٨).

میر ناصرەدین بەردەوام بوو لە خزمەت و جیهاد و بەرەڤانی لە ریباتەکانی کەناری شام تا ساڵی ٦٦٥ك/١٢٦٦ز کۆچی دوایی کرد(٦٩).

- میر بەدرەدین خضری قەیموری کە پێشتر لە خزمەتی (الملك المغیث) بوو، کە شاهێکی لاواز و بێدەسەڵات بوو، میری قەیموری بەرپرسییەکی ئەوتۆی نەمابوو و بێکار و مووچەبڕاو بوو، لە ساڵی ٦٦١ك/١٢٦٣ز (الظاهر بیبرس) باژێری کەرەکی گرت و(الملك المغیث)ی دەستبەسەرکرد و رەوانەی قاهیرەی کرد، میر بەدرەدینیش خۆی گەیاندە

خزمەت بیبرسی کۆنە هەڤاڵی، ئەمیش ڕێزی لێناو هاوڕی لێدایەوە و ئیمتیاز و فرمانی بۆ دەستەبەرکرد، ئەم لالێکردنەوەیە لەبەر ئەوەش بوو کە ئەو کاتەی بیبرس ڕێزی (الملك المغیث)ی جێ هێشت و پەیوەندی بە (الملك الناصر)ەوە کرد، ژن ومناڵەکانی لە شاری نابلس بەجێمان، میر بەدرەدین چاودێری کردبوون و یارمەتی دابوون[٧٠].

- میرشەهابەدینی کوڕی حوسامەدین ماوەیەکی درێژ تا ساڵی ٦٧٣ک/١٢٧٤ز بێکار و نانبڕاو بوو، لەم ساڵەدا سوڵتانی مەملوکی لایەکی لێکردەوە و بڕێك دەسەلاتی بۆ گێڕایەوە و مووچەی چل تەواشیی لە دیمەشق بۆ بڕیەوە و بڕیاری دا قەرەبوو بکرێتەوە و ئاوایی و خانوبەرە زیان لێکەوتووەکانی بۆ نۆژەن بکرێنەوە[٧١].

## ٤- کوردە قەیموورییەکان لە مردنی بیبرسەوە تا ساڵی٧٠٠ک/١٣٠٠ز:

دوای مردنی (الظاهر بیبرس) و تا کۆتایی سەدەی نۆیەمی کۆچی/پازدەیەمی زایینی، چەند کەسایەتیەکی قەیموری لە سەرکردە و والی و قازی و کارگێڕ و پیاوی ئایینی ناوبەناو پلەوپایە و بەرپرسێتیان گرتۆتەدەست و نازناوی قەیموریان پاراستوە و هەر بەو نازناوەوە ناسراون، ئەم کەسایەتیە سەربازی و ئایینی و کارگێڕیانە لە چاو گەورەپیاوانی قەیموری ڕۆژگاری ئەیوبیەکان ڕۆڵ و کاریگەریەکی روون و ئاشکرایان نەبووە و پێزانین ودەنگوباس لە بارەیانەوە یەکجار کەمە، لەوانە:

- میر عزەدین محەمەدی کوڕی عزەدین حەسەنی قەیموری: ماوەیەك والی شاری غەززە بوو لە ولاتی شام و ساڵی ٦٨٣ک/١٢٨٤ز میرحەج (امیر الحج)ی شام بوو، هەروەها کرایە سەرپەرشتیاری وەفدی شاری غەززە بۆ حیجاز بە نیازی فەرشکردنی کەعبەی پیرۆز، کەسایەتیەکی خێرخواز و جوامێر بوو و ساڵی ٦٩٤ک/١٢٩٥ز لە دیمەشق مرد و لە گۆڕستانی قاسیون بەخاك سپێردرا[٧٢].

- جەمالەدین یوسفی کوڕی عیسای قەیموری: نەوەی میر سەیفەدینە و ژنبرای فەقێی شافعی کورد شەهابەدین داودی گۆرانی(م ٧٣٠ک/١٣٣٠ز) یە، هیچ زانیاریەکی لەبارەیەوە بەرچاو ناکەوێت[٧٣].

- میرجودی قەیموری: دوور نییە کوڕی میر بەدرەدینی کوڕی جودی بێت ئەگەر وا دابنێن بە ناوی باپیریەوە ناونراوە، وەك میر بەدرەدینیش بەرپرسی سەربازی بوو لە سەردەمی (الظاهر بیبرس)، دوای مردنی بیبرس، کوڕەکەی (الملك السعید: ٦٧٦-٦٧٨ک/١٢٧٧-١٢٧٩ز) جێگای گرتەوە، ئەمیش پاش دەستبەکاربونی بە ماوەیەکی کەم میرجودی قەیموری بەندکردو ماوەی پێنج ساڵ لە زیندان مایەوە و ساڵی ٦٨١ک/١٢٨٢ز ئازادکرا، لەمە زیاتر هیچی لە سەر نازانرێت[٧٤].

- میری مەزن بیبرس کوڕی عەبدوڵای قەیموری(م ٧٠٤ك/١٣٠٤ز)، مێژوونوسان بە تورك دایدەنێن و ناوەکەشی تورکیە، لەوانەیە نازناوی قەیموری لە میرێکی قەیموریەوە بۆ مابوبێتەوە کە ئەم خزمەتی کردوە و مەملوکی بووە، ئەمیش میر بوو لە سوپای مەملوکیدا و نسبەی (الظاهری) هەڵدەگرت، سەرەڕای ئەمەش خوێندەوار و شارەزابوو لە زانستی حەدیسدا و یەکێك بوو لە مامۆستا و شیخەکانی(الذهبی) (٧٥).

## چوارەم: لایەنی ئاواکاری:

کوردە قەیموریەکان لەپاڵ رۆڵ و بەشداری و کاریگەریان لە رووداوە سیاسیەکانی وڵاتی شامدا. لە بواری ئایینی و ڕوشنبیری و خزمەتگوزاریشدا خزمەتیان کەم نییە ودەستڕەنگینییان بە ڕاشکاوی دیارە، قەیموریەکان پاش کۆچکردنیان بۆ وڵاتی شام بە ماوەیەکی کەم گەلێك دەوڵەمەند بوون و سەروەت وسامان و ملکێکی زۆریان پێکەوەنا(٧٦)، میر سەیفەدین و میر ناصرەدین چەندین گوند و رەزوباخ و کێڵگە و ئاش و دوکان و خان و عەقاراتیان لە دیمەشق و دەوروبەری هەبوو، شاهانی ئەیوبی بە تایبەت (الملك الصالح ایوب) و (الملك الناصر یوسف) لە بەرانبەر پشتیوانی و دڵسۆزی و وەفاداری و بەئەمەکیی میرانی قەیموری، بەردەوام پاداشتیان دەدانەوە و ملکی بەپیت و باخ و بێستانیان بۆ دادەبڕین(٧٧).

میرانی قەیموری لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی لە شام بوون، لە حسێبی خۆیان ژمارەیەك قوتابخانە و مزگەوت و نەخۆشخانەیان بنیاتناوە کە هەر یەکێکیان گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە و بوونەتە هۆی پتر بەناوبانگبوونیان کە دەیانویست لەو بوارەشدا کەمتەرخەمی نەکەن و جێپەنجەیان دیار بێت، بێگومان دروستکردنی قوتابخانە و مزگەوت و دامەزراوە خێرخوازییەکانی تر دەچنە خانەی جیهاد و خواپەرستیەوە.

### أ- لە دیمەشق:

### ١- قوتابخانەی قەیموریەی مەزن (القیمریة الکبری):

ئەم قوتابخانەیە لە لایەن میر ناصرەدینی قەیموریەوە بنیاتنراوە لە بازاڕی (الخریمیین) نزیك (مأذنة فیروز) و یەکێکە لە قوتابخانە هەرە دیار و ناسراوەکانی دیمەشق و سەرجەم وڵاتی شام، کەڵە زانایان و گەورە مامۆستایانی ناوچەکە وانەیان تێدا گوتۆتەوە و بە شێوەیەکی فەرمی بوونەتە مامۆستای ئەم قوتابخانەیە، لەوانە قازی و

مێژوونوسی ناودار (ابن خلكان: ٦٠٨-٦٨١ك/١٢١١-١٢٨٢ز) و قازی و پێشنوێژ و زانای كورد شەمسەدین عەلیی كوڕی مەحمودی كوڕی عەلیی شارەزوری (م ٦٧٥ك/١٢٧٦ز) و قازی (بدرالدين ابن جماعة) و قازی (علاء الدين احمد بن تاج الدين ابن بنت الاعز) و قازی (ابو الخير محمد بن عبدالله الاربلي: ٦٥٣-٧١٩ك/١٢٥٥-١٣١٩ز) و چەندانی تر[٧٨].

میر ناصرەدین هەر لە كاتی بنیاتناندا، قوتابخانەكەی وەقفكرد لەسەر زانا و مامۆستا شەمسەدینی شارەزوری، پاش مردنیشی كوڕ و نەوە شایستەكانی ببنە میراتگری و درێژەبدەن بە وانەگوتنەوە تیایدا، ئەوەبوو دوای مردنی شەمسەدین عەلی لە ساڵی ٦٧٥ك/١٢٧٦ز، كوڕەكەی صەلاحەدین محەمەد بووە مامۆستا و دوای مردنی ئەم لە ساڵی ٦٨١ك/١٢٨٢ز شەرەفەدینی برای جێگای گرتەوە كە دوای مانگێك ئەمیش مرد[٧٩].

وەك لە ئاخافتنی ژێدەرەكانەوە دەردەكەوێت ئەم قوتابخانەیە گەلێك مەزن بوو، میر ناصرەدین پارەیەكی زۆری لە ئاواكردنی خەرج كرد و هەموو پێداویستیەكانی خوێندن و فێربوونی بۆ دابین كرد، تەنانەت چەند كاتژمێرێكی لەسەر دەرگاكانی قوتابخانەكە دروستكرد بۆ زانین و دەستنیشانكردنی كات و ماوەی وانەگوتنەوە، تەنها لەم سەعاتانە نزیكەی چل هەزار درهەمی مەزاخت[٨٠]. ماوەتەوە بڵێین، شوێنەواری ئەم قوتابخانەیە تا ئێستاش هەرماوە و ئەو گەڕەكەی شاری دیمەشق وا قوتابخانەكەی لێیە بە (حي القيمرية – حارة القيمرية) دەناسرێت[٨١] و بە دوو سەد مەترێك دەكەوێتە پشت مزگەوتی ئەمەوییەكان (الجامع الأموي) لە سەنتەری شاردا، نوسەری ئەم دێڕانە لە مانگی ئەیلولی ساڵی٢٠٠٧ سەردانی مزگەوتەكەی كرد.

لە راستیدا قوتابخانەی قەیموریە مێژوویەكی دێرین و پڕ سەروەریی هەیە و شایەنی ڤەكۆڵینێكی تایبەتە.

## ٣- قوتابخانەی قەیموریەی بچووك (القيمرية الصغرى):

ئەم قوتابخانەیە ساڵی ٦٥٣ك/١٢٥٥ز لە لایەن میر سەیفەدینەوە دروست كراوە و دەكەوتە گەڕەكی (القباقبية العتيقة) لە رۆژئاوای قوتابخانەی (المقدمية الحنفية) و باكوری قوتابخانەی (المقدمية الحنبلية) تا ساڵی ٨٩٢ك/١٤٨٧ز هەر ئاوەدان بوو[٨٢]، تا ئەم ساڵانەی دوایش پاشماوەی كەلاوەكەی هەر مابوو[٨٣].

بێجگە لەم دوو قوتابخانەیە، قوتابخانەیەكی تر هەبوو لە دیمەشق هەر بە قەیموریە دەناسرا لەسەر رێگای (الشبلية) لە قیبلەی قوتابخانەی (الحافظية)[٨٤]، دەنگوباسی دی لەمەڕ ئەم دوو قوتابخانەیەی دوایی نییە، و ئاشكرا نییە چ میرێكی قەیموری دروستی كردووە.

میر ناصرەدین محەمەد(م ٦٩٠ك/١٢٩١ز)ی کوڕی میر نەجمەدین عومەری قەیموری کە دەبێتە بـرای مـیر شەهابەدین ئەحمەد، هەرچەند زانیارییەکی ئەوتۆمان لە مەڕ ئەم میرەی قەیموری نییە تەنها ئەوەندە نەبێت کە لـە گڵکۆی مزگەوتەکەی لە تەنیشت گڵکۆی (الحافظية) بە خاك سپێردراوە( البرزالي، المقتفي، ٢٥٨/٢/١).

وا دیارە ئەو مزگەوتەی کە بە (القيمرية) ناسراوە هەر ئەم مزگەوتەی میر ناصرەدین بووە.

## ٤- نەخۆشخانەی قەیموریە:

میر سەیفەدینی قەیموری کە میرێکی خێرومەند و خواناس و ئیماندار بوو وخاوەند سەروەت و سامانێکی زۆر بوو، لە حیسابی خۆی ساڵی ٦٥٢ك/١٢٥٤ز ئەم نەخۆشخانەی ئاواکردووە، تا خەڵکانی هەژار و کەمدەرامـەت و تەواوی موسڵمانان سوودی لێ وەگرن. هەر بۆیە ڕابوو بە وەقفکردنی، ئەم نەخۆشخانەیە لە دامێنی چیای قاسیونە لە شاری دیمەشق وبە (بیمارستان الصالحية) دەناسرا، وا دیارە میر سەیفەدین ئـەم نەخۆشـخانەیەی بـە نـاوی (الملـك الصالح)ەوە ناوزەدەکردووە.

ئەم نەخۆشخانەیە بێگومان سوود و بایەخی زۆری هەبووە کە خەڵکی دیمەشق و ناوچەکە بە گشتی بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر خۆیان تیا چارەسەرکردوە، ئەمەش وای کـرد کـە مـیر سـەیفەدین ناوبـانگێکی بـاش پەیـدابکات، سەرچاوەکان گەلێك ستایشیان کردوە بە (واقف مارستان الصالحية) ناوی دەبەن[٨٥].

میر سەیفەدین ژمارەیەك گوند و ڕەز و دوکان و ئاشی لەسەر نەخۆشخانەکە وەقفکردبوو کە دەکەوتنە دیمەشق و دەوروبەری، لە وەقفنامەکەدا کە لە سەر دەروازەی نەخۆشخانەکە هەڵکۆڵراوە بە درێژی روونی کردۆتەوە کە خەرجی و پێداویستیەکانی نەخۆشخانەکە لە دەرمان و خواردن و خواردنەوە و پیتاك وکەلوپەل و کەرەستە، هەروەها کرێ و مووچەی پزیشك و نوژدار و برینپێچ و دەرمانساز و سەرپەرشتیار و بیناسـاز و دەرگـاوان و پاسـەوان وئـاودێر و خزمەتکاری نەخۆشخانەکە و بانگدەر و پێشنوێژی مزگەوتەکەی تەنیشتی، هەمووی لە داهات و بەروبوومی شوێنە وەقفکراوەکان دابین دەکرێت کە ناویان لە وەقفنامەکە تۆمارکراوە وەك گوندەکانی (البحدلية و المسعودية و المعضادية و بالا و عترا و فادا و دير أيوب و دير الهرير والفسقار) و بۆ هەر ئەندامێك لەمانـە مووچـەی مانگانـەی دیـاری کردووە، هەر مووچەیەکیش، هەندێکی بە دراو (درهەم) و هەندەکەی تر بە بەروبووم (گەنم) دەدرێت، هەروەها داوای کردوە ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە یەخسیر و دیلەکانی موسڵمانانی پێ ئازاد بکرێت و ئەگەر هەرلێی مایـەوە ئـەوا بەسەر هەژاران ونەدارانە دابەش بکرێت[٨٦].

ئەوەی شایانی ئاماژەیە ئەم نەخۆشـخانەیە تـا رۆژگـاری ئەمـڕۆ هـەر مـاوە دوای ئەوەی دەستی پێیاهێنرا و نۆژەن کرایەوە[٨٧].

## ٤- توربەی قەیموریە:

میر سەیفەدین لە دامێنی چیای قاسیون لە شاری دیمەشق و لـە بەرانبـەر نەخۆشـخانەکەی، مەزارگەیـەکی بنیاتناو وەسێتی کردبوو هەر لەوێ بەخاك بسپێردرێ، پاشتر ئەم مەزارگەیە گومەتێکی بۆ دروستکراو بووە یەکێك لە شوێنە ناسراوەکانی بازێڕی دیمەشق و بە توربەی قەیموریە دەناسرا[٨٨].

## ٥- توربەی قەماری خاتون:

ئافرەتانی قەیموریش شان بەشانی پیاوەکانیان ڕۆڵی خۆیان هەبوو و هەندێکیان ڕوویەکی کۆمەڵایەتی ناودار بوون لەوانە قەماری خاتونی کچی میر حوسامەدینی قەیموری و هاوژینی میر عیزەدینی یوسفی قـەیموری کەسـاڵی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز) مردووە، کە کەسایەتیەکی ناسراو و خانمێکی خێرخـواز و ئایینـدار بـووە و چـەند عـەقارێکی کردووەتە وەقف و لە دوای مردنیشی گڵکۆ (تربة) لەبان گۆڕەکەی بنیاتنرا.

هیچ زانیاریەك لە بارەیەوە بەرچاو ناکەوێت، تەنها ئەوەندە دەزانین کە ئەمیش لە نزیك توربەی سەیفەدینی مامی لە چیای قاسیون توربەی هەبووە و هەر بەناوی خۆیەوە ناسراوە، هەروەها خانێکی لەسەر مزگەوتی (القصب) لە دیمەشق وەقفکردوە[٨٩].

وێڕای قەماری خاتون، دوو خانمی تری قەیموری ناسراو هەبوون ئەوانیش صالیحە(م٦٩٤ك/١٢٩٥ز)ی کچـی میری مەزن ناصرەدینی قەیموری و دوڕە خاتونی کچی میر حوسامەدین قەیموری و هاوژینی میر ناصرەدینی قەیموری کە ساڵی ٦٩٦ك/١٢٩٧ز مردووە، ئەمیش ژنێکی خواناس و خێرخواز و ڕێزدار بوو و دوا مردنی گڵکۆی بۆ کرا لە تەنیشت قوتابخانەی (الحافظية) لە دیمەشق(البرزالي، المقتفي، ١/٢/٣٩٦، ٤٩٣).

## ب-له شارەکانی تر:

### ١- قوتابخانەی قەیموریە لە باژێری خەلیل:

میرانی قەیموری لە هەر شوێنێك گیرسابێتنەوە نەخش و رۆڵـی خۆیـان هـەبووە و جـوامێری وخێرخـوازی و پیاوەتیان نواندوە و شوێنەوار و جێپەنجەی خۆیان بەجێ هێشتوە، بێجەگـە لـە دیمەشـق لـە چـەند شـارێکی تـردا دەستڕەنگینی میرانی قەیموری دەردەکەوێت، لەوانە قوتابخانەی قەیموریە لە باژێڕی خـەلیل کـە دەکەوتـە تەنیشـت دەرگای باکوری مزگەوتی باژێڕەکە لە نزیك (عین الطواشي) [٩٠].

تا ئێستا بۆمان ئاشکرا نەبووە کام کەسایەتی قەیموری ئەم قوتابخانەیەی بنیاتناوە، لەراسـتیدا هەنـدێك لـە نەوەکانی میر سەیفەدینی قەیموری لە شاری خەلیل نیشتەجێ بوون و تا سەدەی (١١ك/١٧ز) هـەر بـە بنەماڵـەی قەیموری دەناسران، تیایاندا هەندێك کەسایەتی هەڵکـەوتوون، لـە وانـە شـێخ شەمسـەدینی قـەیموری کـە سـاڵی ٨٩٢ك/١٤٨٧ز هەر لە شاری خەلیل مردووە و بەخاك سپێردراوە[٩١].

### ٢- گومبەتی قەیموریە لە قودس:

ئەم گومبەتە لەلایەن قەیموریەکانەوە لە شاری قودس دروستکراوە بۆ رێزلێنـان و بـەرزراگرتنی گیـانی گـەورە پیاوانیان، لەم گومبەتەدا ئەم میرانە نێژراون:

١- میر حوسامەدین حەسەنی قەیموری کە مـانگی (ذی القعدة) ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز پاش بریندار‌بوون گیانی لـە دەستدا.

٢- میر زیائەدینی موسای قەیموری کە هەمان ساڵ کوژرا.

٣- میر حوسامەدین خدری قەیموری کە ساڵی ٦٦١ك/١٢٦٣ز مردووە، لە ژێدەرەکاندا ناوو دەنگوباسی میرێکی بەم ناوە و نازناوە بەرچاو ناکەوێت، پێمان وایە هەر میر بـەدرەدین خضـر کـوڕی جـودیی قەیموریـە کـە دوا هـەواڵی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی٦٦١ك/١٢٦٣ز[٩٢]، واتە ساڵی مردنی میر حوسامەدین خدر.

٤- میر ناصرەدین حوسینی قەیموری کە ساڵی ٦٦٥ك/١٢٦٦ز مردووە.

ئەم گومبەتە دەکەوتە قەراغ شار لای باکوری رۆژئاواوە[٩٣].

### ٣- قوتابخانەی قەیموریە لە حەلەب:

ئەم قوتابخانەیە لە لایەن میر حوسامەدین حەسەنی قەیموریەوە ساڵی ٦٤٦ك/١٢٤٨ز بنیاتنراوە و کەمتر ناسراوە لەچاو قەیموریەی دیمەشق و تیایدا ڕێچکەی شافعی دەخوێنرا، یەکەم مامۆستا لەم قوتابخانەیە وانەی گوتبێتەوە روکنەدین جبریلی کوڕی محەمەدی عەمکاویەی تورکمانە، پاش مردنی کوڕەکەی عیزەدین محەمەد بۆتە جێگری، دواتر جەمالەدین محەمەدی مەعەری بە مامۆستا لە قەیموریە دامەزراوە[٩٤].

ئەم قوتابخانەیە لە رۆژگاری (ابن الشحنة: م٨٩٠ك/١٤٨٥ز) وێرانە بوو[٩٥].

### ٤-مزگەوتی قەیموریە لە حەلەب:

لەوانەیە ئەم مزگەوتەش هەر میر حوسامەدینی قەیموری ئاوای کردبێت[٩٦].

### ٥- بازاڕۆچکەی قەیموری (سويقة القيمری):

ئەم بازاڕە لە قاهیرە دروستکراوە و هیچ زانیاریەك دەربارەی نازانرێت[٩٧].

### ٦-گەرماوی قەیموری لە قاهیرە[٩٨].

### پێنجەم: پاشماوەی قەیمورییەکان:

سەردەمی زێڕینی قەیمورییەکان پازدە ساڵی کۆتایی ڕۆژگاری ئەیوبیەکان بوو، بە لەناچوونی دەسەڵاتی ئەیوبی و مردنی دوا کەڵەمیری قەیموری ناصرەدین حوسێن ساڵی ٦٦٥ك/١٢٦٦ز، سەروەریی قەیمورییەکانیش رووی لە کەمبوونەوە کرد و ئەو رۆڵەی جارانیان نەما و هەرچی سامان و ئیمتیازاتیان هەبوو لەدەستیان دا یان لێیان سەندرایەوە، هەرچەند بە درێژایی سەردەمی مەملوکی تاك وتەرا ناوی کەسایەتیی لاوەکی قەیموری بەرچاو دەکەوێت، چ لە بواری زانستی و رۆشنبیریدا و چ لە بواری فەرمانبەری و کارگێڕیدا، لەوانە:

- میر عیزەدینی قەیموری کە ساڵی ٧٢٩ك/١٣٢٩ز مردووە[٩٩].
- قازی شەهابەدینی قەیموری لە روداوەکانی ساڵی ٧٢٩ك/١٣٢٩ز ناوی هاتووە[١٠٠].

- میر شەمسەدین محەمەدی کوڕی میر عسزەدین عەلی نەوەی میر سەیفەدین یوسفی قەیموری، چاودێرو بەرپرسی نەخۆشخانەکەی میر سەیفەدینی باپیرە گەورەی بوو تا مردنی ساڵی٧٣٤ک/١٣٣٤ز و هەر لە توربەی بنەماڵەکەیان نێژدرا[١٠١].

- میر بەهائەدین داودی کوڕی ئەسەدی قەیموری، لە شارەکانی قودس، غەززە، دیمەشق، خەلیل، نابلس بەرپرسیارێتی کارگێڕیی وەرگرتووە و خزمەتی کردووە و ساڵی ٧٦٣ک/١٣٦٢ز مردووە[١٠٢].

- میر شەهابەدین ئەحمەدی کوڕی قەیموری، ساڵی ٧٥٩ک/١٣٥٨ز لە حەلەبەوە بانگهێشتی دیمەشق کرا و لە شوێنی بیدەمەر بە حاجبی دیمەشق دانرا[١٠٣].

- ئەدیب و هۆزانڤان عومەری کوڕی محەمەدی کوڕی تەغلوبی کوڕی عەلیی کوڕی مەحمودی قەیموری حەلەبی، ساڵی ٨٧١ک/١٤٦٧ز لە ژیاندابووە، بە ناوەکەیدا لەوەناچێت قەیموری بێت و دوور نییە تەنها ئینتیسابی بۆ قوتابخانەی قەیموری کردبێت، لە نوسینەکانی (قصيدة في علم العروض)، کە دانەیەکی لە دەستنووسخانەی (الظاهرية) پارێزراوە [١٠٤].

- ئەحمەدی کوڕی شەرەفەدین عیسای قەیموری، نەوەی شێخ خەلیلی ناسراو بە(الصلاح القيمري)یە، لە پاشماوەی قەیموریەکانی شاری خەلیلە[١٠٥].

- فەقیە و قورئانخوێن صەلاحەدین خەلیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی شەرەفەدین عیسای قەیموری(٧٨٨-٨٦٧ک/١٣٧٥-١٤٦٣ز)، لە زێدی خۆی و لە قاهیرە زانستەکانی قورئان و حەدیسی لە سەر دەستی چەند مامۆستایەکی شارەزا و ناودار خوێندووە، سەخاوی (م٩٠٢ک/١٤٩٧ز) لە شاری خەلیل دیداری زانستی لەگەڵ سازداوە و ستایشی کردووە[١٠٦].

- شەمسەدین محەمەدی کوڕی صەلاحەدین خەلیلی کوڕی ئەحمەدی قەیموری، ساڵی ٨٩٢ک/١٤٨٧ز لە شاری خەلیل مردووە[١٠٧].

- حەسەنی کوڕی عەلی ناسراو بە (البدر القيمري: م٨٨٥ک/١٤٨٠ز)، شارەزا لە زانستەکانی (الحساب والفرائض والجبريات والعروض والميقات)، هاوکات بانگدەر و مامۆستا بووە[١٠٨].

- میر سەیفەدین ئەحمەدی کوڕی میر عیزەدین یوسفی کوڕی میر عیزەدین محەمەدی قەیموری (م٦٩٥ک/١٢٩٦ز) و میر ناصرەددین محەمەد(م ٦٩٠ک/١٢٩١ز)[١٠٩].

قەیمورییەکان سەنگ و ناوبانگی تایبەتی خۆیان لە شاری دیمەشق لەدەست نەدا و لە سەردەمی مەملوکیـدا دیمەشق بەسەر هەشت گەڕەك دابەش دەكرا و گەڕەکێکیان هەر بە ناوی قەیمورییەوە دەناسرا (ثمن القيمرية)و هەر لە شارەکەدا گۆڕستانی قەیمورییەکان هەبوو(١١٠).

پاشماوەو شوێنەواری کوردە قەیمورییەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەرماوە، (حي القيمرية) گەڕەکێکی دیمەشقە و ماڵباتی قەیموری یەکێکە لە ماڵباتە کوردە ناودارەکانی وڵاتی شام.

## ئەنجام:

قەیموری هۆزێکی کوردە، لە کۆتایی سەردەمی ئەیوبی ژمارەیەك لە میرەکانی بەدەنگ (الملك الصالح)ەوە چوون و لە هەرێمی جەزیرەوە کۆچیان کرد بۆ ولاتی شام.

کوردە قەیموریەکان لە سەردەمی (الملك الصالح) و (الملك الناصر یوسف) دا بەشداری و ڕۆلی دیار و کاریگەریان گێڕا لە روداوەکاندا، هەردەم و هەتاسەر ئەمەکدار و دڵسۆزی بنەماڵەی ئەیوبی بوون و شیان کارێکی وا بکەن کە باژێڕی دیمەشق نەکەوێتە دەست مەملوکە تورکەکان و بۆ دە ساڵێکی تر (٦٤٨-٦٥٨ك/١٢٥٠-١٢٦٠ز) ئەم باژێڕە بەدەستی ئەیوبیەکانەوە بهێنێتەوە.

لە بەرانبەردا شاهەکانی ئەیوبی رێزی میرانی قەیموریيان دەگرت و بە مووچە و پلەوپایە و بژێوی و دابڕینــی گوند و رەز و باخ و زەویوزار چاکەیان دەدایەوە.

لە دەستپێکی سەردەمی مەملوکیدا، میرانی قەیموری گۆشەگیر کران و لە سەر کار لابران دواتر (الملك الظاهر بیبرس) هاوڕێ لێدانەوە و بە میر و بەرپرس و فەرماندە دایمەزراندنەوە و هەندێ پلەوپایەی بۆ گەڕاندنەوە.

لە پاڵ ڕۆڵی سیاسی و سەربازی، میرانی قەیموری پشکداری مەزن و بەرچاویان هەبوو لە بواری ئاواکــاری و بنیاتنانی چەند دامودەزگایەکی ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاریدا، نەخۆشخانەیەك و ژمارەیــەك قوتابخانــە و مەزارگــە لەسەر حیسابی خۆیان دروستکردووە کە هەندێکیان وەك قوتابخانەی قەیموریە و نەخۆشخانەی قەیموریە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە و تا رۆژگاری ئەمرۆ هەر ماون.

## پاشكۆی یەكەم: ماڵباتی (أبو الفوارس بن موسك القیمری)[1]




[1] ئەم هێلكارییە لە لایەن ڤەكۆڵەرەوە ئامادەكراوە.

## پاشکۆی دووەم

## پەیامی هۆلاکۆ بۆ (الملك الناصر)ی ئەیوبی وگەورە بەرپرسانی

بأسمك فاطر السموات والارض، اما بعد فالذي يعلم به الملك الناصر وجمال الدين يغمر وعلاء الدين القيمري وحسام الدين قشتمر وسم الموت وساير امراء الشام والاجناد اننا جند الله خلقنا من سخطه وسلطنا على (من) حل عليه غضبه، ولكن فيما مضى معتبر وممن قد خلقنا مزدجرٍ فاتعظوا بغيركم وسلموا الينا امركم قبل ان يكشف الغطاء ويدخل عليكم الخطاء فنحن لمن بكى ولانرحم لمن شكى قد نزع الله الرحمة من قلوبنا، فالويل كل الويل لمن لم يكن من حزبنا فخربنا البلاد وايتمنا الاولاد واطهرت الارض من الفساد فعليكم بالهرب وعلينا بالطلب فاي ارض تحويكم واي بلاد ياويكم فمالكم من سيوفنا خلاص ولا من سهامنا مناص، خيولنا سوابق وسيوفنا لواحق وسهامنا خوارق قلوبنا كالجبال واعدادنا كالرمال فمن طلب اماننا سلم ومن رام جوابنا ندم فملكنا لايرام وجارنا لايضام فان انتم يامسلمون قبلتم شرطنا واطعتم امرنا كان لكم مالنا وعليكم ما علينا وان انتم خالفتم وعلى غيكم تماديتم فلا تلومونا ولوموا انفسكم وذلك ماكسبت ايديكم فقد اعذر من انذر وانصف من حذر فالحصون بين ايدينا لاتمنع والعساكر بقتلانا لايرد ولايدفع فدعاءكم علينا لايستجاب ولايسمع لانكم اكلتم الحرام واظهرتم البدع وخنتم الايمان وضيعتم الجمع واستحسنتم الفسوق والعصيان وفشى فيكم الحسد والطغيان فاستبشروا بالذلة والهوان (فاليوم تجزؤن عذاب الهون بما كنتم تستكبرون في الارض بغير الحق وبما كنتم تفسقون) (وسيعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون) قد ثبت عندنا انكم الفجرة وقد سلطنا عليكم من بيده امور مدبرة واحكام مقررة وكثيركم لدينا قليل خياركم عندنا ذليل فنحن مالكوا الارض شرقاً وغرباً واصحابنا سلباً وهاباً اخذون كل سفينةً غضباً فتميزوا بعقولكم طريق الصواب واسرعوا لنا برد الجواب من قبل ان تضرم الحروب نارها وترمي شرارها ويحط اوزارها ولم يبق منكم باقية وتذهبون منا عظم خاطية وتصبح الارض منكم خالية وقد انصفناكم اذ ارسلنا وقد نثرناكم جواهر الكلام والجواب بما يكون[1] .

(١) الأقسرائي، مسامرة الاخبار، ص٥١-٥٣.

## پاشكۆی سێیەم
## دەقی وەقفنامەی نەخۆشخانەی قەیموریە لە دیمەشق

هذا وقف ابي الحسن بن أبي الفوارس القيمري على بيمارستانه في الصالحية على معالجة المرضى والمعاجين والاشربة وأجرة الطبيب، يصرف الى الطبيب في كل شهر لواحد وسبعون درهماً ونصف غرارة من قمح، والادنى ستون درهماً ونصف غرارة قمح، وللمشارف في كل شهر أربعون درهماً ونصف غرارة، وللكحال في كل شهر خمسة وأربعون درهماً ونصف غرارة قمح، وللحوائج في كل شهر ثلاثة عشر درهماً وربع غرارة قمح، الى ثلاثة رجال يقوم لكل من الرجال في كل شهر ثلاثة عشر درهماً وسدس غرارة قمح، ولمن يقوم بمريضات النساء والمجنونات في كل شهر لكل واحدة عشرة دراهم وسدس غرارة قمح، والى الشراب وبائعه لعمل الأشربة والمعاجين في كل شهر ستة وعشرون درهماً وثلث غرارة قمح، ولأمين المشارفين والمتولين في الوقف الى كل واحد في كل شهر ستون درهماً وغرارة قمح وغرارة شعير، وللإمام في كل شهر أربعون درهماً وثلث غرارة قمح، وللمعمار المرتب لعمارته في كل شهر ثلاثة عشر درهماً وسدس غرارة قمح، ويكون بواباً، وللحوايج في كل شهر ثمانية دراهم وسدس غرارة، وللناظر العشر عن المغل، وربع الوقف ويصرف الى رجلين اثنين بخدمة البيمارستان عن ثمن قدور ونحاس وفرش ولحف ومخدة، وفي كل شهر الى قيمه والمؤذن بالمسجد بقرب البيمارستان خمسة وعشرون درهماً، فإن فضل يصرف الى فكاك الاسارى من الكفار، وبعد ذلك عاد وقفاً على الفقراء(١).

"هذا ما أوقفوه وحبسه و أبده الأمير سيف الدين القيمري رحمه الله تعالى على هذا البيمارستان: فمن المرج نصف قرية (البحدلية) و كذلك قرية (المسعودية) بكمالها و أيضا قرية ( المعضادية) و أيضا قرية (بالا) تسعة قراريط و نصف الحصص من الأصقاع الجولانية و دير أيوب عليه السلام بكمالها و دير الهرير و طواحينها بكمالها و دير السوج بطواحينها و الربع منها و من القرية عترا الربع و من قرية فادا النصف و الثمن ومن تل سرية ثلاث قراريط و نصف من المثقف من حصة بن مخشي بقيسارية قراطين و حانوت بالفسقار مضمون برسم الشوي و في صفة نوح عشر حانوت... و الحصة من الدار ؟ ربع قراط.

و خان التوتة بحد السماق بكماله و حصة بطاحونة بابطوما اربع قراريط و خان شمالي المارستان يشتمل على بيوت جملة و قاعة بشرق المارستان حوانيت و مصاغ باب المارستان سبعة عشر حانوت قاعة و حجرة و أسطبل تحتها... وقف أمين الدين بدال بالقصاعين".

و كتب تحت ذلك: " بسم الله الرحمن الرحيم. أمر ببناء هذا المارستان العبد الفقير الراجي رحمة ربه الكريم الأمير الأجل الكبير و الغازي المجاهد المؤيد المظفر المنصور سيف الدين ملك الأمراء نصرة الغزاة و المجاهدين عضد الملوك و السلاطين نصير أمير المؤمنين أبو الحسن الأمام عزالدين يوسف أبن المظفر ضياءالدين أبي الفوارس القيمري.

طلب ثواب الله تعالى و أبتغاء مرضاته يوم يجزي الله المصدقين و لايضيع أجر المحسنين في أيام مولانا السلطان الملك الناصر صلاح الدين أبن مولانا السلطان الملك العزيز خلد الله ملكه و سلطانه من نعمة مولانا السلطان الملك الصالح نجم الدين أيوب أبن الملك الكامل محمد قدس الله روحهما و جعل النظر... على جميع الأماكن الموقوفة على هذا المكان المبارك الى الأمير الكبير ناصر الدين ملك الأمراء و المقدمين مشد دار الملوك و السلاطين ظهير أمير المؤمنين لينظر فيه ناظرا و حاكما بموجب الشرع العزيز و مقتضاه على ماهو مذكور في كتاب الوقف..[عفا].. الله منشئه و اثاب الناظر فيه و بعد ذلك جعل له النظر (على) المدرسة و أناب... فمن بدله بعد ما سمعه فأنما اسمه على الذين يبدلونه أن الله سميع عليم"(٢).

---

(١) محمد كرد علي، خطط الشام، ١٥٨/٦-١٥٩.

(٢) أحمد عيسى بك، تأريخ البيمارستانات في الاسلام، ص٢٣٨-٢٤٤.

**پەراوێزەکان:**

(١) بڕوانە: التنبيه والاشراف، ص٩٤، مروج الذهب، ١٢٤/٢.

(٢) معجم البلدان، ٤٢٤/٤، السيوطي، لب اللباب في تحرير الانساب، ص٢١٦.

(٣) اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ١٧٤/٤، الصفدي، الوافي بالوفيات، ٢٥/٢١.

(٤) الكتبى، عيون التواريخ، ٣١٥/٢١.

(٥) دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە: ابن الاثير، الكامل في التأريخ، ٦٩/٨-٧٠، ٣٠٩، ٣٤٣-٣٤٤، ٦/٩-٧، ١٢، ٧٨، ١٤٠-١٤١، عماد الدين خليل، عمادالدين زنكي (الموصل ١٩٨٥)، ص١٠٢-١١٦، هەروەها بەرهەمی نوسەری ئەم پەرتووكە بە زمانی عەرەبی: القبائل والزعامات القبلية الكُردية في العصر الوسيط، ط٢، دار الزمان (دمشق ٢٠١٥).

(٦) ئەم بۆچوونە لە ئاخافتنی یاقوتی حەمەوی (م٦٢٦ك/١٢٢٩ز) هەڵهێنجراوە (معجم البلدان، ٤٢٤/٤).

(٧) بۆ ئەم بابەتە بڕوانە: الكامل، ١٦٨/٩، ٢٠٣، المقريزي، السلوك لمعرفة دول الملوك، ١٢٥/١-١٢٦.

(٨) ابن نظيف الحموي، التأريخ المنصوري، ص١٨٦، ٢٠٢، ٢٥٦ ابن بيبى، تواريخ آل سلجوق، ص٢٠٨، ٢١٦-٢١٧، عطا الملك الجويني، تاريخ جهانكشاى، ١٨٢/٢، ابن العبري، تأريخ الزمان، ص٢٧٦، تاريخ مختصر الدول، ص٤٢٩-٤٣٠، رشيد الله فضل الله همذاني، جامع التواريخ، ص٤٦٥. دیارخستنی مێژووی قەیمورییەکان لە قەڵای قەیمور و هەرێمی جەزیرە، لێکۆلینەوەیەکی تایبەت هەڵدەگرێت، ئەم لێکۆلینەوەیە تەنها دەربارەی مێژوویانە لە وڵاتی شام و میسردا.

(٩) ابن شداد، الاعلاق الخطيرة، ٨٢/١/٣، جامع التواريخ، ص٤٤،٢٣١.

(١٠) ابو الفداء، تأريخ ابو الفداء (المختصر في أخبار البشر)، ٢٧٦/٢-٢٧٧، ابن كثير، البداية والنهاية، ١٢٣/١٣، الدواداري، الدر المطلوب في أخبار بني ايوب، ص٣٥٣.

(١١) ابن واصل، مفرج الكروب في اخبار بني أيوب، ٣٢٦/٥، السلوك، ٣١٦/١.

(١٢) الدر المطلوب، ص١٠٢.

(١٣) ذيل مرآة الزمان، ٧٨/٢، الذهبى، سير اعلام النبلاء، ٧٨/١٧.

(١٤) التأريخ المنصوري، ص٢٠٢، تاريخ جهانكشاى، ١٨٢/٢، تاريخ الزمان، ص٢٧٦، جامع التواريخ، ص٤٦٥. (ابن العبري) لە كتێبی (تاريخ الزمان) دەڵێت هاوژینەکەی میر (حوسامەدین قەیموری) خوشکی (الملك الاشرف موسى) بوو لەلای دایکەوە واتا زڕخوشکی بوو.

(١٥) اخبار الايوبيين، ص١٦٢، الذهبي، تأريخ الاسلام، حوادث (٦٦١-٦٧٠هـ)، ص١٩.

(١٦) تاريخ الاسلام، حوادث (٦٦١-٦٧٠هـ)، ص١٩٢، الصفدي، الوافي بالوفيات، ٢٦١/١٢-٢٦٢، الكتبي، عيون التواريخ، ٣٥٠/٢٠-٣٥١، البداية والنهاية، ١٨٧/١٣، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٢٢٢/٧، النعيمي، الدارس في تاريخ المدارس، ٤٢١/٢-٤٢٢.

(١٧) ابن واصل، مفرج الكروب، ٣٤٨/٥-٣٤٩، تأريخ ابو الفداء، ٢٧٨/٢-٢٧٩، البداية والنهاية، ١٢٩/١٣.

(١٨) مفرج الكروب، ٥٠/٥، تأريخ ابو الفداء، ٢٧٩/٢، السلوك، ٣٢٢/١-٣٢٣.

(١٩) سەرخەد (صرخد): بازێر و قەلأیەکی قایمە، هاوسنووری حورانە و سەربە شاری دیمەشقە، یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٤٠١/٣.

(٢٠) السلوك،٣٢٦/١.

(٢١) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٧٦٠/٨، الدر المطلوب في أخبار بني أيوب، ص٣٥٨.

(٢٢) تأريخ ابو الفداء، ٢٨٥/٢-٢٨٦، السلوك، ٣٤٠/١، الحنبلي، شفاء القلوب في أخبار بني أيوب، ص٣٨٠-٣٨١، ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب، ٢٣٨/٥.

(٢٣) بۆ ئەم بابەتە بڕوانە: علي ابراهيم حسن، تاريخ المماليك البحرية، ط٣، مكتبة النهضة المصرية (القاهرة ١٩٦٧)، ص٢٤-٣٨.

(٢٤) المقريزي، السلوك، ٣٣٩/١، ٣٧٦-٣٧٧.

(٢٥) ابن واصل، مفرج الكروب، ١١٠/٦، تاريخ مختصر الدول، ص٤٥٤-٤٥٥، الغساني، العسجد المسبوك، ص٥٧٦، النجوم الزاهرة، ٣٧٠/٧-٣٧١.

(٢٦) مفرج الكروب، ١٢٧/٦، الدر المطلوب، ص٣٨٣، عيون التواريخ، ٤٣/٢٠-٤٤.

(٢٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: السلوك، ٣٥٨/٢/١-٣٥٩، ٣٦١-٣٦٣، النجوم الزاهرة، ٣٧٣/٦-٣٧٥، ٣/٧-٥.

(٢٨)السلوك، ٣٦٨/٢/١.

(٢٩) خوتبەخۆین و شاعیر (اصيل الدين محمد بن ابراهيم بن عمر) خەڵکی بازێری سێرت – سعرت لە هەرێمی جەزیرە، دواتر رووی کردە دیمەشق و ساڵی ٦٦٨ك/١٢٧٠ز کۆچی دوایی کرد، الکتبی، عیون التواریخ، ٣٩٥/٢٠.

(٣٠) تاريخ الاسلام، حوادث (٦٤٠-٦٥٠هـ)، ص٥٨-٦٠، عيون التواريخ، ٤٣/٢٠-٤٤.

(٣١) مێژوونوسان ناکۆکن لەسەر ئەو میرە قەیمورییەی بەرپرسی (الباب الصغير)بووە لە دیمەشق لە کاتی هاتنی (الملك الناصر)دا، هەندێك دەڵێن میر ناصرەدینە، مرآة الزمان، ٧٧٩/٨، السلوك، ٣٦٧/١، هەندێکی دی دەڵێن میر (ضياء الدين)ە، أخبار الايوبيين، ص١٦٠، عيون التواريخ، ٤٠/٢٠، و (بدر الدين العينى) دەڵێت میرانی قەیموری (ناصرەدین،

ضياء الدين، شهاب الدين الكبير) بەرپرسی دەروازەكانی دیمەشق بوون عقد الجمان، ٣٣/١، وا دیارە (الذهبی) لە هەمووان ووردترە و دەڵێت: (الباب الصغیر) بە دەست (میر ضیاء الدین)ەوە بوو و (باب الجابیة) بەدەست میر ناصرەدینەوە بوو، تاریخ الاسلام (حوادث٦٤١-٦٥٠هـ)، ص٥٦.

(٣٢) عیون التواریخ، ٣٥١/٢٠.

(٣٣) الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، ٢٦٤/١.

(٣٤) أخبار الايوبيين، ص١٦١.

(٣٥) تاريخ الاسلام (حوادث ٦٤٠-٦٥٠هـ)، ص٥٦، عيون التواريخ، ٤١/٢٠، السلوك، ٣٦٧/٢/١.

(٣٦) مفرج الكروب، ١٣٨/٦، السلوك، ٣٦٧/٢/١.

(٣٧) الدرة الزكية، ص١٢، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٤١-٦٥٠هـ)، ص٥٨.

(٣٨) السلوك، ٣٧٤/٢/١.

(٣٩) مرآة الزمان، ٧٧٩/٨، تأريخ ابو الفداء، ٢٨٩/٢، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٥١-٦٦٠هـ)، ص٥٦، سير اعلام النبلاء، ٧٨/١٧، الوافي بالوفيات، ٢٦١/١٢، البداية والنهاية، ١٨٧/١٣، السلوك، ٣٦٧/٢/١، العيني، عقد الجمان،٣٣/١، ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب، ٣١٨/٥..... هتد.

(٤٠) تاريخ الاسلام، حوادث (٦٤١-٦٥٠هـ)، ص٥٩.

(٤١) تأريخ ابو الفداء، ٢٩١/٢، ٢٩٢، السلوك، ٣٧٤/١-٣٧٥.

(٤٢) تأريخ ابو الفداء، ٢٩٢/٢، النجوم الزاهرة، ٦/٧-٧.

(٤٣) مرآة الزمان، ٧٨١/٨، ابو شامة، ذيل الروضتين، ص١٨٦، تاريخ الاسلام (حوادث ٦٤١-٦٥٠هـ)، ص٥٩-٦٠، السلوك، ٣٧٥/٢/١.

(٤٤) ابن العميد، خبار الايوبيين، ص١٦٣.

(٤٥) السلوك، ٣٧٦/٢/١-٣٧٧، عقد الجمان،٤٤/١.

(٤٦) اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ٤٤/١، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٥١-٦٦٠هـ)، ص١٤٨-١٤٩.

(٤٧) ذيل مرآة الزمان، ٤٤/١، السلوك، ٣٨٥/٢/١-٣٨٦.

(٤٨) ابن عبد الظاهر، تشريف الايام والعصور في سيرة الملك المنصور، ص٢٦٣، ذيل مرآة الزمان، ٢٤٢/٣-٢٤٣، فوات الوفيات، ٢٣٦/١.

(٤٩) اخبار الايوبيين، ص١٧٤، عقد الجمان، ٢٣٣/١.

(٥٠) اخبار الايوبيين، ص١٧٠، السلوك، ٤١٩/٢/١.

(٥١) آقسرائي، مسامرة الاخبار، ص٥١-٥٣.

(٥٢) المصدر نفسه، ص٥١-٥٣، فريدون بك، منشآت السلاطين، ١٤٣/٢-١٤٤.

(٥٣) اخبار الايوبيين، ص١٦٩.

(٥٤) ذيل مرآة الزمان، ٤٥٩/١، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٥١-٦٦٠هـ)، ص٧١.

(٥٥) عيون التواريخ، ٣٥١/٢٠.

(٥٦) ابن شداد، تاريخ الملك الظاهر، ص٢٨٥.

(٥٧) المصدر نفسه، ص٢٨٥.

(٥٨) المصدر نفسه، ص١٠١-١٠٢، ذيل مرآة الزمان، ٨٥/٣.

(٥٩) ذيل مرآة الزمان، ١٧٤/٤، الوافي بالوفيات، ٢٥٠/٢١، عيون التواريخ، ٣١٥/٢١.

(٦٠) السلوك، ٤٢٦/١-٤٢٧، هەروەها بڕوانە: أخبار الايوبيين، ص١٧١.

(٦١) تەواشی (الطواشي): ئەو کەسانەن کە لە خزمەتی‌خەلیفەی عەباسی لە میسر و بە (استاذ)یش ناودەبران، ئەمانە پایەیەکی پلّندیان هەبوو. القلقشندی، صبح الاعشی، ٥١١/٣. لێرە مەبەست ئەوەیە کە میر ناصرەدین ئیقتاعێکی وەرگرتووە لە ئاستی ئیقتاعاتی ئەو کەسانەی سەد تەواشیی لە خزمەتیاندایە.

(٦٢) السلوك، ٥٠٩/١.

(٦٣) ذيل الروضتين، ص٢٣٩، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٦١-٦٧٠هـ)، ص١٩٢، سير اعلام النبلاء، ٨٧/١٧، الصفدي، الوافي بالوفيات، ٢٦٢/١٢، الكتبي، عيون التواريخ، ٢٢٢/٧.

(٦٤) قەیساریە: شارێکە لە ولاّتی فەلەستین لە سەر کەناری دەریای شام (ناوەڕاست)، کاتی خۆی شارێکی مەزن و ئاوەدانبووە، لە سەدەی ٧ك/١٣ز پتر لە گوند دەچوو. معجم البلدان، ٤٢١/٤.

(٦٥) عثلیت: قەلاّیەکە لە سەر کەناری دەریا لە ولاّتی فەلّەستین و بە (الحصن الاحمر)یش دەناسرێت. معجم البلدان، ٨٥/٤.

(٦٦) الدواداري، الدرة الزكية في أخبار الدولة التركية، ص١١٢، المقريزي، السلوك، ٥٣٣/٢/١.

(٦٧) البرج الاحمر: هەر(الحصن الاحمر) و(عثليت)ە.

(٦٨) ابو شامة، ذيل الروضتين، ص٢٣٩، الوافي بالوفيات، ٢٦١/١٢-٢٦٢.

(٦٩) تاريخ الاسلام، حوادث (٦٦١-٦٧٠هـ)، ص١٩٢، عيون التواريخ، ٣٥٠/٢٠-٣٥١، البداية والنهاية، ١٨٧/١٣، النجوم الزاهرة، ٢٢٢/٧، النعيمي، الدارس في تاريخ المدارس، ٤٢١/٢-٤٢٢.

(٧٠) ابن شداد، تاريخ الملك الظاهر، ص٢٩٢، الجزري، تاريخ حوادث الزمان، ٦٣٥/٣، له توربەی قەیمەریە لە شاری قودس میرێکی قەیموری نێژراوە بە ناوی (حوسامەدین خضر) کەوا لە ساڵی ٦٦١ك/١٢٦٣ز مردووە، لەوانەیە هەر میر (بدر الدين خضر) بێت. الحنبلی، تاريخ القدس والخليل، ٤٨/٢.

(٧١) تاريخ الملك الظاهر، ص١٠١-١٠٢.

(٧٢) ابن عبدالظاهر، تشريف الايام والعصور، ص٢٧٩، تاريخ حوادث الزمان، ٢٦٦/١، عيون التواريخ، ٣٤٣/٢١.

(٧٣) تاريخ حوادث الزمان، ٧٠٤/٣.

(٧٤) تاريخ الأسلام، حوادث (٦٨١-٦٩٠هـ)، ص٥٣، السلوك، ٦٤٥/١.

(٧٥) الذهبـي، معجم الشيوخ، ١٩٣/١، الصفدي، أعيان العصر واعوان النصر، ٥٠٧/١.

(٧٦) أحمد عيسى بك، تاريخ البيمارستانات في الإسلام، ص٢٤٠، هەروەها بڕوانە پاشکۆی سێهەم.

(٧٧) تاريخ الاسلام، حوادث (٦٦١-٦٧٠هـ)، ص١٩٢، البداية والنهاية، ١٨٧/١٣، ابن تغري بردي، المنهل الصافي، ١٦٠/١.

(٧٨) معجم الشيوخ، ١٩٩/٢، الاسنوي، طبقات الشافعية، ٣٢/٢، البداية والنهاية، ٢٠٦/١٣، ٢٢٦-٢٢٧، الدارس في تاريخ المدارس، ٤٤١/١-٤٤٥.

(٧٩) البداية والنهاية، ٢٠٦/١٣، ٢٢٦، عيون التواريخ، ٣١٤/٢١.

(٨٠) ذيل مرآة الزمان، ٣٦٦/٢، البداية والنهاية، ١٨٧/١٣.

(٨١) الدارس في تاريخ المدارس، ٤٤١/٢، هامش (٢)، شذرات الذهب، ٣٨٦/٨، محمد كرد علي، خطط الشام، ٨٦/٦.

(٨٢) الدارس في تاريخ المدارس، ٤٤٦/٢.

(٨٣) خطط الشام، ٨٦/٦.

(٨٤) الدارس في تاريخ المدارس، ٤٤٦/٢.

(٨٥) ذيل مرآة الزمان، ٤٣/١-٤٤، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٥١-٦٦٠هـ)، ص١٤٨-١٤٩، عيون التواريخ، ٨٣/٢٠، البداية والنهاية، ١٩٥/١٣.

(٨٦) بڕوانە دەقی وەقفنامەکە، پاشکۆی سێهەم.

(٨٧) خطط الشام، ١٥٨/٦.

(٨٨) الدارس في تاريخ المدارس، ٢٧١/٢.

(٨٩) البرزالي، المقتفي على كتاب الروضتين(تاريخ البرزالي)، ١٤٧/١/٢، الدارس، ٢٧٣/٢.

(٩٠) الانس الجليل، ٧٨/٢.

(٩١) بروانه: السخاوى، الضوء اللامع لاهل القرن التاسع، ٦٢/٢، ١٩٣/٣، الانس الجليل، ٢٠٥/٢-٢٠٦.

(٩٢) تاريخ الملك الظاهر، ص٢٩٢.

(٩٣) الانس الجليل، ٤٨/٢.

(٩٤) الاعلاق الخطيرة، ٢٦٢/١.

(٩٥) تاريخ حلب، ص١٠٩.

(٩٦) الأعلاق الخطيرة ٢١٢/١.

(٩٧) المقريزي، الخطط المقريزية،٤/٤.

(٩٨) المصدر نفسه، ٢٠٧/٣.

(٩٩) السلوك، ٣١٦/٢.

(١٠٠) البداية والنهاية، ١٠٧/١٤

(١٠١) تاريخ حوادث الزمان، ٧١٦/٣.

(١٠٢) الصفدي، أعيان العصر، ٦٨٠/٢، أبن حجر العسقلاني، الدرر الكامنة، ٥٥/٢-٥٦.

(١٠٣) الذهبى، ذيول العبر، ١٨٢/٤.

(١٠٤) الضوء اللامع، ١١٨/٦، عمر رضا كحالة، معجم المؤلفين،٥٧٣/٢.

(١٠٥) الضوء اللامع، ٦٢/٢.

(١٠٦) المصدر نفسه، ١٩٣/٣.

(١٠٧) الانس الجليل، ٨٧/٢.

(١٠٨) الضوء اللامع، ١١٩/٣.

(١٠٩) المقتفي (تاريخ البرزالي)، ٤٢١/٢/١.

(١١٠) قتيبة الشهابي، معجم دمشق التاريخي، ١٠٥/١، ١٦٥، ٢٢١.

# بابەتی پێنجەم

## کوردە چاکیەکان
## ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ئایینیان

# کوردە چاکیەکان
## ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ئایینیان

**پوختە:**

چاکی هۆزێکی نەناسرای کوردە، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی ئەیوبیدا ناوی هاتووە و لە ئاکامی شالاوەکانی مەغۆلەوە لە ناوەراستی سەدەی حەفتەمی کۆچی/سێزدەهەمی زایینی بەشێکیان هەوار و نیشتمانی خۆیان لە کوردستان بەجێهێشتووە و روویانك ردۆتە ولاتی شام و میسر و لە تاراوگا گیرساونەتەوە و پەیوەندییان بە شاهانی ئەیوبی و مەملوکیەوە کردووە، لە سەر دەمی مەملوکیدا لە ماوەی نێوان سالانی(٦٤٨– ٧٥١ك/ ١٢٥٠– ١٣٥٠ز) ژمارەیەك میر و والی و بەرپرس و کەسایەتیی کارگێڕی و سیاسی و ئایینیان تیادا هەڵکەوتووە، هەر یەکە لە ئاستی بەرپرسیارێتی خۆیدا رۆڵی لە روداوەکان گێڕاوە، هەروەها لە رووی بیناسازیشدا پشکداریان هەبووە و مزگەوت و خەلوەتگایان لە قاهیرەی پایتەختی دەولەتی مەملوکی بنیاتناوە.

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی هۆزی چاکی و دیارخستنی رۆڵی کەسایەتی و ناودارانی لە بواری سیاسی و کارگێڕی و ئایینیدا لە سەردەمی مەملوکیدا.

### یەکەم: ناساندنی هۆزی چاکی:

#### ١- ناوی دروستی ئەم هۆزە:

ناوی ئەم هۆزە لە سەرچاوەکاندا بە(جاك-جاكی)هاتووە، لە زۆر ژێدەریشدا شێوێندراوە بۆ (حاکی)[1] بەو پێیەی لە زمانی عەرەبی پیتی(چ) نیە، دەکرێت بە چاك- چاکی بخوێنرێتەوە، ئەمەش ناوی دروستێتی، چونکە پەیڤێکی واتادارە لە زمانی کوردیدا و بە واتای مرۆڤی خواناس، پیر، صۆفی خەلوەتگیر دێت، تەنانەت پیاوچاکی ناوداری کورد محەمەد کوڕی ڕۆستەمی نەرگسی گاوانی(م٥٩٠-٥٩١ك/١١٩٤ز) بە چاکێر دەناسرا[2]، ئەم پەیڤە دەشێت ببێتە ناوی کۆمەڵە خەلکێك لە پەیڕەوانی پیاوچاکێك، لە کاتێکدا جاك- جاکی هیچ چەمك و واتایەك بەدەستەوە نادات، دوریش نیە چاك لە ناوی(چەکۆ)ی باپیرە گەورەی چاکیەکانەوە وەرگیرابێت، وەك ئاشکرایە لە

مێژووی کورددا لە دێر زەمانەوە نەریتە ناوی هۆزێك یان بنەماڵەیەك تەنانەت ناوی میرنشینێك لە ناوی پشتی یەکەمیانەوە دابڕێژرێت، لە وێنەی: چۆپ-چۆپی، حەمید-حەمیدی، شێخ مەحمود-مەحمودی.

چەکۆش ناوێکی ڕەسەن و باوە لە نێو کورددا، وەك چەکۆی باپیرە گەورەی هەزبانیەکانی هەولێر و چەکۆی خاڵی سوڵتان صەلاحەدین و باوکی میر موسەك(موسك بن جكو)و چەکۆی ناو داستانی مەم وزین[٣]، ئەوەی زیاتریش ئەم بۆچونە پەسند دەکات ئەوەیە کە باپیری سێهەمی دیارترین میری چاکی واتە میر سەیفەدین ناوی کلۆڵ چەکۆیە(سيف الدين ابراهيم بن شروة- شيروه بن علي بن مرزبان بن كلول جكو)[٤].

## ٢- نیشتمانی چاکیەکان:

سەبارەت بە هۆزی چاکی تا هەنوکە بە ئاگاداری ئێمە کەس ئاماژەی بەوە نەداوە کە هۆزێکی کورد بەم ناوە هەیە کە لە ماوەی سەدەیەکدا چەندین کەسایەتیی سیاسی و کارگێڕی و ئایینی پێگەیاندووە.

دەربارەی دەستنیشانکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزی چاکی لە کوردستان دەڵێین:

- لە سەدەی حەفتەمی کۆچی/ سێزدەهەمی زایینی و ڕۆژگاری هێرشەکانی مەغۆل، هۆزێکی کورد بە نێوی (الحسنانية - الخشنانية – خۆشناو) کە ڕۆژهەڵاتناس مینۆڕسکی پێیوایە هەر هۆزی خۆشناوە [٥]، نیشتەجێی وڵاتی کەرکار و دەربەندی قەرابولی سەر بە هەولێر بوو و لە سێ خێل پێکدەهات:

- خێڵی عیسای کوڕی شەهابەدین کراتی کە گەورەترینیان بوو.

- خێڵێکی دی کە دەبوو بە دوو بەرەبابەوە:

- بەرەبابی بلێ (البلية)(؟).

- بەرەبابی چاکی (الجاكية).

سەرداری ئەم دوو بەرەبابە میر عەبدوڵای کوڕی شەهابەدین زەنگی بوو.

- خێڵی سێهەم کە سەرداری میر فەخرەدینی کوڕی ئەبوبەکر بوو پاشان ئیختیارەدین عومەری برای جێگای گرتەوە[٦]، لێرە دەردەکەوێت چاکی لکێکە لە خێڵێکی سەر بە هۆزی خەشەنانی- خۆشناو.

٢- لە سەردەمی مەملوکی (٦٤٨- ٩٢٣ك/١٢٥٠- ١٥١٧ز) لە میسر و شام دەزانرا کە چاك یەکێکە لە دەیان هۆز و خێل و تیرە و ئێلاتی کورد[٧].

٣- له ئینتیسابی میر سەیفەدین ئیبراهیمی کوڕی شێروە (٦٠٠- ٦٧٣ك/١٢٠٣- ١٢٧٤ز) هـاتووە: "الـزهيري الجاكي"[٨].

واتە دەبێت پەیوەندی هەبێت لە نێوان ئەم دوو هۆزەی کورد، زوهەیری خێڵێك بێت لە هۆزی چاکی یان بـە پێچەوانەوە، زوهەیریش خێڵێکی گومناوی کوردە سەر بە هۆزی گاوان، لە سەدەی شەشەمی کۆچـی/دوازدەهەمی زایینی لە ناوچەکانی حیللە و خوارووی بەغدا ئاکنجی بوو[٩].

٤- چاکی- لە شەرەفنامە شێوێنراوە و بووە بە خاکی- یەکێك بوو لە دەیان هـۆزی کـوردی دانیشـتوی هـەرێمی لوڕستانی گەورە[١٠].

٥- کەچی دەبینین محەمەدی کوڕی دەرباسی کوڕی ئاساك- پاساکی چاکی، ساڵی ٦٢٧ك/١٢٣٠ز لە شاری روها - ئورفە لەدایك بووە[١١].

بێگومان ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لە سەردەمی ئەیوبییەوە ماڵباتی چاکی لە شاری روها هەبوون و بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە چاکی دانیشتوی ئەو شارە بوون کە ئەو دەمانە دەگمەن کوردی لێ هەبوون، بەڵکو ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کە کەسایەتیی چاکی وا هەبوون بەر لە سەردەمی مەملوکی وهێرشەکانی مەغۆل روویان کردبـووە شام، لەوە دەچێت دەرباسی چاکی باوکی محەمەد والی یان بەرپرسی کارگێڕی ئەیوبییەکان بووبێت لە شاری روها و لەوێ محەمەدی کوڕی لەدایك بووە، ئەگەر ئەمە وابێت ئەوە دەتوانین بڵێین کە چاك یان چاکی خێڵێکی نەناسـراوی کوردستانە و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی و دواتریش بە ئەگەری کوشت و بڕی مەغۆلەکانەوە پەراگەنـدەی وڵاتی شام و میسر بووە، وەك زانراوە دەڤەرەکانی کوردستان دوچاری زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری هۆلاکۆ بونەوە و کە زیانێکی گیانی و ماڵی زۆری لێکەوتەوە و بووە هۆی دەربەدەربوونی ژمارەیەك لە دانیشتوانی ناوچەکە[١٢].

### ٣- دەرکەوتنی هۆزی چاکی:

چاك - چاکی خێڵێکی نەناسراوی کوردە تا کۆتایی رۆژگاری ئەیوبیەکان، هیچ زانیارییەك و ئاگادارییەکی لە سەر تۆمار نەکراوەو ناو و هەواڵ و باسوخواسی لە سەرچاوە و بەڵگە و دەستنوسە مێژوییەکان بەرچاو ناکـەوێت، تەنانەت بە دڵنیایی و دروستی نازانرێت نیشتەجێی کام دەڤەری کوردستانە، چونکە تا لە کوردستان بـوون، هـیچ دەنگوباسێکیان ئاشکرا نییە، تەنها پاش پەرتەوازە و پەراگەندەبوونیان بۆ وڵاتی شام و میسر ناوی هۆزی چاکی و هەواڵ و بەسەرهاتی میران و کەسایەتیەکانی روون و ئاشکرا دەبێت.

لێرەدا پێتڤیە جەخت لەسەر ئەو راستیە بکرێت کە یەکێك لە ئەنجامەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبیلە سەر دەستی سوڵتان صەلاحەدین و پاشان فراوانبوون و پەلوپۆهاویشتنی بۆ هەرێمەکانی میسر و شام و جەزیرە و یەمەن، بریتی بوو لە کۆچکردنی چەندین هۆز و تیرە و تایفە و ماڵباتی کوردستان بەرەو شارەکانی شام و میسر خۆگەیاندنیان بە سوپای شاهانی ئەیوبییەوە کە لە شەڕی جیهاد بوون دژی خاچهەڵگرەکان، هەروەها دەیان کەسایەتی سەربازی و زانستی و ئایینی و خوێندەوار و رۆشنبیری کورد لە میر و سەرۆکهۆز و قەڵادار و مەلا و رۆشنبیر و خوێندەواری کورد رویانکردە تاراوگە و هەمووان پەیوەندیانکرد بە دامودەزگا سەربازی و کارگێڕی و قەزائی و زانستیەکانی دەوڵەتی ئەیوبییەوە.

دواتریش کاتێك لە سەدەی حەفتەمی کۆچی/سێزدەهەمی زایینی، هەرێمە کوردنشینەکان رووبەڕووی پەلامار و هێرشەکانی مەغۆل هاتن و خەڵکەکەی دووچاری چارەنوسی هات ونەهات بوون، ژمارەیەکی تر لە خێل و ماڵبات و ئێل و تایفەی کورد ئاوارە و دەربەدەری وڵاتی شام و میسر بوون و لە شار و بازێر و ناوچە جۆربەجۆرەکاندا گیرسانەوە و تێکەڵ بەڕووداو و بەسەرهاتەکان بوون و دەنگوباس و هەواڵیان کەوتە ئاراوە، واتە ئەم دوو رووداوە - دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی و شاڵاوەکانی مەغۆل - بونە ئەگەری ئاشکرابوونی ناوی گەلێ هۆز و خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵەی خانەدانی کورد، لەوانەش کوردە چاکیەکان، چونکە تا لە زێد و نیشتمانی خۆیان بوون لە کوردستان ئەگەر رۆڵ و چالاکی سیاسی و سەربازیشیان نواندبێت و پشکداری و کاریگەریان بەسەر رووداوەکانەوە هەبوبێت ئەوا هەر بە شاراوەیی و نەزانراوی ماوەتەوە.

سەرەڕای هۆزە مەزن و دێرینەکانی کوردستان:هەکاری، میهرانی، زەرزاری، هەزبانی، حەمیدی، قەیموری، کە جێپەنجەی رۆڵەکانیان لە نەخشی سیاسی و ژیاری هەردوو دەوڵەتی ئەیوبی و مەملوکی دیار و ئاشکرایە و لە مێژوودا بەنەمری دەمێنێتەوە، چەند هۆز و ماڵبات و خێزانی دی کورد هەن، کە هەریەکە رۆڵ و بایەخ و بەشداری خۆی هەیە و کاریگەری بەجێهێشتوە بەسەر مێژووی میسر و شامدا لەوانە:

-بنەماڵەی دەربازی کوڕی یوسف لە هۆزی حەمیدی.

- بنەماڵەی خۆشترین.

- هۆزی چاکی.

- گۆرانەکان[١٣].

- بنەماڵەی باخڵ.

- بنەماڵەی ئەبی زکری.

- بنەماڵەی عەلکان.
- بنەماڵەی بێچاری کوڕی بەختیار.
- بنەماڵەی تۆری(الطوري) [١٤].

هەر یەك لەم هۆز و ماڵباتانە، شایەنی ئەوەنە ڤەکۆڵین و تۆژینەوەی زانستی و ئەکادیمیی قوڵیان لەسەر ئەنجام بدرێت و مێژوویان زیندوو بکرێتەوە و ڕۆڵ و کاریگەری و شوێنەواریان ساغ بکرێتەوە ئەمەش ئـەرکێکی مـەزن و کارێکی پیرۆزە چونکە بەم کارە لایەنێکی گەش و پرشنگداری دیرۆکی کورد روون دەبێتەوە.

## دووەم: ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕییان:

### أ- لە سەردەمی ئەیوبی:

ئەو بەشەی هۆزی چاکی کە ناچارکران هەوار و مەڵبەندی باو باپیرانی خۆیان لە کوردسـتان چـۆڵ بکـەن و رووبکەنە ولاتی غەریبی بە درێژایی رۆژگار لە دەڤەر و باژێرە جۆربەجۆرەکانی تاراوگە - ولاتی شـام و میسـر – ئاکنجیبوون و لە پاڵ چەندین هۆز و ماڵبات و تیرە و تایفەی تری کورد رەوەندێکی مەزن و کاریگەریان پێکدەهێنا کە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاو و شایستەیان گێڕا لە مێژووی دەوڵەتی مەملوکیدا، وەك لە سەرچاوەکان دەردەکەوێت چاکییەکان پتر لە شاری قاهیرە و نەخاسمە لە گەڕەکی حەکر (الحكر)ی قەراخ شار جێگیربوون [١٥].

دەربارەی هۆزی چاکی هەر لە دواساڵەکانی سەردەمی ئەیوبی و دەسپێکی سەردەمی مەملوکیەوە ژمارەیەك کەسایەتی کارگێڕی و سەربازی لە والی و میر و سەرکردە و بەرپرسی تیاهەڵکەوتووە کە هەر یەکەیان بە پێی پلە و پایە و ئاستی بەرپرسیارێتی خۆی رۆڵی خۆی گێڕاوە و بە چەشنی گشت میرانی کورد لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی مەغۆل بەشدارییان کردووە.

**١- میر سەیفەدین ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم کوڕی شێروە-شیرۆ کوڕی عەلی کوڕی میرزەبان کوڕی کلۆل چەکۆی چاکی (٦٠٠-٦٧٣ك/١٢٠٣-١٢٧٤ز):**

میر سەیفەدینی چاکی مەزنترین و ناسراوترین کەسایەتی چاکیە، تاکە میری ئەم هۆزەیە کە تاڕادەیەك زانیاری دەربارەی ناو و نازناو و کونیەی خۆی و باب و باپیرانی دەزانرێت و چەردەیەك دەنگوباس لە مەڕ ژیانی سیاسـی و مێژووی مردنی ئاشکران.

میر سەیفەدینی چاکی بە گەواهی مێژوونوسان پیاوێکی دەستپاك و کەڵەمێرد و نەفسبەرز و راستگۆ بوو، نزیکەی ساڵی ٦٠٠ك/١٢٠٣ز لە دایك بووە، وەلێ روون نییە کەی و چۆن پەیوەندی بە ئەیوبییەکانەوە کردوە، ئەوەندە هەیە لە سەردەمی (الملك الناصر )ی ئەیوبی (٦٣٨ – ٦٥٨ك/١٢٤٠ – ١٢٦٠ز) کەسایەتیەکی ناودار و ناسراو بووە و کراوە بە والی شاری حەڕان، دواتر بووەتە بە والی شاری حەلەب، لە هەمان کاتدا باوەڕپێکراو و یاوەر و هاریکاری ( الملك العزیز)ی کوڕی(الملك الناصر) بوو و کردی بە میر جاندار-أمیر جاندار- ی خۆی، میرجاندار یان گیانباز ئەو کەسەیە کە لە بۆنەکاندا چونە ژورەوە و سەردانی میران و کەسایەتییەکان رێك دەخات بۆ خزمەتی سوڵتانی مەملوکی[١٦]، لە ساڵی ٦٥٥ك/١٢٥٧ز هاوڕێ لەگەڵ (الملك العزیز)چونە لای هۆلاکۆ و تاعەت و گوێڕایەڵی خۆیان پێڕاگەیاند، و لە ساڵی ٦٥٨ك/١٢٦٠ز کاتێك هۆلاکۆ هێرشی هێنایە سەر حەلەب و گەمارۆیدا، ئەم والی شارەکە بو و لە بەرگری کردندا هەڵوێستی جوامێرانەی نواند و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی خۆی سەلماند، پاش داگیرکردنی حەلەب لەلایەن مەغۆلەکانەوە هۆلاکۆ میر سەیفەدینی لای خۆی هێشتەوە[١٧].

## ب-لە سەردەمی مەملوکی:

دوای رەوینەوەی هەڕەشە و مەترسیی هۆلاکۆ لەسەر وڵاتی شام، میر سەیفەدین و هەموو میرانی چاکی پەیوەندییان کرد بە دەوڵەتی مەملوکی میراتگری ئەیوبییەکان و سوڵتانی مەملوکی (الظاهربیبرس: ٦٥٨-٦٧٦ك/١٢٦٠-١٢٧٧ز)ەوە پلە و پایەو دەسەڵاتی بۆ تەرخان کردن[١٨].

میر سەیفەدینی چاکی لەلایەن ئەو میر و شاه و دەسەڵاتدارانەی وا پەیوەندی پێوەکردبوون، خۆشەویست و رێزدار و جێگای متمانە بوو، تەنانەت هۆلاکۆ رێزی لێنا و کردی بە میر شکار[١٩]و نێچیرڤانی خۆی و باڵندە راوکەرەکانی - الجوارح- پێ راسپارد، هەروەها سوڵتانی مەملوکی رێزی دەگرت و ستاییشی دەکرد و بە پیاوچاك و دەستپاك ناوی دەبرد[٢٠]، هەر بۆیە بە والی شاری بەعلەبەك دایمەزراند- ساڵی ٦٧٢ك/١٢٧٣ز والیی شارەکە بوو-، لە بەرەبەیانی رۆژی پێنجشەم رێککەوتی رۆژی (١٤)ی رەجەب ساڵی ٦٧٣ك/١٢٧٤ز هەر لە بەعلەبەك کۆچی دوایی کرد و بەخاك سپێردرا[٢١].

### ٢- میر شەرەفەدین ئیبراهیم کوڕی عەلی کوڕی جونەیدی چاکیی میواندار (المهماندار):

میر شەرەفەدینی چاکی میرێکی تری ناسراوی هۆزی چاکییە، ئەم و میر سەیفەدین دیارترین و بەرچاوترین دووکەسایەتی چاکین، بەلاّم وا دیارە لە دوو مالّباتی جیاوازن، وەك لە ناوەکانیانەوە دەردەکەوێت لەوە ناکات خزمی یەکبن.

بە گوێرەی ئەو هەوالّ و ریوایەتانەی وا لە بەردەستدان، دەشێین بلّێین کە میر شەرەفەدینی چاکی هەر لە دەستپێکی سەردەمی مەملوکییەوە یەکێك بوو لە میران و گەورە پیاوانی ناوداری بیلاّتی مەملوکی و یاوەری سولّتانەکان، لە سالّی ٦٦٠ك/١٢٦٢ز یەوە تا کۆتایی سەدەی حەفتەمی کۆچی ناوبەناو دەنگوباسی لە سەرچاوەکان بەرچاو دەکەوێت، دەسەلاّتدارانی مەملوکی جار بەجار رایاندەسپارد بە هەلّسوڕاندنی کاروباری دەولّەت[٢٢]، لە سالّی ٦٦٠ك/١٢٦٢ز سولّتان بیبرس میر شەرەفەدینی چاکیی ناردە لای سولّتان عیزەدین کەیکاوسی سەلجوقی سولّتانی سەلاجیقەی ڕوم بۆجێبەجێکردنی کارێکی پێویست[٢٣] و لە سالّی ٦٦١ك/١٢٦٣ز رایسپارد تا هەلّبستێ بە دابینکردنی پێداویستیەکانی دایکی (الملك المغيث)ی کوڕی (الملك العادل)ی ئەیوبی[٢٤]، لەمانەش گرنگتر میر شەرەفەدین لەبەر شیان و توانا و دلّسۆزیی لە لایەن بەرپرسانی دەولّەتی مەملوکیەوە کرا بە میواندار –المهماندار- ی دەرباری سولّتانەکان، میوانداریش ئەو کەسەیە کە لە دەربار‌دا پێشوازی لە نێردراو و میوانەکانی سولّتان دەکات و جێوڕێیان لە میوانخانە بۆ دابین دەکات و کات و شوێنی دیدەنییان بە سولّتان رێك دەخات [٢٥]، میر شەرەفەدینی چاکی نزیکەی بیست سالّ لەم مەنسەبە مایەوە، بۆیە هەر بە میر (شرف الدين المهماندار) دەناسرا[٢٦].

لە مانگی رەجەبی سالّی ٦٨٧ك/١٢٨٨ز بە بڕیار و فرمانی سولّتانی مەملوکی، میر شەرەفەدین لە میوانداریێتی عەفو کراو لە جێگەی میر حوسامەدینی کوڕی میر شەمسەدینی کوڕی باخلّ کرا بە والی ولایەتی ئەسکەندەریە[٢٧].

میر شەرەفەدین پاش ئەوەی بووە والی ئەسکەندەریە، هیچ هەوالّ و سۆراخێکی لە ژێدەرەکاندا بەرچاو ناکەوێت و ئاشکرا نیە لە چ سالّێك لە دنیا دەرچووە، ئەوەندە هەیە دەزانین جارێکی تر پۆستی ویلایەتی ئەسکەندەریەی پێ سپێردراوە و لە سالّی ٦٩٣ك/١٢٩٤ز والیی ئەسکەندەرییە بوو، و بە پێی ئاماژەی(ابن الفرات)(م ٨٠٧ك/١٤٠٤ز) والیی ئەسکەندەریە لەم سالّەدا میر سەیفەدینی چاکی بوو[٢٨].

### ٣- میر عەلائەدین ئەحمەد کوڕی میر سەیفەدینی چاکی (؟- ٧٠٢ك/١٣٠٢ز):

میر سەیفەدینی چاکی ژمارەیەك کوڕی هەبوو، وەلێ تەنها یەکێکیان لای ئێمە ناسراوە، ئەویش میر عەلائەدین ئەحمەدە کە جێگەی باوکی گرتەوەو، چ پلە و موچە و ئیمتیازاتێکی باوکی هەبوو بۆ ئەم مایەوە [٢٩].

میر عەلائەدینی چاکی لە ساڵی ٦٩٥ك/١٢٩٥ز بە والی (البر) دامەزرا تا ناوەڕاستی ساڵی ٦٩٩ك/١٢٩٩ز لەسەر کارەکەی مایەوە[٣٠]، لەم ماوەیەدا یەك دوو جار ناوی لە ژێدەرەکان هاتووە، وێڕای ئەمانە لە زنجیرە شەڕەکانی نێوان مەمالیك و مەغۆل بەشداریی کرد و ساڵی ٧٠٢ك/١٣٠٢ز لە شەڕی(شقحب) کوژرا[٣١].

## ٤- میر جەمالەدینی چاکی:

ژێدەرەکان مخابن گەلێ بە کورتی ناوی کەسایەتیەکانی هۆزی چاکی دەهێنن، چونکە زۆربەی ئەم کەسایەتیانە فەرمانبەر و بەرپرسی کارگێڕی بوون، نەك سەرکردەی سەربازی، وەك ئاشکرایە سەرچاوە مێژوویەکان پتر بایەخ بەرووداوی سیاسی و سەربازی و شەڕو لێکدانی نێوان هێز و لایەنەکان دەدەن.

سەبارەت بە ناودارانی چاکی تەنها ناو یان نازناویان تۆمار دەکەن، بەڵکو هەندێ جار تەنها بە (ابن الجاکی) ناویان دەبەن، لەبەر ئەم راستیە نازانرێت ئەم کەسایەتیانە چ پەیوەندی و خزمایەتیەك پێکەوە گرێیان دەدات.

دەربارەی میر جەمالەدینی چاکی ئەوەندە دەزانرێت کە ساڵی ٦٦٢ك/١٢٦٣ز بە والیی شاری حەڕان دامەزرا[٣٢].

## ٥- شەهابەدین قرتایی چاکی (٦٨٣ك/١٢٨٤ز):

بەدوری نازانین پەیوەندییەك هەبێت لە نێوان میر شەهابەدین قرتای چاکی و میر شەهابەدین کڕاتی لە هۆزی خەسنانی- خۆشناو لە کوردستان[٣٣].

قەلقەشەندی (م٨٢١ك/١٤١٨ز) دەقی بڕیاری دامەزراندنی شەهابەدینی چاکی بە جێگری ولایەتی (حصن الأكراد) بلاوکردوەتەوە، بێ ئەوەی ساڵی دامەزراندنەکەی دیاری بکات[٣٤]، هەروەها ساڵی ٦٨٣ك/١٢٨٤ز لە لایەن دەسەڵاتدارانی مەملوکیەوە هەڵبژێردرا و کرا بە والی ولایەتی قەلیوب (القليوب) لە شوێنی حوسامەدین لۆلۆ، لەمە زیاتر چی دیی لەمەڕ نازانرێت[٣٥].

لە لایەکی دیەوە تێبینی دەکرێت هەندێك لە چاکییەکان پاش کۆچکردنیان بۆ شام و میسر و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگای مەملوکی ناوی تورکی هەڵدەگرن، وەلێ دەکرێت بڵێین هەندێك لەوانەی هەڵگری ناوی تورکین لە بنەماڵەی چاکی نین بەڵکو بەندەی میرانی چاکی بوون و بە ناوی خاوەنەکانیانەوە دەناسران، وەك (قرطای، مغلطای، قنغلي)[٣٦].

## ٦- ئیبراهیمی چاکی (٦٧٨ك/١٢٧٩ز، ٧٢٧ك/١٣٢٧ز):

ئیبراهیمی چاکی و براکانی سەرکردە و بەرپرس وکارگێڕ و فەرمانبەر بوون لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی مەملوکی، سوڵتانی مەملوکی سەیفەدین قلاوون (الملك المنصور: ٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٨٩ز)، ساڵی ٦٧٨ك/١٢٧٩ز پاداشتی دانەوە و دیاری و پارە و نازناوی پێبەخشین[٣٧].

میرێکی دی چاکی هەر بە ناوی ئیبراهیم لە ساڵی ٧٢٧ك/١٣٢٧ز لە ( ولاية النظر)ی[٣٨] هەردوو شاری قودس و خەلیل جێگیر بوو، لەوانەیە ئەم دو ئیبراهیمە هەر یەك کەس بن[٣٩].

## ٧- میر بەدرەدین محەمەد کوڕی میر شەرەفەدین ئیبراهیم چاکی میواندار (٧١٣ك/١٣١٣ز):

میر بەدرەدین کوڕی میر شەرەفەدینی چاکی میوانداره، لەوە دەچێت جێگەی باوکی گرتبێتەوە لە پۆستی میوانداریتی (المهماندارية)، وەلێ پێزانین دەربارەی دەستناکەوێت، ئەوەندە نەبێت کە لە ساڵی ٧١٣ك/١٣١٣ز میرێکی دەستڕۆیشتوو بووە لە قاهیرە[٤٠].

## ٨- جەمالەدین یوسف چاکی:

جەمالەدینی چاکی میرێکی پایەبەرز و ناسراوی هۆزی چاکییە لە میسر لە سەردەمی سوڵتان(الملك الناصر: ٧٠٩- ٧٤١ك/١٣٠٩- ١٣٤٠ز) و چەند جار پۆستی والیێتیی پێدراوە، بەڵام زانیاری دەربارەی ژیان و کار و چالاکییەکانی کەمە و نازانرێت چ خزمایەتیەکی لەگەڵ میر سەیفەدین و میر شەرەفەدینی چاکی هەیە؟

جەمالەدینی چاکی تا ساڵی ٧٢٩ك/١٣٢٩ز والیی ولایەتی (الشرقية)[٤١] بوو و لە هەیڤی شەوالی ئەم ساڵەدا گوێزرایەوە بۆ ویلایەتی (الجيزة) و تا ساڵی ٧٣١ك/١٣٣١ز بە والی مایەوە و جارێکی دی بە والیی ویلایەتی (الشرقية) دەستنیشانکرا و تا مێژوویەکی نادیار لەسەر کارەکەی بەردەوامبوو[٤٢].

گومانی تێدا نییە کە میر جەمالەدینی چاکی تا ساڵی ٧٣٢ك/١٣٣١ز یش هەر حسێبی میرێکی مەزن و دەستڕۆیشتووی بۆ دەکرا، لەم ساڵەدا کاتێك سوڵتانی مەملوکی چوو بۆ حەج، میری چاکی یەکێك بوو لەوانەی کە لە قاهیرە مانەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و تەناهی و هێمنی و لەلایەن سوڵتانی مەملوکیەوە پاداشت درانەوە[٤٣].

ماوەتەوە بڵێین بە دووری دەزانین کە میر جەمالەدین یوسفی چاکی هەمان میر جەمالەدینی چاکی بێت کە لە ساڵی ٦٦٢ك/١٢٦٤ز بە والیی شاری حەڕان دامەزرا، بەوپێیەی نزیکەی حەفتا ساڵ لە نێوانیاندا هەیە.

## ٩- میر (إبن الجاكی:٧٥١ك/ ١٣٥٠ز):

کوڕی چاکی (إبن الجاکی) دوا کەسایەتیی ناوداری هۆزی چاکییە، لەوە دەچێت کوڕی میر جەمالەدین یوسف بێت و پاش مردنی باوکی، ئەم لە جێگای بە والیی (الشرقیة) دانرابێت، مەقریزی (م٨٤٥ك/١٤٤١ز) لەمبارەیەوە باس دەکات کە ساڵی ٧٥١ك/١٣٥٠ز یەکێکی چاکی بێئەوەی ناوی بهێنێت و بە (ابن الجاکی) ناوی دەبات لە شوێنی ئەسندەمەر (اسندمر) بە والی (الشرقیە) دانرا[٤٤]، پێمان وایە مەبەست لە (الجاکی) میر جەمالەدین یوسفە و مەبەست لە (ابن الجاکی) کوڕەکەیەتی کە نازانرێت ناوی چیە.

لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچی/چواردەهەمی زایینیەوە هەواڵ و دەنگوباسی هۆزی چاکی و چاکییەکان لە ژێدەرەکاندا بەرچاو ناکەوێت، وا دیارە بە درێژایی ڕۆژگار بەرەبەرە وەك هەموو هۆز و بنەماڵە کوردەکان لە نێوان کۆمەڵگای میسری تواونەتەوە و نەژاد و بنەچەی خۆیان لەیاد کردووە.

## سێهەم: ناودارانی چاکی لە بواری زانست دا:

لایەنێکی تری پرشنگداری مێژووی پیاوانی چاکی بریتیە لە خزمەتکردنی زانست و ئاین و لەمبوارەشدا رۆڵی خۆیان گێڕاوە و زانا و پیاوچاك و مامۆستا و فەقیهیان تیادا هەڵکەوتووە و وەك کەسایەتیی زانستی و کۆمەڵایەتی پایەبەرز ناوبانگیان رۆیشتووە، هەروەها میران و دەسترۆیشتووانی هۆزی چاکی پشکدارییان کردووە لە بنیاتنان و ئاواکردنی دامەزراوی زانستی لە مزگەوت و خەڵوەتگا (زاوية) کە هەر یەکێك لەم دامەزراوە زانستیانە رۆڵی خۆی گێڕاوە و بۆتە شوێن و مەڵبەندی خوداپەرستی و خوێندن و فێربوون و دەرسگوتنەوە و پێگەیاندن.

دەربارەی ناودارانی هۆزی چاکی لە بواری زانست و ئاییندا، ژێدەرکان تەنها ژیاننامەی سیانیان بۆ تۆمارکردوین:

## ١- فەقیهی شافیعی و قازیی عیزەدین محەمەدی کوڕی عومەری کوڕی عوسمانی چاکی:

ماوەیەك قازیی (عجلون) بوو، پاشان وەك فەقیهێك و فەرمووەدەناسێك لە قوتابخانەی (الظاهرية) خزمەتی دەکرد و یەکێك بوو لە هەڤاڵانی (إبن خلكان: م٦٨١ك/١٢٨٢ز) و تا لە ساڵی ٦٩٠ك/١٢٩١ز) کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (باب الفراديس) بەخاك سپێردرا[٤٥].

## ٤-ناصرەدین محەمەد کوڕی دەرباس کوڕی ئاساکی چاکی(٦٢٧-٦٩٩ك/١٢٣٠-١٢٩٩ز):

لە شاری روها – ئورفە هاتووەتە دنیاوە و بە مەبەستی خوێندن و فێربوون و پەیداکردنی شارەزایی لە زانستەکانی قورئان و حەدیسدا، بە شارەکانی شام و میسردا گەڕاوە و لە مزگەوت و قوتابخانەکانی حەڕان و حەلەب و دیمەشق و قاهیرە دەرسی خوێندوە و لە زاری چەند موحەدیسێکەوە حەدیسی بیستوە و گێڕاویەتیەوە، لەبەر هەژاری و نەداری بە پێیان چۆتە حەج، لە مانگی شەوالی ساڵی ٦٩٩ك/١٢٩٩ز مردووە، مێژوونوس زەهەبی (الذهبي: م ٧٤٨ك/١٣٤٧ز) لە تافی لاویدا محەمەدی کوڕی دەرباسی بینیوە و حەدیسی لە دەم گێڕاوەتەوە و بە شێخ و مامۆستای خۆی دانەوە[٤٦].

## ٣- فەقیە شێخ شەرەفەدین حوسێن کوڕی یەعقوب کوڕی ئەلیاسی چاکی (م ٧٣٦ك/١٣٣٥ز):

فەقێ شەرەفەدینی چاکی سەردەمانێکی درێژ ژیاوە و تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ بووە، وەلێ لەمەڕ لەدایکبوون و ژیانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و فێربوونی، زانیاری و دەنگوباسێکی ئەوتۆ بەردەست نییە، ئەوەندە هەیە لە خزمەت مامۆستایەك بە ناوی (ابن ابی الیسر) زانستەکانی فیقھ و حەدیسی خویندوە و حەدیسی گێڕاوەتەوە، تا بووە بە فەقێیەکی شافعی لە دیمەشق و لە قوتابخانە و مزگەوتەکانی شارەکەدا دەرسی گوتۆتەوە، نەخاسمە لە قوتابخانەی (الاكزية)، هاوکات شاهید بووە لە (مركز الطيوريين) [٤٧].

فەقێ شەرەفەدینی چاکی ڕۆژی هەشتەمی هەیڤی (جمادی الاخر)ی ساڵی ٧٣٧ك/١٣٣٦ز هەر لە قوتابخانەکەی مرد و لە گۆڕستانی (باب الصغیر) بەخاك سپێردرا[٤٨].

**٤- فەقێ فەخرەدین عەبدوڵای چاکی:**

لە فەقیهەکانی قوتابخانەی (الشامیة) بوو، تا ساڵی ٦٩٠ك/١٢٩١زکۆچی دوای کرد و ئەمیش هەر لە گۆڕستانی (باب الصغیر) شاردرایەوە[٤٩].

**٥- ئەحمەدی کوڕی شەمسەدین محەمەدی کوڕی حاجی عومەری چاکی:**

لە ماڵباتی میر سەیفەدینی کوڕی شێرۆی چاکییە و لە تافی لاویدا و ساڵی ٧٢١ك/١٣٢١ز لە ژیان دەرچوو[٥٠].

**٦- خوتبەخوێن و پێشنوێژ شێخ حوسێن کوڕی ئیبراهیم کوڕی (حەسەنی-حوسێن-جونەید-عەلی) چاکی(م ٧٣٧ك/١٣٣٦ز):**

شێخ حوسێنی چاکی پیاوچاك و خوداناس و حەقپەرست و خێرخواز و ئیمانداریکی ناسراوی هۆزی چاکی بوو لە قاهیرە، کوڕی میر شەرەفەدینی چاکیە و شاگردی پیاوچاکی کورد شێخ نەجمەدین ئەیوبە کە لەشەڕی (شقحب) ساڵی ٧٠٢ك/١٣٠٢ز کوژرا، دانیشتووی گەڕەکی حەکر (الحکر)ی قەراخ شار بوو، زۆربەی مێژوونوسان لەسەری ئاخافتوون و ستایشیان کردووە[٥١]، (الجزري: م٧٣٩ك/١٣٣٨ز) کە هاوچەرخی بووە بە (الشیخ الصالح القدوة) وەصفی کردووە[٥٢]، لەسەر دەستی زەینەبی کچی سلێمانی ئەسعرتی (م٧٠٥ك/١٣٠٥ز)[٥٣] فێربووە و بەشێکی کتێبی (الخلعیات)ی خوێندووە[٥٤].

شێخ حوسێنی چاکی هاوکات خوتبەخوێنێکی خودان شیان و بەتوانا و سەرکەوتوو بوو، خوتبەخوێنی مزگەوتی چاکی بوو لە (سویقة الریش) لە گەڕەکی حەکر، هەرگاڤ ئامۆژگاریی خەڵکی دەکرد و ڕێی پێ پیشاندەدان و هانی دەدان بۆ کاری چاکە و دینداری، خەڵکێکی زۆر ئامادەیی خوتبەکانی دەبوون و سوودیان لێ دەبینی[٥٥].

شێخ حوسێنی چاکی، لە خەڵوەتگایەکدا لە (سویقة الریش) کە هەر بە ناوی خۆیەوە دەناسرا دەژیا و خەڵکی گەڕەکەکە زۆر بڕوایان پێدەهێنا و بۆ پیرۆزی و تەبەڕوك زیارەتیان دەکرد[٥٦]، تا لە ڕۆژی بیستەمی مانگی شەوال ساڵی ٧٣٧ك/١٣٣٦ز لە خەڵوەتگاکەیدا سەری نایەوە، بۆ ڕۆژی دواتر نوێژی لەسەر کرا و لە دەرەوەی (باب النصر) و لە تەنیشت نەجمەدین ئەیوبی مامۆستایەوە بەخاك سپێردرا. ئەوەی شایانی باسە خەڵکێکی بێشومار لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئامادە بوون و "خەڵکەکە دەیانگوت هەرگیز کەژاوەی ناشتنی وا ئاپۆڕە و قەرەباڵغیان نەدیتووە"[٥٧].

هەروەها لە رووی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە دا، میران و دەستڕویشتوانی چاکی رۆڵیـان دیـار و ئاشـکرایە و شایانی باسکردن و ئاماژەیە و ئەوەی زانراوە ئەم دامەزراوانەیان بنیاتناوە:

## ١- مزگەوتی چاکی:

ئەم مزگەوتە دەکەوتە گەڕەکی حەکری قاهیرەوە لە (سويقة الريش)، لە بنەڕەتدا کۆنە مزگەفتێکی بچوك بوو، میر بەدرەدین محەمەدی کوڕی شەرەفەدینی میهمانداری چاکی ساڵی ٧١٣ك/١٣١٣ز دەسـتی پیاهێنـا و نـۆژەنی کردەوە و فراوانی کرد و سەکۆیەکی خوتبەخوێندنی بۆ دروستکرد، تا بووە مزگەوتی سەرەکی خوتبەخوێندن (المسجد الجامع) لە گەڕەکی حەکر و نوێژی هەینی و جەماعەتی تیادا دەکرا، مەلا و خوتبەخوێنیشـی وەك باسـکرا شـێخ حوسێنی برای بوو[٥٨].

مزگەوتی چاکی نزیکەی سەدەیەك بە ئاوەدانی مایەوە و بەردەوام نوێژی تیادەکرا و خوتبەی تیا دەخوێنرایەوە، لە ساڵی ٨٠٦ك/١٤٠٣ز کاتێك گەڕەکی حەکر وێرانبوو و دەوروپشتی مزگەوتەکە بووە کەلاوە، نوێژ و خوتبەی تیا بەتاڵکرا و کەس رووی لێناکرد، لە ئەنجامدا بە بڕیاری قازیی حەنەفی مزگەوتەکە فرۆشرا و واعیزێك بە ناوی شێخ ئەحمەد کڕیی و روخاندی و خشت و داروبەرد و کەرەستەکەی گواستەوە و لە گەڕەکی (المقس) ساڵی ٨١٧ك/١٤١٤ز مزگەوتی (الزاهد)ی پێ بنیاتنا[٥٩].

## ٢- خەڵوەتگای چاکی:

ئەم خەڵوەتگایە هەر وەك مزگەوتی چاکی لە (سويقة الريش) بوو لە گەڕەکی حەکر لە تەنیشت کەنداوی رۆژئاوا (الخليج الغربي)، بە ناوی شـێخ حوسـێنی چاکییـەوە ناوکرا بوو، کەتیایدا نیشتەجێ بوو و کردبوویە ماڵ و مەکۆی خۆی، تا سەردەمی مەقریزیش، خەڵك هــەر بـاوەڕی پتەویـان بــە کەراماتی شــێخ حوســێن هەبـوو و سەردانی گۆڕەکەیان دەکرد و پێیان وابوو دوعایان لەم خەڵوەتگەیدا قبوڵ دەکرێت[٦٠].

## ٣- رێرەوی چاکی:

یەکێك لە ڕێڕەوەکانی گەڕەکی حەکر بە ناوی میر شەرەفەدین ئیبراهیمی میهمانداری چاکییەوە دەناسرا، وا دیارە لەلایەن ئەوەوە ئاوەدان کراوتەوە، ئـەم ڕێـڕەوە تـا سـەردەمی سـوڵتانی مـەملوکی (المؤید شـیخ: ٨١٥ – ٨٢٤ك/١٤١٢– ١٤٢١ز) هەرمابوو و لەو ڕۆژگارەدا وێران کرا[٦١].

- ئەنجام:

چاکی هۆزێکی نەناسراوی کوردە، پتر لەوە دەچێت نیشتەجێی دەڤەرێکی سـەر بـە وڵاتـی هـەولێر بێـت، تـا دوماهیکی ڕۆژگاری ئەیوبییەکان هیچیان لەبارەوە نازانرێـت و بـە ئەگـەری شـاڵاوەکانی مەغۆڵـەوە، بەشـێکیان کوردستانیان بەجێهێشت و ڕوویانکردە وڵاتی شام و میسر.

هەر لە کۆتایی سەردەمی ئەیوبییەوە، ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی و کارگێڕیی هۆزی چاکی لە شـارەکانی وڵاتی شام و میسر دەرکەوتن و لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی مەملوکی بوونە والی و میواندار و بەرپرس و فەرمانبەر کە ناسراوترینیان میر سەیفەدینی چاکی و میر شەرەفەدینی چاکی و میر جەماڵەدینی یوسفی چاکییە.

لە بوارەکانی ئایین و زانست و ڕۆشنبیریشدا، چاکییەکان ڕۆڵی خۆیان هەبووە، محەمەدی کوڕی دەرباسـی چـاکی موحەدیس بووە و شێخ حوسینی چاکی خوتبـەخوێن و صـۆفی و خوداناسـێکی ناسـراوی قـاهیرە بـوو، هـەروەها چاکییەکان لە ڕووی بیناسازیشدا پشکداریان هەبووە.

لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچی/چواردەهەمی زایینیەوە، هـەواڵ و باسوخواسـی چـاکییەکان بەرچـاو ناکەوێت و وادیارە تێکەڵ بە کۆمـەڵگای میسری بوونە.

- پەراوێزەکان:

(١) الذهبي، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٧١-٦٨٠هـ)، ص١٢٤، الكتبى، عيون التواريخ، ١٠٦/٢٠، ١٠٩، ٥٧/٢١، ابن كثير، البداية والنهاية، ١٧٩/١٤.

(٢) ابن الفوطي، مجمع الاداب في معجم الالقاب، ١٠٥/٢، ٤٠٧، تاريخ الاسلام، حوادث(٥٩٠-٥٩٩هـ)، ص٣٧٤-٣٧٥، الصفدي، الوافي بالوفيات،٣٩/١١.

(٣) ابن الاثير، الكامل فى التاريخ،١٨٧/٧-١٨٨، المقريزى، السلوك،١٠٣/١،٨٦، ابن ابى الهيجاء الهذباني، تاريخ ابن ابي الهيجاء، ص٢١٨.

(٤) اليونينى، ذيل مرآة الزمان، ٨٩/٣.

(٥) كرد در دائرة المعارف الاسلام، وەرگێرانی بۆ فارسی اسماعيل قاضي (أورمية ١٣٦٧ هـ.ش)، ص٧١، لە راستيدا هۆزی خۆشناو دانيشتوی هەمان شوێنن كە هۆزی (الحسنانية) لێی نيشتەجێ بوون.

(٦) العمري، مسالك الابصار، ١٢٦/٣، القلقشندي، صبح الاعشى، ٣٧٤/٤.

(٧) السلوك، ٤/١، الخطط المقريزية، ٤٠٥/٣.

(٨) ذيل مرآة الزمان، ٨٩/٣-٩٠.

(٩) الكامل، ٤٥/٩، مجمع الالقاب، ٢٢٦/٣-٢٢٧.

(١٠) حمدالله مستوفى، تاريخ گزيده، ص٥٤١، البدليسى، شرفنامه، ص١٢٩.

(١١) الذهبى، معجم الشيوخ، ١٨٩/٢.

(١٢) ابن العبري، تاريخ الزمان، ص٣٣٢-٣٣٥، صبح الاعشى، ٣٧٥/٤.

(١٣) بڕوانە: بابەتی سێهەم.

(١٤) بڕوانە: بابەتی شەشەم.

(١٥) الخطط المقريزية،٣١٤/٤، ١١٩.

(١٦) صبح الاعشى، ٤٣٣/٥.

(١٧) ذيل مرآة الزمان، ٤٥/١، ٩٠/٣، تاريخ الاسلام، ص١٢٤.

(١٨) ذيل مرآة الزمان، ٩٠/٣، الوافي بالوفيات، ٥٧/٢١.

(١٩) مير شكار: واتە نێچيرڤان ئەو كەسەيە كە چاودێری باڵندە راوكەرەكانی سوڵتان دەكات و كاروباری راو رادەپەڕێنێ. صبح الاعشى، ٤٣٣/٥-٤٣٤.

(٢٠) ذيل مرأة الزمان، ٩٠/٣-٩١.

(٢١) ابن شداد، تاريخ الملك الظاهر، ص٢٢٢، ذيل مرأة الزمان، ٩٠/٣-٩١.

(٢٢) الدواداري، الدرة الزكية، ص١٩١، العيني، عقد الجمان فى تاريخ اهل الزمان، ٣٣٤/١.

(٢٣) السلوك، ٤٦١/١.

(٢٤) المصدر نفسه، ٤٨١/١.

(٢٥) صبح الاعشى، ٤٣١/٥-٤٣٢.

(٢٦) السلوك، ٤٦٩/١، ٤٨١، ٧٠١، الخطط المقريزية، ١١٩/٤.

(٢٧) أبن الفرات، تأريخ أبن الفرات، ٦٨/٨، السلوك، ٧٤٣/١.

(٢٨) تاريخ البرزالي، ٣٧٠/٢/١، تأريخ أبن الفرات، ١٧٤/٨.

(٢٩) ذيل مراة الزمان، ٩١/٣.

(٣٠) الدواداري، الدر الفاخر في سيرة الملك الناصر، ص٣٤، الكتيي، عيون التواريخ، ١٥١/٢٣، السلوك، ٨١٦/١.

(٣١) الدرة الزكية، ص٣٧٤، السلوك، ٨٥٥/١، ٩٤٧، ابن تغري بردي، لنجوم الزاهرة، ٢٠٦/٨. دەربارەی شەری(شقحب)بروانە بابەتی شەشەم.

(٣٢) السلوك، ٥٠٥/١-٥٠٦.

(٣٣) مسالك الابصار، ١٢٦/٣.

(٣٤) صبح الأعشى، ٤٥٩/١٢-٤٦٠.

(٣٥) السلوك، ٧٢٢/١. القليوب: شارێكە لە باكوری قاهیرە و مەڵبەندی ویلایەتی قەلیوبە. صبح الاعشى، ٤٢١/١٤.

(٣٦) المصدر نفسه، ٦٥٣/١، عقد الجمان ٢١٩/١.

(٣٧) السلوك، ٦٧٢/١، ابن دقماق، الجوهر الثمين في سير الملوك والسلاطين، ٩٣/٢.

(٣٨) والي النظر: ئەو كەسەیە كە لە كاروباری دارایی و پارەوپولی ویلایەتەكە دەڕوانێ و ووردەبێتەوە و رێكیدەخات، هەر ویلایەتێك لە ویلایەتەكانی دەوڵەتی مەملوكی (والي النظر)ی هەبوو، هەروەها ( ناظر الجیش) و (ناظر الدواوین) و (ناظر الخاص) لە جۆرەكانی ئەم ویلایەتەن. صبح الاعشى، ٤٣٧/٥.

(٣٩) السلوك، ٢٨٨/٢.

(٤٠) الخطط المقريزية، ٣١٤/٢.

(٤١) الشرقية: یەكێك بوو لە چوار ویلایەتەكەی لای دەریا (الوجە البحری) و بارەگاكەی شاری بەلبیس بوو. صبح الاعشى، ٢٧/٤، ٦٧، ١٧١/٨، یاقوتی حەمەوی دەڵێت (الشرقیة) كورەیەكە لە باشوری میسر. معجم البلدان، ٣٣٧/٣.

(٤٢) السلوك، ٣١٢/٢.

(٤٣) الدر الفاخر، ص٣٦٨-٣٦٩.

(٤٤) السلوك، ٨١٩/٢.

(٤٥) تاريخ البرزالي، ٢٢١/٢/١.

(٤٦) الذهبي، معجم الشيوخ، ١٨٩/٢، الكتبى، عيون التواريخ، ٢٨٨/٢٣.

(٤٧) الجزری، تاریخ حوادث الزمان، ٩٠٢/٣، شاهد: فەرمانبەرێکی دارایی دەوڵەتە، لە هەر شار و بـاژێرێکی دەوڵـەتی مەملوکی شاهێدێك هەبوو، ئەرکی ووردبونەوە و خەملاندنی داهاتی دیوانی دارایی شارەکەبوو. صبح الاعشى، ٤٣٧/٥.

(٤٨) تاریخ حوادث الزمان، ٩٠٢/٣.

(٤٩) تاريخ البرزالي، ٢٥٨/٢/١.

(٥٠) المصدر نفسه، ٣٨/٢/٢.

(٥١) ابن كثير، البداية و النهاية، ١٧٩/١٤-١٨٠، السلوك، ٤٢٦/٢، تاريخ حوادث الزمـان،١٠٠٥/٣، هەروەها چـەند مێژوونوسێکی وەك (الشجاعى: تاريخ الملك الناصر، تاريخ ابن قاضى شهبة، السخاوى: تحفة الاحباب، ابن رافع: الوفيات) ژیاننامەی شێخ حوسێنی چاکییان تۆمارکردووە، بەڵام مخابن ئەم سەرچاوانە دەستمان نەکەوتن تا سوودیان لێ ببینین.

(٥٢) تاريخ حوادث الزمان، ١٠٠٤/٣.

(٥٣) زەینەبی ئەسعرتی: زەینەب کچی سولەیمانی کوڕی ئیبراهیمی ئەسعرتی، دەوروبەری ساڵی ٦٢٣ك/١٢٢٦ز لـەدایك بووە، موحەدیسێکی ناسراوبوو لە بەر دەستی شارەزایان و زانایانی حەدیس کتێبەکانی (الصحيح) و (البخاري) خوێندووە و لە ساڵی ٧٠٥ك/١٣٠٥ز مردووە. ابن حجر العسقلاني، الدرر الكامنة في اعيان المئة الثامنة، ١١٩/٢.

(٥٤) تاريخ حوادث الزمان ١٠٠٥/٣.

(٥٥) المصدر نفسه، ١٠٠٥/٣، البداية والنهاية، ١٧٩/١٤ – ١٨٠، الخطط المقريزية، ٣١٤/٤.

(٥٦) تاريخ حوادث الزمان ١٠٠٥/٣، الخطط المقريزية، ٣١٤/٤.

(٥٧) تاريخ حوادث الزمان، ١٠٠٥/٣، البداية والنهاية، ١٨٠/١٤، ابن الملقن، طبقات الأولياء، ص٣٤٨.

(٥٨) الخطط المقريزية، ٣١٤/٤.

(٥٩) المصدر نفسه، ١١٩/٤.

(٦٠) المصدر نفسه، ٣١٤/٤، على باشا مبارك، الخطط التوفيقية لمصر القاهرة، ٦١/٦٠

(٦١) الخطط المقريزية، ١١٩/٤.

# بابەتی شەشەم
## کوردەکانی سوپای دەوڵەتی مەملوکیی تورکی

### پێشەکی:

مەملوکە تورکەکان دەستکەلا و هاوردەی ئەیوبییەکان بوون، (الملك الصالح) ئەیوب سولْتانی میسر(٦٣٧-٦٤٧ك/١٢٣٩-١٢٤٩ز) ژمارەیەکی زۆری بەندە و کۆیلەی لە میللەت و هۆزە تورکەکان هێنایە میسر و لە دەوری خۆی کۆیکردنەوە و خزاندنیە نێو ریزەکانی سوپاوە و پلەوپایەی سەربازی بلْندی پێبەخشین.

دوای مردنی (الملك الصالح) لە شەعبانی سالْی ٦٤٧ك/١٢٤٩ز هەر ئەم بەندە تورکانە بوون پاش سێ مانگێك لە موحەڕەمی سالْی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز بە پیلانی (شجر الدر)ی ژنی، تورانشای کوڕیان کوشت وجلەوی دەسەلاتیان لە میسر ٦٤٨ك/١٢٥٠ز و لە ولاتی شام ٦٥٨-٦٦١ك/١٢٦٠-١٢٦٣ز گرتەدەست وبوونە میراتگری ئەیوبییەکان وبۆ ماوەی پتر لە سەدەو چارەکێك (٦٤٨-٧٨٤ك/١٢٥٠-١٣٨٢ز) فەرمانرەوایی وڕێبەرایەتی پانتاییەکی گەورە وگرنگی جیهانی ئیسلامیان گرتە دەست، پاشان بەندە چەرکەسیەکان درێژەیان بەدەسەلاتی مەملوکیدا.

ئەوەی مایەی سەرەنج وشایەنی ئاخەفتن ولێدوانە سەبارەت بە مێژووی کورد ئەوەیە کە لە نێوەندە ئایینی وزانستی ورۆشنبیرییەکاندا، لە دامەزراوە کارگێڕی وقەزائی ودارایی وسەربازییەکاندا، لە نێو ریزەکانی لەشکر وپێکهاتە سوپاییەکانی دەولەتی مەملوکیدا، ژمارەیەکی زۆری کەسایەتی کورد بەرچاو دەکەون کە هەموویان لە دامودەزگا جۆربەجۆرەکانی دەولْەت خزمەتیان کردوە ورۆڵی خۆیان گێڕاوە وهەر یەکە لە بواری پسپۆڕی وشارەزایی خۆیدا هەڵکەوتووە وپلەوپایە و فرمانی وەرگرتوە وبۆتە مرۆڤێکی دیار و ناسراو و گشتیان ناسنامە و رەسەنایەتی خۆیان پاراستوە و شانازیان بە کوردینی خۆیان کردوە و نازناوی نەتەوە یان هۆز یان بنەماڵەی خۆیان لە دەستنەداوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی رۆڵی سەربازی کوردەکانی دەوڵەتی مەملوکی تورکی یە لە شام ومیسرا لە سەرەتاوە تا شەڕی (شقحب) سالْی ٧٠٢ك/١٣٠٢ز وتیشکدەخاتە سەر پاساو و هۆیەکانی هەبوونیان، ژمارە و سەنگیان، توانا وشیيانی جەنگییان، شوێن وجێگەی خزمەتکردنیان، پشکداری وکاریگەرییان لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی مەغۆل ولەناوبردنی پاشماوەی فەرەنجە خاچهەلگرەکان و بەرەکانی تر(*).

- یەکەم: هەبوونی کورد لە سوپای مەملوکیدا و پاساوەکانی:

دەق وریوایەتە مێژووییەکان، ناوەرۆکی سوێندنامە وبڕیار و فرمان وپەیماننامە وتێکستی ئاگربەستەکان، دەنگوباسی شەڕو لێکدان وهێرش وجموجۆڵەکانی سوپای مەملوکی، هەموویان دوپاتی دەکەنەوە کە کورد، چ وەك میر وسەرکردە وفەرماندەی سەربازی وسەرلەشکر وپێشەنگ وبەرپرسی کارگێڕی و چ وەك جەنگاوەر و سەرباز وشەڕکەر وتیپی لەشکری، بەشێکی گرنگ وسەنگداری سوپای مەملوکی پێکدەهێنا بە تایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەهەمی زایینی.

تەنانەت کاتێك سوڵتانێکی نوێی مەملوکی دەچووە سەرتەخت وجڵەوی دەسەڵاتی دەگرتەدەست، پێویستبوو سەرپاکی مەزنە بەرپرس و گەورە کاربەدەستانی دەوڵەت سۆێندی بۆ بخۆن کە "... هەوڵنەدەن دووبەرەکی وئاژاوە بنێنەوە لە نێوان میر و بەندە ولەشکر وسەرباز و عەرەبی کۆچەری وتورکمان وکوردەکانی سەر بە سوڵتان"(١).

لە ناوەڕۆکی ئەو ئاگربەست و رێککەوتننامانەی کە سوڵتانی مەملوکی سەیفەدین قلاوون (٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٩٠ز) لەگەڵ ئەرمەنەکانی ئاسیای بچووك وخاچهەڵگرەکانی شاری صور وتەرابلس ولایەنەکانی تر لە سەریان رێکەوتن، هەرگاڤ ناوی کورد براوە چ وەك پێکهاتەیەکی سەربازیی سوپای مەملوکی و چ وەك بەشێك لە رەعیەتی دەوڵەت(٢).

ساڵی ٦٧٩ك/١٢٨٠ز سوڵتان قلاوون بڕیاریدا عەلائەدینی کوڕی بکاتە جێنشین و وەلی عەهدی خۆی و لەمبارەیەوە فرمانێکی دەرکرد و تیایدا هەموانی ئاگادار کردەوە کە "... پایەی جێنشینی پێدەستپێری بە سەر سەرجەم هەرێمەکانەوە بەسەرجەم لەشکر و سەرباز وعەرەب و تورکمان وکورد و نوێنەر و والیەکانیانەوە..."[٣] و لە راسپاردەی لێپرسراوی کاروباری لەشکریی مەملوکی (وصية ناظر الجيش) وەك یەکەیەکی لەشکری هاتووە[٤].

وەك ئاشکرایە، دەوڵەتی مەملوکی، چ مەملوکی تورکی (البحرية) و چ مەملوکی چەرکەسی (البرجية)، وەك لە ناوەکەیەوە دیارە لەسەر بناغە و سیستەمێکی نوێباو و جیاواز بنیاتنرابوو کە بریتیە لە پشتبەستن و بەکارهێنانی بەندە وکۆیلە هاوردەکان لە حوکم وریڤەبردندا.

بازرگانە موسڵمانەکان بەردەوام لە ولاتانی قەفجاق(٥) و خەزەر و قەفقاسیا و هەرێمە تورکنشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ولاتی ئەوبەر روبارەوە (بلاد ما وراء النهر)، بەندەیان بەکۆمەڵ لە میللەت وهۆزە جۆربەجۆرەکانی تورك ومەغۆل وتاتاری وقەفقاسی دەستدەخست، چ بە کڕین وچ بە ڕفاندن و ڕاوکردن و لە بازاڕەکانی شام ومیسردا دەیانفرۆشتن، بازرگانە رۆژئاواییەکانیش نەخاسمە ڤینسیایەکان (البنادقة) بڕێکی تری بەندەیان لە بازاڕەکانی

قوستەنتینیه و سیواس و دورگەی قرم وشوێنانی ترەوە باردەکرد ولـه هـەردوو بەنـدەری دمیـات وئەسـکەندەریه دەیانفرۆشتن و لەوێوەەش دەگوێزرانەوە بۆ قاهیرەی پایتەخت، لەوێ گوزەری تایبەت هەبوو وەك (خان مسرور) بـۆ ئالۆگۆڕ و کڕین وفرۆشتن و سەوداکردنی بەندە[٦].

وەك ئاشکرایه لەم دەوڵەتەدا، شاه و سوڵتانەکان وجێگرەکانیان و داروودەستەکانیان، والی و نوێنەر و بەرپرسی هەرێمەکان و زۆربەی میر وسەرلەشکر وفەرماندەکان، سەرباز وشەڕکەر ودەسـتەوگروپە تایبەتیـەکان لـه سـوپای مەملوکیدا، لە بەندە و کۆیلەی هاوردە وکرێگرتە فرەرەگەزەکان پێکدەهات[٧].

هاوکات لە نێو پێکهاتەو رێکخراوەکانی سوپادا، رێژەیەکی بەرچاو لە کورد و تورکمان و رۆم وعەرەبی کۆچەری ومیللەتانی دی هەبوون کە بێگومان شان بەشانی بەندەکان رۆڵ ونەخش وکاریگەری خۆیان هەبووە و لەهەموو شەڕ وبەسەرهات ورووداوە جەنگیەکاندا بەشداریان کردوە، دەسەڵاتدارانی مـەملوکی سـەرەڕای مەملوکـە تورکـەکان پشتیان بە نەتەوەکانی تر دەبەست نەخاسمە کورد، مەقریزی(م ٨٤٥ك/١٤٤١ز) لەمبارەیەوە دەڵێت: "اقتصروا على الاتراك وشيء من الاكراد"، بەڵام ئامـادەبوونی کوردەکـان نـە لـە دوورەوە و نـە لـە نزیکـەوە، نەراسـتەوخۆ و نەناراستەوخۆ هیچ جۆرە لێکچوون و هاوچەشنی و پەیوەندیەکی بەسیستمی مەملوکیـەوە نیـە، ئـەمان نەبەنـدە وکۆیلەی دیلکراو و نەکڕدراو وهاوردەی بازرگانەکان بوون ونەداروودەستە و کرێگرتە وخزمەتکار و نۆکەری سوڵتان و کاربەدەستان بوون، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەی ئەم شتانەوەیەن، ئەمان کەسانی موسڵمان و ئازاد وسەرفراز بوون و لە بنەماڵە دێرین وخانەدانەکانی کوردستان بوون، کەچی چەند ڤەکۆڵەرێکی عەرەب، ناشارەزایانە بۆ ئەم پرسە چوونە بێ وورد بوونەوە لە تێکستە مێژووییەکان وتاووتۆکردنیان کەوتونەتە هەڵەیەکی زەقەوە، کاتێك کوردەکـانی نێـو سوپای مەملوکییان- لەوانەش کوردە قەیموریەکان- بە چەشنی تورك وچەرکس و قەفچاقی بە مەملوك دانەوە[٨]، هەندێکیان پشتیان بە ئاخافتنی عومەری (م٧٤٩ك/١٣٤٨ز) و مەقریزی بەستوە وئاماژەیان پێداوە، وەلێ ئـەوان شتی وایان نەگوتوە وبەڕاشکاوی دەڵێن: "سەربازەکانی دەوڵەتی تورکی – واتە مـەملوکی – تێکـەڵن لـە تـورك وچەرکەس و رووم وکورد وتورکمان، ئەمانە زۆربەیان لە مەملوکە کڕدراوەکانن"[٩].

وێڕای ئەمە، لەهیچ ریوایەت ودەق وبەڵگەنامـە و نوسـراوێکی مێژوویـدا دەسـتەواژەی (المماليـك الاكـراد- بەندەکوردەکان) بەرچاو ناکەوێت، بگرە هەندێك لە مێژوونوسان بە ئاشـکرا جیاوازییـان دانـاوە لـە نێـوان کـورد ومەملوکدا[١٠].

هەبوونی ئەمان ئەگەر و وپاساو وهەلومەرجی خۆی هەیە وجیاوازە:

یەکەم- کورد لە کۆنەوە لە ناوچەکانی باکوری شام دەژیان، گەلێك ئاماژە و بەڵگە هەن لەمەڕ هەبونیان بەر لە سەردەمی ئەیوبی هاوکات وڵاتی شام هاوسنوری دەڤەرە کوردنشینەکانی هەرێمی جزیرە ودیاربەکرە(١١).

دووەم- زۆربەیان پاشماوەی سوپای ئەیوبی بوون، بەنیازی پشتگیری و هاریکاریی سوڵتان صەلاحەدین و میرانی تری ئەیوبی و بەشداری کردن لە جەنگی پیرۆزی جیهاد ل ەشام و میسر گیرسابوونەوە، دوای لە ناوچوونی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان هەرلەوێ مانەوە و نەگەڕانەوە کوردستان لە بەر ئەوەی دەیانساڵ بوو زێدی خۆیان جێهێشتبوو و لە وڵاتی غەریبی راهاتبوون وتێکەڵ بە کۆمەڵگای تاراوگە بوون وهاتووچۆ و پەیوەندیان تا رادەیەکی دوور بە نیشتمانی خۆیانەوە پچڕابوو، لە لایەکی ترەوە بارودۆخی سیاسی کوردستان لە سۆنگەی دەسەڵاتی داگیرکەرانی مەغۆلەوە دەستی ژیانی ئەوانی نەدەدا وهەلومەرج لەبار نەبوو بگەڕێنەوە، بگرە بە پێچەوانەوە پەیتا پەیتا چەندین ماڵباتی کورد دەربەدەر دەکران، ئەمانیش دەکرێت بکرێنە دوو کۆمەڵەوە:

أ- کۆمەڵێکیان کوڕ و کوڕەزا و وەچەی ئەو گەورە میر و سەرکردانە بوون کەوا لە سوپای سوڵتان صەلاحەدین و( الملك العادل) سەیفەدین ئەبوبەکری برای وکوڕەکانی خزمەتیان دەکرد:

- میر موجیرەدین خۆشترین (م٦٦١ك/١٢٦٣ز) کوڕی میر حوسامەدین عیسا (م٦١٩ك/١٢٢٢ز) ی کوڕی میر خۆشترینە کە یەکێك بوو لە میرە ناسراوەکانی صەلاحەدین، میر و مێژوونوس عیزەدین محەمەدی ناسراو بە (ابن ابي الهیجاء)یش (٦٢٠-٧٠٠ك/١٢٢٣-١٣٠٠ز) کوڕی میر موجیرەدین خوشترینە[١٢].

- میران شەرەفەدین عیسا (٥٩٣-٦٦٩ك/١١٩٧-١٢٧٠ز) و عیمادەدین داود (٦٠٩-٧٠٠ك/١٢١٢-١٣٠٠ز)کوڕی میر بەدرەدین محەمەدی کوڕی ئەبو قاسمی هەکارین کە لە شەڕەکانی ساڵی ٦١٤ك/١٢١٧ز کوژرا[١٣].

- میر نورەدین عەلی والیی حەلەب لە ماوەی (٦٥٩-٦٧٨ك/١٢٦١-١٢٧٩ز) کوڕی میر عزەدین عومەرە کە لە دیارترین ومەزنترین میرانی کوردی سەردەمی ئەیوبییە، ئەمیش کوڕی میر موجەلای کوڕی مەڕوانی هەکاریە کە لە شەڕی (الوقعة الكبرى) لە عەکا ساڵی ٥٨٥ك/١١٨٩ز کوژرا، هەروەها میر شەرەفەدین کە لە ساڵی ٦٨٠ك/١٢٨١زکوژرا، کوڕ یان برای میر سەیفەدین محەمەدە کە لە ساڵی ٦٣٧ك/١٢٣٩ز لە شاری غەزە لە شەڕی خاچهەڵگرەکاندا کوژرا ئەمیش نەوەی میر عەلکانە لە میرانی صەلاحەدین[١٤].

- میران شەمسەدین محەمەد (م٦٨٣ك/١٢٨٤ز) وعیمادەدین ئەحمەد کوڕانی میر بەدرەدین باخەلێ هەکارین لە میرانی (الملك الصالح) ئەیوب[١٥].

- میر ئەسەدەدین سلێمان (٦٠١-٦٦٧ك/١٢٠٤-١٢٦٩ز) کوڕی میر عیمادەدین داود (م٦٤٤ك/١٢٤٦ز)ی کوڕی میر عیزەدین موسەکی (م٥٨٥ك/١١٨٩ز) کوڕی چەکۆیە، چەکۆش خاڵی صەلاحەدینە[١٦].

ب- کۆمەڵێکی تریان بەتایبەت ئەوانەی خەڵکی هەرێمی جەزیرە و ناوچەکانی باکوری کوردستان بوون، کاتی خۆی پەیوەندییان کردبوو بەو شاهە ئەیوبیانەی کە فەرمانڕەوایی شارو باژێڕەکانی ئەو هەرێم وناوچـانەیان دەکـرد وەك (الملك الاشرف موسى) میری جەزیرە (٦١٥-٦٣٥ك/١٢١٨-١٢٣٧ز) و(الملك الصالح) ئەیوب کـە جێگـری(الملـك الكامل) محەمەدی باوکی بوو لە ماوەی (٦٣٠-٦٣٥ك/١٢٣٢-١٢٣٧ز) لە هەردوو شاری ئامـەد وحوسـنکێفا و تورانشاه کە ئەمیش جێگری (الملـك الصـالح) ی بـاوکی بـوو لـە حوصـنکێفا (٦٣٧-٦٤٧ك/١٢٣٩-١٢٤٩ز)، ئەوکوردانە دڵسوز و وپشتیوان و گوێڕایەڵی شاهەکانی ئەیوبی بوون وهەر بە یـاوەری ئـەوان یـان لـە سـەر داوای ئەوانیش لە هەرێمی جەزیرە و دەوروبەریەوە بە خۆیان وپیاوان ولایەنگرانیانەوە روویانکردە وڵاتی شام ومیسر و هەتا دوا رۆژی دەسەڵاتیان لە خزمەتیان مانەوە، لەوانە:

- میر فەخرەدین میلاد کوڕی ئیبراهیم کوڕی عەدلانی هەشتەکی (م٦٧٥ك/١٢٧٦ز) پەیوەنـدیی کـرد بـە (الملـك الاشرف) موساوە(١٧).

- میرانی قەیموری کاربەدەستانی قەڵای قەیمور هەڵکەوتوو لە نزیك باژێری سعرت (سێرت) لـە هـەرێمی جـەزیرە: ناصرەدین حوسێن وشەهابەدینی برای و شەهابەدینی یوسفی ئامۆزایان، عزەدین حەسەن، بەدرەدین خدری کـوڕی جودی وچەند میرێکی دی قەیموری کە هەر لە سەردەمی ئەیوبی مردن یان کوژران، ئەمانە سـاڵی ٦٤٢ك/١٢٤٤ز بەدەنگ بانگهێشتی (الملك الصالح) ئەیوبەوە هاتن و روویانکردە شام(١٨).

- میرانی ماڵباتی توری (الطورى) کە دوور نیە خەڵکی دەڤەری تورعابـدین(١٩)، بن لەهەرێمی جەزیرە: سەیفەدین یوسفی توری، موبارزەدین عومەری توری، مەجدەدینی توری لە سوپای تورانشـاه خزمەتیانـدەکرد، دوای مردنـی (الملك الصالح) ٦٤٧ك/١٢٤٩ز وگازکردنی تورانشای کوڕی، ئەمان هاورێیەتیانکرد و لەگەڵیا چوونە میسر(٢٠).

- میر موجیرەدین ئیبراهیمی کوڕی زەینەدین موسای کوڕی ئەبی زکری کە لە "بنەماڵەیەکی وەجاخزادە و مەزنی کوردان بوو" لە رۆژهەڵاتەوە – لێرە مەبەست کوردستانە – هاورێ لەگەڵ (الملك الصالح) ئەیوب چووە میسر(٢١).

لە سەرەتادا و تا دەسەڵات و سەروەریی ئەیوبییەکان لە هەندێك باژێر و دەڤەری شـامدا مـابوو، مەملوکـە تورکەکان بڕوا و متمانەیان بەم میر و فەرماندە کوردانە نەبوو و لە دڵسوزیان دڵنیا نـەبوون و بەچـاوی گومـان و دوڕدونگیەوە لێیان دەڕوانین و دەیانزانی ئەوان وەلائی راستەقینەیان تەنها بۆ ئەیوبییەکانە، بویە رابوون بە لابردن و پشتگوێخستن و موچەبڕینی گەورەمیر و سەرکردە کوردەکان و پەراوێزکردنی ڕۆڵیان، میر حوسامەدین ئەبو عـەلی هەزبانی (٥٩٣-٦٥٨ك/١١٩٧-١٢٦٠ز) کە گەورەترین و ناسراوترین مـیر بـوو لـە روزگـاری (الملـك الصـالح)ی

ئەیوبیدا، کەچی مەملوکە تورکەکان مووچە و بژێوییان لێ بڕی و ناچاریان کرد قاهیرە جێبهێڵێ، ئەویش رووی کردە دیمەشق و چووە خزمەت (الملك الناصر یوسف:٦٣٤-٦٥٩ك/١٢٣٧-١٢٦١ز)ی نەوەی سوڵتان صەلاحەدین، هەروەها ماوەیەك چەند میر و فەرماندەیەکی کورد بێکار و دەستبەتاڵ و نانبڕاو مانەوە، لەوانە میرانی قەیموری: ناصرەدین حوسێن و شەهابەدین یوسف و عیمادەدین عەلی کە تا دواسات لەوپەری پابەندی و گوێڕایەڵی و دڵسۆزیی ئەیوبیەکاندا بوون، و میر مەمدودی کوڕی عیسای زەرزاری (م٦٦٣ك/١٢٦٥ز) و میر فەخرەدین محەمەد کوڕی ئەسعەدی کوڕی مەلکێشۆ(م ٦٧٤ك/١٢٧٥ز) چەندانی دی[٢٢].

لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك میر و کەسایەتیی سەربازی و کارگێڕی کورد دوای لەناوچوونی دەوڵەتی ئەیوبی وەك بڵێی دڵیان شکابێت، وازیان لە ژیانی لەشکری هێنا و دەستیان لەکار کێشایەوە و ژیانیان بۆ زانست و ئاین و خوێندەواری تەرخانکرد و خۆیان بە خوێندن و فێربوون و شارەزابوون لە زانستەکانی قورئان و حەدیس خەریك کرد لەوانە: میر محەمەدی کوڕی دەربازی چاکی (٦٢٧-٦٩٩ك/١٢٣٠-١٢٩٩ز) و میر ئەسەدەدین سلێمان کوڕی داود کوڕی موسەك و میر شەرەفەدین عیسای کوڕی بەدرەدین محەمەدی هەکاری و عەلی کوڕی عوسمانی هەولێری (٦٠٣-٦٧٠ك/١٢٠٦-١٢٧١ز)، ئەم هەڵوێستە تەنانەت ژمارەیەك لە میرانیماڵباتی ئەیوبیشی گرتەوە[٢٣].

سێیەم- لە ئاکامی پەلامار و دەستدرێژیی بەردەوامی خانەکانی مەغۆل بۆ سەر دەڤەرەکانی شارەزور، کەرخینی- کەرکوك، هەولێر، داسەن، هەکاری، جزیرەی بۆتان وشار و ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە[٢٤] کە تا دواساڵەکانی سەدەی حەفتەمی کۆچی/سێزدەهەمی زایینی درێژەی هەبوو، چەندین خێڵ وتیرە و ماڵباتی کوردی خانەدان لەبەر جەور و ستەم و زۆرداریی لەشکری مەغۆل ئاوارە وپەراگەندەی شام ومیسر بوون وپەیوەندییان بە شاهەکانی ئەیوبی ومەملوکیەوە کرد و تێکەڵ بە کۆمەڵگای تاراوگا بوون، میر بەدرەدین یوسفی کوڕی دەربازی حەمیدی کە لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و دەستڕۆیشتووی ناوچەی ئاکرێ بوو تا نسکۆی بەغدا ساڵی ٦٥٦ك/١٢٥٨ز فەرماندە بوو لە سوپای عەباسی وپاشان رووی کردە دیمەشق وپەیوەندیی کرد بە ئەیوبیەکانەوە[٢٥].

پیاوانی دوو هۆزی شارەزوور: باپیری و لاوێنی کە شەڕکەر و دەستوەشێنبوون[٢٦]، وەك (ابن خلدون: م ٨٠٨ك/١٤٠٥ز) دەڵێت: ملکەچی و تەپەسەری مەغۆلە بتپەرستەکانیان پێ قبوڵ نەکراو لایان نەنگ وناشرین بوو بچنە ژێر ئەم بارەوە[٢٧] بە خۆیان و کە ژمارەیان خۆی لە سێ هەزار دەدا و ژن ومنداڵیانەوە نیشتمانی خۆیان بەجێهێشت و دەربەدەری وڵاتی شام بوون[٢٨]، (الملك الناصر) یوسفی ئەیوبی کە لە دوو لاوە: مەملوکە تورکەکان و هۆلاکۆ تەنگیان پێهەڵچنیبوو بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لێکردن بەونیازەی هەڵوێستی خۆی پێیان پتەوبکات، دواتر لە سوپای مەملوکیدا تیپێکی تایبەتیان لێپێکهات کە بە کوردە شارەزوریەکان دەناسران[٢٩].

هاوکات وبەهەمان هۆوە سێ میری کورد کە زانیاریەکی ئەوتۆیان لە بارەوە ئاشکرا نیە: عەلەمەدین ئەبو عەلیی زەرزاری، جەمالەدین حوسێن، فلانی کوڕی ماهی[٣٠]، پاش ئەوەی لەگەڵ لەشکری مەغۆلیدا جەنگان و زیانی کوشندەیان پێگەیاندن، وڵاتی خۆیان جێهێلا وخۆیان گەیاندە شام و پەیوەندییان کرد بە دشاهی مەملوکی سەیفەدین قوتز (٦٥٧-٦٥٨ك/١٢٥٩-١٢٦٠ز)[٣١].

دوای شەڕی عەین جالوت- ساڵی ٦٥٨ك/١٢٦٠ز-[٣٢]، وچاوشکانی مەغۆل وڕەووینەوەی مەترسیان لە سەر وڵاتی شام وئەو سەقامگیریەی لەم ولاتە هاتەکایەوە کە هاوکات بوو لەگەڵ چڕوپڕتربوونی دەستدرێژیەکانی هۆلاکۆ بۆ سەر هەرێمەکانی شارەزور و موسڵ و هەکاری و جەزیرە[٣٣]، شەپۆلی هەلاتن و پەنابردنی میرانی کورد وعەرەب و تورکمان لەم هەرێمانەوە بۆ شام و میسر دەستی پێکردەوە، تەنها لە دوو ساڵی ٦٥٩-٦٦٠ك/١٢٦١-١٢٦٢ز دا ئەم میر و کەسایەتیە کوردانە پەیوەندییانکرد بە شاهی مەملوکی بیبرس (٦٥٨-٦٧٦ك/١٢٦٠-١٢٧٧ز) ەوە:

- میر مەنکەلانی کوڕی موجلی (عەلی) هەکاری، فەرمانڕەوای جۆڵەمێرگ ودەوروبەری هاوڕێ لەگەڵ هەردوو کوڕی: ئەسەدەدین موسا وتاجەدین عەلی وژمارەیەك چەکدار ولایەنگر، پاشان بەئارەزووی خۆی وبەرەزامەندی بیبرس و لەگەڵ ئەوسێ میرەی پەیوەندییان بە سەیفەدین قوتزەوە کرد بوو گەڕانەوە دەڤەری هەولێر.

- میر فەخرەدین عەلی برازای میر مەنکەلان وخودانی مازگرد[٣٤] بە سێسەد سوارەوە.

- میر تاجەدین شێروانی کوڕی حەمدانی گەلالی برای میر شەرەفەدینی گەلالی میری هەولێر وشنۆ، لەگەڵ میر روکنەدینی برازای- یان خوشکەزای- وحەفتا سوارەوە.

- میر نورەدین بوزغك (؟)ی کوڕی میر عزەدین موسای کیکانی-کیکی ی نیشتەجێی دەوروبەری موسڵ لەگەڵ برایەکی وخاڵێکی ونزیکی پەنجا سوارە.

- میر مەجدەدین موسای کوڕی مەندۆی هەزبانی لە بنەماڵەی قازیی مروج- مێرگی ئاکرێ-[٣٥] بە ژن ومنداڵەکانی و نزیکەی پەنجا سوارەوە.

- شێخ و پیاوچاك وخواپەرست عیسای کوڕی شێخ حەسەنی ناسراو بە (شیخ الاكراد: م ٦٤٤ك/١٢٤٦ز) کوڕی شێخ عودەیی دووەم کە دەبێتە برازای شێخ عودەیی کوڕی موسافری هەکاری (م٥٥٧ك/١١٦٢ز)، بەژن ومال و منداڵیەوە.

- میرێکی تر کە ناوی نەزانراوە.

سوڵتان بیبرس بەهاتنی ئەمانە شادمان وکامەران بوو و بەگەرمی پێشوازی لێکردن ویەکسەر ئیقتاعاتی پێبەخشین وموچەی بۆ بڕینەوە و پلە وپایەی سەربازی بۆ دیاری کردن[٣٦].

به مردنی هۆلاکۆ –ساڵی ٦٦٣ك/١٢٦٥ز- وداگیرکردنی سەرپاکی هەرێمە کوردنشینەکان، دیاردەی کۆچڕەوی و پەنابردنە بەر دەوڵەتی مەملوکی نەبڕایەوە وناوبەناو سەری هەڵدەدایەوە وکۆمەلێکی تر ئاوارە دەبوون:

لە رۆژانی یەکەمی ساڵی ٦٧٢ك/١٢٧٣ز، بیبرس لە خانەی داد (دار العدل) دانیشت بە مەبەستی دیـداری "ئەو کوردانەی لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتبوون"، وپێشەواکەیان خەلاتکردو کارو فرمانی بۆ دابین کردن[٣٧].

لە سەرەتای ساڵی ٦٧٥ك/١٢٧٦ز، میر حوسامەدین بێچـاری کـوڕی بـەختیاری کـورد[٣٨] سـوپاداری-سوپاسالاری هەرێمی دیاربەکر لەگەڵ بەهائەدین بەهادوری کوڕی و سوپای هەرێمەکە و بە هەموو چەك و تفـاق و کەلوپەلێکی سەربازییەوە، لە خرتەبرتەوە (خەربوت) بەرەو دیمەشق کەوتەرێ وخۆی گەیاندە ئەوێ، سوڵتان بیبرسی مەملوکی کە ئەو دەمە هاتبووە دیمەشق، چاوی پێیان کەوت و بەخۆشـیەوە چـاکەی دانــەوە و رەوانــەی قـاهیرەی کردن[٣٩].

و لە سەردەمی سەیفەدین قلاوون، میر خدری کوڕی سلێمان بە خاو وخێزانەوە لە ناوچەیەکی سەربە هەولێرەوە پەنای بردە میسر، کەچی دوای مردنی قلاوون، لەگەڵ هەرچوار کوڕەکەی لە سەردەمی زەینــەدین کـەتبغا(٦٩٤-٦٩٤ك/١٢٩٤-١٢٩٦ز) گەڕانەوە هەولێر[٤٠]، هەر لەو ماوەیەدا میر بەدرۆی کـورد بـەخـێزان وخزموکەسـیەوە پەنای بردە بەرشام و لەشکری مەغۆل دووی کەوتن و پێی نەگەیشتن[٤١].

ئاوارە بوون وکۆچباری سەرەڕای سەرەکهۆز و جەنگاوەران، توێژی رۆشنبیر وخوێندەواریشی گرتەوە و ژمارەیەك کەسایەتی وبنەماڵەی ئایینی و زانستپەروەر دەربەدەر بوون، ئەوەندەی پەیوەندی بە ناوەڕۆکی ئـەم لێکۆلینەوەیـە هەیە، لە ساڵی ٦٨٧ك/١٢٨٨ز شێخ نەجمەدین ئەیوبی کورد کە مرۆڤێکی دنیادیدە و صۆفی و پیاوچاك بـوو[٤٢] بەخۆی و دارودەستەکەیەوە پەنای بردە دیمەشق، لەوێ میران وکاربەدەستان یارمەتی وکۆمەکیان کرد، دواتر رویکردە قاهیرە[٤٣].

## دووهەم: ژمارەیان و شوێنەکانی خزمەتکردنیان:

سەرچاوەکان زانیاریەکی ئەوتۆ لە مەڕ ژمارە وقەوارەی هێزی چەکداری دەوڵەتی مەملوکی بەدەستەوە نادەن، بەگوێرەی خەمڵاندنێك کە تیایدا پشت بە ئاخافتنی مەقریزی بەستراوە(٤٤)، تەنها لەشکری میسر نزیکەی بیست وپێنج هەزار کەس بوو(٤٥).

غەرسەدینی زاهیری (م٨٧٢ك/١٤٦٨ز)، بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە کەبەر لە سەردەمی ئەو رویداوە، بەپێی ئەو بەسەرهاتە لەشکری مەملوکی بێجگە لە چەکدارانی هۆزە عەرەبە کۆچەرەکان (العربان) خۆی لە سەد و سی وسیَ هەزار نەفەر دەدا- کە بێگومان زیادەرەوی تێدایە-(٤٦). ئەم لەشکرە بەسەر چەند دەستە وتاقمدا دابەش دەکران کەوا دیارە رەچاوی جیاوازی نەژادی ونەتەوەیی پێکهاتەکان لەم دابەشکردنە کراوە:

- اجناد الحلقة (٤٧).
- بەحریە واتا مەملوکە تورکەکان.
- عەرەبی کوچەری — العربان.
- تورکمان.
- کورد.

ژمارەیەك مەملوکی رومی و یۆنانی و چەرکەسی (٤٨).

هەڵبەتە کارێکی ئاستەنگ ونەکردەیە بە دروستی و وردی بزانرێت ژمارەی ئەو کوردانە چەندە کەوا لە ریزەکانی سوپا ودامودەزگا سەربازییەکانی دەوڵەتی مەملوکی کاریان دەکرد، هەرچەند دەکرێت بگوترێت کە ژمارەیان دەیان هەزار بوو یا ووردتر پتر لە بیست هەزار بوو(٤٩).

هەرچی ژمارەی میر و سەرکردە وفەرماندە کوردەکانە، دەکرێت بەدەیان بیانخەمڵێنین، لایەنی کەم نزیکەی سەد کەسێك دەبوون، وێرای میرانی قەیموری و میرانی چاکی (بڕوانە بابەتی چوارەم و پێنجەمی ئەم پەرتوکە) و ئەندامانی بنەماڵە ناودارەکان کە لە پاشکۆی (٣) ئاماژەیان پێدراوە و هەروەها ئەوانەی لەم توێژینەوەیە ناویان دیَ، چەندینی تر هەبوون کە ناویان هاتووە وەلیَ زانیاریەکی ئەوتۆ لەبارەیانەوە لەربەردەست نیە لەوانە:

- ناصرەدین محەمەد کوڕی (الاطروش).
- بەهائەدین خدری حەمیدی.
- سەنقر یا سەنقرانی کورد لە کوردە شارەزوریەکان.

- سەیفەدین ئەبوبەکری میهرانی (م ٦٨٣ك/١٢٨٤ز).

- ناصرەدین محەمەدی کوڕی شەهری (م ٦٩٩ك/١٢٩٩ز).

- سەیفەدینی زەرزاری.

- بەدرەدین محەمەدی کوڕی فریجار.

- عیزەدین ئەیبەکی کورد.

- فارسەدینی ڕەوادی (م٧٠٥ك/١٣٠٥ز).

- ئیدغدی شارەزوری.

- جەمالەدین ئاغلی شارەزوری.

- عیزەدینی گۆرانی.

- سەیفەدینی کوڕی فەخرەدینی کوڕی جەناحی هەکاری، لە ناوی سیانی لەوە دەچێت نەوەی میر جەناحی برای مەشتوبی هەکاری بێت.

- بەدرەدین عەزیزی کورد[٥٠].

بێگومان ئەو کوردانەی وا زۆرینەیان پێکدەهێنا لە سوپاکانی شاهەکانی بنەماڵەی ئەیوبی لە میسر و لە باژێرەکانی شام: دیمەشق، حەلەب، حمص، حەماە، وکەرەك... هتد، زۆربەیان وەك هەموو موڵك وماڵ وکەلوپەلێك بەمیرات بۆ دەسەلاتدارانی مەملوکی مانەوە ولە سوپای نوێدا سەرلەنوێ ڕێکخرانەوە و گروپ وتیپی تایبەتیان لێپێکهێنرا و پلەوپایەی سەربازی جۆربەجۆریان پێبەخشرا، لە لایەکی دیکەوە کوردە ئاوارەکانیش ژمارەیان کەم نەبوو، بەمەزەندە پێنچ تا حەفت هەزارێك دەبوون، تەنها کوردە شارەزوریەکان- وەك باسکرا-سێهەزار کەس بوون جگە لەژن ومناڵەکانیان، ئەو میر و سەرۆکهۆزانەی لە ساڵانی ٦٥٩ك/١٢٦١ز، ٦٦٠ك/١٢٦٢ز، ٦٧٣ك/١٢٧٤ز پەنایان بردە بەر شام سەدان سوارە یاوەریان دەکردن[٥١].

هەر لە سۆنگە و دەرئەنجامی هێرشەکانی مەغۆل هەردوو هۆزی داسەنی لە ولاتی داسەنی ڕۆژهەلاتی موسڵ وهۆزی بوختی-بۆتانی لە جزیرەی بۆتانەوە لە جێگا وڕێگای خۆیان هەڵکەندران و پەرتوبلاوەیان پێکراو بڕێك تیرە وبنەماڵەیان لە ناوچەکانی شام گیرسانەوە شان بەشانی کوردەکانی تر لەسوپای مەملوکیدا دەستبەکاربوون[٥٢].

میر ناصرەدین حوسێنی قەیموری، ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاوانی هۆزەکەی لە ژێر فەرمانی بوون وبەبڕیار وفەرمایشتی ئەو دەجولانەوە، بەهەمان شێوە میر نورەدینی تورییش پیاوانی هۆزەکەی لە کەنارەکانی شام لەگەڵیدا بوون[٥٣].

بەگوێرەی راسپاردەی پێشەوای کوردانی نێوسوپای مەملوکی (وصیة مقدم الاکراد) دەردەکەوێت رێژەیەکی بەرزی ئەم کوردانە لە هۆزەکانی بوختی، داسەنی، زەرزاری، سەهری -سۆرانی، رەوادی -رەوەندی بوون (٥٤).

ئەم کوردانە ، هەرچەند لە خێل وتیرە و ماڵباتی جیاجیا بوون و لە دەڤەر و هەرێمە جۆربەجۆرەکانی کوردستانەوە هاتبوون و لە سەنگەر و پێگەکانی کەنارەکان و باکوری شام وشوێنەکانی تر بلاوکرابونەوە و هەردەستەو تاقم وتیپێك میری بەرپرس و سەرتیپی خۆی هەبوو، بەلام لە لایەن سولتانی مەملوکی و کاربەدەستانی سەربازی دەوڵەتەوە، هەموویان- بێجگە لەوانەی (أجناد الحلقة)- وەك یەکەیەکی لەشکری سەربەخۆ تەماشا دەکران و بە (الأکراد) ناوزەدەکرابوون، لە سەرجەم ئەو تێکستانەی تایبەتن بە سوپا و کاروباری لەشکری و جەنگیەوە، درك بەم راستیە دەکرێت(٥٥)، میرێکی شایستە و پایەبەرز سەرپەرشتی دەکردن ودەمڕاستیان بوو لەکن دەوڵەت ونوێنەری سولتان بوو بەسەریانەوە و پایەی (پێشەوا- مقدم) ی هەبوو بە (پێشەوای کوردان- مقدم الاکراد) دەناسرا و وەك هەرگەورە کاربەدەستێکی دەوڵەت بەرپرسیاری راپەڕاندن وئەنجامدانی ئەرك و فرمانەکانی سەرشانی بوو، لەمبارەیەوە دەوڵەت (راسپاردنامە- وصیة) بۆ دەرچوواندبوو، تیایدا ئاماژە بەچەند رێنمایی وراسپاردەیەك کراوە کە پێتڤیە دەرحەق جەنگاوەرە کوردەکان پیادە بکرێت(٥٦).

سەبارەت بە شوێنەکانی خزمەتکردنیان، ئەوەی شایانی باسە لە سەردەمی ئەیوبی و دەستپێکی سەردەمی مەملوکی لەشکرییانی کورد وتورك پێکەوە هەڵیان ناکردو خۆشییان بەچارەی یەکتردا ناهات و ناکۆکی و هەڤڕکی نێوانیان ڕەگی داکوتابوو و هەر لە رۆژگاری سولتان صەلاحەدینەوە تێبینی دەکرا و ناوبەناو ئاژاوە و ئاکامی خراپی لێدەکەوتەوە و لەبونەیەکدا بە سولتان صەلاحەدینیان گوت: "کوردەکان بە گوێی تورکەکان ناکەن و تورکەکانیش بە گوێی کوردەکان ناکەن"(٥٧)، وەك لەبابەتی کوردە قەیمورییەکان باسکرا، تورکەکان رقیان لە میر ناصرەدین حوسێنی قەیموری- مەزنترین میری کورد لە کۆتایی سەردەمی ئەیوبی و سەرەتای سەردەمی مەملوکی و رێبەری میرانی کورد- دەبووەوە(٥٨)، سولتان بیبرس کە بە خۆی باش ئاگای لەم راستیانە بوو، بۆ بنەبڕکردنی ئەم کێشەیە و پێشگرتن لە سەرهەڵدانەوەی، لەمیانەی سازدان و رێکخستنەوەی سوپای مەملوکی لە ساڵی ٦٦٢ك/١٢٦٤ز بڕیاریدا تورکەکان لەلایەك وکوردەکان لەلایەك دابنرێن(٥٩).

لە دیوانی سوپای مەملوکیدا- کە بەرانبەر وەزارەتی بەرگریی ئەمڕۆیە — ناوی سەرباز و شەڕکەر وچەکداران لە تیپە لەشکریەکان و تاقمە چەکدارییەکاندا لە رێگای ناوی فەرماندەی تیپەکە و بەرپرسی تاقمەکەوە تۆماردەکرا، هیچ کەس بۆی نەبوو لە رێزی سەرتیپێکەوە بچێتە خزمەتی یەکێکی تر ئەگەر رەزامەندیی سولتانی لەسەر نەبوایە کە لەمبارەیەوە خۆی یان جێگرەکەی فەرمانێکی تایبەتی دەردەچواند(٦٠).

پلەوپایە وموچە و وئیمتیازاتی هەر میرێکی نێو ریزەکانی سوپا لە سەر چەندێتی سەرباز و چەکدار وقەبارەی هێزە لەشکریەکەی رادەوەستا، سوڵتان بیبرس لە ساڵی ٦٦٢ك/١٢٦٤ز بڕیاریدا لە دیوانی سوپادا ناوی هەموو میرەکان بەم پێوەرە تۆماربکرێت[٦١].

کوردەکان بەشێوەیەکی گشتی لەم شوێنانە خزمەتیان دەکرد:

## ١- لە بەرەکانی جەنگدا:

جەنگاوەرە کوردەکان زیاتر لە شوێنە سەخت و مەترسیدار و گرنگەکان خزمەتیاندەکرد، ئەو شوێنانەی هەردەم دوچاری هەرەشە و پەلاماری هێزو لایەنە ناموسوڵمانەکان دەبوون، تەنانەت ئەوانەی پۆستی کارگێڕی و رێڤەبەرایەتیان پێدەستپێردرا، رەوانەی خاڵە دورەدەست و ( ثغور – کەوشەنەکان- کەلێنەکان) دەکران، میر فەخرەدینی کوڕی ئەبی زکری تا مردنی لە سالی ٦٨٠ك/١٢٨١ز والی ئەسیوت بوو لە سەعیدی میسر[٦٢]، میر نورەدین عەلیی کوڕی عومەری هەکاری نزیکەی بیست ساڵ والیی ولایەتی حەلەب بوو کە بەردەوام دەبووە ئامانجی دەستدرێژیەکانی مەغۆل، میر نورەدین لەپاڵ هەڵسوراندنی کاروباری کارگێڕیدا، چالاکی سەربازی و ئەرکی بەرگریشی رادەپەڕاند[٦٣].

میرانی قەیموری شەهابەدین و ناصرەدین وکوردە قەیموریەکان، میرانی توری: نورەدین و موبارزەدین ومەجدەدین وسەیفەدین وپیاوانی هۆزەکەیان، میر بەهائەدین یەعقوبای شارەزوری (م٧٠٧ك/١٣٠٧ز) و میر شەهابەدین توتەلی[٦٤] شارەزوری و کوردە شارەزورییەکان و میر شەرەفەدین عیسای هەکاری وهەڤاڵانی چەندین ساڵ لە گۆرەپانی جیهاد وبەرەنگاری دژی فەرەنجەکان لە سەنگەر و رێباتەکاندابوون لە کەنارەکانی شام، میر بەدرەدین باخلی هەکاری وکوڕەکانی هەر لە رۆژگاری (الملك الصالح) ئەیوبەوە پارێزەر و دیدەبانی کەلێنی ئەسکەندەریە بوون، دواتر میرانی هۆزی چاکی کورد ئەم ئەرکەیان گرتەئەستۆ، بێجگە لەم جێگانە، لەبەرەکانی تریش بەرچاو دەکەون، لەوانە بەهسنا کە قەلایەکی کەلێنی سەر بە حەلەبە، لەوێ کورد وتورکمان جێپەنجەیان لە جیهادا دیارو ئاشکرا بوو[٦٥].

**٢- لە (أجناد الحلقة):**

سەرەڕای خاڵە کەلێنەکان، ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەرە کوردەکان، لە (أجناد الحلقة) دامەزرابوون کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی سوپای مەملوکی، واتە ئەو سەرباز ولەشکرییانەی لەدەورپشتی سوڵتان ئەڵقەرێزێك پێکدێنن، بنەچە و ڕەگی ئەم سیستەمە لەشکریە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەیوبی(٦٦).

شاهانی ئەیوبی لە ناو گروپە کوردەکان ومەملوکە تورکەکاندا، کەسانی شایستە وچوست و چالاکیان هەڵدەبژارد و لە دەستە وتاقمی تایبەت و ئامادەدا ڕێکیان دەخستن، پاشان مەشقی نموونەییان پێدەکراو لەسەر هونەری جەنگی پەروەردە دەکران و رادەهێنران و دەبوونە سوپای بژاردە و لە کاتی پێویستی و تەنگانەدا رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکران، ئەمانە هەرچەند دەستکردی سوڵتانێك بوون وبە فرمانی ئەو دەجوڵانەوە وهەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام ملکی ئەو نەبوون، دوای مردنی یان لابردنی بۆ سوڵتانی میراتگری دەمانەوە واتە هێزی دەوڵەت بوون نەك هێزی تاکە سوڵتانێك(٦٧).

بۆیە لە سەرەتای ڕۆژگاری مەملوکیدا، ئەندامانی (أجناد الحلقة) زۆربەیان هەر لەوانەی دوا شاهانی ئەیوبی بوون کە هەڵبەتە ڕێژەیەکی بڵندیان کوردبوون لەوانە میر جەمالەدین عومەری هەکاری کە لە شەڕی حمص-ساڵی٦٨٠ك/١٢٨١ز کوژرا(٦٨).

فەرمانڕەوایانی مەملوکی بڕوای تەواویان بەکوردە ئاوارەکان هەبوو و پتر پشتیان بە وان دەبەست، ئەوانەی لە لایەك کەسانی دلێر و شەڕکەر و قاڵبووەوە بوون و شارەزابوون لە چۆنێتی بەرەنگاربونەوەی مەغۆل و پەڕاگەندەی دەستی ئەوان بوون و بەپەرۆشەوە ئامادەی بەرسینگگرتنی شاڵاوەکانی هۆلاکۆ و جێگرەکانی بوون ولەلایەکی ترەوە بەڕادەیەکی ئەوتۆ نەکەوتبونە ژێر کاریگەری و ئالودەیی ئەیوبییەکانەوە، ئەمان ئامادەبوون بەرامبەر داڵدەدان و پێشوازی مەملوکیەکان بە دڵسۆزی بجەنگن و بەرگریان لێبکەن و چاکەی ئەم لالێکردنەوەیان بدەنەوە لەم پێودانگەوە سوڵتان بیبرس فرمانیدا زۆربەی کوردە ئاوارەکانی ساڵانی (٦٥٩-٦٦٠ك/١٢٦١-١٢٦٢ز) لە ریزەکانی (اجناد الحلقة) ڕێکبخرێن(٦٩).

وادیارە ڕێژەیەکی بەرز لەفەرماندە وسەرکردە کوردەکان دەرچووی (أجناد الحلقة)ی دیمەشق (شام) بوون وماوەیەك لە ریزەکانیا خزمەتیان کردوە وبەرپرسییان وەرگرتوە، لەوانە میرانیماڵباتی دەربازی حەمیدی وچەندمیرێکی دی:

- جەمالەدین عەلیی کوڕی دەرباز (٦٠٤-٦٧٦ك/١٢٠٧-١٢٧٧ز).
- بەدرەدین یوسفی کوڕی دەرباز (م٦٩٠ك/١٢٩١ز) لە گەورە میرانی حەڵقەی شام بوو.

- حوسامەدین دەربازی کوڕی بەدرەدین یوسف (٦٦٢-٧١٠ك/١٢٦٤-١٣١٠ز)[٧٠].
- سەیفەدین بەکتوتی قەیموری لە میرانی (الحلقة المنصورة) واتە حەڵقەی سوڵتان (الملك المنصور) قلاوون.
- بەدرەدین محەمەدی ئەزگەشی (م٧١٥ك/١٣١٥ز).
- بەدرەدین محەمەدی توری.
-ئەسەدەدین عەبدولای کوڕی ابو الهیجاء محەمەدی کورد (٦٥٠-٧٣١ك/١٢٥٢-١٣٣٠ز).
-سەیفەدین ئەبوبەکری کوڕی میر سەیفەدین محەمەدی رەوادی [٧١].
-بەدرەدین غلبك(؟)کوڕی ئەیوب کوڕی خەلیلی واقدی(؟).

## ٣- تەورداری – تەورهەڵگری (الطبردارية):

تەورهەڵگری یەکێکە لەو بیست وچوار پۆستەیەی کە لە کەژاوەی سوڵتانی مەملوکیدا بەرهەڤدەکرا، میری تەورهەڵگر بەرپرسی تیپی تەورهەڵگرانە[٧٢]، پۆستی تەورهەڵگری لە کورد هەڵدەبـژێردرا، تـەوردارانی کـورد لـە کەژاوەی سوڵتانی مەملوکیدا، لە پێشەوە پیادەو تەوربەدەست رێیاندەکرد[٧٣]، بێگومان ئەم پۆستەش لە رۆژگاری ئەیوبییەکانەوە بۆیان مابووە، حوسینی کورد تەورداری (الملك الناصر) یوسفی دوا شاهی ئەیوبییەکان بوو[٧٤]، ومیر موبارزەدین ئیسماعیلی توری و میر سەیفەدین محەمەدی رەوادی لە میرە تەوردارە-امیر طبر- ناسراوەکان بوون[٧٥].

## سێهەم: ئەدگار وشیپانی جەنگییان:

ئازایەتی، یەکێکە لەو خەسلەت و ئەدگارانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە کوردەوە لکابوو تا ئەو رادەیەی سەرنجی بڕێك زاناو فەیلەسوفی موسڵمانی راکێشابوو کە هەریەکەیان بە گوێرەی دید و تێگەیشتنی خۆی ئەم بابەتەی شیکردوەتەوە و ئەگەری هەبوونی رونکردوەتەوە و گرێیانداوە بە هۆکاری جوگرافی (ژینگـە) و دەرئـەنجام و زادەی دەرونیەوە[٧٦].

زیادەڕەوی نییە ئەگەر بگوترێت جەنگاوەرانی کورد لە هەردوو سوپای ئەیوبی و مەملوکیدا لەم بنەمایە بەدەر نەبوون، هەموویان لە بەرەکانی جەنگدا ئازا، دلێر، چاونەترس، بەجـەرگ، گیانفیـدا، سەرڕاسـت، خۆبەختکـەر و نەفسبەرز بوون، ئەم ئەدگار و سروشتەیان، وێـڕای ئازایـەتیی خۆڕسـکییان و کاریگـەریی سروشـتی کوردسـتانی نیشتیمانیان و ڕەوشی ژیانیان، لەوەوەش سەرچاوەی گرتبوو کە ئەوان بڕوایەکی رەها و قەناعەتێکی تەواویان بـە

پیرۆزی و پێویستیی بەشداریکردن هەبوو لەو جەنگانەی کە مۆرکی جیهادیان پێوەلکابوو کە زۆربەیان دژی مەغۆلە بتپەرستەکان و فەرەنجە خاچهەڵگرەکان بوون کە هەردوولا لێبڕاوانە هەوڵیاندەدا سەروەری و شکۆمەندی ئیسلام لەکەداربکەن.

ئەم ستایش وپیاهەڵدانە لە خۆوە نەکراوە و وراستیەکی مێژووییە، مێژوونوسانی میسر وشام، بەتایبەت ئەوانەی ئاگادارو هاوچەرخی بەسەرهات و روداوەکانن گەواهی دەدەن و شایەدحاڵی ئەم راستیەن ولەسەری کۆك وتەبان، حەسەنی کوڕی عەبدولای عەباسی کە تەواو هاوچەرخی جەنگاوەرانی کوردی نێو سوپای مەملوکی بوو و لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوت وئەدگار وسروشتیان بوو و لە ساڵی ٧٠٨ك/١٣٠٨ز کتێبەکەی نوسیوە ئاوەها دەیانناسێنی: "کوردەکان، سوارە و پیادەیان خەسڵەتی دلێری وبەدەنگەوەچوون و داڵدەدانیان تێدایە، لە هەموو بارێکیدا وهەرچۆنێك بێت بۆیەکدی دەمارگیرن وەك عەرەب کە هەندێ جار ئاوەهان، فڕوفێڵ وئۆین وتەڵەکەبازیان لانیە و ملکەچی ئاین وئەمانەتن، لەوانەیە هەندێ سات غەدر و ناحەقی بنوێنن، ئەمەش تەنها لەبەر خۆویستن ودەمارگیریانە"(٧٧)، ئەم سروشت و ئەدگارانەی کورد وەك دکتۆر موحسن محەمەد حوسێن دەڵێت: پاڵنەری بنەڕەتی بوون لە پشت بەشداریکردنیان لە بەرەنگاری خاچهەڵگرەکاندا(٧٨).

دەربارەی هونەری جەنگی وتاکتیکی شەڕو رووبەڕووبونەوەو چۆنێتی دەستوەشاندنی جەنگاوەرانی کورد، (إبن منکلی) (م٧٨٤ك/١٣٨٢ز) شارەزای سەربازی لە لەشکری مەملوکی وکارزان لە هونەرەکانی جەنگدا، دەڵێت "کورد لە عەرەب دەچن چونکە لەوانن- یان وەك ئەوانن-، بنەچە ونەژادیان هەیە، خۆڕاگر ولەشساغ و بەهێزن کە عەرەب وانین، بە سوارە وبە پیادە دەجەنگن، لەشەڕی شەوانەو دەستوەشاندن لە دوژمن ودزەکردندا، ئەوتوانا وشیانەی ئەوان هەیانە، میللەتانی دی نییانە، چاکترین جەنگینی سوارەیان بە ڕمی ئەستورو (لت)ی(٧٩) قورسە، سەرکەوتووترین جەنگینی هێزی پیادەیان بەکوتەك وتێلایە کە کوشندەتر وکاریگەرترە لە شمشێر، ئەگەر لە دوژمن نزیك ببنەوە وشەڕی دەستەویەخە بکەن خەنجەر بەکار دەهێنن، دەتوانن بە شەو دوژمن لە خشتەبەرن وزیانی پێبگەیەنن، هەرچییەکیان بەردەست بکەوێت لە مرۆڤ و لە ئەسپ ومەڕ وماڵات (دواب) لە ناوی دەبەن وتالانی دەکەن وەك بڵێی دزیکردن کردەیەکی زگماکە لایان"(٨٠).

هەروەها یونینی(م ٧٢٦ك/١٣٢٦ز) مێژوونوسی هاوچەرخی روداوەکان ودۆست وناسیاوی میرانی کورد (٨١) بەم چەشنە دەربارەیان دەدوێت:

- میر ناصرەدین حوسێنی قەیموری (٦٠٠-٦٦٥ك/١٢٠٣-١٢٦٧ز)، بەرچاوتێر، دادپەروەر، سنگفراوان، ئازا ودلۆڤان، بەجەرگ، خێرخواز(٨٢).

- میر شەرەفەدین عیسای هەکاری (٥٩٣-٦٦٩ك/١١٩٧-١٢٧١ز) میرێکی مەزن، بە ئازایەتی وجوامێری ناوی دەرکردبوو، سەرکەوتووانە سەرکردایەتی لەشکر وسەرپەرشتی بەرەی جەنگی دەکرد، خواناسی و دلێری ودلۆڤـانی ومرۆڤایەتی لە خۆکۆکردبووەوە(٨٣).

- میر سەیفەدین ئیبراهیمی کوڕی شێرەوەی چاکی (٦٠٠-٦٧٣ك/١٢٠٣-١٢٧٤ز) لە دەسـتپاکی ودڵسـەنگینی ونەفسبەرزی و راستگۆییدا بێوێنەبوو(٨٤).

- میر جەمالەدین عەلی کـوڕی دەربـازی حەمیـدی (٦٠٤-٦٧٦ك/١٢٠٧-١٢٧٧ز)، بەهیممـەت، سـنگفراوان، خێرخواز، بەخشندە، نەفسبەرز، بەسام وشکۆ، جەربەزە، چەلەنگ، بە ئەزموون وشارەزا لە کاروباری رێڤەبەری(٨٥).

- میر نورەدین عەلی کوڕی عومەری توری (٥٨٧؟-٦٧٩ك/١١٩١-١٢٨٠ز)، یەکێك بوو لە پاڵەوانانی موسڵمان ومـێرخاسە ناودارەکان وشاسوارە دەگمەنەکان، خودا لەشساغی وبەجەرگی وبوێری پێبەخشیبوو(٨٦).

- میر بەهائەدین بەهادوری کوڕی بێچاری کوڕی بەختیار (م ٦٨٠ك/١٢٨١ز) ناسراو و بەناودەنگ بوو بە ئازایەتی ودالّدەدان(٨٧).

- میر شەهابەدین توتلی شارەزوری (٦٢٠؟-٦٨٠ك/١٢٢٣-١٢٨١ز) لە پاڵەوانە ئازاکان و شاسـوارە ناوازەکـان بوو(٨٨).

- میر جەمالەدین عومەری هەکاری (م ٦٨٠ك/١٢٨١ز)، خواپەرست و پیاوچاك و ئاینپەروەر و رەوشتبەرز بـوو، خەمخۆری نەداران و هەژاران بوو(٨٩).

## چوارەم- ڕۆڵیان لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی مەغۆل:

بێگومان میر و سەرکردە وفەرماندە وچەکدار و سەربازە کوردەکان وەك بەشێك لە پێکهاتەی سوپای مەملوکی بە ئەرکی سەرشانیان هەڵساون و پشکداریان کردوە لە زۆربەی جموجۆڵ و چالاکییە سەربازیەکان وشەڕوشۆری فراوانخوازی یان بەرگری دژ بە مەغۆل لە بەرەی ڕۆژهەلأت ودژ بە فەرەنجە خاچهەڵگرەکان لە کەنارەکانی شام وئەسکەندەریە و دژ بە ئەرمەن لە باکوری شام ودژ بە هۆزەکانی نۆبەی سودانی (النوبة) لە سەعیدی میسر.

ڕادە وسەنگی ئەم پشکداریانە بۆ ئێمە روون وئاشکرانییە وبەلێڵی ماوەتەوە، سەرچاوەکان لەمڕووەوە زانیاری ورد نادەن بە دەستەوە، تەنها لە حاڵەتی کوژرانی فەرماندەیەکی کورد هەست بە بەشداری کورد دەکرێت.

بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی ٧ك/١٣ز وسالأنی دواییش خانەکانی مەغۆل بە تایبەت هۆلاکۆ وئەباقاخان (٦٦٣-٦٨١ك/١٢٦٥-١٢٨٢ز) و غازان خان (٦٩٥-٧٠٤ك/١٢٩٥-١٣٠٤ز) بە هەموو ڕێگا وشێوازێك لە هەوڵی ئەوە دابوون ولأتی شامیش بەدەردی عێراق بەرن و بۆخۆیان کۆنترۆڵ و پاوەندی بکەن، بۆ گەیشتن بەم ئاواتە پەیتا پەیتا سوپای قەبە وپڕچەکیان کۆدەکردەوە و گوشاریان دەخستەسەر شارە مەزن وگرنگەکان: حەلەب، حمص، دیمەشق وگەمارۆیان دەدا(٩٠).

سوڵتان بیبرس دەیویست لەشکری مەغۆلی بە بەرەی تری شەرەوە خەریك بکات تا تەوژم و جەخت لە سەر شام کەم ببێتەوە و وەك (ابن عبدالظاهر: م ٦٩٢ك/١٢٩٣ز) دەگێڕێتەوە، بە نامە میری لوڕ و کەسانی دیی هاندا دژی هۆلاکۆ دەست بدەنە چەك(٩١)، دیارە لێرە مەبەست میر تیگلەی کوڕی هەزارئەسپی میری لوڕستانی مەزنە کە نێوانی لەگەڵ هۆلاکۆ ناخۆشبوو و لەچیاکانی لوڕستان درێژەی بە بەرگری داو و هەر بە بڕیاری هۆلاکۆ لە ملی درا(٩٢).

تێبینی دەکرێت لە بەرهەڵستی وبەرپەرچدانەوەی هێرش ولەشکرکێشیەکانی مەغۆلدا، جەنگاوەرە کوردەکان زیاتر لە هەمووان دڵسوزانە وخۆبەخشانە جەنگاون وبوونەتە فاکتەرێکی سەرکەوتن وقوربانی زۆریشیان داوە، بێگومان ئەمەش لە پاڵ بوێری و ئازایی و لەخۆبوردەیی کورد هۆکار و پاڵدەری تری هەیە، کە بەڕای ئێمە لەم دوو خاڵە خۆی دەنوێنێت:

١- هێرش وپەلامارەکانی مەغول بۆ دەڤەرەکانی شارەزور وهەولێر و ولأتی داسەن وهەکاری و جزیرەی بۆتان کوشندە و جەرگبڕبوون و زەبروزەنگ وتوندوتیژی لەڕادەبەدەریان تیادا بەکارهێنرا و زیانی گیانی ومالی مەزنیان

لێکەوتەوە وبوونە مایەی دەربەدەری و پەراگەندەیی خەڵکانێکی زۆر، ڕێژەیەك لە کوردەکانی نێو سوپای مەملوکی وەك شارەزوریەکان خۆیان ماڵوێران وئاوارەی دەستی ئەوان بوون و لەو کارەساتەدا چەرمەسەری وناخۆشیان کێشابوو گەلێك داخ لە دڵبوون لە مەغۆل وئارەزوومەند وتێنوی تۆڵەسەندنەوە بوون، ئەم ڕاستییە لە شـەڕی حمـص سـاڵی ٦٨٠ك/١٢٨١ز بە زەقی ڕەنگی دایەوە.

٢- زۆربەی هەر زۆری مەغۆلەکان بتپەرست ونامسوڵمان بوون، لە درندەیی و دڵڕەقیدا وێنەیان نـەبوو، خیلافـەی عەباسی کە ڕەمزی گرتبوونەوەی هەموو موسڵمانان بە کوردەوە بوو بەدەسـتی ئـەوان لـە نـاوبرا، دەیـان هـەزار موسڵمانی بێتاوان بوونە قوربانی، گەلێ بازێر و شارۆچکە و گوندی کوردستان کاولکران، ناهەقانە پێکۆڵیان دەکرد شامیش زەوت بکەن و کارەسـاتە خوێناویـەکانی عێـراق وکوردسـتانی تیـادا دوپـات بکەنـەوە، بەشـداریکردن و خۆبەکوشتدان لەشەڕی بەرگری دژی ئەوان کارێکی پیرۆز و پێویست و ئەرکی سەرشانی سەرجەم موسڵمانان بـوو و دەچووە خانەی جیهادەوە و کوردیش بەزگماك مرۆڤی خواناس و ئایینپەرەوەرن و قەناعەتی تەواویان بە پـیروزی و ڕەوایی جیهاد هەبوو، بگرە پشتیوانی غەیبیان (الغیب) بەدور نازانی تا ئەو پلەیەی میرێکی کوردی وەك بەدرەدین محەمەدی قەیموری کە مرۆڤێکی ڕاستگۆ و خواپەرست و ئیماندار بوو و لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی مەغۆل بۆ شاری حمص ساڵی ٦٥٩ك/١٢٦١ز بەشداری کردووە، بە سوێندخواردنەوە گێڕاویەتەوە کە بە چاوی خۆی باڵنـدەی سـپی دەبینی- ئاماژەیە بە (طیر ابابیـل)- [٩٣] بە باڵیان لە ڕووی مەغۆلەکانی دەدا، ڕەشەباش هەڵیکرد و تەمومژیش بەرچاوی تاریککردن و هاوکات موسڵمانەکان شاڵاوێکی ڕێکوپێکیان کردە سەریان، هەمووان: باڵندە، با، تەمومژ، موسڵمانان بوونە مایەی تێکشکانی مەغۆل وپەرتەوازە بوونیان، تەنانەت زیانی گیانیان لەوەی شەری عەین جالوت تێی پەڕاند(٩٤).

لە لایەکی ترەوە وێڕای جەنگاوەران، پیاوانی ئاینی کوردیش لـە قـازی و مامۆسـتا و مـەلاو پیاوچـاك و بەگوشادیەوە و لە بەرەکانی شەڕی جیهاددا ئامادەدەبوون- وەك دواتر باس دەکرێت-و خۆیان بەکوشت دەدا.

ئەم هەڵویستەی میر وسەرکردە کوردەکان هەر لە دەستپێکی هێرشەکانی مەغۆل بۆ سەر وڵاتـی شـام لـەدوا ڕۆژگاری ئەیوبیەکاندا دەرکەوت، میر موجیرەدین ئیبراهیم لە ماڵباتی ئەبی زکری کورد کە لەلایەن (الملك الناصر) یوسف میری ئەیوبییەی حەلەب ودیمەشقەوە کرابووە بەرپرسی بازێڕی نابلس و دەوروبەری، زۆر مەردانە وخۆبەخشانە وفیداکارانە لەو لەشکرەی مەغۆل هاتە دەست کە پەلاماری نابلسیاندا، سەرچاوەکان دەگێڕنەوە کە بەدەستی خۆی حەڤدە مەغۆلی کوشت و خستنیە ژێر پێیەوە، کاتێك شیرەکەی لە دەست کەوتەخوارەوە بە گۆپاڵەکـەی(دبوس) و

بەپێی دەجەنگا هەتا کوژرا(٩٥)، هەر لەم بەرەنگاربوونەوەیدا میر نورەدین عەلی کوڕی عەبدولاّی هەکاری کوژرا، کە هاوڕێ وهاوسەنگەری میر ئیبراهیم بوو ولە میرخاسی وپیاوەتی و ئازایەتیدا هیچی لەو کەمترنەبوو(٩٦).

میر سەیفەدینی دونبولّیش لەقەلاّی ئەفامیا کە باژێڕ و قەلاّیەکە لەسەر کـەناری دەریـاو سـەربە ولایـەتی حەلەبە، سەنگەری لەو هێزە مەغولیە گرت کە لە سەرەتای سالّی ٦٥٩ك/١٢٦١ز لە (حماه)ەوە پێشڕەویان کرد و بەردەوام هەڵمەتی دەبردنە سەر تا ناوچەکەی پێچوڵ کردن و ناچاری پاشەکشـێی کـردن، هـەر لەبەرپەرچـدانەوەی پەلامارەکانی مەغۆلدا میر ناصرەدینی کوڕی شـەهری (م ٦٩٩ك/١٢٩٩ز) مـیری بەعلەبـەگ لـە پـەلاماردەران هاتەدەست و بە پشتیوانی و هاریکاری خەڵکەکە نەیهێشت شارەکە داگیر بکەن(٩٧).

لە سەرکەوتنە مەزن و چارەنوسسازەکەی عەین جالوت دا، لە ڕەمـەزانی ٦٥٨ك/١٢٦٠ز، کـە هەرچـەند شانازیەکەی لە مێژوودا بە ناوی بیبرس و سەیفەدین قوتز ومەملوکە تورکەکانەوە تۆمارکراوە، لەشکرییانی کورد لە پاشماوەی سوپای ئەیوبی و بە پلەیەك کوردە قەیموریەکان، ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکیان گێڕا و لە ڕیزی پێشەوە جەنگان و شان بە شانی مەملوکە تورکەکان بوونە مەکۆی بەرگری وسەرکەوتن، (ابن الفـرات)(م٨٠٧ك/١٤٠٤ز) دروسـت راستی پێکاوە کە دەڵێت: "خـودا میسـر وشـامی پاراسـت لـە سەردەسـتی قـوتز و بـە مەملوکـە تورکـەکان و قەیموریەکان"(٩٨)، هەروەها میر خۆشترینی کوڕی عیسای کوڕی خۆشـترین کـە یـەکێك بـوو لـە کەڵـە پیـاوان و شۆڕەسوارانی کورد رۆلی شەرەفمەندانە و کاریگەریی فرەمەزنی هەبوو لە سەرکەوتن بەسەر مەغۆلدا، سـەیفەدین قوتز ئەم هەڵویستە جوامێرانەیەی میر خۆشترینی لـە بەرچـاوگرت و کاتێـك چـووە دیمەشـق کـردی بـە هاریکـار وراوێژکاری عەلەمەدین سەنجەر والی دیمەشق لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکاندا و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕادا، هەروەها پارچە زەوییەکی باش وشایستەیی بۆ دابڕی (٩٩)، هەروەها میر یەعقوبای شارەزوری(م٧٠٧ك/١٣٠٧ز) بە سـەرکردایەتی کوردە شارەزورییەکان بە دڵسۆزی جەنگاو رۆڵی کاریگەری بینی لە بەدیهێنانی سەرکەوتندا(١٠٠).

لە مانەش گرنگـتر، میر ناصرەدین حوسێنی قەیموری لەو کەسە دەگمەنانە بوو کە دژی بیرۆکەی خۆدزینەوە لە ئەرکی بەرهەڵستی مەغۆل و هەڵهاتن وسـەنگەر چـۆڵکردن لەروویانـدا راوەسـتا، لـەو کۆبونەوەیـەدا کـە بـە ئامادەبوونی سەیفەدین قوتز و گەورە سەرلەشکر و فەرماندە سەربازییەکان بەسترا بە نیازی هەڵوێست وەرگرتن لە گوشار و لەشکرکێشیەکانی مەغۆل و تاوتوێکردنی نامە هەڕەشە ئامێزەکەی هۆلاکۆ و چۆنیەتی دانانی ڕێوشوێنی پێویست و بڕیاردان لە سەر ئەوەی چی بکرێ وچی نەکرێ، میری قەیموری جوامێرانە هاتـەگفت و وراسـت و ڕەوان پێشنیاری بەرەنگاری ورووبەڕووبونەوەی کرد وخۆبەدەستەوەدان یان هەڵهاتن یان چۆکدادان لە ئاست مەغۆلـدا بـە

کارێکی چەوت وبێهودە داناو شیا قەناعەت بە ئامادەبوان بهێنی، ئەوەبوو بڕیاری بەرگری درا و سەرکەوتنی عەین جالوتی لێکەوتەوە(١٠١).

هۆلاکۆ لە پەیامێکدا بۆ(الملك الناصر)ی ئەیوبی ناوی میر عەلائەدینی قەیوری-مەبەست میر ناصرەدینە-بردووە(١٠٢).

میر نورەدین عەلیی هەکاری (م ٦٧٨ك/١٢٧٩ز) لە ماوەی بەرپرسێتیدا لە ویلایەتی حەلەب وەك والیەکی هۆشیار و پارێزەرێکی وریا چاودێری بزاڤ و جموجۆڵی سەربازی مەغۆلی دەکرد و رۆڵی خۆی گێرا(١٠٣).

لە ساڵی ٦٨٠ك/١٢٨١ز هەڕەشە ومەترسیەکانی مەغۆل بۆ سەر شارەکانی باکوری شام سەریهەڵدایەوە، خەڵکی کەوتنە ترس و لەرز و دڵەڕاوکێیەوە، پێشبینی دەردەسەری و نەهامەتیەکی تر دەکرا، خانی مەغۆلی ئەباقای کوڕی هۆلاکۆ، دەیویست ململانێی لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکیدا یەکلابکاتەوە و کێشەکە بەلادا بخات وئەوکارەی باوکی پێینەکرا ئەم پێی هەڵسێت و بە ئەنجامی بگەهێنێت.

لە مانگی (جمادی الآخرة)ی ساڵی ٦٨٠ك/١٢٨١ز سوپایەکی زەبەلاحی مەغۆل بەسەرکردایەتی مەنکوتەمر کە بەگوێرەی خەملاندنی مێژوونوسانی مەملوکی خۆی لە سەدهەزار کەس دەدا لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری شارەکانی روحبە، عەینتاب(١٠٤)، حەلەب، بەغراس(١٠٥) یان داو وداگیریانکرد و لە مانگی رەجەبدا شاری حەماشیان زەوتکرد وتالآنیانکرد، ئەباقاخان بە خۆیشی لە نزیکەوە لە قەراغ روباری فورات سەرپەرشتی پێشڕەوی سوپایەکەی دەکرد وچاودێری پێشهات وئەنجامەکانی بەرەکانی شەڕی دەکرد(١٠٦).

دەسەڵاتدارانی مەملوکیش لەلای خۆیانەوە ئامادەباشیانکرد، لە دیمەشق وشارو باژێرەکانی تردا، خەڵکێکی زۆر لە مزگەوتەکان کۆبوونەوە، مەلا و پێشنوێژ و خوتبەخۆینەکان کەوتنە نوێژکردن ودوعا ونزا و پاڕانەوە، بانگی جیهاد راگەیاندرا، نزیکەی پەنجاهەزار شەڕکەر لە شاری حمص بەرهەڤی بەرگری بوون کە زۆربەیان بریتی بوون لە میرانی کورد وتورکمان بە چەکدار وجەنگاوەرەکانیانەوە(١٠٧)، هەروەها سەیفەدین قلاوون بەدارودەستەیەوە ئامادەبوو، جگە لە ئەندامانی سوپا، پیاوانی ئاینی لە قازی وخواپەرست و صۆفی بە دەنگ بانگەوازەوە چوون وبەشداریان کرد، لەوانە پیاوچاکی کورد عەبدوڵای کوڕی عەلی کەفربەتنایی(١٠٨) (پێش ٦٤٠-٧٠٧ك/١٢٤٢-١٣٠٧ز) کە یەکێك بوو لە مامۆستاو و شێخەکانی زەهەبی(١٠٩).

لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٤ی رەجەبی ٦٨٠ك/١٢٨١ز شەڕێکی مەزن وخوێناوی لە قەراغ شار بەرپابوو لە بەیانیەوە تا ئێوارەی خایاند، سەدان کەس لە هەردوولا کوژران و بەسەرکەوتنێکی گەورەی سوپای مەملوکی وکوژران وپەرتەوازەبوونی لەشکری مەغۆل بڕایەوە(١١٠).

لەم شەڕە چارەنوسسازەدا فەرماندە وجەنگاوەرانی کورد رۆڵی بەرچاویان هەبوو، دلێری وچاونەترسی خۆیان سەلماند و زیانی گەورەیان گەیاندە مەغۆل، قوربانی زۆریشیان دا، تەنها لە نێو سەرکردە وفەرماندەکانـدا ئەمانـە کوژران:

- میر شەهابەدین تەوتلی شارەزوری، لە سەرکردەکانی کوردە ئاوارەکانی شارەزور، کە بە لەخۆبوردەیی وگەرموگوڕی دەجەنگا و گورزی جەرگبڕی سرەواندە دوژمن وبەدەستی خۆی گەلێکی لێکوشتن [١١١].

- میر شەرەفەدین لە ماڵباتی عەلکان.

- میر عەلەمەدین سەنجەری ئەربلی.

- پەردەدار (الحاجب) جەمالەدین عومەرکوڕی موزەفەری هەکاری لە میرە پایەبەرز وناسراوەکانی (اجناد الحلقة) بوو لە دیمەشق[١١٢].

- قـازیی کورد تاجەدین یەحیـای کوڕی محـەمەدی ئـەربلی قـازیی شـاری حـەلەب هەر لەم شەڕەدا کوژرا[١١٣].

هەروەها جەنگاوەرانی کورد بەشدارییان کرد لە بەرپەچدانەوەی ئەو زنجیرە هێرش وشاڵاوە فراوانانەی کە غـازان خان کردیە سەرشام لە ساڵانی (٦٩٨-٧٠٣ك/١٢٩٩-١٣٠٣ز)، لەشەڕی بەرگری (شقحب) کە لە سەرەتای مـانگی رەمەزانی ساڵی ٧٠٢ك/١٣٠٢ز لەوڵاتی حورانی سەربە دیمەشق بەرپابوو[١١٤] وسوپای مـەملوکی سـەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا، میر بەهائەدین یەعقوبا وکوردە شارەزورییەکان، شێخ نەجمەدین ئەیوبی کورد و لایەنگرانی و میر عەلائەدینی چاکی و میر حوسامەدین عەلیی نەوەی میر باخلی هەکاری و سەربازانی دەستەکەی کە سەردەستە (أمیر العشرة) بوو بەشداریان کرد و رۆڵی هەرە مەزنیان گێڕا و عەلائەدینی چاکی و عیزەدینی کـوڕی یـەعقوبای شارەزوری و شێخ نەجمەدین ئەیوب ومیر حوسامەدین کوژران[١١٥].

لە لایەکی ترەوە میر و فەرمانڕەوایانی قەڵاکانی نێو کوردستانیش هاریکاری و پشتیوانی سوپای مەملوکیان دەکرد و پەیوەندییەکی دۆستانەی گەرموگوڕ هەردوولای پێکەوە گرێدەدا و نامە و نوسراوی رەسمی ئالوگۆڕ دەکران، لە بەرانبەر مەترسی مەغۆڵدا هاوهەڵوێستی و هامئاهەنگی لە نێوانیاندا هەبوو، سوڵتانی مـەملوکی لـە کـاتی تەنگانە و پێویستیدا کۆمەکی سەربازی و هاوئاهەنگی لە میر و خاوەند قەڵا کوردەکان دەخواست[١١٦]، وا دیـارە کاربەدەستانی مەغۆل زانیاریان لە مەڕ ئەم پەیوەندیە پەیدا کردوە، غازان خان لـەو فەرمانـەی کـە لـە مـانگی شەعبانی ساڵی ٧٠٢ك/١٣٠٢ز دەریچواند، کومەڵێ بەهانە و بیانوی هێنابووەوە بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی بەربڵاو

که به ئەمابوو بیکاتە سەر شام و دەوڵەتی مەملوکی کردبووە بەرپرسیاری ژمارەیەك خروقات و سەرپێچی لەوانە: گوایە چەند کەرەت نامەیان بۆ کوردەکان ناردووە بو ئاژاوەنانەوە[١١٧].

## پێنجەم- رۆڵیان لە شەڕی فەرەنجە خاچهەڵگرەکان و ئەرمەن و نوبیەکان:

بنەماڵەی باخلی[١١٨] هەکاری مێژوویەکی درێژیان هەیە لەگەڵ ولایەتی ئەسکەندەریە کە وەك ئاشکرایە ولایەتێکی هەرەگرنگ وبەهادارە و بە کەلێن دادەنرا لەبەرئەوەی دەکەوتە بەرانبەر هێزە ناموسڵمانەکان کە بە درێژایی سەردەمی ئیسلامی جاروبار شاڵاویان دەهێنایە بەرکەنارەکان، بۆیە دەبوو بەردەوام پتەو و قایم وپڕچەك بکرێت لە رووی ئەو مەترسیانەی لە دەریای رۆم - دەریای سپی ناوەڕاست- ەوە سەرچاوەیان دەگرت وەك فەرەنجە خاچهەڵگرەکان و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی تا هەڵوێستی جەنگی لەوبەرەیە مسۆگەربێت.

لە ساڵی ٦٣٨ك/١٢٤٠ز (الملك الصالح) ئەیوب لەمیانەی ئەودەستکاریە کارگێڕیانەی ئەنجامیدا میر باخلی هەکاری لە ولایەتی قاهیرەوە گواستەوە ولایەتی ئەسکەندەریە و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پێ سپارد، لەو دەمەوە تا ساڵی ٦٨٧ك/١٢٨٨ز ئەرکی رێڤەبردن و پاراستنی ئەو ولایەتە کەلێنە لە سەر شانی میر باخڵ وکوڕ وکوڕەزاکانی بوو، دوای مردنی میر باخڵ - پێش ساڵی ٦٥١ك/١٢٥٣ز- میر شەمسەدین محەمەدی کوڕی جێگەی گرتەوە و بۆ ماوەی پتر لە سی ساڵ و تا مردنی لە ساڵی ٦٨٣ك/١٢٨٤ز لە سەر کارەکەی مایەوە وئەرکەکانی بەرێکوپێکی ودروست جێبەجێ دەکرد و تەنانەت ربات — خانەقایەکی لە تاخێکی شاری ئەسکەندەریە بۆ خۆی ئاواکردبوو، لەلایەك بەکاری بەرەڤانی ولەلایەکی ترەوە خەریکی خواپەرستی وخوێندنی زانستی حەدیس بوو، کە مردیش لە خانەقاکەی نێژدرا[١١٩].

پاش مردنی میر شەمسەدین محەمەد، میر حوسامەدین عەلیی کوڕی لە جێگەی دامەزرێندرا ومیر عیمادەدین ئەحمەدی برایش کرداریە والی (البحيرة)[١٢٠].

کەچی میر حوسامەدین ئەوەندە لەسەر کارەکەی نەمایەوە دوای سێ ساڵ-٦٨٧ك/١٢٨٨ز- لابردرا و سزادرا، لە جێگای ئەو میرێکی تری کورد: شەرەفەدینی چاکی دانرا و ئەمیش چەند ساڵێك مایەوە پاشان لە ساڵی ٦٩٣ك/١٢٩٤ز میر سەیفەدینی چاکی جێگای گرتەوە[١٢١].

به دەستوری ماڵباتی باخلّ و میرانی چاکی، ماڵباتی توریش هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە میسر هاوڕێ لەگەڵ تورانشای ئەیوبی ساڵی ٦٤٨ك/١٢٥٠ز بە تایبەت میر سەیفەدین یوسفی توری ڕۆڵی بنەڕەتی وسەرەکیان هەبوو لە پوچەڵکردنەوە ونوشستپێهێنانی هەڵمەتی خاچهەڵگرەکان بەسەرکردایەتی لویسی حەوتەم شاهی فەرەنسا[١٢٢].

هەردوو برا میر نورەدین عەلی و میر موبارزەدین ئیسماعیل کوڕانی عومەری توری و ئەندامانی بنەماڵەکەیان و پیاوانی هۆزەکەیان ساڵانێکی درێژ لە کەنارەکانی شامدا لە شارە کەلێنەکانی ئەرسوف[١٢٣]، عەسلیت (عثلیت) (١٢٤)، حەیفا، عەکا، قەیساریە( ١٢٥)، لە سەنگەردا بوون وبەربەرەکانی فەرەنجە خاچهەڵگرەکانیان دەکرد، میر نورەدین تا کوژرانی لە ساڵی ٦٧٩ك/١٢٨٠ز بەهەڵوێستی دلێرانەی و ڕۆڵی قارەمانانەی ناوی دەرکردبوو، هەرچەندە چووبووە ناوتەمەنەوە، بەڵام هێز و توانایەکی سەرەنجڕاکێشی هەبوو وەك گەنجێکی خوێنگەرم دەجەنگا، سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ تواناداری ودڵسوزی و چاونەترسی کردوە، بە نموونەی پاڵەوانێکی موسڵمان تەماشادەکرا، شاە وگەورە دەسەڵاتدارانی مەملوکی ڕێزیان لێدەنا و ئازایەتی ومێرخاسیان لەبەرچاودەگرت[١٢٦].

هەروەها میران: شەهابەدینی قەیموری و ناصرەدین حوسێنی قەیموری وکوردە قەیموریەکان، بەهائەدین یەعقوبای شارەزوری وکوردە شارەزوریەکان، میر شەرەفەدین عیسای کوڕی بەدرەدین محەمەدی کوڕی ئەبی قاسمی هەکاری بەشداری ورۆڵی دیار وبەرچاویان گێڕا لە بەرگەگرتن وداکۆکی لە ناوچەکانی ناوەوی شام و هێرشبردنە سەر بارەگا و پێگاکانی خاچهەڵگرەکان، میر شەهابەدینی قەیموری هەر لە سەردەمی ئەیوبیەوە تامردنی لە ساڵی٦٦٢ك/١٢٦٤ز جێگری سوڵتان وبەرپرسی بەرەکانی کەناربوو، دواتر ئەم ئەرکە کەوتە ئەستۆی میر ناصرەدین حوسێنی برای، ئەمیش تا ڕۆژی مردنی لە ساڵی٦٦٥ك/١٢٦٧ز شان بەشانی میر بەهائەدین یەعقوبای شارەزوری و میر شەرەفەدین عیسای هەکاری ساڵانێك لە کەنارەکانی شامدا لە سەنگەری جیهاد وبەرەڤانی بوون و رۆڵی دیار و سەرەکی و هەڵوێستی جوامێرانەیان نواند لە سەرکەوتنەکانی سوپای مەملوکی ساڵانی (٦٦٢-٦٦٣ك/١٢٦٤-١٢٦٥ز) ورزگارکردنی بازێڕو قەڵاکانی ئەرسوف، قەیساریە وعەسلیس، دواتر سوڵتان بیبرس پاداشتی دانەوە و زەویوزار وئیقتاعاتی بەسەر میر وسەرکردەکاندا بەشاندەوە، میر ناصرەدینی قەیموری نیوەی (البرج الاحمر) ومیر بەهائەدین یەعقوبا نیوەی (کسفا) و میر شەرەفەدین نیوەکەی تری (کسفا)یان بەرکەوت (١٢٧).

لە ساڵی ٦٦٤ك/١٢٦٦ز بیبرس لە چەند بەرەیەکەوە لەشکری نارده سەر پێگاکانی خاچهەڵگرەکان لە عەکا، صەفەد، صور، تەرابلس، جەلبا، حصن الاکراد ولە ئەنجامدا شاری صەفەد بەقەڵاکەیەوە لە چنگیان دەرهێنراو بەیەکجارەکی ئازادکرا، میرانی توری وقەیموری رۆڵی خویان لەم سەرکەوتنە دیت، هەربۆیە میر مەجدەدینی توری لە لایەن بیبرسەوە کرایە والی قەڵاکە(١٢٨).

له دەستپێكی ساڵی ٦٨٣ك/١٢٨٤ز بەفەرمانێكی فەرمی ئەندامێكی تری بنەماڵەی توری: شەمسەدین ئیبراهیمی كوڕی خەلیلی توری لەجێگەی میر نورەدین عومەری توری خزمی دامەزرێنرا، لەدەقی بڕیارنامەكەدا هاتووەكە دەبێ میر شەمسەدین ئەرك وفرمانەكانی سەر شانی ڕاپەڕێنێ لە ئەرسوف و قەیساریە و هەرامس و (بلاد الروحا)[129] و درێژە بە سیاسەت وهەڵوێستی میر نورەدین بدا دەرهەق بە دوژمن[130].

لەشكرییانی كورد لەپاڵ شەڕی مەغۆل و خاچهەڵگرەكان لە بەرەكانی تریشدا ئامادەییان هەبوو، چ لە بەرەی صعیدی میسر دژ بە نوبییەكان و چ لە بەرەی باكوری شام دژ بە ئەرمەن، هەرچەند پێزانین لە مەڕ ئەم بابەتە كەم و ناتەواوە.

لە ساڵی ٦٨٦ك/١٢٨٧ز سوڵتان سەیفەدین قلاوون كۆمەڵێك میر وسەركردەی ڕاسپارد بەسوپایەكی گەورەوە هێرشێكی بەربلاو بكەنە سەر نوبییەكان، لەم هێرشەدا دوو میری كورد بەشدارییان كرد: میر عزەدینی گۆرانی و میر ئیبراهیمی چاكی، ئەم هێرشە ئەنجامی خۆی پێكاو وسوپاكە بەسەركەوتوویی گەڕایەوە[131].

لە بەرەی باكوری شامیشدا میر موبارزەدینی توری بەشداری بەرچاوی هەبوو لەوهێرشەی كەوا سوپای مەملوكی لە ساڵی ٦٧٣ك/١٢٧٤ز كردیە سەر شاری (سیس) پایتەختی مەملەكەتی ئەرمەن و داگیری كرد[132].

- ئەنجام:

- میرو سەركردەو فەرماندەو سوارەو سەربازو جەنگاوەرە كوردەكان ڕێژەیەكی بەرچاویان پێكدەهێنا لە نێو ریزەكانی سوپای مەملوكیدا و ژمارەیان بە دەیان هەزار بوو لە زۆربەی شەڕ و پێكدادان وبەرەنگاربوونەوەكاندا ڕۆڵ وسەنگی شایستە وشیاوی خۆیان هەبووە.

- ئەم كوردانە، بە پێچەوانەی مەملوكە توركەكان نە بەندە و كۆیلە و هاوردەی بازرگانەكان و نەكرێگرتەو نۆكەرو دەستوپەیوەندی سوڵتان وكاربەدەستان بوون، بەڵكو كەسانێكی سەربەست و موسڵمان بوون ولایەنگر وگوێڕایەڵی بەرپرس وسەرۆكەكانیان بوون، زۆربەیان پاشماوەی سوپای ئەیوبی بوون، سەركردە و فەرماندەكان ژمارەیەكیان پێشوتر لە سوپاكانی میرە ئەیوبییەكان خزمەتیان دەكرد و ژمارەیەكی تریان كوڕ وكوڕەزا و نەوەی گەورە میرانی دەوڵەتی ئەیوبی بوون.

هەندێكیشیان لە ئەنجامی هێرش و پەلامارەكانی مەغۆل بۆ سەر هەرێمەكانی كوردستان ئاوارە وپەرپوەی وڵاتی شام ومیسر بوون وپەیوەندییانكرد بە سوپای ئەیوبی ومەملوكییەوە.

- له نێوان پێکهاتەو رێکخراوە لەشکرییەکاندا، کوردەکان لە تیپ و گروپی تایبەت وجودا دا رێکخرابوون، پتر له ناوچه مەترسیدارەکان و له بەرانبەر پێگەکانی خاچهەڵگرەکان له کەنارەکانی شام وئەسکەندەرییە جێگیربوون وژمارەیەکیان له میانی تەورهەڵگران (الطبردارية) و (أجناد الحلقة) خزمەتیان دەکرد.
- میرو سەرکردەو سەرلەشکرە کوردەکان بەگشتی، مرۆڤی ئازا و لیوەشاوە وچاونەترس ومیرخاس وشۆڕەسواربوون، نموونەی سەرڕاستی و لێبوردەیی وبەخشندەیی وجوامێری بوون، له بەرەکانی جەنگ و رووبەڕووبوونەوەدا بەکردەوە ئەم خەسڵەتانەیان سەلماند، مێژوونوسانی دەوڵەتی مەملوکی هەموویان گەواهی ئەم راستییە دەدەن وگەلێك پێیانە هەڵیانداوە وستایشیان کردوون.
- له شەڕە چارەنوسساز و یەکالاکەرەوەکاندا، چ له بەرگری و پێشگرتن له شالاوەکانی مەغۆل: عەین جالوت ٦٥٨ك/١٢٦٠ز، حمص ٦٨٠ك/١٢٨١ز، شەقحەب ٧٠٢ك/١٣٠٢ز، چ له لەناوبردنی خاچهەڵگرەکان لەسەر کەنار، فەرماندە وسەرکردە و جەنگاوەران وتەنانەت هەندێك والی وبەرپرسی کارگێڕی و قازی وپیاوانی ئایینی کورد،

بە ئەوپەڕی لەخۆبوردەیی ودڵسۆزی و خۆبەخشیەوە جەنگان و چەندینیان لەم پێناوەدا گیانیان له دەستدا.
- پاش شەڕی شەقحەب ٧٠٢ك/١٣٠٢ز، بەرەبەرە ژمارە جەنگاوەرانی کورد له سوپای مەملوکی روو لە کەمی دەکات، سەنگ ورۆڵیانیش هێدی هێدی کزو لاوازو لاوەکی دەبێت.

## پاشكۆكان

## پاشكۆی یەكەم

## بەشێك لە بڕیارنامەی دامەزراندنی میر شەمسەدین ئیبراهیمی كوڕی خەلیلی توری لە كەنارەكانی شام لە سەرەتای ساڵی ٦٨٣ك/١٢٨٤ز

تذكرة بما يعتمده مجلس الأمير شمس الدين ابراهيم بن خليل الطوري فيما رسم له من مباشرة بما كان الامير نورالدين[١] يباشره من مباشرة الثغور المجاورة للفرنج وهي من الهرامس الى الروحا الى قيسارية الى أرسوف الى نهر العوجا وأن تكون هذه الجهات كلها تحت نظر الأمير شمس الدين وكذلك بلاد الروحا وأعماله المناصفة منها وغير المناصفة يكون تحت نظره وتحت يده على عادة الأمير نورالدين الطوري وقاعدته ونفاذ كلمته ومرتد حرمته في ذلك كله (فصل) يعتمد في مناصفات البلاد وفي المحاكمات المتعلقة بعثليت وحيفا وعكا ما تضمنته شروط الهدنة[٢] وما هو ممنوع يستمر منعه بالاصالة مثل الخيل والبغال وآلات السلاح على إختلافها وكل ممنوع أستقر منعه الى آخر الأيام الظاهرية[٣] يمنع بالكلية ومن وجد معه شيئ منه يعتمد فيه شروط الهدنة... [٤].

(١) واتە میر نورەدین عەلی كوڕی عومەری توری كە لە ساڵی ٦٧٩ك/١٢٨٠ز كوژرا.

(٢) مەبەست لەو ئاگر بەستەیەكە لە ساڵی ٦٨٠ك/١٢٨١ز مۆركرا.

(٣) واتە الظاهر بيبرس.

(٤) تاريخ ابن الفرات، ٢/٨.

## پاشكۆی دووەم

### بڕیارنامەی دامەزراندنی میر ناصرەدینی كورد(ناصر الدين الكردي)(١) بە جێگری (حصن عكار)(٢).

الحمدُ للهِ الذي نَصر هذا الدين الحنيفيَّ بسيد البشر، وخصَّ هذه الدولة الشريفة بالتأييد والظفر، ووافى الأولياء بجهودها الذي لم يزل من ذِمة الوفاء ينتظر.

نحمدُه على مننه الذي طالما بدا في جبهات الأولياء بِشرُه وظهر، ونشكره على جُودِه الذي أغنى عن التحجيل والغُرَر، ونشهد أن لا إله إلا اللهُ وحده لا شريك له شهادة تُنْجِي قائلها يوم الفزع الأكبر، ونشهد أنَّ محمداً عبدهُ ورسولُه الذي أقام اللّهُ بسيفه الإيمان فاشتهر، وكفَّ به يد الطغيان وزجر، صلّى الله عليه وعلى آله ما أتصلت عينٌ بنظر وأُذنٌ بخبر، وسلّم تسليماً كثيراً.

وبعدُ، فإن أولى ﴿الأولياء بالمناصب﴾ من رُعيتْ له خِدَمٌ عديدة، وعرفت له في أجلِّ الثغور مباشراتٌ سعيدة، واشتهرت شهامته وكفايته في الآفاق وظهرتْ أمانته ظهور الشمس في الإشراق، وتقدم بذلك على نُظرائِه وفاق.

ولمّا كان الجنابُ العالي هو المنعوتُ بهذه الصفات الجميلة، والمحتوي على هذه المزايا الجليلة، الذي شاعتْ شجاعته مع طهارة يد – ولا عجب فإنَّ هذا الشِّبلَ من ذاك الأسد – وسارت الرُكبانُ في الممالك بنهضتهما في المباشرات، وسدَّ الخلل في المُهِمَّات المُعضلات.

فذلك رُسم... – لا زالت أيَّامُه مَبثُوثةً بالعوارِف والإحسان، ومعدِلتُه تستدعي بدوام دَولته الشريفة لِسان كلِّ إنسان – أنْ تفوّض إليه نيابة قلعة حِصنِ عَكّار المحروس، على عادة من تقدمه وقاعدته، بالمرتب الشاهد به الديوانُ المعمورُ.

فلْيقدِّمْ خيرةَ الله ويتوجه إليها، ويَصرِفْ وجه الإقبال عليها، وينظُرْ في عمارتها ومصالحها، ويستدرك ما استهدم من بيوت حواصِلِها، لِيُصبح وجههُ هذا الثَّغر بحلُوله به باسِماً، وينشر له من حُسن تدبيره وجميل تأثيره علماً، وليحسن إلى الأمراء البحرية، وينـزلهم منازلهم على العادات المرضية، ولْيَعدلْ في الرعية، وينصف المظلوم من الظالم في كلِّ قضيَّة، ويلزم ارباب الوظائف من المقدَّمين والرجالة بالخدمة بالنوبة على العادة، ويوصَّل إليهم معلومهم من جهاتهم المعتادة، ويتبع الحق المحض في كلِّ أمر، لا يقتدي برأي زيد ولا عَمْرو، وليعلم أنه مُطالبٌ بالعدل في وظيفته، فإنَّ كل

راعٍ مسؤولٌ عن رَعيته؛ والوصايا كثيرةٌ ومعظمها تقوى الله في سائر الأمـور: فليتمسـك بهـا يقـوى فإنَّهـا السـبب الأقوى؛ والله تعالى يتولاه في السِر والنجوى؛ بعد الخطِّ الكريم أعلاه[٣].

---

(١) ئەم بڕیارنامەیە مێژووی پێوە نییە و بەدروستی نازانرێت ئەم میر ناصرەدینە کێیە، لە دەوڵەتی مەملوکی تورکی و لە نیوی دووەمی سەدەی ٧ك/١٣ز سێ میری کورد هەن بە نـاوی ناصـرەدین، یەکـەمیان مـیر ناصـرەدین قەیموریـە(٦٠٠-٦٦٥ك/١٢٠٢-١٢٦٧ز) و دووەمیان میر ناصرەدین محەمەد کوڕی (الأطروش)ە کە میر جاندار بوو و لە سەرەتای دەوڵەتی مەملوکیدا و سێهەمیان میر ناصرەدین محەمەدی کوڕی شەهریە(م ٦٩٩ك/١٢٩٩ز).

(٢) حصن عکار: شورایەکە لەوپەڕی باکوری چیای لوبنان.

(٣) القلقشندي، صبح الأعشى، ١٢/٤٦٣-٤٦٤.

## پاشکۆی سێیەم

## بنەماڵە کوردەکانی سەردەمی ئەیوبی ومەملوکی

## (لە لایەن ڤەکۆلەرەوە ئامادەکراوە)

**١- بنەماڵەی موجلی کوڕی مەروان لە هۆزی هەکاری**

موجلی کوڕی مەروان (کوژرا ٥٨٥ک/١١٨٩ز)

**عزەدین عومەر**

**نورەدین عەلی (؟-٦٧٨ک/١٢٧٩ز)** (والی حەلەب)

**کچێك** (میر سەیفەدینی قەیموری خواستی)

**شەهابەدین موسی**

**٢- بنەماڵەی خۆشترین**

خۆشترین (لە میرانی سۆلتان صەلاحەدین)

**محەمەد**

حوسامەدین عیسی (؟-٦١٩ک/١٢٢٢ز)

سەیفەدین (سابقەدین)

ابو الهیجاء موجیرەدین خۆشترین (؟-٦٦١ک/١٢٦٣ز)

**عزەدین محەمەد (٦٢٠-٧٠٠ک/١٢٢٣-١٣٠٠ز)**

**میر و مێژوونوس**

**٣- بنەماڵەی چەکۆی خاڵوانی سوڵتان صەلاحەدین**




**٤- بنەماڵەی ئەبی زکری**



### ٥- بنەماڵەی باخڵ لە هۆزی هەکاری

**بەدرەدین باخڵ کوڕی عەبدولاّ کوڕی ئەحمەدی هەکاری**

- شەمسەدین محەمەد (؟ -٦٨٣ك/١٢٨٤ز)
  - حوسامەدین عەلی (کوژرا٧٠٢ك/١٣٠٢ز)
- عیمادەدین ئەحمەد

### ٦- بنەماڵەی توری

**عومەری توری**

- خەلیل
  - شەمسەدین ئیبراهیم (پاش ٦٨٣ك/١٢٨٤ز)
- مەجدەدین
- سەیفەدین
- موبارزەدین ئیسماعیل (م٦٧٥ك/١٢٧٧ز)
  - بەدرەدین یان موبارزەدین یان ناصرەدین (پاش٧٠٥ك/١٣٠٥ز)
- کەمالەدین
- نورەدین عەلی (٥٨٩-٦٧٩ك/١١٩٣-١٢٨٠ز)

### ٧- بنەماڵەی دەرباز لە هۆزی حەمیدی




## - پەراوێزەکان:

**(*) ڤەکۆڵەرێك لە توێژینەوەیەکی زانستیدا بەتێروتەسەلی لە رۆڵی ژیاری و شارستانی کوردی کۆڵیوەتەوە لە شام ومیسر لە سەردەمی دەسەڵاتی مەملوکە تورکەکاندا (٦٤٨-٧٨٤ك/١٢٥٠-١٣٨٢ز) و رۆڵ وکاریگەری کوردی دەرخستوە لە بوارەکانی کارگێڕی وبیناسازی وئایینی و زانستی وروناکبیریدا و دەیان کەسایەتی ناوداری لە والی، جێگر، نوێنەر، قازی، فەقیە، قورئانخوێن، مامۆستا، پێشنوێژ، خوتبەخوێن، شرۆڤەکەر، شارەزا لەزانستی حەدیس، زمانەوان، هۆزانڤان، نوژدار، مێژوونوس بەخوێنەر ناساندوە. بڕوانە: قادر محمد حسن، الكُرد في مصر وبلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية، دراسة حضارية، اطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين (اربيل٢٠٠٤).**

(١) العمري، التعريف بالمصطلح الشريف، ص١٨٦-١٨٧.

(٢) ابن عبدالظاهر، تشريف الأيام والعصور في سيرة الملك المنصور، ص٦٩، ١٠٥، ٢٠٢، المقريزي، السلوك لمعرفة دول الملوك، ٩٨٩/١، ملحق (٨).

(٣) تشريف الايام، ص٢٠٠-٢٠٢، بيبرس الدوادار، زبدة الفكرة في تاريخ الهجرة، ص١٨٧، ابن الفرات، تاريخ ابن الفرات، ١٨٧/٧-١٩٠، علي ابراهيم حسن، تاريخ المماليك البحرية، ص٤٨٩-٤٩٠، ملحق (٤).

(٤) القلقشندي، صبح الاعشى، ٣١٨/١١-٣١٩.

(٥) قفجاق: يان قەبجاق هۆزێكی توركیه لە پێدەشتەكانی خواروی ولاتی روس نیشتەجێن كە هەر بە وەلاتی قەفجاق دەناسرێت كە لە باكوری دەریای خەزەرەوە (قەزوێن) درێژدەبێتەوە تا باكوری دەریای رەش، روباری ڤۆلگا ئەم وەلاتە دەكاتە دووپارچەوە، لە سالانی ٦٣٤-٦٣٥ك/١٢٣٧-١٢٣٨ز مەغۆل قەفجاقیان داگیركرد و دەسەلاتداریەكیان تیادا دامەزراند كە بە هۆزی زێرین (القبیلة الذهبیة) دەناسرێت. السید الباز العریني، المغول، ص١٨٠-١٨١.

(٦) المقريزي، المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار (الخطط المقريزية)، ١٦٧/٣، السيد الباز العريني، المماليك، ص٧٤-٨١، انطوان خليل ضومط، الدولة المملوكية، التاريخ السياسي والأقتصادي والعسكري، ص٢٣-٢٦.

(٧) الخطط المقريزية،٣٧٦/٣، تاريخ الممليك البحرية، ص٣٤١-٣٥٠، العريني، المماليك، ص٥٣-٥٦.

(٨) تاريخ المماليك البحرية، ص٢٤، سعيد عبدالفتاح عاشور، مصر في عصر دولة المماليك البحرية، ص٢١، مصر والشام في عصر الأيوبيين والمماليك (بيروت ١٩٧٢)، ص١٦٠، ضومط، الدولة المملوكية، ص٢٣، جوزيف نسيم يوسف، العداون الصليبي على مصر، ص٢٧٣.

(٩) مسالك الابصار، الباب السادس، ص٩٢، الخطط المقريزية، ٣٧٦/٣.

(١٠) الخزرجي، العقود اللؤلؤية في تاريخ الدولة الرسولية، ٢١/٢، احمد مختار العبادي، قيام دولة المماليك الاولى في مصر والشام، ص٨١-٩٤.

(١١) سەبارەت بەم بابەتە بروانە: زرار صديق توفيق، النفوذ الفاطمي في بلاد الكُرد، دراسة في العلاقات الفاطمية- الكُردية، مجلة جامعة دهوك، المجلد (٢)، العدد (٣)، (دهوك، تموز١٩٩٩)، ص٤٥٤، قادر محمد حسن، الكُرد في مصر وبلاد الشام، ص١٦-٣٦.

(١٢) ابن شداد، سيرة السلطان صلاح الدين الايوبي (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية)، ص٢٥٦، ٤١٩، ابن واصل، مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، ٩٨/٣، الصفدي، أعيان العصر، ١٩٨٨/٤، الوافي بالوفيات، ٢٠٠/٢٧، ابن كثير، البداية والنهاية، ٢٥٥/١٣، ١٨/١٤.

(١٣) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان في تاريخ الاعيان، الجزء الثامن، ص٥٨٤-٥٨٥، ٥٩٢، ابن الفوطي، مجمع الاداب في معجم الالقاب، ٦٢/٢، اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ٤٦٢/٢، أعيان العصر، ٦٨٤/٢-٦٨٥، ابـن تغـري بـردي، النجـوم الزاهرة، ٢٣٣/٧.

(١٤) ابن الاثير، الكامل في التاريخ، ٢٠٣/٩، ٣٨١، سيرة السـلطان صلاح الدين، ص٤١٩، ابن حبيب، تذكرة النبيه في ايام المنصور وبنيه، ٥٤/١، السلوك لمعرفة دول الملوك، ١١٩/١، الخطط المقريزية، ٩٦/٣.

(١٥) الكتبى، عيون التواريخ، ٣٥٠/٢١، ابن الفرات، تاريخ ابن الفرات، ٦٤/٨، السلوك،٣٨٨/١، ٧٤٣، ٨٢٢، ٩٣٣، ٩٤٧.

(١٦) معجم الاداب، ٦٢/٢-٦٣، ذيل مرآة الزمان، ٤١٥/٢-٤١٦، الصـقاعي، تـالي كتـاب وفيـات الاعيـان، ص٧٧، الكتبى، فوات الوفيات، ٦٥/٢-٦٦، الوافي بالوفيات، ٣٨٨/١٥-٣٨٩.

(١٧) تاريخ الملك الظاهر، ص٢١٨-٢١٩.

(١٨) مفرج الكروب، ٣٢٦/٥، السلوك، ٣١٦/١.

(١٩) طورعابدين: شارۆچكەيەكە سەر بەنەسيبين لە ناوچيايەكە كە بەسەر شارى نەسەيبين دەروانێت. ياقوت الحموى، معجم البلدان، ٤٨/٤، ئێستاش ناوچەكە بە تورێ دەناسرێت ودەكەوێتە رۆژئاواى جەزيرەى بۆتانەوە.

(٢٠) السلوك، ٣٥٦/١، أبن سباط، صدق الاخبار (تاريخ أبن سباط)، ٣٤٩/١.

(٢١) الذهبى، تاريخ الاسلام، حوادث (٦٥١-٦٦٠هـ)، ص٣٣٦، ابن تغري بردي، المنهل الصافي والمسـتوفي بعـد الـوافي، ٢٩/١-٣٠.

(٢٢) ذيل مرآة الزمان، ٧٧/٢، ٨٥/٣، تاريخ الاسلام، ص٣٧٨، عيون التواريخ، ٨٧/٢١، ٣١٥

(٢٣) تاريخ الملك الظاهر، ص١٠١-١٠٢، ١١٣، ذيـل مـرآة الزمـان، ٤٨٠/٢-٤٨١، تـاريخ الاسـلام، حـوادث (٦٦١-٦٧٠هـ)، ص٥٨، ١٥٩، ٢٣٩، ٢٨١-٢٨٢، ٣٠٢، ٣١٠، الوافي بالوفيات، ١٧١/٢٣، عيون التواريخ، ٣٨٥/٢٠.

(٢٤) ابن العبري، تاريخ الزمان، ص٣٠٣-٣٠٩، ٣٢٢، مؤلف مجهول، كتاب الحوادث، ص٤٨-٥٠، ١٢٧-١٢٨، ١٣٧، ٣٤٩، رشيد الدين فضل الله الهمذاني، جامع التواريخ، المجلد الثاني، الترجمة العربية، ٣٠٦/١، ١٣٥/٢-١٣٦.

(٢٥) ابن الجزري، تاريخ حوادث الزمان وانبائه، ٧٩/١، عيون التواريخ، ٩٥/٢٣.

(٢٦) العمري، مسالك الابصار، ١٢٦/٣، صبح الاعشى، ٣٧٤/٤.

(٢٧) العبر وديوان المبتدأ والخبر (تاريخ ابن خلدون)، ٤٣٥/٥، ٤٤٢،٤٨١.

(٢٨) ابن العميد، أخبار الايوبيين، ص١٦٨، السلوك، ٤١١/٢/١.

(٢٩) الدواداري، الدرة الزكية في أخبار الدولة التركية، ص٤٩، ١٥١، العيني، عقد الجمان في تاريخ أهل الزمان، ٢٣٣/١، ٣٣٥.

(٣٠) ناوی ئەم میرە بەسپیتی هێلراوەتەوە.

(٣١) تاريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢-٣٣٣.

(٣٢) دەربارەی هۆکار و ئاکامی شەڕی عەین جالوت بڕوانە: موسى مصطفى الهسنياني، السنوات اللأخيرة من حياة الدولة الكورد الأيوبية في مصر و بلاد الشام (أربيل ٢٠٠٧)، ص٤٦٤-٤٧٥.

(٣٣) جامع التواريخ، ١٣٥/٢/٢-١٣٦.

(٣٤) مازگرد: ناوی ئەم قەلایە لە ژێدەرەکانی سەردەمی مەملوکی بە چەند شێوەیەك دوپات دەبێتەوە، وپایتەختی میرنشینێکی بچوك بوو سەر بە هۆزی زەرزاری ومیرانی مازگرد پەیوەندیان لەگەڵ دەسەلاتدارانی مەملوکی خۆشبوو وبەردەوام نامەیان دەگۆڕییەوە. القلقشندي، صبح الاعشى، ٣٠٨/٤-٣٠٩، ٢٣٢/٨.

(٣٥)مروج: مێرگێکی بەرین و ئاوەدان وپردێهاتە لە نێوان ئاکرێ وموسڵ ونشینگەی خێلی مارانی یە سەر بە هۆزی هەزبانی و گەلێك زاناو قازی و خوتبە خوێن لەم ناوچەیە هەلکەوتوون. ياقوت الحموي، معجم البلدان، ٤٦٥/٤، ١٠١/٥، ابن خلكان، وفيات الاعيان، ٢٤٣/٣.

(٣٦) تاريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢-٣٣٣، ابن عبدالظاهر، الروض الزاهر في سيرة الملك الظاهر، ص٨٧.

(٣٧) تاريخ الملك الظاهر، ص٧٠. مێژوونووسی سریانی (ابن العبري) (م ٦٨٥ك/١٢٨٦ز) دەگێڕێتەوە کە میر سەیفەدین خودانی جزیرە لەگەڵ حەفتا هەزار کورددا هەلاتن بۆ شام، تاريخ الزمان، ص٣٢١، بێگومان ئەم ئاخفتنە زیادەرەوی تیادا هەیە.

(٣٨) مێژوونوسانی مەملوکی هیچیان ئاماژەیان بە کوردبوونی میر حوسامەدین بێچاری کوڕی بەختیار نەداوە، وەلێ مێژوونوس ئاقسەرائی بەراشکاوی دان بە کوردبوونی دەنێت وسەرەڕای ئەمەش ناوی میر حوسامەدین وناوی باوکی پەیڤی کوردین.

(٣٩) اقسرائي، مسامرة الاخبار (تاريخ سلاجقة)، ص١٠٠، الدرة الزكية، ص١٨٨.

(٤٠) صبح الاعشى، ٣٧٥/٤.

(٤١) تاريخ الزمان، ص٣٤٠.

(٤٢) المناوي، الكواكب الدرية في تراجم السادة الصوفية، ١٢٤/٣.

(٤٣) السلوك، ٩٤٧/١.

(٤٤) الخطط المقريزية، ٣/٣٧٦-٣٧٨.

(٤٥) علي ابراهيم حسن، تاريخ المماليك البحرية، ص٣٤٩.

(٤٦) زبدة كشف الممالك، ص١٠٤-١٠٥، تاريخ المماليك البحرية، ص٣٥٠.

(٤٧) پاشان دێینەوە سەر باسی (اجناد الحلقة).

(٤٨) الخطط المقريزية، ٣/٣٧٦، زبدة كشف الممالك، ص١٠٣.

(٤٩) زبدة كشف الممالك، ص١٠٥.

(٥٠) تاريخ الملك الظاهر، ص٥٨، ٢٤١، الأعلاق الخطيرة، ١/٢/١٣٦، الروض الزاهر، ص١٧٠، ذيل مرآة الزمان، ١/٤٤، ٣٥١، ٥٣١، تاريخ حوادث الزمان، ٢/٤٩١، البداية والنهاية، ١٤/٤٦، تاريخ ابن الفرات، ٧/٣٣، السلوك ١/٦٧٢، ٧٣٦، الخطط المقريزية، ٣/١٦٤.

(٥١) تاريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢-٣٣٣، السلوك، ١/٢/٤٤١.

(٥٢) التعريف، ص١٤٩، عيون التواريخ، ٢٠/٣٥١، الوافي بالوفيات، ١٢/٢٦١-٢٦٢، ٢١/٢٤٣، صبح الاعشى، ٤/٣٧٨.

(٥٣) ذيل مرآة الزمان، ٤/٥٦.

(٥٤) التعريف بالمصطلح الشريف، ص١٤٩.

(٥٥) المصدر نفسه، ص١٠٤، ١١٦، ١٢٩، مسالك الابصار (الباب السادس)، ص٩٢، الخطط المقريزية، ٣/٣٧٦، الظاهري، زبدة كشف الممالك، ص١٠٥.

(٥٦) التعريف، ص١٤٩-١٥٠.

(٥٧) مفرج الكروب، ٢/٣٨٨، العبادي، قيام دولة المماليك، ص٨٧.

(٥٨) عيون التواريخ، ٢٠/٣٥١.

(٥٩) النويري، نهاية الارب، ٣٠/٥٩، السلوك، ١/٥٠٧.

(٦٠) الخطط المقريزية، ٢/١٦٥، تاريخ المماليك البحرية، ص٣٤٢.

(٦١) السلوك، ١/٥٠٧.

(٦٢) تاريخ ابن الفرات، ٧/٢٤٥.

(٦٣) ذيل مرآة الزمان، ٣/١٧٦، الدرة الزكية في اخبار الدولة التركية، ص١٩٨.

(٦٤) توتل: سەرچاوەکان ناوی ئەم میرەکوردەیان بە دروستی تۆمارنەکردوە و نازانرێت راسیتەکەی چیە و بە چەند شێوەك هاتووە: (تۆتل، بۆبل، نوبل، توبل، بوبل).

(٦٥) التعريـف، ص٢٣٣. بەهەسنا: قەلایەکی قایمە لەنزیك مەرعش و سمیسات ولەسەدەی حەفتەمدا سەر بـە ویلایـەتی حەلەب بوو. معجم البلدان، ٥١٦/١.

(٦٦) محسن محمد حسين، الجيش الايوبي في عهد صلاح الدين، ص٩٤.

(٦٧) تاريخ المماليك البحرية، ص٣٤٦، العريني، المماليك، ص١٦٠-١٦١، ضومط، الدولة الملوكية، ص٥٦-٥٧.

(٧٨) ذيل مرآة الزمان، ١٢٠/٤، تاريخ الاسلام، حوادث ووفيات (٦٧١-٦٨٠هـ)، ص٣٦١.

(٦٩) تاريخ الملك الظاهر، ص٣٣٢-٣٣٣.

(٧٠) تالي وفيات الاعيان، ص١٧٣-١٧٤.

(٧١) الروض الزاهر، ص٣٩٩، زبدة الفكرة، ص٣٨٣، الدواداري، الدر الفاخر في سيرة الملك الناصر، ص٢٦٢، تاريخ حوادث الزمان، ٥٠٠/٢، ٩٧٩،٩٠٣/٣، تاريخ ابن الفرات، ٢٦٠/٧.

(٧٢) صبح الاعشى، ١٧/٤، ٢٣.

(٧٣) مسالك الابصار، ص٩٨.

(٧٤) زبدة الفكرة، ص٤٩، تالي وفيات الاعيان، ص١٦٧، السلوك، ٤٢٧/١.

(٧٥) الروض الزاهر، ص٣٩٩، زبدة الفكرة، ص١٣٤، ٢١٥.

(٧٦) حيدر لشكرى، الكُرد في المعرفة التاريخية الاسلامية، ص١٢٥-١٣٢.

(٧٧) آثار الاول في ترتيب الدول، ص١٤٧.

(٧٨) دور الكُرد القيادي في جيش صلاح الدين، مجلة متين، العدد (٥٢)، كولان ١٩٩٦، ص٩٨.

(٧٩) لت: چەکێکە لە شێوەی تەورێکی گەورەیە و لە ئاسن دروستدەکرا وسەرەکەی تیژدەکرا، وادیارە جەنگاوەرانی کورد ئەم چەکەیان بەکاردەهێنا، وئەسەدەدین شێرکۆش بەم چەکە شەڕی دەکرد. محسن محمد حسين، الجيش الايوبي، ص١٧٢.

(٨٠) الادلة الرسمية في التعابي الحربية، ص١٩٣-١٩٤.

(٨١) هەڤالێ نزیکی میر ومێژوونوس عزەدین محەمەدی کوڕی خۆشترین بـوو وچـەند دەنگوباسـێکی لـە دەمـی ئـەوەوە گێڕاوەتەوە و لە زاری میر شوجاعەدین محەمەدی کوڕی شەهریش ریوایەتێکی وەرگرتووە. بڕوانە: ذيل مرآة الزمان، ٤٤/١، ١٢٣، ٥٠٢، ٣٢/٢-٣٣، ٧٧.

(٨٢) ذيل مرآة الزمان، ٣٦٦/٢.

(٨٣) المصدر نفسه، ٤٦٢/٢.

(٨٤) المصدر نفسه، ٨٩/٣-٩٠.

(٨٥) المصدر نفسه، ٢٧٥/٣-٢٧٦.

(٨٦) المصدر نفسه، ٦٥/٤.

(٨٧) المصدر نفسه، ١٠٧/٤، نهاية الارب، ٥٧/٣١.

(٨٨) ذيل مرآة الزمان، ٩٦/٤، ١٠٨، تاريخ الاسلام، ص٣٥٠، عيون التواريخ، ٢٩٤/٢١، تاريخ ابن الفرات، ٢١٩/٧.

(٨٩) ذيل مرآة الزمان، ١٢٠/٤، تاريخ الاسلام، ص٣٦١، السلوك، ٦٩٦/٣/١.

(٩٠) الدر الفاخر، ص٩-١٨، ٢٠-٢٦، البداية والنهاية، ٣١٢/١٣-٣١٣.

(٩١) الروض الزاهر، ص١٤٩.

(٩٢) البدليسي، شرفنامه، ص١٣١-١٣٢.

(٩٣) لێرە ئاماژە ولێكچواندنە لەگەڵ (طير ابابيل) كە لە قورئان لە سورەتى (الفيل) باسكراوە.

(٩٤) ذيل مرآة الزمان، ٤٣٥/١، نهاية الارب، ٢٢/٣٠، الدرة الزكية، ص٩٨، ابن الجزري، المختار من تاريخ الجزري، اختيار الذهبي، ص٢٥٩-٢٦٠، تاريخ الاسلام، حوادث ووفيات ( ٦٥١-٦٦٠هـ)، ص٧١، عقد الجمان، ٢٦٩/١.

(٩٥) ابو شامة، ذيل الروضتين، ص٢٠٤، المنهل الصافي، ٢٩/١-٣١، عيون التواريخ، ٢٣٢/٢٠،٢٣٣، تاريخ الاسلام، ص٣٣٦. دبوس: گۆچانێكە لە دار یاخود لە ئاسن دروست دەكرێت وئەگەر لە دار دروست كرابێت ئەوا سەرەكەی لە ئاسن دروست دەكرێت، لە عێراق بە عەرەبی پێی دەڵێن (مگوار).

(٩٦) اخبار الايوبيين، ص١٧٤، ذيل مرآة الزمان، ٩٢/١، ٨/٢-٩.

(٩٧) ابو الفداء، المختصر في اخبار البشر(تأريخ ابو الفداء)، ٣٢٠/٢، تاريخ الأسلام، حوادث(٦٩١-٧٠٠هـ)، ص٤١١.

(٩٨) تاريخ ابن الفرات، القسم الثاني (مخطوط) ٢٤٧ أ– ب. لە (موسى مصطفى، السنوات الأخيرة، ص٤٦٩ وەرگیراوە).

(٩٩) ذيل مرآة الزمان، ٢٢٢/٢-٢٢٣، نهاية الارب، ٥٦/٣٠، تاريخ الاسلام، ص٨٩، البداية والنهاية، ٢٤٢/١٣، العيني، عقد الجمان، ٢٤٨/١.

(١٠٠) ابن حجر العسقلاني، الدرر الكامنة، ٢٧٠/٤.

(١٠١) جامع التواريخ، المجلد الثاني، ٣١١/١- ٣١٢، حسين الامين، الغزو المغولي، ص١٤٨-١٤٩.

(١٠٢) أقسرائي، مسامرة الأخبار، ص٥١.

(١٠٣) ذيل مرآة الزمان، ١٧٦/٣، تالي وفيات الاعيان، ص١٠٩-١١٠، الدرة الزكية، ص١٩٨.

(١٠٤) عينتاب: شارۆچكەو قەلاّيەكی قايمە سەر بە حەلەبە و دەكەوێتە نێوان حەلەب و ئينتاكيا. معجم البلدان، ١٧٦/٤.

(١٠٥) بەغراس: باژێرێكە لە پێچی چياى (اللطام) كە دەڕوانێتە ناوچەى تەرسوس، بە چوار فرسەخ (٢٤كم) لە ئينتاكياەوە دورە ولە دەستە راستى رێگاى حەلەب – ئينتاكيايە. معجم البلدان، ٤٦٧/١.

(١٠٦) المصدر نفسه، ٩٢/٤، جامع التواريخ، المجلد الثاني، ٨٢/٢-٨٣.

(١٠٧) السلوك، ٦٩٣/١.

(١٠٨) كەفر بتنا (كفر بطنا): كەفر بەزمانى خەڵكى شام واتە گوند و كەفر بتنا گوندێكە لە غوتەى دیمەشق. معجم البلدان، ٤٦٨/٤.

(١٠٩) معجم الشيوخ، ٣٢٨/١-٣٢٩.

(١١٠) تأريخ ابو الفداء ٣٤٧/٢-٣٤٨، مسامرة الاخبار، ص٢٧١، تذكرة النبيه، ٦٢/١-٦٣، تاريخ ابن الفرات، ٢١٢/٧، تاريخ ابن خلدون، ٣٩٨/٥، تاريخ الاسلام، حوداث ووفيات (٦٧١-٦٨٠هـ )، ص٥٧-٥٨.

(١١١) ذيل مرآة الزمان، ٩٦/٤، ١٠٨، نهاية الارب، ٢٨/٣١، تاريخ الاسلام، ص٣٥٠، عيون التواريخ، ٢٩٤/٢١، تاريخ ابن الفرات، ٢١٩/٧.

(١١٢) ذيل مرآة الزمان، ١٢٠/٤، تاريخ الاسلام، ص٣٦١، تاريخ ابن الفرات، ٢١٩/٧، السلوك، ٦٩٦/١.

(١١٣) ذيل مرآة الزمان، ١٣٣/٤، تاريخ الاسلام، ص٣٧٦.

(١١٤) تأريخ ابو الفداء، ٣٨٧/٢-٣٨٨، الدر الفاخر، ص٨٧-٨٨، البداية والنهاية، ٢٤٢٧/١٤، المقريزي، السلوك، ٩٣٢/٣/١.

(١١٥) الدر الفاخر، ص٨٨، زبدة الفكرة، ص٣٧٦-٣٧٧، الذهبي، ذيول العبر، ٦/٤، نهاية الأرب، ١٨/٣٢-١٩، السلوك، ٩٤٧/١، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٢٠٦/٨.

١١٦- الدر الفاخر، ص٢٣٠-٢٧٢، صبح الاعشى، ٣٧١/٤-٣٧٨.

(١١٧) زبدة الفكرة، ص٣٧٠، عقد الجمان، ٢١٤/٤.

(١١٨) واديارە ناوى (باخڵ) لەو دەمانەدا لە نێو كورددا باو بوو، وەك: شێركۆى كوڕى باخڵ لە هۆزى زەرزارى و لە میرانى سوڵتان صەلاحەدین (ابن شداد، سيرة السلطان الناصر صلاح الدين، ص٣٣٥) ومير باخلێ كورد لە هۆزى حەمیدى لە ئەیوبیەى یەمەن (ابن نظيف الحموي، التاريخ المنصوری، ص٣٢ )، دوور نیە باخلێ حەمیدى وباخلێ هەكارى هەر یەك كەس بن.

(١١٩) عيون التواريخ، ٣٥٠/٢١، الوافي بالوفيات، ٢٤٢/٢، تاريخ ابن الفرات، ١٤/٨-١٥، السلوك، ٣٨٨/٢/١.

(١٢٠) نهاية الارب، ٨٣/٣١، تاريخ ابن الفرات، ٤/٨.

(١٢١) تاريخ ابن الفرات، ٦٨/٨، ١٧٤.

(١٢٢) أبن سباط، صدق الأخبار، ٣٤٩/١.

(١٢٣) ئەرسوف: باژێرێکە لە سەر کەنارەکانی شام لە نێوان هەردوو شاری قەیساریە و یافا. معجم البلدان، ١٥١/١.

(١٢٤) عثليت: شورايەکە (حصن) لە کەنارەکانی شام و بە (الحصن الاحمر) دەناسرێت. معجم البلدان، ٨٥/٤.

(١٢٥) قەیساریە: باژێرێکە لە کەناری شام سەربە ویلایەتی فەلەستینە، کاتی خۆی شارێکی ئاوەدابووەلە سەدەی (٧ك/١٣ز) زیاتر لە گوند دەچوو. معجم البلدان، ٤٢١/٤.

(١٢٦) ذيل مرآة الزمان، ٥٦/٤، تاريخ الاسلام، ص٣٢٦، تذكرة النبيه، ٦٠/١.

(١٢٧) الروض الزاهر، ص١٩١، ٢٠٠-٢٠١، الدرة الزكية، ص١١٢-١١٤، زبدة الفكرة، ص٩٩، ابن ابي الفضائل، النهج السديد والدر الفريد، ١٤٣/١، السلوك، ٥٣٣/١-٥٤٤.

(١٢٨) ذيل مرآة الزمان، ٣٤٣/٢، الدرة الزكية، ص١١٧.

(١٢٩) بلاد الروحا: بومان ساخ نەبووەوە لە کوێیە، الهرامس: لەوانەیە مەبەست لە قەڵای هرمز بێت کە دەکەوتە دوڵی موسا (وادی موسی) لە نێوان قدس و شاری کەرەك دا. معجم البلدان، ٤٠٢/٥.

(١٣٠) تاريخ ابن الفرات، ٢/٨، هەروەها بڕوانە دەقی بڕیارنامەکە، پاشکۆی (١).

(١٣١) نهاية الارب، ٢٨/٣١، تاريخ ابن الفرات، ٢٢/٨.

(١٣٢) الروض الزاهر، ص٤٣٣-٤٣٥، تاريخ ابن الفرات، ٢٩/٧-٣٠.

# بابەتی حەوتەم

## تیرۆشکەك لەسەر رۆڵی ئاڤاكاری وبیناسازی كورد

### پێشەكی:

بەدرێژایی مێژوو میلەتی كورد لە هەموو بوارەكانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بـەپێی سـەنگ وشـیان وقـەبارەی خـۆی پشكداری كردوەو بەرهەڤی هەبووە، رۆڵ و پشكداری و كاریگەری كورد لە سەردەمی ئەیوبییـدا گەیشـتە لوتكـە، هەرچەند لە وڵاتەكانی دەرهاوسێی كوردستان بووە وكەمتر هەرێمە كورد نشینەكانی گرتۆتەوە.

لایەنێكی گرنگ و پرشنگداری ڕۆڵ و خۆسەلماندنی كورد بریتی یە لە ئاڤاكردن و بیناسازی كە تا ئیستا وەكو پێتڤی نەهاتووتە باسكردن و مێژونووسان وڤەكۆلەرانی كورد و بیانی بەدەگەن نـەبێت دەربـارەی ئـەم بابەتـە نـە ئاخفتوون.

ساخكردنەوە و شرۆڤەكردنی چالاكی ئاڤاكاری لای كورد لە چەرخەكانی ناڤیندا بەگشتی و رۆژگاری ئەیوبی و مەملوكی بەتایبەتی كارێكی گەلێك پێویستە و كەلێنێكی مەزن لـە رۆشـنبیری مێـژووی كـوردی پڕدەكاتـەوە و بوارێكی ڤەشارتی دیرۆكی كورد ئاشكرا دەكات و بۆ وەچەی ئەمرۆ خۆیا و دیاردەكات.

ئەوەی جێگەی سەرنج و ڕامانە، میر و فەرماندە و بەرپرسەكانی كورد لە سەدەكانی شەشەم تا هەشتەمی كۆچی/دوازدەهەم تا چواردەیەمی زایینی رابوونە بە ئاڤاكردن و بنیاتنان و نۆژەنكردنەوەی ژمارەیەكی زۆری ئاڤاهی و دامودەزگای زانستی و ئایینی و خزمەتگوزاری لە شارو بازێرەكانی شام ومیسر و حیجاز و رۆڵ و ئامادەبونیان لەم بوارەدا لە بوارەكانی سەربازی و جیهادی و زانستی كەمتر نیە.

بازێر نیە، شارۆچكە نیە لەوڵاتی شام و میسر، كەسایەتیە كوردەكان شوێنەواری خۆیان تێدا نـەهێلابێت لـە قوتابخانە و مزگەفت وخانەی حەدیس وریبات و خانەقا وخەڵوەتگا (زاویە) وگەرماو ونەخۆشخانە وتەلار وكۆشك و ئاڤاهیی دی.

بەرای ئێمە ئەگەر و هۆكارەكانی ئەم بزاڤی بنیاتنانە بریتین لە:

١- ئاڤاكردن و ئاوەدانكردنەوە بەگشتی كارێكی چاك و سوودبەخشە وبەتايبەت مزگەوت وخەلوەتگا وخانەقا شێوەيەكی سەرەكی يە لە شێوەكانی جيهاد وخوداپەرستی و لە قورئاندا ئاماژە بەپيرۆزی دروستكردنی مزگەوت كراوە(سورة التوبة-١٨).

٢- كەسايەتە كوردەكان لە مير و سەركردە و والی و جێگر و بەرپرس و ساماندارەكان دەيانويست لە ئاستی ئاڤاكاری و بنياتنانيش جێپەنجەيان دياربێت و خزمەت بەكۆمەلگای ئيسلامی بگەهێنن و بەشداری لە بزاڤی رووناكبيريش بكەن وەك چۆن لە ئاستی سەربازی و سياسی و شەڕی جيهاد كاريگەری و سەنگ و قەبارەی سەرەكيان هەبوو و پشكداری بنەڕەتييان كرد لە شەڕی خاچهەلگرەكان و هەروەها لە بەرپەرچدان ەوە و تێكشكاندنی هێرشەكانی مەغۆل و خوارزميەكان.

٣- مير و سەركردە و جەنگاوەرە كوردەكان لە سەردەمانی ئەتابكی و ئەيوبی و مەملوكی بەئەگەری ئەوەی رۆلی مەزنيان گێڕابوو لە شەری جيهاد دژی فەرەنجە خاچهەلگرەكان و لە بەرسينگگرتی مەغۆلەكان، لەلايەن دەسەلاتداران و شاهانی ئەم دەولەتانەوە پاداشتدەدرانەوە و گوندو زەويوزار و ئيقتاعی زۆريان پێدەبەخشرا، ژمارەيەك لە ميرانی كورد دەيان گوند و رەز وباخ وبێستان وئاش و دوكان و عەقاريان هەبوو وسامانێكی گەورەيان پێكەوەنابوو، لەحيسابی خۆيان هەلدەستان بەبنياتنانی مزگەفت وقوتابخانە و ئاواكردنی دامودەزگای خێرخوازی و خزمەتگوزاری، تەنانەت هەندێكيان مەسرەف و خەرجی مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەكان و موچەی نوژدار و مەلا ومامۆستا وانە بێژەكانيانيش هەر لە حيسابی خۆيان دەياندا (بڕوانە بابەتی چوارەم، نەخۆشخانەی قەيموری).

٤- دوای ئەوەی ولاتی شام و ميسر بوونە سەنتەری شارستانيەتی ئيسلامی، شارەكانی قاهيرە، ديمەشق، حەلەب، قودس، حەمس، حەما، ئەسكەندەرييە بوونە ناوەندی زانستی و رۆشنبيری، هەلمەتێكی گەرموگوڕو بەرفراوانی بنياتنان دەستپێكرد، بە سەدان مزگەوت و قوتابخانەو دامودەزگای زانستی دروستكران و لەو چوارچێوەيەشدا دەسەلاتداران و ساماندارانی كورد ئامادەييان نواند.

لێرە وەك بەرايیەك بەكورتی هەندێك لەومزگەوت و قوتابخانە و خەلوەتگا و ئاڤاييانەی لەلايەن كوردانەوە بنياتنراون دەخەينە روو.

**یەکەم: بەر لە سەردەمی ئەیوبی (سەردەمی ئەتابکی و فاتیمی):**

هەر لە کۆنەوە و بەر لە گەیشتنی ئەیوبییەکان بۆ شام، کورد لە گەلێك شار و باژێڕ و دێهات و ناوچەکانی شام نیشتەجێ بوون و گیرسانەوە، بە تایبەتی لە دیمەشق و حەلەب و ناوچەکانی باکور، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان دەتوانین بڵێین کورد ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی دیمەشقیان پێکدەهێنا و تەنانەت لە شارەکە گۆڕەستانی کوردان (مقبرة الاكراد) هەبووە، دوو کەسایەتی نەناسراوی کورد بە ناوەکانی بلاشۆ (بلاشو الكُردي) و موسا(موسى الكُردي) هەریەکە و مزگەوتێکیان ئاواکردووە و هەر بە ناوی خۆیانەوە دەناسرا (ابن عساكر، تاريخ دمشق، ٢/٢٩٨، ٣١١، ٣١٦).

بە دوری نازانین شێخ سەیفەدین بلاشۆی کوڕی عیسای کوڕی محەمەدی کوڕی عیسای کوڕی بلاشۆی هەکاری (٦٢٥-٦٨٩ك/١٢٢٨-١٢٩٠ز) کە دانیشتووی دیمەشق بوو نەوەی بلاشۆی کوردی ئاواکاری مزگەوتەکە بێت(تاريخ البرزالي، ٢٠٤/٢/١).

- العادل عەلیی کوڕی سالار لە هۆزی ناوداری زەرزاری لە وڵاتی هەولێر، چەند ساڵێك وەزیر بوو لە خیلافەی فاتیمی و ساڵی ٥٤٨ك/١١٥٣ز کوژراوە، قوتابخانەیەکی شافیعی لە ئەسکەندەریە ئاواکردووە تا تییدا مەزهەبی شافیعی بخوێندرێ، هەروەها چەند مزگەوتێکی لە قاهیرەی پایتەخدا و مزگەوتێکیش لە باژێری بلبیس دروستکردووە کە تا ڕۆژگاری (ابن خلكان: م ٦٨١ك/١٢٨٢ز ) هەر مابوو. وێڕای دروستکردنی مزگەوتێکی گەورە لە گەڕەکی (باب الفراديس) لەگەڵ هەموو پێداویستیەکان لە حەوز و جۆگا و تاق، هەروەها فەقیە و پیاوچاکی شارەزوری (الأمام إبراهيم بن محمد الواعظ: م ٤٩٤ك/١١٠١ز) مزگەوتێکی لە تاخی(باب البياعة) بنیات ناوە[1].

- موجاهیدەدین بزانی کوڕی مامێنی گەڵاڵی کە میرێکی هەرە ناسراو بوو لە سەردەمی ئەتابەگی لە وڵاتی شام و ساڵی ٥٥٥ك/١١٦٠ز مردووە، چەند ئاڤاهیەکی لە دیمەشق بنیاتناوە وەك قوتابخانەی موجاهیدی جەوانی و قوتابخانەی موجاهیدی بەڕانی[2].

- نەجمەدین ئەیوب(م ٥٦٨ك/١١٧٢ز )ی باوکی سوڵتان صەلاحەدین پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی ماوەیەك بەرپرسی باژێری بەعلبەك بوو، لەو ماوەیەدا خانەقایەکی بۆ صۆفیان و پیاوچاکان لە باژێرەکە بنیاتنا کە بە (النجمية ) دەناسرا و ساڵی ٥٦٦ك/١١٧٠ز مزگەوت و حەوزێکی ئاوی لە قاهیرە ئاواکردووە و ابن خلكان ئەم کارانەی نەجمەدین ئەیوبی بەچاوی خۆی بینیوە[3].

- ئەسەدەدین شێرکۆ(م ٥٦٤ك/١١٦٩ز)ی مامی سوڵتان صەلاحەدین چەند پاشماوەیەکی بەجێهێشتووە و گرنگترینیان خانەقا- ریباتێکە(رباط) لە مەدینەی پیرۆز لە حیجاز[4].

- هەر لە قاهیرەی پایتەخت، مـیر سـەیفەدین حوسـێنی کـوڕی (ابوالهیجـاء)ی کـورد لـە هـۆزی مـەروانی کـە کەسایەتیەکی دیار و ناسراو بوو لە خیلافەی فاتیمی، چەند شوێنەوارێکی بەجێهێشتووە، لەوانە (خوخة حسین ) و گەرماوی (الرصاصی) و (قنطرة حسین)، (تاج الملوك) شادی برای میر سەیفەدینیش لەلای خۆیەوە چالاکی ئاواکاری هەبووە[٥].

## دووەم: لە رۆژگاری دەسەلاتی مالبّاتی ئەیوبی:

لەگەلّ دامەزراندی دەولّەتی ئەیوبی وەك چەندین جار باسکرا، سەدان کەسایەتی سیاسی و سەربازی کورد لە سەرۆکهۆز و خودان قەلا ومیر و شەرکەر و جەنگاوەر و خۆبەخش (متطوع) و موجاهیدی کورد لـە کوردسـتانەوە پەیوەندییان کرد بە شاهەکانی ئەیوبییەوە، بۆیە ژمارەی ئاڤاهیە زانستییەکان بە تایبەت مزگەفت و قوتابخانـە و خانەقا لە ولاتی شام ومیسر وجێگاکانی دی گەلێك پتر دەبن:

أ- مزگەفتەکانی شاری حەلەب:

- مزگەفتی ئەسەدەدین شێرکۆ لە حەلەب، دواتر میر سەیفەدینی کوڕی سلێمان کوڕی جەندەر- جاندار بەرفرەهی کرد.
- مزگەفتی عیسای کورد لە هۆزی هەکاری لە تاخی بانقوسا.
- مزگەفتی میر عزەدینی کوڕی موجلی کوڕی مەروانی هەکاری.
- مزگەفتی الملك الظافر خدری کوڕی صەلاحەدین.
- مزگەفتی سنجاری.
- مزگەفتی سەیفەدینی کوڕی جاندار.
- مزگەفتی میهرانی.
- مزگەفتێك لە (حارة الاكراد).
- مزگەفتێکی تری میر سەیفەدین.
- مزگەفتی زەرزاری.
- مزگەفتی جەلالەدینی ئەربیلی.
- مزگەفتی بەشنەویەکان.
- مزگەفتێکی تر هەربە ناوی میهرانی.

- مزگەفتی ابن باشك.
- مزگەفتی قەیموری كە لەلایەن میر حوسامەدینی قەیمورییەوە ئاواكراوە.
- مزگەفتی كوردەك.
- مزگەفتی ابن ابي الهیجاء.
- مزگەفتی سابقەدینی كورد.[٦]

